# گزینگ ٢٣

گۆڤـــــــارێكی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە  بەهاری ١٩٩٩ (١٣٧٨)

- نەتەوە، مەسەلەی نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییبەكانی كوردستان
- سەرۆك ئاپۆم چۆن ناسی: سەبارەت بە وەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان و چەند باسێكی تر
- پۆست مۆدێرنیتێ، بۆ فەلسەفەكردن بەسەر جیهانی نوێوە: ژان بۆدریار Jean Baudrillard
- لێكۆڵینەوە دەربارەی ژێندری كوردی: هۆشیاری، خەونی ئازادبوون، بەسەرهاتی «خەزاڵ»
- وتووێژێكی بڵاونەكراوە لەگەڵ: مامۆستا هێمن
- كورتە مێژوویەك دەربارەی ئەدەبی منداڵان
- وەزیفەی شاعیران: شیرن و جوانترنواندنی ژیان
- مەشروتەی ئێرانی و بەستێنەكانی ئەزەرییەی ویلایەتی فەقیە دە مەعنای مێژووی «میللەت» و دەوڵەت»دا

... ژمارەی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ۳۰ ملیۆن تێپەڕ دەکات. ڕووبەری کوردستان وەکو وڵاتێک لە ٥٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاتر دەبێت. کەچی دیسانیش هەبوونی کوردان وەکو نەتەوە حاشای لێ دەکرێت. هێشتا لە سەر هەبوون و نەبوونی زمانی کوردی مشتومڕ و ڕەخنە ئەنجام دەدرێن. لە زانکۆکانی تورکیادا پرۆفیسۆری وا هەنە هێشتا کۆششی ئەوە دەکەن تورکبوونی کوردان {بسەلمێنن}. لە زانکۆکانی تورکیادا بە نێوی {کوردە تورکییەکان} وانە دەوترێتەوە. چۆن دەبێ تەواوی ئەم شتە سەیرانە لە ئارادا بن؟ لێرەدا ناکۆکییەکی مەزن هەیە: تۆ خاوەنی ۳۰ ملیۆن کەس زیاتر بیت، کەچی هێشتا مشتومڕی ئەوە لە ئارادا بێت داخوا {کورد نەتەوەیە یان گەلە، زمانی کوردی سەربەخۆیە یان نا، خەسڵەتە نەتەوایەتییەکان لە کورداندا هەن یان نا}. لەلایەکەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد لە ۳۰ ملیۆن زیاتر بێت و ڕووبەری خاکەکەشی لە ٥٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاتر بێت، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی سیاسی بتوانن زمانی کوردی قەدەغە بکەن و یاسای وەها دابڕێژن و بڵێن: زمانی زگماکی هەرکەس تورکییە، ئەوانەی سەرپێچی لەم یاسایەش بکەن خاینن».

«ئیسماعیل بێشکچی»

# گزینگ ـ ژماره ٢٣

بەهاری ١٩٩٩(١٣٧٨)


## نێوەرۆک


| | |
|---|---|
| قسەی ئەو ژمارەیە ...................................... س.ج هێرش | ٤ |
| نەتەوە، مەسەلەی نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردستان: ....... | ٥ |
| وتووێژێک دەگەڵ ئەمیری حەسەنپوور............. وەرگێڕانەوە: هێدی | ـ |
| سەرۆک ئاپۆم چۆن ناسی: سەبارەت بە وەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان و | ١٢ |
| چەند باسێکی تر ............................. مەهاباد کوردی | ـ |
| حەمامی تورکی، هاری ڤان گیلدەر ... وەرگێڕانەوە لە هولەندی: د. وەیس | ٢٠ |
| پۆست مۆدێرنیتێ، بۆ فەلسەفەکردن بەسەر جیهانی نوێوە: ژان بۆدریار.... | ٢١ |
| ........................................ ئازاد حەمە | ـ |
| لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی: هۆشیاری، خەونی ئازادبوون ........ | ٢٨ |
| ........................................ دڵسۆز حەمە | ـ |
| ـــــــ بەسەرهاتی خەزاڵ ............ ......... حوسێن مەرجانی | ٣١ |
| وتووێژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ: ........................ مامۆستا هێمن | ٣٧ |
| شێعر: تۆ... هەڵەبشیما ...................................... لاررزۆ | ٤٣ |
| دووپارچەشێعر: ئەلف زاگرۆس، پیرێکی سەرمەست پێی وتی: ... ع. راد | ٤٤ |
| سێ پۆستەرە شێعر: حەمەشوان شەریف، دووپارچەشێعر: پشکۆ نەجمەدین | ٤٥ |
| وەزیفەی شاعیران: شیرین و جوانتر نواندنی ژیان ... حەمید کەشکۆڵی | ٤٦ |
| ساتیر: وتووێژ ................................ حەمە سەعید حەسەن | ٥٠ |
| کورتە چیرۆک: مرەبای شەکەر ..................... ڕەسووڵ محەمەدی | ٥١ |
| کەسێکی خۆشت بوێ لێی ناترسێی ....................... ج. کەریمی | ٥٢ |
| مەشروتەی ئێرانی و... ئەزەریبەی ویلایەتی فەقیە ........... م. ئاجودانی | ٥٣ |
| لە دەربیجەی «زرێبار»ەوە بۆ نێو چەند مەسەیەکی دیکە .... س. گ ماکوان | ٥٤ |
| یادکردنەوە لە سەید عەزیزی شەمزینی ................ قەرەنی قادری | ٦٢ |
| مەرگی هونەرمەندی ناوداری کورد: مامۆستا قادر دیلان ........... هێرش | ٦٣ |
| کۆچی دوایی مامۆستا نافع مەزهەر ........................ هێرش | ٦٤ |
| ئەدەبی گاڵتە ............................................ کاوە | ٦٦ |
| چاپەمەنی ...................................... | ٦٨ |


**هەر ڕۆژێکتان نەورۆز**

**و**

**نەورۆزتان پیرۆز بێ**


**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس/ تەلەفۆن:**

**Fax/Tel**: +46 -0650- 94029
**Mobil**: +46-070-6223663



**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە کوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناتێردرێنەوە.**


چاپ، کتێبی ئەرزان: ئاپریلی ١٩٩٩

ISSN 1104 - 3473

## قسەی ئەو ژمارەیە

س. ح هیرش

ئەو جاریش بەهار هات و دیسان خۆری ئاواتی کورد هەڵنەهات. ئەو ساڵیش بەهار هات و... ئەو تۆگوڵاڵانەی کە لە کاتی بارینی کلووکلوو بەفری زستان، لە دێراوی خۆشکراوی گوڵپەرستان داچێندرابوون کە جێژوانی ئەویندارانی کوردستان بخەملێنن، دیسان وەکوو جاری جاران، بە گێژەڵووکەی چاوەڕواننەکراوی ئەهاتیی، خونچە خونچە پەڕپەڕ بوون و گەڵا گەڵا هەڵوەران... ئەوجاریش بولبولانی غەزەلخوێنی بەهار، بە لارەملی لە پەنا و پەسیوی داوێنی کوێستان، زار و بێزار هەڵکورمان.

زۆر بەهارە، خۆشیی و ناخۆشیی، گریان و پێکەنین، تەنگانە و فەرعانە، شین و شایی خەڵکی کورد تێکەڵ بووە و؛ عەزم و جەزم، بەزم و ڕەزم، بوون و نەبوون و مان و نەمانی ئاوێتەیەک بووە لە «ڕەقسی مەرگ» و «سەمای سوور»... بەڵێ، ئەوساڵیش نەورۆز هات و... بەڵام «بەهارمان هەروا بێ بارانە و گوڵاڵەی سوورمان خوێنی جەرگی یاران»...

هەروەک دەزانین، لە ماوەی دەرچوونی ژمارە ٢٢ ی گزینگ، تا ئەو ژمارەیەی کە ئێستا لە بەردەستتان دایە، گەلێک کارەساتی ناشیاو و نائینسانە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن. گرینگترینی ڕووداوەکان تا ئەو جێگەیەی کە بەرژەوەندی گشتیی بەشەریەت و مافی مرۆڤ و ئاشتیی جیهانی بگرنەوە، یەکیان بوحڕان و کارەساتی شەڕی باڵکانە کە بە هەڵمەت و بۆمبارانی حەواییماڵوێرانکەرانەیNATO (ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی ئورووپایی) بە نێوی دیفاع لە مافی خەڵکی کۆسۆڤۆ، بۆ سەر یۆگوسلاویی لەوان شەڕخوازتر و سەرەڕۆتر، دەستی پێکردووە و هەر ئێستاش بەردەوامە؛ وێش ناچێ بەو زووانە دامرکێتەوە کە تا ئێستا سەدان کوژراو و نیزیکەی ٦٥٠،٠٠٠ هەزار ئاوارە و لێقەوماوی لێکەوتووەتەوە؛ زۆریش جێی داخە کە خەڵک هیچیان لە دەست نایە.

ئەوی دیکەشیان پیلانی دزین و ڕفاندنی تێرۆریستییانەی **عەبدوللا ئۆجەلان** سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) بووە بۆ تورکیا کە بە هاوکاری و هاودەستیی گەلێک دەوڵەت و ئاژانسە جاسووسییەکانی جیهانی بەڕێوەچووە. دیارە بە نیسبەت ئێمەی کورد ڕووداوی دە تەڵەخستن و وەدەستدانەوەی سەرۆک ئۆجەلان کە لە ١٥ مانگی فێبرواری(٩٩) ڕوویدا و هەواڵەکەی شەوێک دواتر لە لایەن Med TV بڵاوکرایەوە، گرینگترین ڕووداوی ئەو چەند ساڵەی دوایی بووە، کە بەداخەوە لە نێو تەمومژی بوحڕان و ئاڵۆزیی شەڕی باڵکاندا ون بوو و، بەتایبەت بە داخستنی تەلەڤیزیۆنی Med TV لەلایەن بنکەی (ITC)ی بریتانیاوە (کە ئەویش هەر درێژەی ئەو پیلانە بوو)، هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ئۆجەلان و مەسەلەی کورد لە تورکیا، ڕۆژ بەڕۆژ کەمڕەنگتر بووەوە و، لە ماسمیدیای جیهانیدا ئەو گەرمیی و گرینگییەی جارانی نەما.

چۆنیەتی وەڕێخستنی پیلان و داڕشتنی پلانی تەڵە و تەحویلدانەوەی سەرۆک ئاپۆ، بۆ هەموو کەس ئاشکرایە و حەوجێ بە باسکردن نییە، بەڵام ئەوەی گرینگ و شایانی باس بێ ئەوەیە کە یەک: دەداوخستن و وەدەستدانەوەی ئۆجەلان، بەو شێوە تورکییانە و تێرۆریستییانەی خۆی، بێ حورمەتێکی ئاشکرابوو کە بە ٣٠ میلیۆن خەڵکی کورد کرا و، پەڵەی ئەو ئەنگەش هەتاهەتایە لە سەر ڕووخساری قەشانی **«دێمۆکراسیی ئورووپایی»** دەمێنێتەوە؛ چونکە نە دەوڵەتی تورکیای ژەنڕاڵە چەتە و قاچاخچییەکان ئەو ئازایەتییەی لێدەوەشاوە و، نە ئۆجەلانیش بەو هەڵە قورس و گرانەی دەکەوتە ئەو داوە؛ نە گورگ و ڕێوی و چەقەڵیش دەکەوتنە میمڵ و مەملەمەمۆ و سەماوە. دوو: ڕاپەڕین و هەستان و خۆپیشاندانی کوردان لە سەرتاسەری جیهان و هەر چوارپارچەی کوردستان، وێڕای تەلەفاتی گیانی و دەیان کوژراو، ئەو ڕاستییەی جەخت کردەوە و گوێی بیروڕای گشتیی جیهانی سەرلەنوێ زرینگاندەوە کە کورد لە مافی ڕەوای مێژوویی خۆی پاشگەز نابێتەوە و ئەو مافە ئەگەر نەشدرێ دەبێ بستێندرێ. سێ: ڕرووداوی تەحویلدانەوەی سەرۆک ئاپۆ، ڕاستییەکی دیکەشی خستە ڕوو، ئەویش هاوکاری و تەبایی وڵاتە دراوسێیەکانە لە ئاست جووڵانەوەی کوردیی ئەوبەر سنوورەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان. چونکە، ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین، تا کاتێک یارمەتی ئەو جووڵانەوانە دەدەن کە یان سوودی سیاسییان تێیدا هەبێ، یان بیانکەنە گۆپاڵی دەستی خۆیان؛ لەوە بترازێ نەتەنیا یارمەتییان نادەن، بەڵکوو دژیشی دەوەستن و، ئاخرسەر پێکەوە دەسازێنەوە. ئەگەر ڕوسیا وەک دراوسێی ناتەبا و ناکۆک لەگەڵ تورکیا، لەوحیسابە دەرباوێین کە لە بەرانبەر ئەمریکادا، شەو و ڕۆژ خەریکی دمپانکردنەوەیە؛ نموونەی زەق، سوریای لاوازی چاوبەرەژێر و عێراقی لە قەرەنتینە خزاو و ئێرانی لە «تاڵەبان» ترساوە، بەتایبەت ئێران بەو هەموو هەڵڵا و گرمە و هەڵوێستەی کە لە ئاست دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و، جاروباریش لە ئاست تورکیا نواندوویە و دەینوێنێ؛ نە تەنیا بە شێوەی ڕەسمی ئەو حەرەکەتە تێرۆریستییەی مەحکووم نەکرد، بەڵکوو تابوشتی خۆپیشاندان و هاودەردیی خەڵکی کوردیشی نەهێنا و، لە شارەکانی سنە و ورمێ و مهاباد و... دەیان کەس کوژران و سەدان کەس لە زیندان خران.


ئەوە و زۆر تەجرەبەی دیکە، دەبێ بۆ ئێمەی کورد ببێتە دەرسی عیبرەت کە هەر بە یەکگرتن و پشتبەستن بە یەکتر، دەتوانین لە نێو ئەو تەڵێسمە ئەستەم و هەڵەمووتەی ژێئۆپۆلیتیکییدا، گەوهەری مافی ڕەوامان بدۆزینەوە، ئەو تەڵێسمەی کە دەیان تراژێدی لەوە ناخۆشتری بە سەرهێناوین. دەوەدا هیچ شک نییە کە ئەگەر کورد و بزووتنەوە و ڕێبەرەکانیان هاوئاهەنگ و تەبا بان و بۆ یەکتریان تێنەچاندبا، کار بەو جێگایە نەدەکێشرا...

بە هەرحاڵ! بە پێی هەواڵی ئاژانسە ڕاگەیێنەرە گشتییەکان، دەوڵەتی تورکیا، بڕیاری ئەوەی داوە لە ٣١ی مانگی مای(٩٩)دا، دادگاییکردنی سەرۆکی (پ.ک.ک) عەبدوللا ئۆجەلان، کە لەلایەن لێژنەی قەزایی تورکیاوە داوای ئیعدامی بۆ کراوە، لە جەزیرەی (ئیمرالی) هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا زیندانی کراوە و بە سەختترین شێوە ئەشکەنجە دراوە، دەست پێبکرێ. ئەوەش ڕاگەیێندراوە کە ئیجازە بە هیچ نازر و نوێنەرێکی ڕەسمی نادرێ کە لەو دادگاییەدا بەشدار بن. دەوڵەتی تورکیا لەوانەیە لە سایە سەری «دێمۆکراسیی ئورووپایی» ئەوە و ئیعدامی سەرۆک ئاپۆشی بۆ بووزبخوا، بەڵام ئەستەمە لەلایەن هەواخوازان و درێژەدەرانی ڕێگای شێخ سەعید و سەید ڕەزا و شێخ عەبدولقادر و ئۆجەلان... ئەوەی دەسەرەوە بچێ و بتوانێ خەبات و ئیرادەی خەڵکی کورد تێکبشکێنێ.

ڕاستە، دەوڵەتی تورکیا، بە گرتنی ئۆجەلان، سەرکەوتنێکی کاتیی وەدەست هێناوە، بەڵام ئایا بەڕاستی دەتوانێ بۆ هەمیشە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە ١٢ تا ١٥ میلیۆنەوە خۆی ببوێرێ و نەفەسێکی ڕاحەت بکێشێ؟ جوابی ئەو پرسیارە بەستراوەتەوە بەوە کە دەوڵەتی تورکیا تا چ ڕادەیەک دەخوازێ ئەو عەقڵە لاسەنگەی خۆی میزان کاتەوە و سیاسەت و شێوەی کەمالیستییانە و تێرۆریستییانەی خۆی تووڕهەڵدا و، خۆی بە سەرروەری خاکی خانەخوێیەک نەزانێ کە زەمانێک وەک میوان لێی دابەزیوە و فڕی بە سەریەوە نەبووە! ■

# نەتەوە، مەسەلەی نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردستان

## وتووێژێک دەگەڵ ئەمیری حەسەنپوور



وەرگێڕانەوە: هێدی
پێداهاتنەوە: ئەمیری حەسەنپوور

**جهان امروز:** لە دوا سەفەرت دا بۆ سوئێد لە چەند کۆڕی ئاخاوتندا بەشداریت کرد کە پێوەندییان بە مەسەلەکانی کوردستانەوە هەبوو. دەکرێ لەو بارەوە بۆمان بدوێی؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** ئامانجی سەفەری من بەشداریی کردن لە دوو کۆڕی ئاخاوتن دابوو کە «ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان» پێکیهێنابوون. ئەوەی هەوەڵێ خۆی بە لێکۆڵینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە خەریک کرد و ئەوەی دووهەمیان تایبەت بوو بە باسی بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لە دوو دەیەی دوایی دا و بۆچوونەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران (ح.ک.ک) سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی.

**جهان امروز:** دانیشتنی هەوەڵێ بە وردی چ مەسەلەگەلێکی خستە بەر باس؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** دانیشتنی هەوەڵێ (٢٨ی نۆڤامبر) بە باسی کاک سەلاحی موهتەدی سەبارەت بە دەرکەوتنی فەزای کراوەی سیاسیی دە ڕێژیمی ئیسلامی دا و پێویستیی گۆڕانی سیاسەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستی پێکرد. دوای وی کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری، کاک فاتیحی شێخولئیسلامی و من بۆچوونە دەربڕاوەکانمان خستنە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بەشدارەکانی دیکەی دانیشتنەکەش دەو ماوە کورتە دا کە هەیانبوو بیروڕای خۆیان دەربڕی.

**جهان امروز:** دەکرێ هێڵە سەرەکییەکانی باسەکە بگێڕییەوە؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** باسەکەی کاک سەلاح، ئەگەر بکرێ دە چەند ڕستە دا کورت کرێتەوە، ئەوە بوو کە بەدەسەڵات گەیشتنی خاتەمی دەبێ بە ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە دەسەڵاتی سیاسیی حاکمدا دابندرێ و قەبوڵ بکەین کە ئیمکانی ڕیفۆرم و گۆڕان ڕەخساوە و هەلومەرجێکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی مەسەلەی کورد پێکهاتووە. دە هەلومەرجی وادا بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان نابێ دەست لەسەر دەست دانێ و واباشترە کە قۆڵ هەڵماڵێ و دەسپێشخەریی بکا. ئەو کارەش بەو شێوەیە دەگونجێ کە دوو ڕێکخراوی چەکداری بزووتنەوەی کوردستان ــ حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە ــ بە ئاشکرا و سادقانە بەرنامەی خەباتی چەکداریی، ڕووخاندنی ڕێژیم و خواستی دەسەڵاتدارێتی سیاسیی وەلانێن، بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی ئێستا داوا فەرهەنگییەکان بێننە گۆڕێ و لە ئاکامدا لە ڕێگەی بەشداربوون لە هەڵبژاردن و تێکۆشانی سیاسیی دا مافە فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد دابین بکەن.

**جهان امروز:** هەڵوێستی ئێوە و ئەوانیدیکە لەسەر ئەو باسە چبوو؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** هەرسێکمان و زۆربەی بەشدارانی کۆڕەکە، ڕاستبوون و گونجانی سیاسەتێکی وامان ڕەد کردەوە. کاک سەلاح ئەو بیروڕایانەی دەپێشدا دە کۆنفرانسێکدا لە واشینگتۆن، کە لە مانگی ژوئییە دا بەڕێوەچوو، هێنابوونە گۆڕێ.

**جهان امروز:** لە دانیشتنی دووهەمدا چ باسگەلێک هاتنە گۆڕێ؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** لە بەهاری ڕابردوودا لە ستۆکهۆڵم ئەو مەیلەم دەربڕی کە دەگەڵ دۆستی لەمێژینەم کاک فاتیح کۆڕێکی ئاخاوتنم هەبێ و ڕەخنەکانی خۆم لە بیروبۆچوونەکانی وی و سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی بێنمەگۆڕێ. لە دانیشتنی دووهەمدا ئەو کارەمان کرد. باسی هەردووکمان دە چوارچێوەی شیکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دا بوو.

**جهان امروز:** لێکدانەوەی ئێوە لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی چییە؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** بە بڕوای من، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لەباری مێژوویی و بەراوردکارییەوە، بزووتنەوەیەکی بوورژوا ــ دێمۆکراتیکە لە چەشنی بزووتنەوە بوورژوا ــ دێمۆکراتیکەکانی ئورووپا و ئاسیا و ئەفریقا، کە دە هەلومەرجی یەکجار تایبەتی و ئاڵۆزی کوردستان، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نیزامی نێونەتەوەییدا پێکهاتووە. مەبەستم هەلومەرجی بوونی کوردستان بە بەشێک لە بازاڕی جیهانی سەرمایەداریی لە ئاخرییەکانی سەدەی نۆزدەدا، فیئۆداڵیبوونی

**❑ شک نییە کە بوورژوازیی کورد لە خەبات دژی جیهانبینی و فەرهەنگی فێئۆدالییدا و لە بناغەدانانی جیهانبینی و فەرهەنگی چینایەتیی خۆیدا زۆر لە بوورژوازیی ئوورووپای سەدەی ١٧ و ١٨ لە پاشترە.**

فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیی ـ ئابووریی کوردستان، دابەشکرانی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و پاشان دابەشکرانەوەی لە نێوان دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوورییە دا، هەڵدانی نارێک و بەرکورتی بوورژوازیی و شتی دیکەیە. ئەو هەلومەرجە مێژووییە، گەلێک مەسەلەی گرینگی خستوونە بەر پێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیی ـ سیاسییەکانی کورد و بزووتنەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتانە.

مەسەلەی یەکەم: مەسەلەی سەرەکی دێمۆکراسیی لە کۆمەڵگای فێئۆدالیی کوردستان دا، هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییەکانی فێئۆدالیی بوو بە تایبەت دە کشت و کاڵ دا ـ بە واتایەکی دی چارەسەرکردنی مەسەلەی جووتیاریی. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە تەواو بێ هێز بووە و لە جیاتی پێشاندانی رێگاچارەی بوورژوا ـ دێمۆکراتیک، واتە دابەشکردنی زەوی لە نێوان جووتیاراندا، بە هەراوی هەوڵی داوە کە زۆربەی زەحمەتکێشان، کە جووتیار بوون، لە خەباتی چینایەتیی دوورکاتەوە و ئەوان دەگەڵ چینی فێئۆداڵ ئاشتکاتەوە. بەڵام هەنگاوێکی دە رێی رزگاریی جووتیاران یان باشتربوونی ژیانی زەحمەتکێشانی شارییدا هەڵنەهێناوە.

مەسەلەی دووهەم: لابردنی زوڵمی نەتەوەیی لە رێگای دەکارکردنی دەسەڵاتی سیاسی واتە دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆ. کارنامەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو بارەوە چاکتر لە مەسەلەی جووتیاریی نییە. حکومەتی خودموختاری شێخ مەحموود حکومەتێکی فێئۆدالیی و ئیستیبدادیی بوو؛ کۆماری کوردستان حکومەتێکی بوورژوا ـ دێمۆکراتیک بوو کە دەگەڵ فێئۆدالیزم و عەشیرەگەریی سازا؛ حکومەتی هەرێمیی کوردستانیش کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا دامەزرا، سەرەڕای ئیزامە پارلمانیی و چەند حیزبییەکەی، لە زۆر بارانەوە لە کۆماری کوردستان دواکەوتووترە.

مەسەلەی سێهەم: لە باری دێمۆکراتیزەکردنی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە تێکۆشان بۆ رووخاندنی نیزامی بابسالاریی، بزووتنەوەی نەتەوەیی زۆر دواکەوتوویە و وەک بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکە تەواو پیاوسالارانە بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی، خەبات بۆ رزگاریی ژنانی وەک خەباتی چینایەتیی، یا رەد کردۆتەوە یان هەتا داهاتوو، واتە هەتا دوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیی یا خودموختاری، وەلاناوە. راستە کە باسی «مەسەلەی ژن» لە ساڵی ١٩١٣وە دە چاپەمەنییە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا دەستی پێکرد و پیاوە ناسیۆنالیستەکان لە ساڵی ١٩١٩ دا یەکەمین رێکخراوی ژنانیان دامەزراند، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، ژنانی بە کەرەسەی نەتەوە دروستکردن، دایکی نیشتمان، ناموسی نەتەوە، کارخانەی منداڵ دروستکردن، سەرچاوەی زمانی «پاک» و فەرهەنگی «رەسەن»ی کوردی دادەنا. کارنامەی حکومەتی هەرێمیی کوردستان لەو بارەوە جێی گومان ناهێڵێتەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان ـ وەک بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکە ـ بەرهەڵستی هەڵدانی تێگەیشتنی فێمێنیستیی و خەباتی شێلگیر دژی بابسالاری یە. دە راستیدا حکومەتی هەرێم دابی فێئۆدالیی و ئیسلامیی وەک دابی نەتەوەیی دە پێوەندییەکانی دوو جینس دا قەبوڵ کردووە و کوشت و کوشتاری ژنان بە بیانووی «ناموسیی» بە رەوا دەزانێ.

مەسەلەی چوارەم: دێمۆکراتیزەکردنی فەرهەنگی فێئۆدالیی ـ عەشیرەیی کوردستان و بەربەرەکانیی لە بەرانبەر سیاسەت و پراتیکی فەرهەنگکوژیی (Ethnocide) و زمانکوژیی (Linguicide) دەوڵەتە حاکمەکاندا.

لەو بوارانەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی هێندێک دەسکەوتی هەبووە. لە بواری یەکەمدا، بۆ وێنە خەبات دژی خورافاتی ئایینی و نەخوێندەواریی و نەزانیی بە هۆی حاجی قادری کۆیی یەوە (١٨٩٧- ١٨١٧) دەستی پێکرد. فێرکردن و بارهێنان بۆ ژنان، خوێندەواریی و فێربوونی زانست و تێکنۆلۆژیی مۆدێرن، وەرگێرانی زانستی مۆدێرن و شتی دی دە ئەدەبیات و چاپەمەنی ناسیۆنالیستی دا جێگەیەکی تایبەتییان هەبووە. هەروەها داهێنانی ئەدەبیاتی مۆدێرن، هونەرە شانۆییەکان و شتی دی، ستانداردکردنی دوو زاراوەی ئەدەبی، بەشێکن لە تێکۆشان لە پێناو دێمۆکراتیزەکردنی فەرهەنگی کورددا. بۆ وێنە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئەدەبیاتی کوردیی کە بە ماوەی چوار سەدە لە پاوانی ئەشرافییەتی فێئۆدالیی و «رووحانییەت» دابوو، لەو ٦٠-٧٠ ساڵەی دواییدا هەراوتر بووە و چین و توێژەکانی دیکەش، وەکوو ژنان، لە خوڵقاندنی ئەدەبیات و هونەرەکانی دیکەدا بەشدارن و تەنانەت رەوتی هەڵدانی ئەدەبیات و هونەری سۆسیالیستیش مێژوویەکی تا رادەیەک درێژی هەیە. دەو ئەدەبیاتەدا، چەمکە شۆڕشگێڕییەکان، وەک ئینترناسیۆنالیزم، خەبات دژی فێئۆدالیزم، سەرمایەداریی و ئیمپریالیزم و ئیستیعمار جێگەیەکی دیاریان هەیە.

شک نییە کە بوورژوازیی کورد لە خەبات دژی جیهانبینی و فەرهەنگی فێئۆدالییدا و لە بناغەدانانی جیهانبینی و فەرهەنگی چینایەتیی خۆیدا زۆر لە بوورژوازیی ئوورووپای سەدەی ١٧ و ١٨ لە پاشترە.

لە بواری دووهەمدا بزووتنەوەی نەتەوەیی سەرکەوتووتر بووە. دە هەلومەرجی سیاسەتی وەحشیگەرانەی زوڵمی نەتەوەییدا، خەبات بۆ کەڵکوەرگرتن لە زمانی نەتەوەیی دە فێرکردندا، دە راگەیەنەرە گشتییەکاندا، دە مۆسیقا دا، دە ئەدەبیات و هونەرەکانی دیکە دا جووڵانەوەیەکە بەرەو دێمۆکراتیزەکردنی ژیانی فەرهەنگیی.

لێکدانەوەی من لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەوەیە کە توانای چارەسەرکردنی ئەرکە بوورژوا ـ دێمۆکراتیکەکانی نییە. ئەوە تایبەتمەندیی بزووتنەوەی کوردستان نییە، هەرچەند لایەنە تراژیکەکانی ئەو شکانە لە کوردستان بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژ دەرکەوتوون.

**جهان امروز:** رەخنەی ئێوە لە سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چییە؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** سیاسەتی (ح.ک.ک) یان هەر حیزبێکی دیکە دەبێ لە بەستێنی خەباتی چینایەتیی لە هەر کام لە وڵاتەکاندا، لە پلەی ناوچە و لە پلەی نێونەتەوەییدا هەڵسەنگێندرێ. ئەگەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە دامەزراندنی نیزامی دێمۆکراسی بوورژواییدا بێ توانا بووە، بزووتنەوە سیاسییەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەش، بۆ وێنە بزووتنەوە

کۆمۆنیستییەکان، لە هەڵوێستیاندا سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی وەزعێکی باشتریان نەبووە. ئەمن تەنیا ئاماژەم بە کارنامەی دوو لایەن ـ بزووتنەوە نەتەوەیی و دیمۆکراتیکەکانی عەرەب و فارس و تورک و بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکانی هەرکام لەو وڵاتانە ـ کرد.
لە چوار وڵات ـ تورکیا، ئێران، عێراق، سوورییە ـ ناسیۆنالیزمی نەتەوە حاکمەکان (عەرەب، تورک، فارس) دەسەڵاتی دەوڵەتیی بەدەست بووە، بەڵام دە هەلومەرجی دەسەڵاتدارێتی ئیستیبداد لەو وڵاتانە دا، هێندێک لە رێکخراوە نەتەوەییەکان ـ وەک «جبهه ملی ایران»، «نهضت آزادی ایران» و هتد ـ سەرەڕای جۆراوجۆربوونی ئەو لایەنانە و گۆڕانی هەڵوێستیان دە هەلومەرجی جۆراوجۆر دا، سیاسەتیان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی تا رادەیەکی زۆر هاوچەشن بووە. ئەوان بە گشتی لە تواندنەوە و سەرکوتکردنی نەتەوەی کورددا، پشتیوانییان لە سیاسەتی دەوڵەتی خۆیان کردووە. نەتەوەییەکان دە راستیدا وەک راوێژکار و گەڵاڵەدارێژەر و بەڕێوەبەری ئەو سیاسەتە جووڵاونەوە. هێڵە سیاسییەکانی ئەو حیزب و کەسانە بە کورتی بەو چەشنەن:
١ - حاشاکردن لە فرەنەتەوەیی بوون و چەند زمانە بوونی کۆمەڵگای ئێران.
٢ - بڕوا بە بوونی تاقە یەک نەتەوە ـ «نەتەوەی ئێران» ـ کە بێجگە لە نەتەوەی فارس شتێکی دیکە نییە.
٣ - بڕوا بە ئەبەدیی بوون و پیرۆزبوونی نەتەوە و دەوڵەتی ئێران، تەواوەتی خاک و سنوورەکانی.
٤ - بە قەبیلەیی، عەشیرەیی و کۆنەپەرستانە زانینی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.
٥ - سەر بە بێگانە و «دوژمنانی سەربەخۆیی ئێران» زانینی بزووتنەوە نەتەوەییەکان.
٦ - بە جیاوازیخوازانە زانینی هەر ویستێکی نەتەوەیی، تەنانەت ویستی فێربوون بە زمانی کوردی یان تورکی.
ئەوانە بەشێکن لە خوڕافاتی ناسیۆنالیزمی فارس. بەڵام هەڵوێستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی: ئەو بزووتنەوەیەش یەکدەست و یەکچەشن نەبووە. زۆربەی رێکخراوە کۆمۆنیستییەکان، بە لایەنگریی لە سوننەتی مارکسیستی ـ لێنینیستی، بە قسە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردیان قەبوڵ کردووە. بەڵام ئەگەر لایەنە ناسیۆنالیستەکان بە بیانووی «تەواوەتی خاک»ەوە بۆ پارێزگاریی سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان گیان بەخت دەکەن، حیزبە «کۆمۆنیست»ەکان لە ژێر دروشمی «یەکگرتنی چینی کرێکار»ەوە قۆڵ بۆ پاراستنی سنوورە نەتەوەییەکان هەڵدەماڵن. لە تورکیا زەحمەت بوو کرابا هەڵوێستەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە هەڵوێستەکانی ناسیۆنال شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدار (کەمالیزم) جوێ کرێنەوە و حیزبە شیوعییەکانی عێراق و سوورییەش ماوەیەکی زۆر بێ ئەملا و ئەولا حاشایان لە بوونی نەتەوەی کورد دەکرد. بەو شێوەیە «کۆمۆنیست»ەکان بە پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی نەتەوە ـ دەوڵەت، سنوورەکانی نێوان خۆیان و ناسیۆنالیستە عەرەب و فارس و تورکەکانیان بە تەواوی لابرد.
(ح.ک.ک) پێیوایە بەرنامە و سیاسەت و پراتیکەکەی دەگەڵ تەواوی لایەنە کۆمۆنیستییەکانی رابردوو و ئێستا جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە. ئەمن دە رەخنەی خۆمدا هەوڵمدا نیشان بدەم کە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی، (ح.ک.ک) هیچ سیاسەتێکی نوێی نەنواندووە و هەڵوێست و

**❑ (ح.ک.ک) لەو لێکدانەوە مارکسیستییە ئاکامگەلێکی دژی مارکسیستیی هەڵدێنجێ و ئاڵۆزیی خەباتی چینایەتیی دە کۆمەڵگای فرەنەتەوە دا بە بەژنی ساویلکەیی سوننەتیی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان بڕیوە**

پراتیکەکانی تێکەڵاوێکن لە قانوونگەریی لیبێراڵیی، ترۆتێسکیزم و ناسیۆنالیزمی فارس.

**جهان امروز:** ئەو هەڵوێستانەت چۆن شیکردنەوە؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** ئەمن تەنیا ئاماژە بە سەرباسەکانم دەکەم:
١ - (ح.ک.ک)، حاشا لە فرەنەتەوەیی بوونی کۆمەڵگای ئێران دەکا و بەو پێیە لەباری سیاسییەوە دەکەوێتە پەنا ناسیۆنالیستە فارسەکان. حاشاکردن لە فرەنەتەوەیی بوونی وڵاتێکی وەک ئێران بە تەواوی لەژێرپێنانی تیئۆری و میتۆدۆلۆژی مارکسیستی یە و پەنا بردنە بۆ «لێکدانەوە»کانی سیاسیی، زمانناسیی و کۆمەڵناسیی کەمالیستی یان فەرمایشەکانی ناسیۆنال شۆڤێنیستەکانی فارس، وەک مەحموودی ئەفشار و سادقی کیا. هەڵبەت (ح.ک.ک)، بە پێچەوانەی کەمالیستەکان یان ناسیۆنالیستە فارسەکان، بوونی مەسەلەی نەتەوەیی کورد قەبوڵ دەکا و بەڕێوەبردنی رێفراندۆم بۆ «دیاریکردنی تەکلیف»ی کوردستان دەسەلمێنێ. بەڵام قەبوڵکردنی «مەسەلەی کورد» لەبەر هەڵوێستی ئینترناسیۆنالیستیی (ح.ک.ک) نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە کوردەکان دەردەسەری چەکدارییان پێکهێناوە. دەوڵەتی ئێران توانای ریشەکێشکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی نییە و هەر لایەنێک دەسەڵاتی دەوڵەتیی بەدەستەوە بگرێ تووشی ئەو دەردیسەرییە دەبێ. ئەوە هەڵوێستێکی پراگماتیستی و ئێکۆنۆمیستی یە. ددانپێداهێنانی (ح.ک.ک) بە بوونی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بە هیچ چەشنێک لە روانگەی ئازادیخوازیی، یەکسانیخوازیی و هەقخوازیی و دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانەوە نییە. ئەو رێکخراوەیە بوونی نەتەوە و فرەجۆربوونی نەتەوەیی بۆ چینی کرێکار بە بەڵایەکی مێژوویی دادەنێ و بە ئاواتە کە هەموو بەشەرییەت یەک زمان و فەرهەنگیان هەبێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تێدەکۆشێ.
٢ - حاشاکردن لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی فارسە و چاوەڕوانیی لە ناسیۆنالیستەکان ناکرێ کە هەڵوێستێکی دیکەیان هەبێ، هەرچەند تەنانەت دەکرێ لەوبارەوەش وەبیر ناسیۆنالیستە بە ناو دیمۆکراسیخوازەکان بێنینەوە کە دیمۆکراتە شۆڕشگێڕەکانی وەک تامس پەین (Thomas Paine) ئینترناسیۆنالیستی راستەقینە بوون، بەڵام کاتێک حاشاکردن لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران هەڵوێستی رێکخراوێک بێ کە خۆی بە کۆمۆنیست دەزانێ چاوەڕوانیی دیکە دێنەگۆڕێ. لە روانگەی تیئۆری مارکسیستییەوە دەکرێ ئیستیدلال بکەین کە فرەجۆربوونی نەتەوەیی بەربینگی دیمۆکراسی ـ هەم دیمۆکراسی بوورژوایی هەم دیمۆکراسی سۆسیالیستی ـ دەگرێ. بە وتەیەکی دی، حیزبێکی کۆمۆنیستیی لەباتی وەیکە وەک ناسیۆنالیستەکانی فارس یا عەرەب یان تورک فرەجۆربوونی نەتەوەیی بە کارەساتێکی مێژوویی و سیاسیی بزانێ، دەبێ بە هەڵێکی

**❑ دانانی یەک ماک یان چۆنێتیی نەگۆڕ (کۆنەپەرستانە بوون) بۆ بزووتنەوەی نەتەومیی کوردستان لەباری فەلسەفییەوە ئیدەئالیستی یە و لەباری سیاسییەوە هەڵوێستێکی ترۆتێسکیستی یە**

مێژوویی و سیاسیی دابنێ بۆ دێمۆکراتیزەکردنی بنەڕەتیی کۆمەڵگا.
بە پێچەوانەی بۆچوونی (ح.ک.ک)، دێمۆکراسی بوورژوایی لە زۆر بارانەوە نەیتوانیوە مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر بکا. دێمۆکراسی سۆسیالیستی ـ ئەگەر بەڕاستی بەهێزتر، قووڵتر و شێلگیرترە لە دێمۆکراسی بوورژوایی ـ لەباتی تۆقان لەو بەربینگ گرتنە دەبێ بەرەوپیری بچێ و لەباتی یەکسانیی بەڕواڵەتی نەتەوەکان و زمانەکان کە بوورژوازیی نیشانی داوە دەبێ بە کردەوە یەکسانیی پێکبێنێ.
٣ - (ح.ک.ک)، ناسیۆنالیزم؛ مەسەلەی نەتەوەیی و داخوازییە نەتەوەییەکان بە دیاردەگەلێکی بوورژوایی دەزانێ. راستە کە لە روانگەی تێئۆری مارکسیستییەوە، نەتەوە و سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی نەتەوەیی دیاردەگەلی بوورژوایی و نیزامی سەرمایەدارین بەڵام (ح.ک.ک) لەو لێکدانەوە مارکسیستییە ئاکامگەلێکی دژی مارکسیستیی هەڵدێنجێ و ئاڵۆزیی خەباتی چینایەتیی دە کۆمەڵگای فرەنەتەوە دا بە بەژنی ساویلکەیی سوننەتیی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان بڕیوە و دەڕاستیدا بۆ سەلماندنی هەڵوێستەکانی خۆی پەنای بە خوڕافاتی ناسیۆنالیزمی فارس بردووە. لە روانگەی ئەو حیزبەوە، نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەگەلێکی دزێو، کۆنەپەرستانە، خوڕافیی، خەیاڵیی، قەومیی و عەشیرەیین و چینی کرێکار کاری پێیان نەداوە. شک نییە کە هەموو ناسیۆنالیزمەکان، کۆنە و نوێ، کورد و ناکورد، بۆ پێکەوە هۆندنەوەی مێژوو و بنەچەکەی نەتەوەی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر سازکردنی ئەفسانە و خوڕافات، بەڵام (ح.ک.ک) ئەو راستییانەی کردۆتە بیانوو بۆ حاشاکردن لە عەینیبوونی نەتەوە و بەهەق بوونی خواستی یەکسانیی و ئازادیخوازیی و عەداڵەتخوازیی. بۆیە دە ئەدەبیاتی حیزبیدا، قەت نووسراوەیەک لە پێناو ریسواکردنی زوڵمی نەتەوەیی رێژیمی ئیسلامییدا یان ئیعتیراز بەو زوڵمە نابیندرێ. دە راستیدا لای تیژی هێرشی حیزب بەرەو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە نەک بەرەو ناسیۆنال شۆڤێنیزمی فارس کە دەسەڵاتی دەوڵەتیی بەدەستەوەیە.
بەوپێیە سەیر نییە کە کاتێک (ح.ک.ک) بە دەگمەن ئاماژە بە ناسیۆنال شۆڤێنیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار دەکا، خەریکی رازاندنەوەی دەبێ و وەک «جبهه ملی ایران» و «حزب پان ایرانیست»، فۆرم و نێوەرۆکی نەتەوەیی لێ پاکدەکاتەوە و حاشا لە پێوەندیی وی بە نەتەوەی حاکمەوە ـ نەتەوەی فارس ـ دەکا و بە ناسیۆنالیزمی «ئێرانی» نێودێری دەکا.
٤ - ئێکۆنۆمیستیی بوونی هەڵوێستی حیزب چەند لایەنی جۆراوجۆری هەیە. ئەگەر چینی کرێکار هەر بەدوای هەلومەرجی باشترەوە نییە بۆ فرۆشتنی هێزی کارەکەی و باشبوونی وەزعی ئابووریی خۆی و ئەگەر ئامانجی وەدەستهێنانی هێزی سیاسی یە، ناتوانێ هەر تەنیا دە فکری چینی خۆی دابێ و بۆ چینەکانی دیکە بەرنامەیەکی نەبێ. راستە کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەی بوورژوایین، بەڵام زوڵمی نەتەوەیی بۆ چینی کرێکار یەکجار جیددیتر و پڕ مەترسیترە هەتا بۆ بوورژوازیی نەتەوەی ژێر چەپۆک.
بوورژوازیی نەتەوەی ژێرچەپۆک هەرچۆنێکی بێ چەوساندنەوەی خۆی درێژە دەدا، تەنانەت دە هەلومەرجی سەرکوتکردنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەشیدا، بەڵام چینی کرێکار تووشی جیاوازیی و دووبەرەکیی و شکست دەبێ. سەرەڕای وەی، زوڵمی نەتەوەیی وەک زوڵم لەسەر بنەمای جینسیی، رەگەز، ئایین، زمان و هتد هەڵناگیرێ و چینی کرێکار دەبێ سوورتر لە هەر چینێکی دی دژی وان خەبات بکا.
لەو بۆچوونانەی حیزبدا، ناسیۆنال شۆڤێنیزم و ئێکۆنۆمیزم و ترۆتێسکیزم بۆ بەرەنگاربوونی مارکسیزم کێبەرکێیانە. بە پێچەوانەی بۆچوونی حیزب، نەک هەر خواستە نەتەوەییەکان خواستی بوورژوایین بەڵکوو خواستە ئابوورییەکانی چینی کرێکاریش (حەقدەستی زیاتر، سەعاتی کاری کەمتر، هەلومەرجی باشتری کار، ئازادیی تێکۆشانی رێکخراوەیی و هتد) خواستی بوورژوایین. (ح.ک.ک) وێنەیەکی زۆر سەرەتایی و نامارکسیستیی لە خەباتی چینایەتیی هەیە، ئاڵۆزییەکانی نابینێ، خەباتی سیاسیی، ئابووریی، ئیدەئۆلۆژیی تێکەڵ دەکا و خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی چینایەتیی جوێ دەکاتەوە.
٥ - (ح.ک.ک) بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە تەواوی پێ کۆنەپەرستانەیە. بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان تێکەڵاوێکە لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان کە دە چوار وڵاتی ناوچە دا بەڕێوە چووە و لەباری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە چەند لایەنی هەبووە: لە لایەکەوە رەوتی فێئۆدالیی ـ عەشیرەیی (شێخ مەحموود، شێخ سەعید، سمایل ئاغا و هتد) و لە لایەکی دیکەوە رەوتی بوورژوا ـ دێمۆکراتیک (کۆمەڵەی ژ - ک) و لە ئاکامدا دێمۆکراتیزمی شۆڕشگێڕیی (رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان - کۆمەڵە). دانانی یەک ماک یان چۆنێتیی نەگۆڕ (کۆنەپەرستانە بوون) بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لەباری فەلسەفییەوە ئیدەئالیستی یە و لەباری سیاسییەوە هەڵوێستێکی ترۆتێسکیستی یە. (ح.ک.ک) دێرەدا خەباتی ئیدەئۆلۆژیک و سیاسیی تێکەڵ دەکا. شک نییە کە لە روانگەی مارکسیزمەوە، ناسیۆنالیزم (جوێکردنەوەی بەشەرییەت لەسەر بنەمای پێوەندیی نەتەوەیی) وەک ئیدەئۆلۆژیی هیچ ماکێکی پێشکەوتنخوازانەی نییە و بەو مانایە سەر بە رابردوویە، بەرهەڵستی هەڵدانی کۆمەڵگایە و کۆنەپەرستانەیە. بەڵام ناسیۆنالیزم، وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی دژی زوڵمی نەتەوەیی، ناکرێ تەنیا بە پێوانەی ئیدەئۆلۆژیی هەڵسەنگێندرێ. خەباتی نەتەوەیی دە چوارچێوەی پێوەندییەکانی خەباتی چینایەتیی و دابەشکراویی نایەکسان و ناعادڵانەی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریدا دەورگەلێکی ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕان وەخۆ دەگرێ کە بە ناچار لە هەڵوێستە ئیدەئۆلۆژییەکانەوە سەرچاوە ناگرێ. «مافی دیاریکردنی چارەنووس» مافێک یان خواستێکی بوورژوایی یە (پێکهێنانی سنووری نەتەوەیی و دەسەڵاتی نەتەوەیی) بەڵام مافی کرێکاران بۆ حەقدەستی باشتر یان هەلومەرجی باشتری کار هەر بەو ئەندازەیە بوورژوایی یە (ئاڵوگۆڕ یان فرۆشتنی هێزی کار). ئەوانە هەردووکیان دڵخوازیی بوورژوا ـ دێمۆکراتیکن کە پێوەندییەکی پتەویان بە ئامانجەکانی سۆسیالیستییەوە دەبێ.
دیارە هەڵوێستە ترۆتێسکیستییەکان ئیزن بە (ح.ک.ک) نادەن کە پێویستیی شۆڕشی دێمۆکراتیکی لەبەر چاو بێ و دە پێوەندیی ئاڵۆزی وی دەگەڵ شۆڕشی سۆسیالیستیی بگا. سیاسەتێکی وا چینی کرێکار دە کۆمەڵگای ئاڵۆزی ئێراندا لە پشتیوانانی سیاسی بێبەری دەکا. ئەگەر

ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی ئێران قەت خەباتی ئیدەئۆلۆژیک دژی ناسیۆنالیزمیان دە بەرنامەی کارەکانیاندا نەگونجاندووە، (ح.ک.ک) کردوویەتە تەنیا خەبات. دێرەدا گیروگرفت هەر ئەوە نییە کە خەبات دژی ئیدەئۆلۆژیی ناسیۆنالیستیی کردۆتە خەبات دژی خواستە حەقخوازانەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەوەی خراپتر ئەوەیە کە تەنیا دژی ناسیۆنالیزمی کورد خەبات دەکا و کاری بە ناسیۆنال شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست نەداوە. ڕەخنەی (ح.ک.ک) لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە ڕوانگەی ئینترناسیۆنالیزمەوە نییە بەڵکوو لە ڕوانگەی ناسیۆنال شۆڤێنیزمی فارسەوەیە.

٦ - (ح.ک.ک) بە دەگمەن باسی زوڵمی نەتەوەیی دەکا و لە هێندێک باری تایبەتیدا کە ئاماژەی پێدەکا بە خولقاوی سەرکوتکردنی دەوڵەتی ناوەندیی دەزانێ، بە شێوەیەک کە ئەگەر دەوڵەتی ناوەندیی لەبەین بچێ یان بڕیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی بدا، زوڵمی نەتەوەییش بە شێوەی ئۆتۆماتیک و خێرا بنەبڕ دەبێ. سەرەڕای وەیکە لە کوردستان، زوڵمی نەتەوەیی بە شێوەی دڕندانەی ژێنۆسید، زمانکوژیی و فەرهەنگکوژیی بەڕێوەچووە، نزمکردنەوەی بزووتنەوەی بوورژوا ـ دێمۆکراتیکی کورد تا پلەی دژکردەوەیەک لە بەرانبەر زوڵمی نەتەوەییدا بێجگە لە تێگەیشتنێکی لیبێڕاڵیی لە دیاردەیەکی ئاڵۆزی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی شتێکی دیکە نییە. ئەو بۆچوونە دەگەڵ هەڵوێستی مارکسیستیی دژایەتیی هەیە کە زوڵمی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە پێوەندیی دەگەڵ هۆ دەروونییەکاندا ـ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ـ ئابووریی کۆمەڵگای کورد، دەرکەوتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداریی، هەڵدانی چینی بوورژوازیی، هەڵدانی شارنشینیی و کزبوونی پێوەندییە عەشیرەیی و فێئۆداڵییەکان و هتد... لێکدەداتەوە. (ح.ک.ک)، بە وەرگرتنی تێئۆرییە نامارکسیستییەکان، نەتەوە و ناسیۆنالیزم وەک دیاردەگەلێکی خەیاڵیی دەناسێنێ بەڵام لە ڕوانگەی تێئۆری مارکسیستییەوە، دابەشکردنی بەشەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ڕەوتێکی عەینی یە و سەربەخۆ لە ویستی کۆمۆنیست و ناکۆمۆنیستەکان پێکهاتووە. (ح.ک.ک)، وەک ناسیۆنالیستە فارسەکان، نەتەوەی کورد دێنێتە ڕیزی قەوم و عەشیرە و قەبیلە، دە حاڵێکدا تێئۆریی مارکسیستیی نەتەوە لە بەرانبەر قەوم و عەشیرە و قەبیلە دادەنێ.

٧ - (ح.ک.ک) پێیوایە کە بەرنامەی ڕێفراندۆمەکەی بۆ «دیاریکردنی تەکلیف»ی کوردستان دە بەرانبەر پلاتفۆرمی خودموختاری و فێدێڕالیزمی ناسیۆنالیستە کورد و «ئێرانی»یەکان دایە بەڵام ئەگەر ئەو حیزبە دەسەڵاتی دەوڵەتیی دە دەستدابێ و خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن جوێ بنەوە، بڕیاری وان بە هاسانی قەبوڵ ناکرێ. ئەوە دە بەرنامەی (ح.ک.ک) دا پێی لەسەر داگیراوە: «حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، لە هەر قۆناغێکدا، تەنیا لە حاڵێکدا ڕازی بە جوێبوونەوەی کوردستان دەبێ کە تەواو خاترجەم بێ کە ڕێگایەکی ئاوا بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان دە کوردستاندا دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی مافی شارستانەتیی پێشکەوتووتر و باری ئابووریی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی یەکسانتر و ئەمنتر». دەتوانین لەو کورتە باسە زۆر شتان هەڵێنجین: (ح.ک.ک) بە خەڵکی کوردستان دەڵێ دەتوانن لە ئێران جوێ بنەوە بەو شەرتەی کە ڕێبەرایەتیی (ح.ک.ک) جوێبوونەوە پەسند بکا. ئەگەر (ح.ک.ک) بڕیاری جوێبوونەوە قەبوڵ نەکا یان ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن دە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا بمێننەوە،

**❑ نەک هەر دە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بەڵکوو دە کۆمەڵگای سۆسیالیستیشدا (کە کۆمەڵگایەکی چینایەتی یە و تەنیا هاوسەنگیی هێزی چینەکان تێکچووە)، «مافی بوورژوایی» یان یەکسانیی بەڕواڵەت (صوری) و قانوونیی بۆخۆی هۆیەکی پێکهێنەر و پەرەپێدەری نایەکسانی یە.**

مافی یەکسانی وان دەگەڵ «هاووڵاتییەکان»ی دی دابین دەکا. بەرنامەی حیزب دێرەدا لەسەر بۆچوونە خەیاڵییەکانی قانوونگەریی لیبێڕاڵیی (لێگالیزم legalism) دامەزراوە. بەڵام لە ڕوانگەی تێئۆریی مارکسیستییەوە نایەکسانییە نەتەوەییەکان یان نایەکسانییەکانی نێوان ژن و پیاو نە لە بنەڕەتڕا لە قانوونەوە سەرچاوە دەگرن و نە بە ڕێفۆرمی قانوونییش لەبەین دەچن.

بەرنامەی (ح.ک.ک) «بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی و ئیداریی سێکولاری ناقەومیی و نائایینی و... کە تێیدا یەکسانیی قانوونیی تەواوی خەڵک و دانیشتوانی وڵات، جیا لە قەومییەت، جینسییەت، ڕەگەز، ئایین، بیروڕاکان و هتد دابین کرابێ» بەرنامەیەکی بەجێ یە، بەڵام ئەو فکرە کە نیزامێکی وا، نایەکسانیی و زوڵم لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی و قەومییەت و جینسییەت و زمان و هتد لەبەین دەبا بێجگە لە خەیاڵێکی لیبێڕاڵیی شتێکی دیکە نییە. تێئۆریی مارکسیستیی و ئەزموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی لەو بارەوە زۆر تێروتەسەلە. تەنانەت فێمێنیسم و «تێئۆریی دێمۆکراسی»یش تەنگەبەرییەکانی قانوونگەریی لیبێڕاڵییان بە وردی پشکنیوە. ئەو بەرنامەیەی (ح.ک.ک) (دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی و ئیداریی سێکولار) لەمێژە لە قانوونی ئەساسیی زۆربەی وڵاتاندا، بە تایبەت وڵاتگەلێکی وەک فەڕانسە، کانادا، ئینگلیس و ئەمریکا، نووسراوە، بەڵام مارکسیزم، بە پێچەوانەی (ح.ک.ک)، تەنگەبەرییەکانی قانوونگەریی ئاشکرا دەکا.

نەک هەر دە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بەڵکوو دە کۆمەڵگای سۆسیالیستیشدا (کە کۆمەڵگایەکی چینایەتی یە و تەنیا هاوسەنگیی هێزی چینەکان تێکچووە)، «مافی بوورژوایی» یان یەکسانیی بەڕواڵەت (صوری) و قانوونیی بۆخۆی هۆیەکی پێکهێنەر و پەرەپێدەری نایەکسانی یە.

٨ - دە سەرمایەدارییدا دوو ڕەوەندی بە ڕواڵەت دژ بە یەک لە سەرەتاوە هەبوون ـ یەکیان دامەزراندنی سنوورە نەتەوەییەکانە (پێکهێنانی بازاڕ و دەوڵەتی نەتەوەیی) و ئەویدیکەش ڕووخاندنی ئەو سنوورانە و جیهانییکردنی ئابووریی، فەرهەنگ و هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی یە. ڕەوتی جیهانییکردن لە سەرەتاوە بە ئەوپەڕی دڕندەیییەوە، بۆ وێنە بە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ژێنۆسید، زمانکوژیی و ئیستیعمار، دەستیپێکرد و ئەوڕۆ خێراتر لە جاران و دە هەلومەرجێکی نوێدا پەرەی پێدەدرێ. ئەدەبیاتی مارکسیستیی ڕەوتی جیهانییکردن وەک بنەمایەک بۆ ڕەوتی سەرهەڵدانی یەک چینی کرێکاری جیهانیی لێکدەداتەوە. بەڵام هەم دە تێئۆریی مارکسیستییدا و هەم دە بزووتنەوەی کۆمۆنیستییدا دوو بۆچوونی جیاواز و دژ بە یەک سەبارەت بە بەرەوڕووبوون دەگەڵ ئەو ڕەوتە هەن. بۆچوونی لێنینیی جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتەریی و جیهانییکردنی سەرمایە

**❑ ئەورۆ ئەگەر کۆمۆنیستێک کە خۆی بە ئینترناسیۆنالیست دادەنێ سوور و بێ برانەوە دژی تەواوی شێوەکانی زوڵمی نەتەوەیی خەبات نەکا لە ناسیۆنال شۆڤێنیست بەدەر هیچی دیکە نییە.**

دادەنێ. بۆچوونەکەی دی (ڕێبازی ئیکۆنۆمیستیی، دێتێرمینیسمی ئابووریی و تێکنۆلۆژیک یان تیئۆریی «هەڵدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان»ی ترۆتێسکی) شۆڕشی سۆسیالیستیی و ئیمکانی پێکهێنانی ئابووریی و کۆمەڵگای سۆسیالیستیی بە هەڵدانی بەرینی سەرمایەدارییەوە دەبەستێتەوە. ڕێبازی سیاسیی (ح.ک.ک) ڕێبازی دووهەمە. ئەو ڕێبازە دە هەموو لێکدانەوەکانی حیزبدا بە تایبەت دە لێکدانەوەی داگیرکردنی کووەیت لە لایەن عێراقەوە و دە ڕووبەڕووبوونی دەگەڵ مەسەلەی نەتەوەییدا دەبیندرێ.

بەرنامەی (ح.ک.ک) لایەنگری سەلماندن و بەهێزکردن و قووڵکردنەوەی جیهانییکردنی سەرمایەداریی یە. دەرکەوتنی زمانێکی نێونەتەوەیی (ئینگلیسیی) و هێژمۆنیی ساڵنامەی مەسیحیی بێشک یارمەتی بە پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و زمانە جۆراوجۆرەکان دەدا بەڵام بانگەوازی کەڵکوەرگرتن لە زمانی ئینگلیسیی، وەرگرتنی ساڵنامەی مەسیحیی یان بەلاتینیکردنی خەتی فارسی کە بەشێکە لە بەرنامەی (ح.ک.ک) و هەروەها هەڵوێستی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی دە ئێراندا بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی جیهانییکردنی سەرمایەداریی یە نەک بۆ وەدیهێنانی ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتەریی.

٩ - (ح.ک.ک) دەو ساڵانەی دواییدا، گەڵاڵەی خودموختاری و فێدێڕالیزمی ڕەد کردۆتەوە بەڵام لەجیاتی شیکردنەوەی ئاڵتێرناتیوەکەی خۆی («یەکسانیی حقووقیی تەواوی خەڵک و دانیشتوانی وڵات») کە جیاوازییەکی دەگەڵ نیزامە بووڕژوا ـ دێمۆکراتیکەکان نییە، خەباتێکی بەرینی بۆ ترساندنی خەڵکی ئێران لە ئاکامەکانی فێدێڕالیزم وەڕێخستووە. بۆ نموونە ئاگادار دەکاتەوە کە «لەباری زانستییەوە، دروشمی فێدێڕالیزم، بنەمادانەری کێشەیەکی خوێناویی و درێژە دە تەواوی وڵاتدا» و «لایەنی کارەساتێکی کە وەدیهاتنی ئەو ئاسۆ دواکەوتووە قەومپەرستانەیە دەتوانێ دەئێراندا پێکبێنێ، ئەوەندە گەورە دەبێ کە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی دوایی یوگۆسلاویی لە بەرانبەر ویدا بێڕەنگ دەنوێنن و بەیرووت و کابول و سارایەڤۆ لە چاو تارانی دوای کارەساتی «فێدێڕالیزم» وەک بنکەی هێمنایەتیی و خۆڕاگریی دەنوێنن».

دەکرێ بپرسین کە چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو ترساندنانە و هەڕەشەکانی ناسیۆنالیستە فارسەکان و ڕێژیمی پەهلەوی و ئیسلامیدا هەیە؟ لە روانگەی مارکسیستەکانەوە، چینە حاکم و چەوسێنەرەکان و دەوڵەتەکانیان شەڕە نەتەوەیی و ناتەوەییەکان هەڵدایسێنن بەڵام سوننەتی خەڵکی زەحمەتکێشی نەتەوە جۆراوجۆرەکان پێکەوە ژیان و هاودەردیی و یەکگرتنە. لە ژێنۆسیدی ١٩١٥ی نەتەوەی هەرمەنیی دا کە دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەی برد و هێندێک لە زەحمەتکێشە کوردەکان لە ژێر ڕێبەرایەتیی سەرۆک عەشیرە و فێئۆداڵەکان مەجبوور کران تێیدا بەشدار بن، جووتیارە کوردەکان بۆ ڕزگارکردنی دراوسێ هەرمەنییەکانیان هەوڵیاندا و دە شەڕی ئەغەدەدا، هاوشارییە تورکەکان بۆ ڕزگارکردنی دراوسێ کوردەکانیان قۆڵیان هەڵماڵی. بەڵام (ح.ک.ک) شەڕ نەک لە روانگەی چینایەتییەوە بەڵکوو لە روانگەی ناسیۆنالیزمی فارسەوە لێکدەداتەوە و لە جیاتی بانگەشەکردنی ئەزموونی هاوپشتیی خەڵکی زەحمەتکێش، چینە چەوسێنەر و چینە چەوساوەکان بە شێوەی یەکسان وەک شەڕهەڵاییسێنەر و بەشدارانی شەڕ دەناسێنێ. زەقکردنەوەی پاککردنەوە قەومییەکان لە یوگۆسلاویی و سارایەڤۆ زۆر شتان دەگەیەنێ. لە لایەکەوە، دەڵێی لە نەبوونی فێدێڕالیزم لە ئێران (لەسەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و ئیسلامیدا) و تورکیا و عێراقدا، ژێنۆسید و کوشت و کوشتاری گشتیی و پاککردنەوەی قەومیی بەڕێوە نەچوون و لە لایەکی دیکەوە دەڵێی شەڕ و کوشتار تەنیا ئاڵتێرناتیوە.

(ح.ک.ک) بە هاسانی لەبیر دەکا کە تەنانەت دە چوارچێوەی نیزامی بووڕژواییشدا شەڕ تاقە ڕێگای چارەسەرکردنی دژایەتییە نەتەوەییەکان نییە. بۆ وێنە لە جیرانەتیی یوگۆسلاوییدا، ناسیۆنالیستە چێک و سلۆواکییەکان بە بێ هەڵاییساندنی شەڕ «نەتەوە»ی خۆیان لێک جوێکردەوە و لەوپەڕی دەریاکانەوە، ناسیۆنالیستەکانی کوبێک بە بێ هەڵاییساندنی شەڕ دە هەوڵی جوێبوونەوە لە کانادا دان. باسی من سەلماندنی ئەو جوێبوونەوانە و پێکهێنانی سنووری تازە نییە بەڵکوو پێداگرتنە لەسەر ماهییەتی ناسیۆنالیستیی ڕێبازی سیاسیی (ح.ک.ک).

بەشەرییەت، یان، ڕاستتر بڵێم، بەشێک لەوی لەمێژە گەیوەتە ئەو پلەیەی هەڵدانی فکریی و سیاسیی و ئابووریی کە سنوورە چینایەتیی، ڕەگەزایەتیی، نەتەوەیی، جینسیی، قەومییەکان و... کە بنەماگەلێک بۆ چەوساندنەوە و جیاوازیی و زوڵمن نەهێڵێ. (ح.ک.ک) لە ئامانجێکی وا دەدوێ بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی (کە باسمان لە سەرێتی) هەم بە قسە و هەم بە کردەوە بە چەکی ناسیۆنال شۆڤێنیزمی فارس دەچێتە شەڕی ناسیۆنالیزمی کورد. ئەو ڕێبازە سیاسییە و بەرنامەکەی ئەگەر ڕۆژێکی ببێتە بەرنامەی دەوڵەتیی بێجگە لە پەنابردنە بەر زەبروزەنگ و زۆر بۆ پاککردنەوەی نەتەوە و جیاوازییە نەتەوەییەکان ڕێی دیکەی نییە. (ح.ک.ک) دژی «ئەمر کردن و قانوونیی کردنی جیاوازییە نەتەوەییەکان»ە بەڵام لە تێگەیشتنی دیالێکتیکیی دژایەتی نێوان ناسیۆنالیزم و ئینترناسیۆنالیزم داماوە.

ئەو بۆچوونە باوەی نێو «کۆمۆنیستەکان» کە دەگوترێ کۆمەڵگای جیهانیی و تاکی کۆمۆنیستیی بەرانبەری کۆمەڵگایەکی تاک زمانیی و تاک فەرهەنگی یە هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەر ڕەخنە. ئەورۆ ئەگەر کۆمۆنیستێک کە خۆی بە ئینترناسیۆنالیست دادەنێ سوور و بێ برانەوە دژی تەواوی شێوەکانی زوڵمی نەتەوەیی خەبات نەکا لە ناسیۆنال شۆڤێنیست بەدەر هیچی دیکە نییە.

دە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی دنیا دا، سەرەڕای لایەنی ناسیۆنالیستیی کە جاروبار بەسەریدا زاڵ بووە، تێگەیشتنێکی دروست لە دیالێکتیکی دژایەتیی نێوان ئینترناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم هەبووە. کۆمەڵناسی تورک، ئیسماعیل بێشکچی، شێلگیرانە بۆ خەبات دژی کەمالیزم هەستاوە و لە کوردستان، شاعیری کورد، عەبدوللا گۆران، خەبات بۆ ئازادیی گەلی کوردی قەت لە پەرەپێدانی ئینترناسیۆنالیزم و یەکێتی دەگەڵ گەلی عەرەب جوێ نەکردۆتەوە. تامس پەین، دێمۆکراتی شۆڕشگێڕی ئینگلیس لە سەدەی ١٨ دا، چووە ناوچە ژێر دەسەڵاتەکانی ئینگلیس لە ئەمریکای باکوور و خەڵکی وێی بۆ شۆڕش دژی دەوڵەتی خۆی

**❑ کۆمەڵناسی تورک، ئیسماعیل بێشکچی، شێلگیرانە بۆ خەبات دژی کەمالیزم هەستاوە و لە کوردستان، شاعیری کورد، عەبدوڵڵا گۆران، خەبات بۆ ئازادیی گەلی کوردی قەت لە پەرەپێدانی ئینترناسیۆنالیزم و یەکێتی دەگەڵ گەلی عەرەب جویّ نەکردۆتەوە**

(ئینگلیستان) و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هاندا. کاتێک «پەین» گەڕاوە ئینگلیستانێ و بە تاوانی خەیانەت بە نیشتمان و میللەت مەحاکەمە کرا، چووە پاڵ شۆڕشی فەڕانسە و دوای سەرکەوتنی شۆڕش بوو بە نوێنەری مەجلیسی نەتەوەیی فەڕانسە. بە بڕوای من سیاسەتی (ح.ک.ک)، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندا نەک هەر دەگەڵ سوننەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی نامۆیە بەڵکوو ناگاتە داوێنی سوننەتی دیمۆکراتە شۆڕشگێڕەکانی سەدەی هەژدەش.

پێموایە زۆربەی باسەکەی خۆم سەبارەت بە رەخنە لە بەرنامەی (ح.ک.ک) (دە دانیشتنی دووهەمدا) گێڕاوە. دیارە رەخنەی من هەر ئەو بابەتە ناگرێتەوە و زۆر مەسەلەی دیکەش هاتوونە گۆڕێ کە دە ماوەیەکی چل دەقیقەیی دا کە هەمبوو ئیمکانی باسکردنیان نەبوو. قەرارە هەردووکمان ئەو باسە وەک نووسراوە دە بڵاوکراوەی «ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان» دا پەرە پێبدەین.

**جهان امروز:** وەڵامی رەخنەکانت و باس سەبارەت بە وان چبوو؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** ئەگەر باشم لەبیر بێ، کاک فاتیح دوو خاڵی دەربڕین. یەکیان ئەوەبوو کە ناسیۆنالیزم ئیدەیەکە کە لە رۆژئاواوە هاتووە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بزووتنەوەیەکی بوورژوا ـ دیمۆکراتیک نییە و ناسیۆنالیزم و دیمۆکراسیی بوورژوایی یەک نین. خاڵەکەی دیکە ئەوە بوو کە چەمکی خەیاڵیی بوونی نەتەوە و پێناسەی نەتەوەیی دە ئەدەبیاتی سەر بە نەتەوە و ناسیۆنالیز دا، بۆ وێنە دە کتێبی بێنێدیکت ئەندرسن دا، بەکار هاتووە.

**جهان امروز:** وەڵامی ئێوە چییە؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** شک نییە کە ناسیۆنالیزمی کورد و فارس و تورک و نەتەوەکانی دیکەی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین زۆر دوای دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم لە رۆژئاوا و پێکهاتنی نەتەوە ـ دەوڵەت (لە ئاخروئۆخری سەدەی ١٨ و سەدەی ١٩ دا) سەریهەڵدا و ئەو ناسیۆنالیزمە نوێیانە لە چەمکەکان، سیاسەت، قانوون، حکومەت و زانستی بوورژوایی رۆژئاوا ئیلهامیان وەرگرت. بەڵام مارکسیزم تیئۆرییەکی ماتریالیستیی و دیالێکتیکی یە و هەڵدانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە سێ قارە دا بە خولقاوی گوێزتنەوەی ئیدە یان دەرکەوتنی ئیدە دانانێ. کۆمەڵگای کورد کۆمەڵگایەکی چینایەتی یە و بوورژوازیی کورد کە لە پەرەگرتن دایە بە بێ وەرگرتنی ئەو ئیدانە لە ئوروپا، دەگەڵ زۆر لەو مەسەلانەی کە باسمان کردن رووبەڕوو دەبوو. هەروەها مارکسیزمیش لە رۆژئاواوە بۆ کۆمەڵگاکانی دیکە چووە.

سەبارەت بە خەیاڵیی بوونی نەتەوە و پێناسەی نەتەوەیی: ئەندرسن چەمکی «خەیاڵیی بوونی نەتەوە»، کە نێوی دەنێ imagined community، بەو مانایەی بەکار نەهێناوە کە (ح.ک.ک) لێی تێدەگا. سەرەڕای ئەوە، یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی تیئۆریی مارکسیستیی نەتەوە دەگەڵ تیئۆرییە نامارکسیستییەکان عەینیبوون یان زەینیبوونی نەتەوەیە. مارکسیزم نەتەوەکان بە دیاردەگەلێکی عەینی دەزانێ بە بێ ئەوەیکە تەئسیری هۆ زەینییەکان دە هەڵدانی نەتەوە، ئاگایی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمدا بە کەم بگرێ. ئەوجار ئەمن دە باسەکانی خۆمدا قەت لە وشەی «پێناسەی نەتەوەیی» کەڵکم وەرنەگرتووە. تیئۆریی مارکسیستیی نەتەوە و هەڵوێستی وی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە تێبینییەکانی «پێناسە»وە نەبەستراونەوە.

دەو دوو سێ دەیەی دواییدا، چەمکی «پێناسە»ی نەتەوەیی، زمانیی، جینسیی، رەگەزیی و هتد دە دەوڵەتەکانی رۆژئاوادا بۆتە چەمکێکی سەرەکی بەڵام دە ئەدەبیاتی مارکسیستیی (مارکس، ئێنگێلس، لێنین و هتد) دا زەحمەتە بکرێ ئەو چەمکە ببینینەوە. (ح.ک.ک) چالاکانە ئەو چەمکە بەکار دێنێ چونکە بە کەڵکوەرگرتن لەوی هەلێکی لەباری بۆ هەڵدەکەوێ هەتا عەینیبوونی نەتەوە و سیاسیی بوونی خواستی یەکسانیی و عەدالەت دەگەڵ «پێناسە» و «سیاسەتی پێناسە» و خەیاڵ و خورافاتەکان وەک یەک سەیر بکا و هەموان یەکجێ بەرێتە ژێر پرسیار.

**جهان امروز:** کەش و هەوای دانیشتنەکە و باسی بەشداران چۆن بوو؟

**ئەمیری حەسەنپوور:** زۆر کەس پێش دانیشتنەکە و دوای ویش لۆمەیان کردم کە بۆ دەگەڵ (ح.ک.ک) دمەتەقەی دەکەی. هێندێک لە بەشدارانی دانیشتنەکە کە دە باسەکە دا بەشدار بوون هێرشیان کردە سەر هەڵوێستەکانی حیزب و هێرشی شەخسیشیان کردە سەر کاک فاتیح. بەڵام کاک فاتیح بە ئەوپەڕی هێمنییەوە خۆی لە هێرشە شەخسییەکان پاراست. لە دانیشتنی یەکەمیشدا هێرشی شەخسیی بۆ سەر کاک سەلاح بەرین بوو. بەداخەوە سوننەتی هێرشی شەخسیی ـ لەجیاتی لێکدانەوە و رەخنە لە بۆچوونەکان ـ هەروا بەردەوامە. ئەمن لە سەداقەتی کاک فاتیح و ئەندامان و لایەنگرانی (ح.ک.ک) و بڕوایان بە ئازادیی و یەکسانیی و عەدالەت، شکم نییە. بەو پێیە سەرچاوەی سیاسەت و بەرنامەکانی حیزب لە خراپ بوون یان «خائین بوون» یان «پیلانگێڕیی» رێبەرەکانی ئەو حیزبە دا نییە. ناکرێ بۆچوونێکی وا سەبارەت بە حیزب نێو بنێین رەخنە. دەبێ بەرنامەی (ح.ک.ک) یان هەر رێکخراوێکی سیاسیی دیکە بە پێوانەی سیاسیی، ئیدەئۆلۆژیی و تەنانەت تیئۆریی و فەلسەفیی و ماریفەتیی هەڵسەنگێنین. دیارە ئەو تێکهەڵچوونە شەخسییانە لایەنێکی مەسەلەکەیە کە لە تێکهەڵچوون دەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەشدا دەبیندرێ. لایەنەکەی دیکە، هەڵوێستی خودی (ح.ک.ک)ە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی.

رەخنەی توند لە هەڵوێستەکانی حیزب سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی (دانیشتنی یەکەم) و دژایەتیی هەراو دەگەڵ هەرچەشنە باس و دمەتەقەیەک دەگەڵ ئەو رێکخراوەیە ناکرێ بە «ناسیۆنالیست» بوون، یان «دواکەوتوو» یان «کۆنەپەرستانە» بوونی رەخنەگران و دژەکان دابندرێ. ئەگەر حیزب هەڵوێستەکانی ئینترناسیۆنالیستیی بوایە تووشی ئەو هەمووە دژایەتییە نەدەبوو.

**سەرچاوە:** «جهان امروز» - ژمارە ٣٦،ساڵی پێنجەم، بەفرانباری ١٣٣٧، ژانوییەی ١٩٩٩.

# سەرۆک ئاپۆم چۆن ناسی:

مەهاباد کوردی

ستۆکهۆڵم-مانگی٣-٩٩



## سەبارەت بە وەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان و چەند باسێکی تر



لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا سەرکردە ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە و هەیە. ئەوەی تایبەتیشە بە نەتەوە و گەلی بندەست، ئەوا گرینگییەکە تا بڵێی لەبەرچاوتر و دیارترە. کەواتە سەرۆک یا سەرکردە لە زۆر کات و بواردا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت. هەڵبەت ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە کەسی (سەرکردە) و (سەرکردە)ی مرۆڤ لە هەڵە بەدەرە و هەر شتێک ئەو بیڵێت قابیل بە لەسەرڕاوەستان و لێوردبوونەوە نییە. لێ بەڵێ سەرەڕای ئەمەش گەلی بێ سەرکردە وەک بێستانی بێ خاوەن وایە و، سەرکردەی بێ گەلیش - نابووت و بێ جەماوەر و ناپەسند - وەک ڕانەمەڕی بێ شوانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری وایە کە ڕۆژ تا ئێوارە ئەمبەر و ئەوبەر دەکات. لەمەوە تێدەگەین سەرکردە و گەل هەردووکیان بۆ یەکتر پێویستن. هیچ کامێکیان بێ ئەوی دیکە هەڵ ناکات. بۆمان هەیە بڵێین سەرکردەی باش و خۆشەویست ئەوانەن کە هیوابەخش و هومێدپەیداکەر و باوەڕبەخۆ و وەفادار بە دۆزی ڕەوای گەل و نیشتمانەکەیانن. بێگومان سەرکردەی هەر نەتەوەیەکیش ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێت یا لە دەستیان بدات، ئاشکرایە کە ناتوانێت هەروا بە ئاسانی لە تەڕ بخوا و لە وشکان لێی بخەوێت. دیرۆک چەندین نموونەی وەهای پێ نیشان داوین.

چەند ئەستەمە لە دڵاشیرینترین و ئازیزترین کەسی نەتەوەکەت سووکایەتی پێ بکرێت. ئەوە ئەو نییە کە سووکایەتی پێ دەکرێت. ئەوە من و تۆین کە زەق زەق لەبەر چاوی نابینای ئەم دنیایەدا، لە میانەی کەسێکی تر کە بووەتە سیمبۆڵمان، سووکایەتیمان پێ دەکرێت. لە نرخ و بەها مرۆڤایەتییەکانمان دادەتەکێنرێین. ئابرووی نەتەوەییمان پێشێل دەکرێت. ڕیسوا و بچووک نیشان دەدرێین. کەرامەتی نەتەوەیەکی گەورە و گران لەبن پێ دەنرێت.

بەر لەوەی بێمە سەر باسی بەدەستدانەوەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و ڕفاندنی بۆ تورکیا، دەمەوێ چۆنیەتی یەکترناسین و بەیەکگەیشتنی خۆم لەگەڵ ئۆجەلان بۆ خوێنەران باس بکەم. هەر بۆ مێژوو ئەم چەند دێڕە لێرە تۆمار دەکەم. لەوانەیە ئەم بابەتە تا ڕادەیەکی کەم هەندێ شت لەسەر ژیانی ئۆجەلان ڕوون بکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەمە جاری یەکەمە کە من بە نووسین لەسەر بابەتێکی وەها بدوێم.

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم: من زیندووکوژی مردووپەرست نیم. بە مانایەکی تر هەر کە عەبدوڵلا ئۆجەلان کەوتە دەستی دوژمنەوە لەسەری هەڵدەدەمێ و داکۆکی لێ دەکەم. نەخێر و سەد جاریش نەخێر، چونکە هەرگیزاوهەرگیز ئەمە خەسڵەتی من نەبووە و ناشبێت. با زیاتر مەبەستی دڵی خۆمتان بۆ بەیانکەم: لێرە لە ستۆکهۆڵم لە یەکێ لە ڕادیۆ کوردییە ناوخۆییەکاندا، دوو هەفتە بەر لە تەسلیمکردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا، برایەک کە دکتۆراشی هەیە خۆسووتاندن لە پێناو ئۆجەلانی بە شتێکی زۆر دواکەوتووانە دادەنا. هەر هەمان برای گۆڕین لە پاش گرتنی ئۆجەلان هاتە سەر ڕادیۆ و لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: نیلسۆن ماندێللایەکی کوردیش پەیدا دەبێ. ئایا ڕەوایە بۆ ڕووناکبیرانی کورد کە تەنیا لەو کاتانە بێنە زمان کە کارەساتەکان بە چاوی خۆیان دەبینن و بەس؟ ئایا نابێ ئەوان خاوەن بیر و ڕای تایبەتی خۆیان بن و پێشبینی ڕووداو و پێشهاتەکان بکەن؟

پێم وایە ئەوانەی ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا، ئەم کارەیان تەنیا لە پێناو ئۆجەلانی تاقەکەس نەبوو. بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان کە لە ئیتالیا بوو چەندین جار داوای وەستاندنی ئەم جۆرە چالاکییانەی لە کورد کرد. ناوبراو لە یەکێ لە قسەکانیدا فەرمووی: ئەگەر ئاگر لە خۆتان بەردەدەن، ئاگر لە دوژمنانیشتان بەردەن. دوژمنانیش دەگەڵ خۆتان بسووتێنن.

ئەوانەی جەستەی خۆیان کردە گڕی ئاگر، پێش ئەوەی بیریان لە بەڕێز ئۆجەلان کردبێتەوە و ئەویان ناسیبێ، کورد و کوردستانیان ناسیوە. ئۆجەلانی سەرکردە بووە کە خۆشەویستییەکی وەها مەزنی نیشتمانی خستۆتە دڵیانەوە. خۆشەویستییەک کە وەک بڵێسەی ئاگر لە ناخ و دڵ و دەروونیاندا هەستاوە. هەر ئەو ئاگرەش بوو، ئاگری خۆشەویستی بۆ خاک و نەتەوە و سەرۆک، کە بە گڕ و بڵێسەی، خۆیانیان کردە قەقنەس. ئەوە ئەوان نەبوون کە ئاگریان گرتبوو و گڕ گڕ دەسووتان. ئەوە کوردستانی نیشتمانی من و تۆیە کە داگیرکەران کردوویانە و دەیکەن بە خەڵۆزی ڕەش و سووتاو.

ئینگلیزەکان، ئەوانەی کە وڵاتی ئێمەیان لەتوپەت کرد، لە ساڵی ١٤٢٩ز دا کچە قارەمانی فەڕەنسی (ژاندارک)یان ئاگر تێبەردا. ڕووناکبیرانی فەڕەنسی ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆیان لەبەردەم تەنانەت ناوی (ژاندارک)یش دەچەمێننەوە. لە کوردستانی لەمەڕ خۆشماندا ئەوانەی بە ئاگری جەستەی خۆیان شەوی تاریک و ئەنگوستەچاوی نیشتمانیان ڕووناک کردەوە کەم نین. من دەڵێم ئەگەر هیچیشیان بۆ نەکەین با پێیان نەڵێین دواکەوتوو.

با کەمێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە. دەمەوێ سەرەتای هاتنە سوێدم باس بکەم، چونکە هەر لەو کاتانەدا بوو ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانم بیست.



سەرۆک عەبدوڵلا ئۆجەلان و  مەهاباد کوردی(نووسەر) لە کاتی وتووێژدا

من لە دەسپێکی ١٩٨٧دا لە پاکستانەوە ڕووم کردە سوێد. وەک هەر پەنابەرێکی دیکەی کورد لە سوێد، هەر لە سەرەتادا بە دوای هاووڵاتییان و هاوزمانانی خۆم گەڕام. ئەمەش مافێکی تەواوی خۆمە. یەکەمین وتاریشم هەر لە ڕۆژنامەیەکی کوردی(سەردەمی نوێ) لە سوێد بڵاو کرایەوە. بێ گوێدانە بیر و ڕای پارتایەتی و جودایی بۆچوون، پێوەندیم لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان هەبوو و، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیانم بە پارە وەدەست دەخست و دەشمخوێندنەوە. تا ئێستاش وازم لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە نەهێناوە. لە دوا گەشتیشمدا بۆ کوردستان ٣٥ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەم لەگەڵ خۆم هێنابوو کە لە هەولێر کڕیبوومن. بە مانایەکی دیکە من لە کاتی خوێندنەوەدا سنوور بۆ خۆم دانانێم.

هێشتا باش لە بیرمە لە شاری (ترۆلهێتان)ی سوێد براکوردێکی باکوورم ناسی. برای باکوورییمان خەڵکی شارۆچکەی ئیدر(ئیغدر)ی سەر بە پارێزگای قارس بوو. ئێستا ئەم شارۆچکەیە کراوەتە پارێزگایەکی سەربەخۆ. ئیدر لە ناوچەیەکی سەرسنووری نێوان ئەرمەنستان و باکووری کوردستان هەڵکەوتووە. لە ڕێگای ئەو برادەرەوە ئەدرێسی ڕۆژنامەی (بەرخۆدان)م چنگ کەوت. بەرخۆدان ئۆرگانی ناوەندیی ئەنیا ڕزگاریا نەتەوا کوردستان(ERNK) بوو و لە ئەڵمانیا دەردەچوو. ئیتر ئەوەبوو نامەیەکم بۆ ڕۆژنامەکە نووسی و لە پاشان ئابوونەی ساڵانەم بۆیان ڕەوانە کرد. من تەنیا لەبەر خاتری بەشە کرمانجییەکەی بەرخۆدان، کە چەند لاپەڕەیەک دەبوو، بەشداریی ڕۆژنامەکەم کرد. دەستەی نووسەرانی بەرخۆدان گەلێ جار بە نامە خۆشحاڵیی خۆیان بەرامبەر بە ناسینی من دەربڕیوە و، تا ئێستاش وەرامەکانیان لەلام پارێزراون. من کە پیتی لاتینی و کرمانجیی سەروو بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆم فێربووم، ئەمە یاریدەدەرێک بوو بۆم کە بتوانم بە نووسین و وتار هاوکاریی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو *بەرخۆدان* و *ڕەوشەن* و *وەڵات* بکەم. هەر لە ڕێگای ڕۆژنامەی بەرخۆدانیش بوو کە پارتی کرێکارانی کوردستانم ناسی و ئاگاداری تێکۆشان و خەباتیان بووم. بێگومان چەند جار سەفەرێکیش بۆ باکووری وڵات کاری ناسینی ئەم پارچەیەی نیشتمان و ڕەوشی ئەوێندەرێیان بۆ ئاسانتر کردم.

لە کۆتایی هەشتاکان و لە سەرەتای نەوەدەکاندا لێپرسراوێکی پارتی کرێکارانی کوردستانم لە سوێد ناسی. ئەم بەڕێزە یادی بەخێر هەڤاڵ ڕزگار بوو. ئەو هەر زوو هەستی بە ساردوسڕیی کوردان لە سوێد کرد و خۆی ڕانەگرت. لەبەرئەوە بار و بارگەی خۆی پێچایەوە و کوردستان خۆت بگرە وا هاتم هەیپێی لێ کرد. بەر لە گەڕانەوەی کاک ڕزگار بۆ کوردستان باسی چەند مەسەلەیەکم لا درکاند. یەکێ لەوانە مەسەلەی وەرگێڕانی کتێبێکی بەڕێز ئۆجەلان و نیازی چوونە لای ئەو و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە بوو. خوا هەڵناگرێ کاک ڕزگار زۆر مەردانە پێشوازی لەم دەستپێشکەرییانەی من کرد و بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵی بۆ سەرخستنی کارەکانی من دەدا. من چاکەی ئەوم هێشتا وا لەبەر چاوە و دەشڵێم جێگەی ئەو لە سوێد چۆڵ بوو.

لە مانگی دیسێمبەری ١٩٩١ مۆڵەتێکی یەک مانگ و نیویم لە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە وەرگرت کە کارم تیایدا دەکرد. تا ئەو کاتە هەر لە شاری (ترۆلهێتان)ی سوێد دەژیام و بە کاری مامۆستاییەوە مژووڵ بووم. دوای جێبەجێکردنی هەندێ کاروباری تایبەتی خۆم بەرەو ئەڵمانیا کەوتمە ڕێ. لەوێندەرێ من و لاوێکی خەڵکی باکووری کوردستان و کابرایەکی ئەرمەنی یەکمان گرتەوە. ئێمە هەرسێکمان یەک ڕێگامان لەپێش بوو، ئەویش ڕێگای چوونە سوریا و، لەوێوەش بەرەو ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان. لاوە باکوورییەکە نیشتەجێی ئەڵمانیا بوو و بە نیازی بوونە گەریلا بە یەکجاری دەگەڕاوە کوردستان. کابرای ئەرمەنی لە پاریس دادەنیشت و خێزانەکەی تورک بوو و، دڵنیاش نەبووم لەوەی کە بە یەکجاری دەگەڕاوە یان بە شێوەیەکی کاتی. منیش ئامانجی یەکەمم نووسینی کتێبێک بوو لەمەڕ ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز و کوردستانی بندەستی سوریا. لە کۆتاییشدا هەر وام کرد.

هەر لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری هەمان ساڵدا لە فڕۆکەخانەی

(فرانکفۆرت)ی ئەڵمانی بەرەو فرۆکەخانەی شام(دیمەشق) فڕین. لە فرۆکەخانەی شام برایەکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد. ئەم برایە پاش ئەوەی کە ئێمەی ناسی بە گەرم و گوڕییەوە پێشوازی لێ کردین. بە هۆی ئەو ئۆتۆمۆبیلەی کە پێی بوو ئێمەی گەیاندە شوێنی مەبەست. شوێنیش بریتی بوو لە ئەپارتمانێکی چەند ژووری لە گەڕەکێکی شامی پایتەختی سوریا. گەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەو خانووەی کە ئێمە تێیدا ماینەوە لە نهۆمی سێیەمی بینایەکی ئاسایی هەڵکەوتبوو. ئەو شوێنە زیاتر بۆ حەسانەوەی ئەو کەسانە تەرخان کرابوو کە لە جێی دوورەوە دەهاتن، بە تایبەتیش لە کوردستان و ئەوروپا. هەر بۆ چاو و زاریش پۆستەرێکی گەورەی سەرۆکی سوریا حافز ئەلئەسەد لەسەر دەرگای سەرەکیی خانووەکە چەسپ کرابوو.

من تەنیا چەند رۆژێکی کەم لەو شوێنە مامەوە. رۆژێ لە رۆژان، هەر لە هەمان جێگادا، لام وابێ پێش نیوەڕۆ بوو، هەر هەندەمان زانی گوتیان سەرۆک هات. پێش ئەوەی سەرۆک ئاپۆ بێتە ژوورەوە، کانی یەڵماز رووی لە ژووری دانیشتنەکە کرد. کانی یەڵماز تەنیا یەک دەمانچەی پێ بوو. هەر کە سەرۆک ئاپۆ هاتە ژوورەوە، خەڵکەکە هەمووی بە رێزەوە لەسەر پێ وەستان. لە سەرەتادا یەک بە یەک تەوقەی لەگەڵ کردین و ئەملا و ئەولای ئەو کەسانەشی ماچ کرد کە لە دوورەوە هاتبوون و پێشتر نەیبینیبوون. من و کابرا ئەرمەنییەکە لە نزیک سەرۆک ئاپۆ دانیشتبووین. عەبدوڵلای ئۆجەلان کە پاشناوەکەی بە مانای (تۆڵەستێن) دێت، پیاوێکی چوارشانەی بە ویقار و دەم بە خەندە و رووخۆش بوو. چاوەکانی دەبریقانەوە. بە ڕاستی هەر کە سەیری دەکردیت، ئاسان نەبوو بتوانی خۆت لە بزە بزی چاوەکانی ڕزگار بکەیت. هەرچەندە چاوەکانی ئەوەندە گەورەش نەبوون، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری تێدەکردیت. ژنە نووسەر و رۆژنامەوانێکی ئیتالی کە عەبدوڵلا ئۆجەلانی بینیوە گوتوویەتی: کاتێ تەماشای چاوەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە ئەم پیاوە زۆر شت دەزانێت.

دوای چاک و چۆنی و یەکتر ناسین بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان رووی لە من کرد و گوتی: مەهاباد کوردی تۆی؟ بیستوومە دەتەوێ کتێبێکی من بکەی بە کوردی. ئینجا باسی پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا کرد. پرسیاری هەڤاڵ ڕزگاری کرد کە ئەوکات لە ستۆکهۆڵم دەما. هەروەها کەمێک باسی رۆشنبیرانی کوردیشی کرد. جارناجاریش بە تورکی لەگەڵ کابرا ئەرمەنییەکە دەکەوتە گفتوگۆ. لەبەر دەممان دەفرێکی گەورەی پڕ لە میوە دانرابوو. سەرۆک ئاپۆ دانەیەک مۆزی هەڵگرت و سپی کرد. لە پاشان مۆزە سپیکراوەکەی بۆ لای من درێژ کرد و گوتی: کەرەم کە! ئەوی ڕاستی بێ کەمێ شەرمم کرد و پێم گوت: ئێوە خۆتان بیخۆن. من دانەیەکی دیکە سپی دەکەم. ئەم قسەیە دادی نەدام و هەتا مۆزە سپیکراوەکەم لێ وەرنەگرت وازی لێ نەهێنام. ئەو کاتانە من هەستم بەوە دەکرد کە خۆم لە بەردەم پیاوێکی بەتوانا و زیرەک و سەرکردەیەکی خۆشەویستی نەتەوەیەکی گەورەدا دەبینمەوە. مرۆڤێک کە هەموو شتێکی لە خۆی حەرام کردووە، تەنیا خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەی نەبێت.

کۆڕی ئەو دانیشتنە لە چەند جۆرە کەسێک پێکهاتبوو. کەسانێک کە لە ئەوروپا هاتبوون. هەندێ لاو کە لە کوردستانەوە هاتبوون(ناوچەی بۆتان/ یەکێکیان برینێکی سووکی هەبوو). چەند پیاوێکی پیر و ناسراوی کورد لە کوردستانی ژێردەستی سوریادا. یەک دوو ئەندامی بە ڕەچەڵەک کورد لە (ئەنجوومەنی گەل/پەرلەمان)ی سوریا. هێشتا لە بیرمە یەکێ لەو ئەندامانە کە تا بڵێی دڵسۆزی کورد بوو، بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی من و کەسێکی تری گەیاندە شاری حەلەب. هەر لەو دانیشتنەدا بەرێز ئۆجەلان گاڵتەی لەگەڵ یەکێ لە ئەندامە کوردەکان دەکرد و دەیگوت: ئێوە کە ئەندامی پەرلەمانن، جل و بەرگی چاک لە خۆ بکەن، با خەڵک پێمان نەڵێ کورد رووتەڵە و هەژارن. یەکێ لەوان بە پێکەنینەوە گوتی: جا ئەگەر ئێوە جلکمان بۆ نەکڕن، کێ دەبێ بەم کارە ڕابێ؟ کوڕەلاوێکی کامێرا بەدەستیش هەر خەریکی وێنەگرتن بوو. کاتێ کە بەرێز ئۆجەلان قسەیەکی بکردبایە هەموو ئامادەبووان گوێیان بۆ شل دەکرد و جارناجاریش لەگەڵیدا دەکەوتنە گفتوگۆ و قسەگۆڕینەوە.

بەسەرهاتێ کە خۆم شایەتیم زۆر بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی بکەم. ئێمە کە لە ئەڵمانیا بەرەو سوریا چووین، هەموو ئامادەییەکی خۆمان دەربڕی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کە دەکەوێتە ئەستۆمان. برایان لە ئەڵمانیا تەکلیفی ئەوەیان لێ کردین کە پارە و پووڵ لەگەڵ خۆمان بەرین. هەڵبەت شتێکی ئاشکرایە لە شەڕی ڕزگاریخوازیی هەر گەلێکدا ئابووری ـ ئابووریی سەربەخۆ ـ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. گەریلاش پێویستی بە چەک و تەقەمەنی و خۆراک و کەلوپەلی جۆراوجۆر دەبێت بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری بەرەنگاربوونەوەی دوژمن.

هەر کە گەیشتینە سوریا و چاومان بە سەرۆک ئاپۆ کەوت، ئەو پارەیەی کە هێنابوومان لە بەردەمی ئەومان دانا. پارەکە، تا ئێستاش چاک لە بیرمە، بێ زیاد و کەم یەک ملیۆن مارکی ئەڵمانی بوو. خوا ئاگادارە بەرێز ئۆجەلان نەک هەر دەستی لە پارەکە نەدا، بگرە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و بێ هیچ بایەخپێدانێکیش، رووی لە یەکێ لە هاوەڵەکانی کرد تا پارەکە هەڵبگرێت. ئەمەم هەر بۆ مێژوو نووسی، چونکە زۆر سەرکردە هەن کە چاویان بە برە پارەیەکی وەها بکەوێ، لە خۆشییان دەیکەن بە هەڵەکەسەما. لەناو کوردیشدا نموونەی وامان گەلێ زۆرە. هیچ پێویستیشمان بە بەڵگە هێنانەوە و ناوهێنان نییە. مەسەلەکە وەک رۆژی رووناک دیارە. دەمەوێ بڵێم: ئەگەر سەرۆک ئاپۆ چاوی لە سامان و دەوڵەمەندی بوایە، ئەوا بێگومان لە هەموو سەرۆک و ڕێبەرەکانی دیکەی ئەورۆی کوردان پارەدارتر و زەنگینتر دەبوو. بە دڵنیاییشەوە ئەگەر بەرێز ئۆجەلان کەسێکی وا بوایە، نە من وشەیەکم بۆ دەنووسی و نە خەڵکیش خۆیان بۆ دەسووتاند.

لە پاش مانەوەی چەند رۆژێک لە شامی پایتەختی سوریا بەرەو ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز کەوتمە رێ. قەت قەت بیرەوەری ئەو ١٠ رۆژ مانەوەم لە ئەکادیمیا لە یاد ناچێت. لەو ماوە کورتەدا گەلێ شت فێربووم. سەرەڕای سەختیی زستانی دۆڵی بیقاع، خۆڕاگری و باوەڕپێتەویی گەریلا ئەبەزەکانی سوپای ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ـ ARGK م بۆ دەرکەوت.

هەر لە ئەکادیمیاش بوو چاوم بە بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان کەوتەوە. ئەمجارەیان زیاتر مەبەستم سازدانی چاوپێکەوتنێک بوو لەگەڵ سەرۆکی PKK. هەر لەمێژ بوو چەند پرسیارێکم لا دروست بووبوون کە دەبوایە ئاراستەی بەرێز ئۆجەلان و لێپرسراوانی دیکەی PKK کرابان. باشترین هەل و دەرفەتیش، بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەها، تەنیا ئەو کاتانە بوو کە خۆم لە ئەکادیمیا بووم. بە مەبەستی پێکهێنانی چاوپێکەوتنێک دەگەڵ بەرێز ئۆجەلان بەرپرسی ئەوکاتەی ئەکادیمیا هەڤاڵ قەرەعومەر(عومەرەڕەش)م بینی. لەگەڵ ناوبراو مەسەلەکەم یەکلا کردەوە. لە ڕێکەوتی ٢٠-١-١٩٩٢ بەرپرسی ئەکادیمیا وەرامی لێ گێڕامەوە.

هەڤاڵ قەرەعومەر هاتە لام و پێی گوتم: ئەمشەو لەسەر شەرەفی سەرۆک داوەتی نانخواردن کراون. من هەر یەکسەر پێم گوت پێویست بەو زەحمەتە ناکات. لە هەمان کاتیشدا زۆرم پێ خۆش بوو، هەرنا لەبەر سازدانی چاوپێکەوتنەکە و کەمبوونەوەی کات و نزیکبوونەوەی گەڕانەوەشم بۆ ئەورووپا. لە پاشان بۆم دەرکەوت، هەر لە هەمان ڕۆژدا، یەک دوو ڕۆژنامەنووسی سەر بە تەلەفزیۆنی MBC (عەرەبی) هەوڵیان داوە بەڕێز ئۆجەلان ببینن، بەڵام کاتەکەی ئەوان بۆ من تەرخان کراوە. یەکێ لەو ڕۆژنامەنووسانەم بە چاوی خۆم بینی و باشیش لە بیرمە خەڵکی میسر بوو. ئەم دەستە تەلەفزیۆنییە لە نووسینگەی MBC ی قوبرسەوە ڕوویان لە دۆڵی بیقاع کردبوو. لە دوای گەڕانەوەم بۆ سوێد، ڕیپۆرتاژە تەلەفزیۆنییەکەی کەناڵی MBC م چاو پێ کەوت کە لە ئەکادیمیادا ئامادەیان کردبوو.

٢٠-١-١٩٩٢ ڕۆژێکی سارد و تەڕوتووش و بەفراوی بوو. زستانی ئەو ساڵە زستانێکی تا بڵێی دژوار بوو. چیا و گرد و دۆڵ و دەشت و دەری تەواوی ناوچەکە لە بەفر سپی دەچوونەوە. بەفرێکی ئەوەندە ئەستوور باریبوو، تەنیا تەراکتۆر دەیتوانی ڕێ بکات و نان و پێداویستییەکانی گەریلا بۆ ئەکادیمیا بێنێت. ئەو جووتە پێڵاوە نوێیەی کە لە سوێدەوە لەگەڵ خۆم هێنابووم، لەنێو قوڕ و چڵپاو و بەفراوی ئەکادیمیادا، بەرگەی ١٠ ڕۆژیشیان نەگرت. هەتا دەمرم ئەو ڕۆژە بە مانا و گەورانەی ئەکادیمیام لە بیر ناچنەوە. بە کورتییەکەی مرۆڤ هەموو کاتێ دەرفەتی وای بۆ هەڵناکەوێ.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ چوومە ئەو شوێنەی کە دەبوو لەوێندەرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان ساز بدەم. سەرۆک ئاپۆ لەسەر کورسییەکی ڕەشی لە چەرم دروستکراو دانیشتبوو. لە تەنیشت کورسییەکە مێزێکی بچکۆلانە دەبینرا کە وێنەی هەڵۆیەکی وشککراوە(مۆمیا)ی لەسەر بوو. لەبەردەمی بەڕێز ئۆجەلان سۆپایەک دانرابوو کە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم بە نەوت کاری دەکرد. لەولاتر تەختەخەوێکی یەک نەفەری هەبوو. بێجگە لەمانەش چەند کەلوپەل و کەرەسەی دیکە دەبینران.

دوای ئەوەی کە بەڕێز ئۆجەلان بەخێرهاتنی کردم دەستمان کرد بە نانخواردن. سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەدەم نانخواردنەوە گوێی لە دەنگوباسی بەشی تورکی ئێزگەی BBC دەگرت. هەر لەم ڕۆژانەشدا بوو ڕادیۆی BBC چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەو ئەنجام دابوو. گەریلاکان بە جۆش و خرۆشەوە باسی چاوپێکەوتنەکەیان بۆ کردم. سەرۆک ئاپۆ لە کاتی نانخواردنیشدا هەر باسی ڕەوشی ئەوکاتەی کوردانی دەکرد و، جارناجاریش پێی دەگوتم کەرەم کە نان بخۆ. وا دیار بوو ئەویش هەستی بەمە کردبوو کە من کەمێ لەسەرخۆ و تا ڕادەیەکیش شەرمنم. هەربۆیە خۆی خواردنی لەبەر دەستی دادەنام و هانی دەدام زیاتر بخۆم.

ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی کە بەڕێز ئۆجەلانی بینیوە دەڵێت: شێوەی دەم و چاو و زمانی قسەکردنی باوەڕ بەخۆبوون و هێز و توانای ئەویان پیشان دەدا. منیش دەڵێم: هەر کەسێ ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی بە ئۆجەلان کەوتبێ هەستی بەم خەسڵەتەی ناوبراو کردووە کە لێرەدا باس کراوە.

ئەو شەوە بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەلای بەڕێز ئۆجەلان مامەوە. هەرچی پرسیار و قسە و باسێک هەبوو لەکن ئەوم درکاند. هەتا بڵێی بە ڕاشکاوی شتەکانی خۆم لای ئەو باس کرد. ئەویش کە بە دانیشتنەوە جارناجار خۆی بەسەر گۆچانە ڕەنگ قاوەییەکەی دەستی دەچەماندەوە، زۆر بە هێمنی و کراوەییەوە وەرامی پرسیار و قسەکانمی دەدایەوە. هەر کەسێکیش بیەوێ لەبارەی پرسیار و وەرامەکان ئاگاداری بە دەست بخات، دەکرێ تەماشای ئەم کتێبە بکات: (هەنگاوی یەکەم لێرەوە دەستی پێکرد ـ گەشتێک بۆ ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان، وێنە و تێکست: **مەهاباد کوردی**، لە بڵاوکراوەکانی ڕەوشەن ـ ١٤/١٩٩٢، ل ٧٧ ـ ٩٠).

لە ماوەی مانەوەم لە ئەکادیمیادا سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانم دەبینی کە چۆن وانە بە گەریلاکان دەڵێتەوە. لە کاتی ئێواران، لە گۆڕەپانێکی تایبەت بە یاری تۆپی پێ، جارناجار لەگەڵ گەریلاکان یاری دەکرد. یەک دوو جار وێڕای پاسەوانە تایبەتییەکانی دەچوونە گەڕ و لە ئەکادیمیادا دەسووڕانەوە. جاری واش دەبوو کتوپڕ لە شوێنێک پەیدا دەبوو. هەمیشە ماندوو و سەرقاڵیش دیار بوو. هەر ئەو کاتەی لە ئەکادیمیا بووم دایکی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کۆچی دوایی کرد. وێنەی دایکی سەرۆکی PKK، کە لە ڕۆژنامەیەکی تورکیادا بڵاوکرابۆوە، هەر وەک خۆی لە هۆڵێکی ئەکادیمیاش هەڵواسرابوو.

عەبدوڵلا ئۆجەلان زۆر ڕێزی لە کات دەگرت. هەتا بڵێی بە دیقەت و وریا بوو. بەر لە گەڕانەوەم بە یەک دوو ڕۆژ کاتێکمان دیاری کرد بۆ ئەوەی هەر بۆ یادگاری چەند وێنەیەک بەیەکەوە بگرین. ئێستاش لە بیرمە دەبوو کاتژمێر حەوتی بەیانی چاومان بە یەک بکەوتایە. من لە کاتی دیاریکراو گەیشتمە ئەو جێگایە، بەڵام بەڕێز ئۆجەلان چارەکێک لە من زووتر لەوێ چاوەڕوانم بوو. بە ڕاستی هەر کە ئەوم بینی کەمێک شەرم دایگرتم. لە کاتی گەڕانەوەشم بۆ شام زۆر بە گەرمی بەڕێی کردم و، تەنانەت چارەکەڕێییەکیش لەگەڵم هات. هێشتا لە بیرمە هەتا ئێمەی لە چاو ون نەبوو و بە دەست ماڵئاوایی لێ نەکردین، لە بەرزاییەکە شۆڕ نەبووینەوە، هەر لە شوێنی خۆی وەستابوو و چاوەڕوانی ئاوڕدانەوە و دوا ماڵئاوایی لێ دەکردین.

سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کەسی لە بیر نەدەچووەوە. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێکی بینیبێ و یادگارییەکییان بە یەکەوە هەبووبێ، ئەمە وای لێ کردووە کە بە زۆر شێوان پێوەندی بەو کەسەوە بکات، یان هەرنا سڵاوێکی بۆ بنێرێت. من خۆم لەم بوارەدا تاقیکردنەوەم هەیە و دەشمەوێ هەر لێرەدا باسی بکەم.

سێ ساڵ زیاتر بوو بەڕێز ئۆجەلانم بەجێ هێشتبوو. باش لە بیرمە لە دەمەدەمی کردنەوەی تەلەفزیۆنی مەد ـ Med tv برایەکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان بە ناوی هەڤاڵ وەلی تەلەفۆنی بۆ کردم. ناوبراو کە تازە لە لای سەرۆکی PKK هاتبووەوە، دوای چاک و چۆنی گوتی سەرۆک سڵاوی بۆت هەبوو. لە هەمان کاتیشدا داوای لێ کردم لە تەلەفزیۆنی مەد کار بکەم. هەڤاڵ وەلی کە لە هۆڵەنداوە تەلەفۆنی بۆ کردم زۆریشی حەز لێ بوو ببینێ. لە ستۆکهۆڵمیش برای بەڕێز میرحەم، دوای سەردانەکەی بۆ لای سەرۆک ئاپۆ، کە گەڕایەوە سڵاوی بەڕێز ئۆجەلانی پێ ڕاگەیاندم. من ئەم دوو نموونەیەم تەنیا بۆ ئەوە هێنایەوە کە بە بەڵگە بیسەلمێنم ئاپۆ، وەک سەکردەیەکی بەناوبانگ و خۆشەویستی کورد، هەمیشە و هەمیشە دڵی بۆ کورد و کوردستان لێی داوە و، تەنانەت ئەو کوردانەشی لە یاد نەچووە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی پێ کەوتوون. هەزار حەیف و مخابن کە کەسێکی ئەوها دڵسۆز و بە وەفا بۆ گەل و نەتەوەکەی، ئێستا لە ژێر ئەشکەنجەی تورکاندا بناڵێنێ.

من لە هەولێر بووم کاتێ هەواڵی چوونە ئیتالیای سەرۆک ئاپۆم بیست.

له ڕادیۆی (BBC)ش هەواڵەکەم بەر گوێ کەوت. ئەم کارە لە ناو جەماوەری بە شەرەفی کوردستان زۆر بە زوویی و برووسک ئاسا دەنگی دایەوە. دۆست و دوژمن، وڵاتپارێز و وڵاتفرۆش باسی ڕووداوەکەیان دەکرد. بێگومان هەر کەس و لایەنێک بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەسەر بابەتەکە هەبوو.

ئۆجەلانی سەرکردە بە دڵێکی گەورەی پڕ لە هیوا، ویستی لە ڕێی ئەورووپاوە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەیەکی ئاڵۆزی نەتەوەیەکی گەورە و دابەشکراو بدۆزێتەوە. جێگای داخە حیساب و لێکدانەوەکان لنگەوقووچ بوونەوە و ئەورووپاش لە ژێر فشاری سەختیی ئەمریکا وازی لە کورد و ئۆجەلان خۆیشی هێنا. دیارە دوا ئەنجامی ئەم کارەش بەسەر خودی کەسی بەڕێز ئۆجەلاندا شکایەوە. بەر لە حەفت ساڵ بەڕێز ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم: لە ڕۆژی ئەمڕۆدا وردە وردە گەلی کورد شوێنی خۆی داگیر دەکات لەنێو گەلانی جیهاندا و مرۆڤایەتیش کورد ناس دەکات. ئەگەر کورد لەناو یەکترا یەکێتییان هەبێ و یەککگرتوو بن پێش ساڵی ۲۰۰۰یش دەبنە خاوەنی دەوڵەت. لە سەداسەد ئەم تێڕوانینە ڕاستە و تێڕوانینێکی زانستیشە. هەتا کەی ۳۰ ملیۆن مرۆڤ بێ وڵات و بێ کەرامەت بێت، لە ساڵی ۲۰۰۰ ڕەنگە ژمارەی کوردان بگاتە ۵۰ ملیۆن مرۆڤ، ستەم نییە ۵۰ ملیۆن مرۆڤ بێ وڵات و بێ شەرەف بێت؟ وەک لە هەوەڵدا گوتم ئەم مەسەلەیە پێش هەر شتێک گرێدراوە بە یەکێتی و خورتبوونی کوردان. گەر میللەتی کورد ڕێکوپێک و یەککگرتوو بێت کەس ناتوانێت بەرەنگاری بێتەوە. ئادەمیزاد بە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و فەرهەنگی و لایەنەکانی ترەوە خۆی ساز دەدات.

منیش دەڵێم داخی گرانم وا بەرەو ساڵی ۲۰۰۰ هەنگاو دەنێین، کەچی تازە بە تازە لەم و لەو دەپاڕێینەوە کە هەرنا بمانباتە بەردەمی عەرشی دوژمنێکی دڕندەی خۆمان. چەند ناخۆشە سەرانی نیشتمان هەڕاجکەر بە ئازادی بسووڕێنەوە و، سەرکردەیەکی خۆشەویست و سیمبولێکی ئەم نەتەوەیەش لە کونجی تاریکی زیندانی فاشیستەکاندا خەون بە ئازادییەوە ببینێت.

زانا و کۆمەڵناسی تورک بەڕێز ئیسماعیل بێشکچی لە سەرەتای ئەوەدەکاندا گوتوویەتی: تورکیا ئامادەی ئەوەیە، هەر بۆ نەمانی عەبدوڵلا ئۆجەلان، هەموو بودجەی ساڵێکی خۆی تەرخان بکات. کەواتە تورکیا هەمیشە و هەمیشە حیسابی دوژمنی ژمارە یەکی بۆ بەڕێز ئۆجەلان کردووە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت ڕژێمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی تورکیا هەر لە دەمەدەمی دامەزراندنی P.K.K دا بە دوای ئەو ڕۆژەدا بووە، بە دەردی تورکەکان خۆیان گۆتەنی سەری مارەکە پان بکەنەوە. تورکەکان کە خۆیان خەڵکێکی لەخۆبایی و لەخۆڕازین، ئەمڕۆ مەست و سەرخۆشی مەسەلەی ئۆجەلانن. لەخۆڕا نییە سولێمان دیمیرێلی سەرەک کۆماری تورکیا دەڵێت گرتنی ئۆجەلان گەورەترین دەسکەوتی کۆماری تازەی تورکیایە. دیارە کۆماری تورکیای تەمەن ۷۰ ساڵە، لەو ماوە دوور و درێژەدا هیچی بە هیچ نەکردووە و، ڕۆژ تا ئێوارە لەدووی ئۆجەلانی کورداندا بووە. تۆ بڵێی ئەو هەموو قەسابخانە و کارەساتانەی کە بەسەر کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەیان هێناوە و دێن بە دەسکەوت و سەرکەوتنیان دانەنێن؟! خۆ ئەگەر ئەمە وا بێ، ئەو کاتە تورکیا پێویستی بە سەدان ساڵی دیکە دەبێت، تا بتوانێت سەرکەوتن بەسەر تەواوی نەتەوەی کورددا بێنێت.

بە هاتنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ ئیتالیا کێشەی کورد گوڕ و تینێکی نوێی بەبەردا کرا. لە پاش شەڕی کەنداوی ساڵی ۱۹۹۱ و کۆڕەوەکەی باشووری کوردستان، جاری یەکەم بوو کە بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ کورد و کوردستان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی باسیان بکرێ. ئەگەر بە زارهەڵپچڕینێکیش بێ باسی ئامادەکردنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی کرا تا لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد بکۆڵێتەوە. بە بۆچوونی من گەورەترین بەربەست لە ئەنجامنەدانی وەها کارێک و شکاندنەوەی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی تورکیا، بەر لە هەر شتێک ملنەدانی تاکە هێزی کەڵەگای ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی جیهان ئەمریکا بوو. بە مانایەکی تر هێشتا نە بەرژەوەندی ئەمریکا و کورد یەکدەگرنەوە و نە کوردیش بەوە گەیشتووە بتوانێت هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات. کورد تەنیا ئەوکاتە حیسابی بۆ دەکرێت کە تالووکە و هەڕەشە بێت بۆ سەر بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتە بەتوانا و زلهێزەکانی دنیا. هەڵبەت لە سەرووی هەموشیانەوە مەبەستمان لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکایە. ئەم باسەیان هەویرێکە و ئاوێکی زۆر دەکێشێت، بۆیە بۆ دەرفەتێکی دیکەی هەڵدەگرین.

کاتێ کە سەرۆکی P.K.K گەیشتە ئیتالیا، ژەنەراڵێکی تورکی دەم بە خوێنی کورد گوتی: ئێمە پێویستمان بە مۆڵدانی سەد هەزار سەرباز بوو لەسەر سنووری سوریا، تا بتوانین وا لەو وڵاتە بکەین عەبدوڵلا ئۆجەلان دەربکات. ئێستا بە دوو ئەوەندەش پێمان ناکرێ ئۆجەلان بۆ سوریا بگەڕێنینەوە. بە ڕاستیش ئەم ژەنەراڵە ڕاست دەکات، چونکە ئۆجەلان لە شێوەی پیازێکی سپیکراو تەسلیمی تورکیا کرایەوە. ئەو تورکیایەی کە لەمێژ بوو خەونی بە کارێکی وەها دەبینی.

لەم کورتە باسەدا من نامەوێ لە هۆکار و چۆنیەتی بەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان و وردەکارییەکانی ئەم کارەساتە نەتەوەییە دڵتەزێنە بدوێم. ئەمە خۆی لە خۆیدا باسێکی سەربەخۆیە و لێکۆڵینەوەی ورد و زیاتری دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا من ناچارم بە شێوەیەکی سەرپێییانە ئاماژەی هەندێ شتی گرێدراو بە بابەتەکە بکەم. هەر مرۆڤێکی ژیر و هۆشمەند ئەوە دەزانێت کە سەرۆکی P.K.K هەر وا بە هەوەنتە و خوت و خۆڕا سوریای بەجێ نەهێشت. دەبێ پێشوەخت ئامادەکارییەکی تەواوی ئەم کارە ئەنجام درابێ. هەبوونی یەک دوو ئەندامی پەرلەمانی ئیتالیا لەناو هەمان فڕۆکەی ئۆجەلان لە کاتی نیشتنەوەدا لە ڕۆما شتێک نییە بشاردرێتەوە. هەر بە قسەی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی ئەورووپاش بەڕێز ئۆجەلان بە شێوەیەکی فەرمی داوەتی ئیتالیا کرابوو. باش لە یادمە، لە کاتی چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ ئۆجەلان، ناوبراو هەمیشە و هەمیشە جەختی لەسەر کات و نەخشە و پلان و بەرنامە دەکرد. کەچی هەزار حەیف و مخابن وا پێدەچێ، هیواداریشم وا نەبێ، سەرۆکی P.K.K لە ئەنجامی بێ بەرنامەیی و نەبوونی نەخشە و پلانێک (یەک لە هۆکارە هەرەگرینگەکان)، دوچاری ئەو کۆتاییە جەرگبڕە هات کە خۆزگە و سەد هەزار خۆزگەش قەت قەت وامان نەدیتبایە. خاڵێکی دیکە کە پێوەندی بەم باسەوە هەیە مەسەلەی خۆشباوەڕی و ساویلکەیی کوردانە. ئێمەی کورد وەک نەتەوە زوو باوەڕ بە شتەکان دەکەین. ئەمە هەر هەموومان دەگرێتەوە. لە هەمووان زیاتریش مەبەستم ڕێکخراو و دەزگا سیاسییە کوردییەکانە. ئەوان لەو بوارەدا (شا)ش بە سەپانی خۆیان نازانن. حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان هەر کە بە (پرسەخەسووانێ)ئاساش بەڵێنۆکەیەکیان پێ بدرێ، ئیتر پشتی خۆیان لێ دەکەنەوە و کورد گۆتەنی

بابی خۆشیان ناناسن. داخوا دوای ئەم هەموو کارەسات و نەگبەتی و ماڵوێرانییە کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەی کورد لە هەر گەلێکی دیکە زیاتر وریا و چاوکراوە و بەئاگا بین؟! بێگومان هەر وەک گوتم ئەم مەسەلەیە تا بڵێی بە پێچ و پەنایە و ڕەگ و ڕیشەی جیا جیای لێ دەبێتەوە و، بابەتێکی تێر و تەسەلیشی گەرەکە.

ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا لە دوارۆژ وردەکارییەکانیان بۆ خەڵک ئاشکرا دەبن. تەنانەت بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم دەکرێن بە بابەتی فلیم و ڕۆمان و کتێبیش. لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە سەدان بەڵگەنامە و فلیمی دۆکیومەنتی هەن کە ناوەڕۆکەکانیان ڕووداو گەلێکی وەها دەگرنە خۆ. جێگای خۆشیەتی لێرەدا بڵێم هەموو کوردێک، بە دڵسۆز و نادڵسۆزەوە، مافی خۆیەتیان بزانن چۆن چۆنی بەڕێز ئۆجەلان تەسلیمی تورکیا کراوەتەوە. با خیانەتکاران و کوردستانفرۆشانیش پەند و وانە لەم کارەساتە نەتەوەییە وەربگرن. ئەمڕۆ نۆرەی ئۆجەلانە، کێ ناڵێ سبەی نۆرەی ئەوانیش نایەت. دەبێ پارتی کرێکارانی کوردستانیش بە سنگێکی فراوان و کراوە و باوەڕ بەخۆبوون و بە گیانی لەخۆبوردووییەوە پەردە لەسەر شتە نادیارەکان هەڵماڵێ و، تەواوی وردەکارییەکانی چۆنیەتی بەدەستدانەوەی بەڕێز ئۆجەلان بە تورکیا بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا بکات. یەکێ لە قسەکانی سەرۆکی P.K.K ئەوە بوو کە سیاسەت وەکو ئاگر وایە، ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێ یا نەزانی بەکاری بێنیت، لەوانەیە بتسووتێنێت. بە ڕاستییش هەر وایە، چونکە سیاسەت سووک و چرووکترین گۆڕەپانی کار و خەباتە لەسەر ئاستی جیهانی ئەمڕۆی بە ناو شارستانی و مرۆڤدۆست و مافپەروەردا.

لە دوای وەدەستدانەوەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بە تورکیا چەندین بیر و ڕای جودا جودا لەمەڕ کارەکە هاتنە ئاراوە. لە زۆر ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوە و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا هەواڵ و بۆچوون و شیرۆڤە لەسەر خودی ئۆجەلان و P.K.K و مەسەلەی کورد بە گشتی بڵاوکرانەوە. ئێمە لێرەدا نووسینێکی د. قوسەی ئەلحوسێن کە مامۆستای زانکۆی لوبنانییە، بێ هیچ دەسکارییەک، وەک خۆی دەکەینە کوردی و پێشکەش بە خوێنەرانی هێژای دەکەین. سەردێڕی نووسینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکات:

## ئۆجەلان: وەرچەرخانێکی گەورەی کێشەی کورد

شەڕێکی سیاسی و سیخوڕیی جیهانی سێ مانگ درێژەی کێشا. تورکیا و ئەمریکاو ئەوروپا و هەندێ لە ئەفریقاش لە دژی ئۆجەلان لەم شەڕەدا بەشدارییان کرد. بە پێچەوانەی بیر و ڕای کەسانێک ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی ئۆجەلان کۆتایی پێ هات، چونکە مردنی پاڵەوان و دەستگیرکردنی بە مانای دۆڕاندنی ئەو نایەت، پاڵەوان تەنیا لە یەک باردا دەدۆڕێنێت ئەگەر بێتو دەستبەرداری دۆز و مەسەلەکەی بێت.

عەبدوڵلا ئۆجەلان ئێستا کەسێکی ئاسایی و لە زیندانێکی ئاساییش دایە. ئەوانەی مێوانداریشی لێ دەکەن(بە ڕێزێکی لە ڕادەبەدەر) کەسانێکی ئاسایین. پێش چەند ڕۆژێک ئەو مرۆڤە ئاساییە دنیای پڕ کردبوو و خەڵکیشی بە خۆیەوە خەریک کردبوو. زۆری نەمابوو شەڕێک لە نێوان تورکیا و سوریا پاشان لە نێوان تورکیا و یۆنان هەڵگیرسێنێت. ئاگری لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیتالیا بەردا و ئەڵمانیاش هاتە سەر خەت و لە ڕووی سیاسیشەوە ئەمریکا شەڕی بە یۆنان فرۆشت. تەنانەت کار بەوە گەیشت کە لێپرسراوی دەزگای سیخوڕیی ئەمریکا بە تەلەفۆن هەڕەشە لە وەزیری دەرەوەی یۆنان بکات و پێی بڵێت: دایکت قەحپەیە ئەگەر ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی یۆنان لە کینیا وەدەرنەنرێت..

ئەم جیهانە چەند بچووک و لەرزۆکە. مرۆڤێکی ئاسایی تێیدا دەوڵەتێکی چنگ ناکەوێت کە جەسارەت بکات مافی پەنابەریی سیاسی پێ ببەخشێت. لە کاتێکیشدا کە ئەو مرۆڤە ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند واز لە کاری سەربازی بهێنێ و کاری سیاسی بگرێتە بەر..

بەڕاستییش ئێستا جیهان وەک گوندێکی گچکەی لێ هاتووە و بە درێژایی مێژووش وەکو ئێستا گچکە نەبۆتەوە کە تەنیا کەسێک بتوانێت چارەنووسی ئەو جیهانە دیاری بکات و، چارەنووسی ئەو کەسەش بە دەست ئافرەتێکەوە بێت و، یەک تاکە کەس هەموو دنیا بە خۆیەوە مژووڵ بکات.

من پێم وایە ئۆجەلان سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ئەمەش هەندێ لە نیشانەکانی سەرکەوتنەکەیەتی:

١) دەستگیرکردن یا ڕفاندنی ئۆجەلان و بە دەست نەخستنی پەنا و پەسیوێک شکانێکی ئابڕۆبەرانەیە بۆ شارستانی ئەوروپایی و نرخ و بەهاکانی کە بانگاشەی دیموکراسی و ئازادییەکان و مافی گەلان و مافی مرۆڤ دەکەن. هەروەها شکان و دۆڕانی ئەوروپایە لە بەرامبەر ئەقڵیەتی ئەمریکایی کە هەر یەکێک داکۆکی لە مافەکانی گەلەکەی بکات بە "تیرۆریست" ناوی دەبات. هەتا ئەگەر گریمان ئەوروپا بە ناچاری سەری خۆی بۆ فشارەکانی ئەمریکا شۆڕ کرد، ئایا ڕێژەی ئەو دەنگانە چەند بوون کە لایەنگری ئەوە بوون مافی پەنابەری بە ئۆجەلان بدرێت؟ یان هاوسۆزیی خۆیان بۆ چارەسەرێکی ڕەوای بیست ملیۆن کورد دەربڕی کە گوندەکانیان ڕووخێنراون و دەربەدەر کراون. ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی داوای هەندێ لە مافە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆیان دەکەن.

٢) دەستگیرکردنی ئۆجەلان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چارەنووس چ لە ڕێگای لە سێدارەدان و مردنی لەسەرخۆ لەسەر دەستی کەسانێک کە لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد، ئەم کارە ئۆجەلان دەکاتە سیمبۆڵ، سیمبۆلی دۆزێکی گەورە. بێجگە لەمە سووکایەتی کردن بە ئۆجەلان و گوایا لە کاتی لێکۆڵینەوە گریاوە و پەشیمانی خۆی دەربڕیوە و باسی بێهودەیی خەباتی کوردیشی کردووە. هەتا ئەگەر گریمان ئەم قسانە ڕاستن، هەر کەسێکیش ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە شتانە دەزانێت، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی تووڕەیی و ڕکلێبوونەوە لەکن کوردان بە تایبەتیش کە زۆریان قوربانیدانێکی بێ وێنە و بوێرانەیان لەم بوارەدا نواندووە. تۆ بڵێی ئازایی لەوە زیاتر هەبێ کاتێ کە مرۆڤێک زەیت یا ڕۆنی قرچاوە بەسەر خۆیدا بکات و ئاگر لە خۆی بەردات؟ ئەم ڕکلێبوونەوەیە زۆر لەسەر تورکیا دەکەوێت و ئەنجامە سەرەتاییەکانیشی لە هەموو خاکی تورکیادا سەریان هەڵداوە.

٣) ئەو دەنگدانەوە گەورەیەی کە لە کاتی گرتنی ئۆجەلان و کاردانەوەی کوردەکان لە ئەوروپا و گەلێ ڕووداوی تر کە هاتنە ئاراوە، کێشەی کوردیان کردە کێشەیەکی نێودەوڵەتان. سەرەڕای قەڵەباڵغیی گۆڕەپانی جیهانی بە هەموو شێوەکانی شەڕیش، پرسی کوردان کەوتە پێشەوەی ڕووداوەکان. ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەی بۆ کێشەی کورد دروست کرد. ئەگەر سیاسەتی تورکی هوشیار بوایە خۆی لە گرتنی ئۆجەلان و سووکایەتی پێکردنی بە دوور دەگرت و دەشیتوانی هەر بە زیندوویی ئۆجەلان بکوژێت. دەستتێکەڵاوکردنی مۆسادیش لەم کارە دوژمنێکی نوێی بۆ ئیسرائیل کڕی کە ئەویش دەچێتە پاڵ دوژمنەکانی و ڕەخنەگران لە

سیاسەتەکانی..

٤) ئەم کۆتاییە خەفەتاوییەی ئۆجەلان چۆکدادانی خێرە بەرامبەر هێزە تاریکەکان، یان بە واتایەکی دیکە چۆکدادانی مرۆڤایەتییە کە پرسیار و نیشانەکان لەمەڕ چارەنووسی ئادەمیزاد دێنێتە ئاراوە و زیادیان دەکات. چارەنووسێک لە سایەی نەبوونی هاوسەنگیی دەوڵەتان و لە دەستدانی جەمسەرە هاوتەریبەکان تا جەمسەری ئەمریکایی بە تەنیا ببێتە تاقانە لە پاترییەکی لەکارکەوتوودا. ئەمریکا شەق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و جارناجار ئەورووپاش دەدا بۆ ئەوەی جیهان بە هەوجاڕی خۆی بکێڵێ و ترسی تێدا بچێنێ..

با بڵێین تورکیا مافی خۆیەتی شەڕی کوردەکان و ئۆجەلان بکات. هەرچی "دڵڕەقێتی"ی ئەمریکایە سەبارەت بە گرتنی ئۆجەلان تەنیا و تەنیا جەختکردنە لەسەر ڕۆڵی تاقانە و پۆلیسییانەی ئەمریکا کە خۆی بە تەنیا فیتفیتە و کەلەپچە و دەمانچە هەڵدەگرێت و، جیهان گوندێکی بچووکە و ئەمریکای پۆلیس و هەیتەش کوێخا و عەرزوحاڵنووس و عیزرائیل و گۆڕهەڵکەنە و، با بە درۆش پەیکەری ئازادی بە ئاسماندا بچێت کە تەنانەت ئەمریکاییەکان خۆشیان باوەڕیان پێی نییە.

ئەورووپاش کە چەندین هەنگاوی بەهێزی ناوە بەرەو پەیداکردنی شوێن و ناسنامەیەکی ئابووریی خاوەن سەنگینییەکی گەورە، هێشتا لە ڕووی ڕامیارییەوە بە گومبوو دەژمێردرێت و، لە نێوان هەوڵە شەرمنەکانی ڕەخنەگرتن یان ڕازینەبوون بە سیاسەتی ئەمریکا و سەرشۆڕکردن بۆ بازووی ئەمریکا دێت و دەچێت. بەمەش ئەورووپا لەسەر ڕۆخی ڕێگا لە هەمبەر خۆی دەوەستێت و سەنگینییە ئابووری و سەربازی و شارستانییەکەی بە هەند هەڵناگرێت.

کۆتایی: ئەوەی تایبەتە بە زمان کۆڕێکی زانستی یا زمانەوانی بە کاری دارشتنی زاراوەکان و بە گشتیکردنیان ڕادەبێت، لە سیاسەتیش ئەمریکایە کە زاراوەکان دادەڕژێت. خەڵکانێکی دیکە دەبێ بێ سێ و دوو، بە تایبەتیش بابەتی تیرۆریزم، پەسند بکەن و وەریبگرن:

تیرۆریست: ئەو کەسەیە کە داکۆکی لە دۆزێک دەکات لە خزمەتی ئەمریکادا نییە.

دەوڵەتی ئالیگری تیرۆریزم: بریتییە لە دەوڵەتێک ئەو ڕێکخراوانە دەحەوێنێتەوە کە لە پێناو ڕزگارکردنی نیشتمان و گەلەکانیان لە چەوسانەوە و داگیرکردن کار دەکەن.

تیرۆریستەکان: کارلۆس تیرۆریستە، ئەکۆمۆتۆ و ئۆجەلان و سەرهەڵداوانی باشووری لوبنان و ئەو فەلەستینییانەش کە چارەسەرە ئیسرائیلییەکانیان قەبووڵ نییە، ئەوانە هەر هەموویان تیرۆریستن. بەداخەوە هەندێ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆشمان دەخزێنە ناو بازنەی ئەمریکا و بۆ نموونە کارلۆس بە تیرۆریستێکی جیهانی ناو دەبەن، کەچی پشتگیریکردنی دیکتاتۆرییەکان کە قەسابخانە بۆ گەلانی خۆیان پێکدێنن و شەڕی هەر کەسێکی ئازادیخوازیش دەکەن، ئەمە بە لووتکەی دیموکراسی و شارستانی دەزانن کە ئازادی هەڵبژاردنی چارەنووس بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات. هەڵبژاردنی چارەنووس لە نێوان ڕفاندن و مردن بە برسێتی یان مردن لەژێر بۆمباباران و ئابلۆقەی ئابووری و ئاوارەبوون و چۆکدادان لەبەردەم قەزا و قەدەری ئەمریکا. (سەرچاوەی ئەم بابەتە: ئینتەرنێت، لاپەڕەی تایبەت بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ٢٠-٣-١٩٩٩).

لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداریی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا لەساڵی ١٩٨٤ بە سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، لێپرسراوانی ڕەگەزپەرست و فاشیستی تورک گەلێ جار گوتوویانە: تا ئێستا نۆزدە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی کوردمان لەناو بردووە، بۆیە دەتوانین سەرهەڵدانی (P.K.K)ش لەناو ببەین. ساڵ بە دوای ساڵ ئەم وتەیە لە لایەن کاربەدەستە سەربازی و سیاسییەکانی دەوڵەتی تورک گوتراوەتەوە. لە بەرامبەر ئەمەشدا شۆڕشی گەلی چەوساوەی کورد لە سەرووی کوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر بۆتەوە و پەل و پۆی بۆ ئەملا و ئەولا هاویشتووە. تورکە داگیرکەرەکان لە سەرەتادا باوەڕیان وا بووە کە بزووتنەوەی (P.K.K)ش بزووتنەوەیەکی بەرتەسک و کەمتوانا و ناوچەییە و، دەکرێ بە ئاسانیش تێکبشکێنرێت. هەر کاتێکیش سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە لە مەیدان نەهێڵرێت خودی بزووتنەوەکەش هەرەس دێنێت و، وەک سەرجەمی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی دیکەی کورد لەناوچوون و شکان دەبێتە بەشی (P.K.K)ش.

گومان لەوەدا نییە کە گرتنی بەڕێز ئۆجەلان، بە تایبەتیش لە ڕووی مەعنەوییەوە، لێدانێکی زەبروەشێن بوو لە پارتی کرێکارانی کوردستان و تەواوی نەتەوەی کوردیش. لێ بەڵێ ئەمە قەت قەت بە مانای کۆتایی هێنان بە دۆزی ڕەوای گەل و نەتەوەیەک نایەت. لەوانەیە دەوڵەتی تورکیاش تا ڕادەیەک بەم قەناعەتە گەیشتبێت. کەواتە بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەکرێ بڵێین شۆڕشی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان و سەرانسەری دنیاشدا هەر بەردەوام دەبێت. خاڵێک کە پێوەندی بە هەمان بابەتەوە هەیە و ناشتوانم لێرەدا باسی نەکەم ئەوەیە کە سەرانی هەردوو هێزە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، خۆشییان بێ یا ترشی، لە لاپەڕەکانی دیرۆکی داهاتووی ئەم گەلە بندەستەدا، وەک دوو سەرۆکی کوردان کە تا ڕادەیەک هاوبەش بوونە لە مەسەلەی وەدەستدانەوەی ئۆجەلان، حیسابیان بۆ دەکرێت و ناونووسیش دەکرێن. پێویستیش بەوە ناکات بە بەڵگە ئەم قسەیەمان بسەلمێنین، چونکە کارەکە لەوە تێپەڕیوە و (بەڵگە و مەڵگە)ش هەڵناگرێت.

سەرنووسەری گۆڤاری (العالم الجدید)ی عەرەبیزمان لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: عەبدوڵلا ئۆجەلان نوێنەرایەتی تازەگەری لەنێو کورداندا دەکرد.

پەیامنێری کەناڵی عەرەبیی MBC لە ئەنقەرە حوسنی مەحلی دەڵێت: ئۆجەلان نوێنەری نەوەی لاوانی کورد بوو و مەسەلەی ئۆجەلان بابەتێکی ستراتیژییە کە کاریگەریی خۆی لەسەر نەخشەکێشانی ناوچەکەدا دەبێت.

کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک و دۆستی گەورەی کوردیش ئیسماعیل بێشکچی لە دەسپێکی نەوەدەکاندا گوتوویەتی: کۆمەڵگای کوردەواری هەموو ڕۆژێ ئۆجەلانێک ناخوڵقێنێت. ئەمانە و گەلێکی تریش شایەتی ئەوە دەدەن کە سەرۆک ئاپۆ کەسایەتییەکی گەورە و بەتوانا و هەڵکەوتووی کوردان بووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە تەنیا چەند حەفتەیەک بەر لە وەدەستدانەی ئۆجەلان بە تورکیا ناو و ئیمزایان لە دژی کەسی ئۆجەلان کۆ دەکردەوە، ئێستا ئەوان لە کوێن؟ خۆ هەمووشمان دەزانین کارەساتەکە تەنیا هی ڕێکخراوێک نییە، بەڵکو کارەساتی هەموو کوردە، کارەساتێکی نەتەوەییە. ئەگەر لە وڵاتێکی وەکو میسر هەزار کەسایەتی خاوەن دەنگ و ناسراو پشتگیریی خۆیان بۆ بەڕێز ئۆجەلان دەربڕن، بۆ دەبێ نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد بێدەنگی هەڵبژێرن؟ بۆ دەبێ ڕەوا بێ بۆ نووسەرانی کورد لەسەر شتی لاوەکی و لابەلا (دنیا بورووژێنن)، کەچی لە ئاست مەرگەسات و کارەساتەکانی نەتەوەکەیان

گوێیان کەڕ کەن؟! ئاخۆ چ جوداییەک هەیە لە نێوان ئەو ڕۆشنبیرانە و کەسانێک کە نامەیان بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا دەنارد تا ئۆجەلان دادگایی بکەن. لەخۆڕا نییە ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێت بیر لە کۆمەڵگایەکی بێ ڕووناکبیر بکاتەوە. هەر کۆمەڵگایەک ڕووناکبیری خۆی هەیە، بەڵام کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی وەهایە نەبووەتە خاوەنی ڕووناکبیران.



سەرۆک ئاپۆ و مەهاباد کوردی(نووسەر) لە کاتی قسەکردندا

هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە زۆر شێوان خۆشەویستیی خۆیان بۆ ئۆجەلان دەردەبڕن. هەر بۆ نموونە خۆپیشاندانە کوردییە بیست هەزارییەکەی شاری ستۆکهۆڵم باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیەمان. ئەم خۆپیشاندانە کە لە ٢٠-٢-١٩٩٩ پێکهات، بە قسەی کەسانێکی سوێدی لە دوای خۆپیشاندانەکانی تایبەت بە شەڕی ڤێتنام، گەورەترین خۆپیشاندان بوو کە تا ئەوکاتە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد بە خۆیەوە بینیبێتی. لەم خۆپیشاندانەدا گەورە و گچکەی کورد، ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار، سیاسی و ناسیاسی، ئاپۆچی و نائاپۆچی بەشدارییان کرد. خۆپیشاندەران بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد: ئۆجەلان کوردستان/کوردستان ئۆجەلان، تورکیا فاشیست/تورکیا تیرۆریست...هتد. من خۆم لە وڵاتی پاکستانەوە نامەم بۆ هاتووە کە داوای کتێبەکانی ئۆجەلانیان لێ کردووم، ئەو دوو کتێبەی کە خۆم کردوومن بە کوردی. بێگومان ئەم کتێبانە لە ساڵی ١٩٩٢ چاپ کراون(نامەی مامۆستا بەهرۆز دەروێش غەفوور/مامۆستای قوتابخانەی شەرەفخانی بەتلیسی لە ٧-٣-١٩٩٩ و نامەی کاک فەرەیدوون هەولێری).

ڕاستە ئێستا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەبن چنگی تورکە فاشیستەکاندا ڕۆژ بەسەر دەبات و شەو دەکاتەوە، بەڵام ئەو تەنانەت لە گرتووخانەشدا بووە پاڵپێوەنەر تا گەلی کورد لە یەک نزیک بکاتەوە و یەکیان بخات. ئێمەی کورد کە هەستی نەتەوەییمان لاوازە پێویستمان بەو دیمەنە سووکایەتیپێکەر و زەلیل نیشاندەرانە بوو تا بتوانین چاوێ بە خۆماندا بخشێنینەوە و، بە قسەی نووسەرێکی کورد گۆتەنی تەنیا ئەو دیمەنانەن کە ڕاماندەوەشێنن. بە بڕوای من سەردەمی (پێش گرتنی ئۆجەلان و دوای گرتنی ئۆجەلان) دەکرێ بە دوو سەردەمی جیاواز لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردستان دابنرێن. دەوڵەتی تورک کە ئۆجەلانی لە نێوان دوو ئاڵای تورکان نیشان دەدا، هەڵبەتە ئەمەی بە سەرکەوتنێکی زێڕین بۆ خۆی لە قەڵەم دەدا، لێ بەڵێ هەر ئەو دیمەن و وێنانەش بوون کە دۆستی ئۆجەلان و کوردیان زێدەتر کرد و، کوردیشیان وەک نەتەوە کردە یەک. ناشبێ هیچ کەس و لایەنێک ئەم هەل و دەرفەتانە لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بەکار بێنێت. لام وابێ ئیدی ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، هەر چۆن خۆیان هەوەسیان لێ بێ، بتوانن بۆنە و هەل و دەرفەتەکان بقۆزنەوە و بەکاریشیان بێنن. نەتەوەی کورد لەمڕۆ بە دواوە پێویستی بە حیزبی دەرفەت نەماوە. کورد و کوردستان پێویستیان بە کەسانێک و ئەو ڕێکخراوەنەشە کە تا سەر گرێدراوی دۆزی پیرۆز، دۆزی ئازادیی کوردستان بن.

بەڕێز ئۆجەلان پەیامێکی پێ بوو، هەتا بۆشی چووە سەر، پەیامی خۆی بە کوردان ڕاگەیاند. هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیەش دەبێ چاو لە مەسەلەی ئۆجەلان بکات و وانە و پەندی لێ وەربگرێت. ڕاستە ئێستا ئۆجەلان لە زیندان کەوتووە، بەڵام ئەو بیرەی کە ئۆجەلان بڵاوی کردەوە، بیری سەربەخۆیی و ئازادیی کورد و کوردستان، هەتا کوردێکی بە شەرەف مابێت ناکەوێت!

**ئەو سەرچاوانەی کە کەم تا زۆر لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا سوودیان لێ وەرگیراوە ئەمانەن:**


١- بیرەوەرییە تایبەتییەکانی خۆم.
٢- قسە و باس و نووسینەکانی بەڕێز ئۆجەلان.
٣- تەلەفزیۆنی مەد ـ Med tv.
٤- کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەرەبییەکان: MBC و ANN و الجزیرە.
٥- هەنگاوی یەکەم لێرەوە دەستی پێکرد(گەشتێک بۆ ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان)، وێنە و تێکست: مەهاباد کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ڕەوشەن ـ ١٤، ئەڵمانیا ١٩٩٢.
٦- ئینتەرنێت (بە تایبەتی لاپەڕەیەکی تایبەت بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ٢٠-٣-١٩٩٩).
٧- ڕۆژنامەی سوێدی:
Expressen, Närmare profeter än politik- Onsdag, 17.2.1999 er, Arne Ruth,
٨- دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ بەڕێزان د. عیسمەت شەریف وانلی و د. ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی لە عەرەبی و هێنانە سەر شێوەی کرمانجیی خواروو: مەهاباد کوردی، ئەڵمانیا / دیسێمبەری ١٩٩٢.
٩- الشراره، العدد ١٥، کانون الاول ١٩٨٩.
١٠- چەند وتەیەک سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد، ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ژ. ئەسپار و ئامەد تیگریس، مەهاباد کوردی پەراوێزی بۆ ئامادە کردووە و گۆڕیویەتی بۆ کرمانجی خواروو، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٨.
١١- دوو نامەی تایبەتی بۆ نووسەر.
١٢- ڕادیۆ کوردییە نێوخۆییەکانی ستۆکهۆڵم.
١٣- ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سویدی: Metro.
١٤- المنجد فی اللغه و الاعلام، المنجد فی الاعلام، بیروت ١٩٨٨.
١٥- هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی بە گشتی.

# حەمامی تورکی

هاری ڤان گیلدەر
Harry van Gelder

وەرگێڕانەوە لە هولەندی: د. وەیس

لە هیچ شوێنێک ئەو هەرا و گرمەی بازاڕی بورسی تورکیا گیرای، نەبینراوە. هەرکە گرتنی سەرۆکی کوردەکان ئۆجەلان ڕاگەیاندرا، دیاریدەر(index)ی سەدان سەهامی تورکیا بە خێرایی ٨،٤٪ بەرز بۆوە. دیاریدەری بورس ماوەی چەند مانگە تێهەڵچوونی وای بە خۆیەوە نەدیوە.

بەشدار (سەهامدار)ە تورکەکان چاوەڕێن پاش گرتنی ئاپۆ، کۆتایی بەو شەڕە ١٥ ساڵەییە لە دژی کوردەکان بێ، کە پارەی وڵات هەڵدەلووشێ. بەڵام شارەزایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لەمەو بەدوا ململانێییەکە بەهێزتر دەبێ.

بەرزبوونەوەی کوتوپڕ و لەڕادەبەدەری نرخی بورس لە بازاڕی بورسی ئیستانبووڵ هیچ پێوەندییەکی بە بارودۆخی ئابووری ئێستەی تورکیاوە نییە. تورکیا لە سەر گڕکانێک سەما دەکا. ئەو وڵاتە لەوپەڕی دەسکورتی ئابووری دایە. دەبێ هەموو شت بکا تا باری ئابوورییەکەی وەک ڕووسیا و برازیلی لێ نەیا.

چوارشەمە[ ٩٩/٢/١٠] ئاشکرا کرا کە تورکیا بۆ جاری دووەم لە ماوەی پێنج حەوتووی ڕابوردوودا لە دەرەوەی وڵات داوای قەرزدەکا، تا بتوانێ سوودی قەرزەکانی پێشووی بداتەوە. تورکیا ناخوازێ بە هیچ لەونێک بەو ڕێگەیەدا بڕوا، کە ڕووسیا و برازیل پێشتر پێواویانە. قەیران لە چەشنی قەیرانی ڕوبڵی ڕووسی و سامبای برازیلی بە هەموو هێزەوە دەبێ پێشی بگیرێ.

ئەوەیە هۆی سەرەکی کە تورکیا گەرەکیە لە وڵاتانی دیکە پارە بە قەرز وەرگرێ. حکوومەتی تورکیا هیواداره نزیکەی ٢ میلیارد «Euro» سفتە (ئەوراقی بەهادار) بفرۆشێ. لە مانگی ڕابوردودا هەر بەو چەشنە تورکای نزیکەی یەک میلیارد گولدەن(نزیکەی پتر لە ٥٠٠ میلیۆن دۆلار)ی قەرز کرد. نرخی سوودی ئەو سفتانە نزیکەی ٩٪ە، کە ئەو نرخی سوودە، دوو جار لە بایەخی سوودێک کە سەهامدارێکی ئەمریکایی بۆ ئەو جۆرە سفتانە وەریدەگرێ زیاترە. تورکیا چاری ناچارە بە هەموو جۆر دڵی ئەو وڵاتانەی قەرزیان لێوەردەگرێ، ڕابگرێ. ئەگەر بە چەشنێکی تر بجووڵێتەوە باری ئابووری وڵاتەکەی لەوەش شپرزەتر دەبێ. قەرزە کۆنەکان دەبێ بە قەرزی تازە کەڕادەی نرخی سوودەکەیان بێ پسانەوە زیاددەکا، بدرێتەوە.

ئەو پارەتازەیەی تورکیا وەریدەگرێ لە چەند بارانەوە قازانجی لێوەدەستدێنێ، لێرەدا نەتەنیا کەم تاکورتێک قەرزەکانی بەڕێکوپێکی دەداتەوە بەڵکو بۆ ئە وکەسانەی دەرەوەش کە قەرز بە تورکیا دەدەن، چەشنە متمانەیەک لە سەرڕادەی توانایی حکوومتی تورکیا بۆ قەرزدانەوە پێکدێنێ. ئەوەش لەوانەیە کەمبوونەوەی نرخی سوود لە ناوەوەی وڵاتی بەدوادا بێ. جێگری سەرۆکی سالومون سمیت بارنی لە لەندەن دەڵێ: "ئەگەر تۆ نەتوانی قەرزدەری دەرەکی بۆ لای خۆت ڕاکێشی. پێویستە لە دەرەوەی وڵات پارە قەرزبکەی". هەروەها دەڵێ: "بۆ کەمتر گەورەبوونەوەی ڕادەی قەرزەکان پێویستە نرخی سوودی پارە کەم بکا".

چۆنیەتی بارودۆخی ئابووری تورکیا لە زۆر بارانەوە وەک گیروگرفتە ئابوورییەکانی ڕووسیا و برازیل دەچێ. ساڵی ١٩٩٧ هەموو شت دڵخۆشکەرانە دەهاتە بەرچاو، ڕادەی هەڵدانی ٧٪ لە ساڵدا خۆشبینی دەخولقاند. بۆ ساڵی ١٩٩٨ ئەو هەڵدانە تا ٩٪ لەبەرچاو گیرابوو. بەڵام بە وتەی بانکداری ئەمریکایی گوڵدمان ساچز لە ٣،٥٪ نەترازا.

بەرەودواوەچوونی باری ئابووری تورکیا پێوەندی بە کەمبوونەوەی لە ڕادەبەدەری خوازیاری دەرەوە و ناوەوە بۆ شتومەکی تورکی هەیە. شتومەکی تورکی کەم دەفرۆشرێ و ئاکامەکەی ئەوەیە کەمتر دەتوانن سەرمایە وەگەڕخەن. ناردنی شتومەکی تورکی بۆ دەرەوە بەگشتی لە کەمی داوە. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری ڕووسیا زۆر قەرزدەری دەرەوە و سەرمایەدار، بازاڕی تورکیایان بەجێهێشت. ئەوەش بوو بە هۆی چوونەسەری نرخی سوودی ساڵانەی پارە. ئەو سوودە لە نزیکەی ١٠٠٪ڕا گەیشتە ئاستی ١٤٠٪ و سەهمەکانیش بە نیوەی قیمەت دەکڕدرێ.

بە دوای بەرزبوونەوەی نرخی سوودی پارە، حکوومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٧ زایینی و لە نیوەی ساڵی ١٩٩٨زایینی نیوەی داهاتی ساڵانەی وڵاتەکەی بۆ دانەوەی سوودی قەرزەکانی تەرخان کرد. وەک گوڵدمان دەڵێ، ئەگەر لە ساڵی داهاتوودا نرخی سوودی پارە کەم نەکا، تورکیا دەبێ سێ لە چواری داهاتەکەی لە سوودی قەرزەکانی بداتەوە.

هەربۆیە پێویستی بە یاسا و بڕیاری بەهێز لەلایەن کاربەدەستانی ئەمریکایی بۆ چارەسەری ئەو وەزعە دێتەگۆڕێ. بنکەی International Montair Fond(IMF) هەروەها لایەنگری ئەو بۆچوونەیە. IMF ئامادەیە قەرزێکی ٣ میلیارد دۆلاری بدا بە تورکیا بە مەرجی باشترکردنی باری پیتاک لە ناوەوە. گیروگرفت لەوەدایە کە ئێستا کاتێکی لەبار بۆ ئەم قەرزدانە نییە. لە تورکیا مانگی ئاپریل هەڵبژاردن دەکرێ. IMF دەخوازێ تەنیا پاش ڕوونبوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا لە سەر لۆنیەتی دانی ئەو قەرزەتازەیە گفتوگۆ بکا. بە بێدەنگی وڵاتانی سەرمایەداری هیوادارن بڵێند ئەجویت سەرۆک وەزیری ئێستا لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن وەدەستبێنێ. ئەو بە کەسایەتییەکی بەهێز بۆ بارودۆخی ئێستای تورکیا دەژمێردرێ. لەو ڕوانگەیەوە گرتنی ئۆجەلان دەرفەتێکی باش بۆ باری ئابووری تورکیا دەخولقێنێ و بێگومان ڕادەی خۆشەویستی و خوازیاری بڵێن ئەجویت لە ناوەوەی تورکیا بەرز دەکاتەوە.

هەرچەند گوڵدمان ساچز لەو بڕوایەدایە کە سەهامدارە تورکەکان دەبێ پتر پەرۆشی دایانگرێ، چونکە لە دۆلارگرتنی تورکەکان کاتێکی وای بەدوادا دێ کە سەهامەکان دادەبەزن. ئەوکات گرتنی ئۆجەلان هیچ چەشنە یارمەتییەکیان ناکا.

(De Volkskrant, Feb- 18, 1999)

# پۆست مۆدێرنیتێ

## بۆ فەلسەفەکردن بە سەر جیهانی نوێوە

## ژان بۆدریار
## Jean Baudrillard

ئازاد حەمە

**ناواخن :**

**١) دوان لەتەک خۆ و لەمەڕ خۆ، لە مارکسیزمەوە بەرەو نیهیلیزم (هیچگەریی)**

**٢) ئەمریکا کۆپییەکی ئەسلی مۆدێرنیتێ یە و ئورووپاش ڤێرسیۆن Version ێکی بەدووجارکراوە. لێرەوە بەڕاستیکردنی یۆتۆپیا دەستپێدەکا**

**٣) کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیتێ شوێنی بەرهەمهێنانی نیشانە و کۆتایی ڕاستی یە**

### ١) دوان لەتەک خۆ و لەسەر خۆ، لە مارکسیزمەوە بەرەو نیهیلیزم (هیچگەریی)

نووسەر و بیریاری فەرەنسی «ژان بۆدریار»[١] یەکێکە لە دەنگە ڕووناکبیرییەکانی سالانی پاش حەفتاکان. ئەم ڕووناکبیرە پاریسییە بەدژایەتیکردنی پرۆژەی مۆدێرنیتێی ڕۆژئاوا نوێسازییەکی بەناوی پۆست مۆدێرنیتێ بەرهەمهێناوە. ئەم ڕووناکبیرە پاریسییە هاتووە هەتاوەکوو کۆتایی بەهەموو ڕووناکبیرییەک بهێنێ و ڕاستییەک دژ بە هەموو ڕاستییەکان بخوولقێنێ.

بۆدریار سەر بە هەمان ئەو ژینگە و بارودۆخە ڕووناکبیرییە فەرەنسییەیە کە گەلێ لە هاوسەردەمەکانی وەک: میشیل فوکۆ (M. Foucault)، ژاک دێریدا (J. Derrida)، ژیل دۆلۆز(G. De-leuze) و پیێربۆردیۆ (P. Bourdieu) تێیدا ژیاون. شۆڕشی قوتابیان کە لە پاریس لە ئایاری ١٩٦٨ بەرپاکرا، هەمان ئەو ساڵە بووە کە بۆدریار یەکەم کتێبی بەناوی(سیستەمی ئوبژێکتەکان) بەچاپگەیاندووە.[٢]

کارە سەرەتاییەکانی بۆدریار دەچنە خانەی نیشانەی(شۆڕشی مارکسیزم)ەوە. بەڵام مارکس لەگەڵ لێکدانەوە زمانەوانییەکانی **فردیناند دێ سۆسێر**(Ferdinand de Saussur) چووە قۆناغێکی بەپیتەوە، کە دواجار زۆربەی بونیادخواز و پاش بونیاد خوازەکانی لە خۆ کۆکردەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، کارەکانی بۆدریار توانی لەژێر سایەی یەککگرتنەوەی بیرەکانی مارکس، لەسەر فیتشییەتی(بتگەریی) شمەک و وانەکانی سۆسێر، لەمەڕ نیشانە، پەرەبستێنێ. کەچی پاشان هەر ئەم بیریارە فەرەنسییە لەسەرەتای حەفتاکاندا و بەتایبەت لە دووتۆیی لاپەڕەکانی کتێبی: *ئاوێنەی بەرهەم*، کە لە ساڵی ١٩٧٣ بەچاپی گەیاندووە، وەک ڕەخنەگرێک لە مارکسیزم خۆی دەردەخا و، بانگەواز بۆ دابڕان لە بیری چەپگەریی دەکا. ئیدی لێرەوە، بۆدریار پتر ئامێز بۆ بیری پۆست مۆدێرنیتێ دەکاتەوە، ئەو بیرەی کە لە ماوەی سالانی سەرەتای هەشتاکانەوە دەست بە سەرهەڵدان دەکات.

دیدە سیاسییەکانی بۆدریار، لەماوەی ئەم سالانەدا بە میتامۆرفۆسێکی زیاد لە پێویست بەرچاوی تێپەڕیوە. ئەم کە لە بنەچەدا دیدی بە ڕوانگەی چەپە فەرەنسییەکانی شەستەکان وابەستەبووە، کەمەکەمە خۆی لە هەموو بڕوایەک بە ئەلتەرناتیڤێکی یۆتۆپی کشاندووەتەوە. بەڵام لەوە نەکەوتوە ڕەخنە ئاڕاستەی ڕۆژئاوای ئیمپریالیزم و کۆمەڵگەی پیاوان و ژیانی بەرخۆریی نوێی ئەم چاخە نەکا.

بۆدریار لە ئاخاوتنێکدا سەبارەت بەوەی سۆسیۆلۆژە (کۆمەڵناسە)، بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە: «من» لە زانکۆی (Nanterre) وەک پرۆفیسۆرێک لە سۆسیۆلۆژیا کارم کردووە. «من» لە هەقیقەتدا هەرگیز سۆسیۆلۆژ نەبوومە. لەساڵی ١٩٦٦دا هاتمە گۆڕەپانی زانکۆ و لەتەک هێنری لۆفیڤەر (H.Lefebvre) کەوتمەکار. ئەو کاتە هێنری لۆفیڤەر ئەنستیتووتەکەی بەڕێوەدەبرد. «من» تەنیا دوو ساڵ (١٩٦٦و ١٩٦٧) وە دووی سۆسیۆلۆژیا کەوتم و کارم تێداکرد. «من» نەک لەو ماوەیەدا لە زانکۆی ناوبراودا مامۆستای سۆسیۆلۆژیا نەبووم، بەڵکو خودی بەشی سۆسیۆلۆژیا تا ١٩٦٨ هەڵگیرابوو.

ماوەیەک گەلێ لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکان وەک: **کۆن بێندیت** (Cohn-Bendit) قوتابیم بوون و، هەروەها زۆربەی زۆری سۆسیۆلۆژەکان قوتابی زانکۆی ناوبراو بوون. ڕۆشنبیریی زۆربەی نووسەرانی ئەم چاخە، ماوەی سالانی ١٩٦٨ سەرچاوەی لە سۆسیۆلۆژیاوە هەڵدەگرت. لەپاش ١٩٦٨یشەوە، هەموو لە چەند

**❑ ئەو تاوانەش کە دەدرێتە پاڵ هێدگەر کە گوایە نازی بووە پێشتر ئاراستەی بۆنموونە مارکس دەکرا. ئەمە بەتایبەت کاتێ بیری مارکسیزم پیرۆزی خۆی لەدەستدا، ئەوەبوو ئیدی دەستکرا بە خوێندنەوەی ژیانی تایبەتی مارکس و تاوانبارکردنی بەوە کە بۆرژوا بووە.**

بوارێکدا دەستییان بەکارکردووە، وەک بواری شیکردنەوەی دەروونی، مارکسیزم، ئەنترۆپۆلۆژیا و، وتاریشیان تێدا داوە. نەشونمای بۆدریار وەک دەردەکەوێ، ئەنتی سۆسیۆلۆژی نەبووە. بەڵکو ترانس سۆسیۆلۆژی بووە. بەکورتی، بایەخی بۆدریار بە سۆسیۆلۆژیا لەپەناوە بووە نەک ڕاستەوخۆ.

سەبارەت بە بۆردیۆ، کە کۆمەڵناسێکی هاوچەرخی فەرەنسی یە، بۆدریار پێی وایە ناوبراو لە بواری سۆسیۆلۆژیادا شوێنی دیارە و ئەوەیشی کە ئەم سۆسیۆلۆژە فەرەنسییە لە هەردوو کتێبی *میراتگران* (١٩٦٦) و *دووبارەبەرهەمهێنان* (١٩٧٠) نوسیویەتی جێگای سەرنجی بووە. شایانی باسکردنە، بۆدریار پلەی ماستەری لە ساڵی١٩٦٨ لەبەردەست ئەو لێژنەیە وەرگرتووە کە بۆردیۆ (جگە لە ڕۆلان بارت R.Barthes و هێنری لۆفیڤەر) یەکێک بووە لە ئەندامەکانی.

بەڵام بۆدریار دەڵێ: بۆردیۆ لەناو لێژنەکە توورەبوو و، سەبارەت بەکارەکەی «من»یش ووتی: ئەم کارە ناسۆسیۆلۆژیی و نازانستی یە. ئیدی ئەوە بوو هەر لەوکاتەوە بۆردیۆم کرد بە دووژمنی خۆم. بە باوەڕی ئەم ڕووناکبیرە پۆست مۆدێرنە هیچکات بۆردیۆ بەزمانێکی دیاریکراو نانووسێ و بەهەمان زمانی ئەو وتارە دەنووسێ کە ڕەخنەی ئاڕاستەدەکا. ئەو شێوازەش کە بەکاریدەبا جۆرە کاوێژکردنێکی تێدا بەدی دەکرێ. پاشان زمان ئەومانایەی بۆ«من»نییە کە بۆ بۆردیۆ هەیەتی. بەپێی تێگەیشتنی بۆدریار، جیاوازییەکی ڕووناکبیریی زۆر لەنێوان خۆی و بۆردیۆ داهەیە. یەک لەو جیاوازییانەش ئەوەیە بۆردیۆ لەشیکردنەوەکانیدا پتر لە شیکردنەوەی مارکسیستییەوە نزیکە و، لە ڕووی سۆسیۆلۆژیشەوە قوتابی **رایمۆند ئارۆن** (Raymond Aron)ە.

بۆدریار لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بەم شێوەیە ئاڕاستەی دەکرێ «ئایا سۆسیۆلۆژی دی لە فەرەنسا هەیە ئەم جۆرە ڕەخنانەی ئاڕاستە نەکرابێ کە (ئێوە) ئاڕاستەی بۆردیۆ ی دەکەن!!»، بەمجۆرە دێتە وەڵامدانەوە:

نەخێر، نەک سۆسیۆلۆژەکان. چونکە سۆسیۆلۆژی ڕاستەقینە زمانی ئەوتۆی نییە. وەکی تر، بۆدریار لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەدوێ: «من» حەز بەشێواز ناکەم. چونکە (ئەوە) ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسیەتە. لەم ڕووەشەوە نموونە لەسەر ئەو سۆسیۆلۆژانە دێنێتەوە، وەک: توورەین Touraineو کرۆزیەر (Crozier)، کە بێ شێواز دەنووسن. بەڵام لە هەمان کاتدا نرخی زۆر بۆ نووسەر و فەیلەسوفێکی وەک: کلێمێنت ڕۆسێت (Clement Rosset) دادەنێ کە زمانێکی جوان و کراوەی هەیە.

بۆدریار دەربارەی ئەو پرسیارەش کە «ئایا سۆسیۆلۆژیای خوێندووە یان نە!!» ئاوا وەڵامدەداتەوە: «من» زمانی ئەڵمانییم خوێندووە. پاشان دەستم بە زمانی ئەڵمانی گوتنەوە لە ئامادەییەکدا کردوە. «من» سۆسیۆلۆژیام وەک بوار و بەش نەخوێندووە، هەروەها فەلسەفەش. بەڵام توانیومە شارەزایی لەسەر فەلسەفە پەیدابکەم. لەلاویدا سەرقاڵی زۆری کارەکانی ڕیمبوو(Rimbaud)، ئارتوو (Artaud)، نیچە (Nietszche)، باتای (Bataille) بووم. هەر لەوکاتەشدا تێکستێکی زۆر، نەک تیۆری، بەڵکو شێعریم نووسی. لەماوەی تەمەنی بیست و سێ ساڵیمدا یاخود بەواتایەکی دی لەپەنجاکاندا کاری زۆرم لەگەڵ کارەکانی نیچەدا کرد. ئەوەبوو، هەر لەوکاتەشدا کارەکانی نیچەم بە زمانی ئەڵمانی خوێندەوە. بەپێی ئەمەبێ، «من» دەچمە ڕیزی یەکەم نەوەی نیچەخوازانی فەرەنساوە.

بەبۆچوونی بۆدریار دۆزینەوەی نیچە لە شەست و حەفتاکاندا بۆ «ئەو» شتێکی مەزن بووە. هەر لەو ماوەیەشدا بۆدریار هەوڵیداوە تاقیکردنەوەیەک لەسەر کارەکانی نیچە بدا، بەڵام حەیف، بۆدریار لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرنەکەوتووە و، ئەو لێژنەیەش کە سەر پەرشتی کارەکەی کردووە لە نیچەخوازەکان پێکهاتووە.

بۆدریار سەبارەت بە ڕۆلان بارت بەمجۆرە دەدوێ: لەنێوان کارەکانی «من» و کارەکانی(بارت)دا هاوشێوەییەک لە ئارادایە. بۆ نموونە: «ئەو»، (سیستەمی مۆد)ی نووسی و، «من» (سیستەمی ئوبژێکتەکان)م نووسی. «ئەو» (وتاری عاشق)ی نووسی، «من» (ئیغراکردن)م نووسی. «ئەو» (بارت بەهۆی خودی خۆمەوە)ی نووسی، «من» (ئەوی تر بەهۆی خودی خۆمەوە)م نووسی. ئەڵبەتە هەر ئەم باسەش واتە، (ئەوی تر بەهۆی خودی خۆمەوە) بابەتی دوکتوراکەم بوو.

هەروەها سەبارەت بە سەرقاڵبوونی بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بەم شێوەیە دێتە ڕۆنکردنەوەی:

"لە تەمەنی سی ساڵی و بەرەوسەرەوە، خۆم بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا سەرقاڵکرد. لەگەڵ گەیشتنم بەتەمەنی سی و پێنج ساڵی دەستم دایە کاری تیۆریی سارتر (Sartre ) و پاشان بونیادخوازیم خوێندەوە. هەر لەوماوەیەشدا بەزمانی ئەڵمانی کەوتمە خوێندنەوەی مارکس و فرۆید.

سەبارەت بە میشیل فوکۆ (M.Foucault)، کە بیریارێکی پاش بونیادخواز و نیهیلیستی پاش حەفتاکانە، دەڵێ: کاتێ فوکۆ لە بارەی(ویستی زانین) نووسی، کە ئەم باسە بەشێک بوو لە (مێژووی سێکسگەریی)؛ گۆڤاری کریتیک *Critique* داوای لێکردم سەروتارێک لەم بارەیەوە بنووسم، کە سەروتارەکەم نووسی ئەوەبوو سەرنووسەری گۆڤارەکە ژان پیل (Jean Piel) نەخێر نەیویست ئەم سەروتارە بڵاوبێتەوە. دواجار هەر خۆشی نووسراوەکەی بۆ کەسێکی تر ناردبوو بیخوێنێتەوە. ئەم کەسەش ژیل دۆلۆز (G. De-leuze )بوو. ئەوە بوو هەر لەو ماوەیەدا گۆڤارێک بە ناوی کاتە نوێکان (Les Temps modernes) پێوەندی پێوەکردم کە ئامادەیە ئەو باسە بڵاوبکاتەوە.

لەهەمان کاتدا فوکۆ پێوەندی لەگەڵ گرتم. فوکۆ ئەم مەسەلەیەی بەئارامی گرتبوو. هەروەها داوای سەروتارەکەی کرد کە بیخوێنێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکا. دواتریش(من و فوکۆ ) ئەو باسەمان بەتەلەفۆن سێ سەعات باسکرد. لەم بارەیەوە فوکۆ بڕیاری خۆی دا و، منیش وەڵامێکم نووسی. ماوەی ساڵێک بەسەر ئەمەدا

تێپەڕی و ئەوەبوو فوکۆ جارێکی تر تەلەفۆنی کردەوە. لە تەلەفۆنەکەدا ئاگاداری کردمەوە کە بڕیاری داوە وەڵامێ بنووسێ. بەڵام «من» ئیدی بیرم لەهیچ گۆڤارێکی تر نەکردەوە و، نووسینەکەشم لە بڵاوکراوەی گالیلێ (Galilee)، وەک کتێبێک لە ژێر ناونیشانی: فوکۆ لە بیرکە بەچاپ گەیاند."

لەدوای ئەمەوە فوکۆ زۆر لەبەر چاوکەوت. ڕەنگە هەر ئەم نووسینەش لەپاڵ ئەوەوەبووبێ کە بۆدریار بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگ نەکرێ کە بەناوی (کۆنفرانسی فوکۆ) سازکرابوو— کە زۆربەی ئەو وەرگێڕ و نووسەرانە لەدەرەوە و ناوەوەی فەرەنسا بەشدارییان تێداکردبوو کە لەسەر فوکۆ نووسینیان نووسیوە، یان کاری ئەویان وەرگێڕاوە.

بەڵام بۆدریار دان بەوەدا دەنێ کە کتێبی: فوکۆ لەبیرکە، شتێکی تایبەت نەبووە لەگەڵ خودی فوکۆ و، هەڵەشە ئەو بەرهەمە بەو جۆرە لێکدرێتەوە. کتێبی ناوبراو ڕەخنەیەک بوو لە دەسەڵاتی ڕووناکبیریی فوکۆ. ئەم دەسەڵاتە ڕووناکبیرییەش لە ستروکتووری بیری(فوکۆ) دا چەقی بەستووە.

لەبارەی لیۆتار (Lyotard)ەوە، کە پۆست مۆدێرنیستێکی فەرەنسی یە و بەهۆی کتێبی ناوبراو بە(دۆزی پۆست مۆدێرن) ناوی ڕۆیشتووە، دەڵێ: "«ئەو» بەکاری خۆیەوە سەرقاڵە و منیش بەکاری خۆمەوە. بیری فەرەنسی گشتێتی خۆی هەیە. ئەم بیست ساڵەی دوایی دیمەنی ڕووناکبیریی فەرەنسی تەواو گۆڕاوە. پێشتر پێشبڕکێیەکی زۆرتر لەئارادابوو و، وزەیەکی ڕووناکبیریی پتریش وەبەردەهێنرا. بەڵام ئەمڕۆ لەفەرەنسا باری ڕووناکبیریی لە دۆخێکی وەستاو دایە. «من» بەگشتی زیتر لە سەفەردام و بەردەوام لەدەرەوەی فەرەنسام و زۆربەی سەفەرەکانیشم بەرەو ئەمریکایە."

بۆدریار کاتێ بەرەو ئەمریکا سەفەردەکا خۆی لەناو پرسیاری ڕووناکبیرە ئەمریکاییەکاندا دەبینێتەوە کە هەواڵی پاریس لەچیدایە. کە قسەش لە سەر(پارانۆیا)[3] ی ڕووناکبیرانی فەرەنسی دەکا ئەوە وەڕوودەخا کە(فەرەنسییەکان لەچەقی لووتبەرزی و خۆنواند و بانگەشەکردندا دەژین). سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرەکانیشمان لە فەرەنسا ئەو توانایییەیان لەدەست داوە کە بکارن ڕەخنە لەشتەکان بگرن. ئەم فەرەنسایەی کەدەخوازێ خۆی بکا بە مۆزەخانە بۆ ئەوانی تر لە حاڵەتێکی توندڕەو و کەنارگیری ڕووناکبیریی دایە و، تا ئێستاش بەیادی ڕۆژە گەورەکانی لەمەوبەری دەژی. ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنە بەقسەی خۆی تەنیا لەفەرەنسا نەبێ کە هەست ناکا لەماڵەوەیە، لەهەموو شوێنێکی تر ئەو هەستەی تێدایە.

ئەوی پێوەندی بە دیدی بۆدریارەوە هەبێ سەبارەت بە هێدگەر(Heidegger) بەمجۆرە یە:

"ئەو مشت و مڕە زیادەیەی لەدەوروبەری هێدگەر دایە، هیچ مانایەکی فەلسەفی نییە. ئەم شێوە مشت و مڕانە بەڵگەن لەسەر ئەو لاوازییەی لە بیری هەنووکەدایە. بەو تاوانەش کە دەدرێتە پاڵ هێدگەر کە گوایە نازی بووە پێشتر ئاراستەی بۆنموونە مارکس دەکرا. ئەمە بەتایبەت کاتێ بیری مارکسیزم پیرۆزی خۆی لەدەستدا، ئەوەبوو ئیدی دەستکرا بە خوێندنەوەی ژیانی تایبەتی مارکس و تاوانبارکردنی بەوە کە بۆرژوا بووە. هەروەها کاتێ شیکردنەوەی دەروونی ڕەونەقی خۆی لەدەستدا، دەستکرا بە پشکنین لەژیانی شەخسی (فرۆید) و دەروونناسییەکەی و ئاشکراکردنی ئەوە کە فرۆید سێکسیی و باوکخواز بووە." سەرباری ئەوی ووترا، بۆدریار پێیوایە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەوەیە کە هێدگەر تاوانبارکرێ و ئەوەی بێ گوناهیش بکرێ.

تایبەت بە ستاتووی بیری کە چۆن تەماشای دەکا دەڵێ: "بیرم بەماناباوەکەی تیۆری بەرهەم نەهێناوە. بیری «من» پتر بیرێکی وروووژێنەرە.

**٢) ئەمریکا کۆپییەکی ئەسلی مۆدێرنیتێ یە و ئورووپاش ڤێرسیۆن Version ێکی بەدووجارکراوە. لێرەوە بەڕاستیکردنی یۆتۆپیا دەستپێدەکا**

لە پاش دێ تۆکفێل(de Tocqueville)[4] ەوە بیریارە فەرەنسییەکان دەستیانکردووە بە بایەخدان بە ئەمریکا. بەڵام سەبارەت بەپاڕادۆکسە شاراوە و نهێنی و ئاڵۆزییە لیریکییەکانی ئەم چاخە نوێیە و کۆمەڵگەی تازەی ئەمریکی ناکرێ هیچ ڕووناکبیرێکی فەرەنسی بە بۆدریار بەراوردبکرێ. بۆدریار ستاتووی کۆمەڵگەی ئەمەریکی، کە بۆ ئەو بۆتە نێوەندی جیهان زۆر سەیر شیدەکاتەوە. ئەم تەنیا بیریارێکی فەرەنسی نییە کە لەبارەی ئەم نێوەندە نوێیەی جیهانەوە لێکدانەوەی ئەنجامدابێ، بەڵکو گەلێ لە ڕووناکبیرانی پاریس لەمڕووەوە بەرهەم هێنەرن. ئەم ڕووناکبیرە پاریسییە پاش دۆزینەوەی جیهانێک لە دەرەوەی پاریس بەناوی ئەمریکا و پاش نوسینی پەڕتوکێک تایبەت بەم جیهانە نوێیە بەناوی ئەمریکا(ساڵی چاپ: ١٩٨٦) ناوێکی زۆری لە ئورووپا و ئەمریکا پەیداکردووە، شۆرەتی بودریار لە ئەمریکا گەورەترە وەک لە فەرەنسا. ئەم شۆرەتەش بۆ ئەو بۆچوونە جیاوازانەی دەگەڕێتەوە کە لە سەر ئەمریکا هێناویەتە کایەوە.

ئەم کتێبەی بۆدریار لەبارەی دیمۆکراسییەت و شۆڕشی مۆڕاڵی لە ئەمریکادا نییە، بەڵکو لە مەڕ مێنتالیتێی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و خەونی شاشەی کۆمپیتەر و زانینی بە تەکنۆلۆژیاکراوی ئەم کۆمەڵگەیەیە. لەم کتێبەدا ئەم نووسەرە سەفەرێکی جوداواز دەکا.

شێوازێک لە نووسین بە کاردەبا کە نائاکادێمی یە و پتر لە شێوازی گێڕانەوەی ئەدەبییەوە نزیکە. بۆدریار لەسەر شێوازی دێ تۆکفێل — ئەڵبەتە پاش تێپەڕبوونی سەدەونیوێک — بەچاوێکی ئورووپاییەوە ستروکتوورە ئەمۆرڤەکانی کۆمەڵگەی نامۆی ئەمەریکی دەخوێنێتەوە و تاپێشی دەکرێ وەدووی بزاڤی مێژوو دەکەوێ و لە ڕۆژئاواوەوە وەسەرەتادێ ڕووەو قاڕەی ئەمریکا. لەوباوەڕشدایە لەم قاڕەیەدا مێژووی جیهان لە کۆتایی هاتندایە و ڕوحی جیهانیش لە ڕاڕا بووندایە. بۆدریار لەکتێبی ناوبراو بە(ئەمریکا) و لەزۆربەی لێدوان وکارەکانیدا لەبارەی دەسەڵات و توانایی ئەم کۆمەڵگە تازە یە بەم شێوەیە دەدوێ: دەسەڵات لە ئەمریکادا لە پلەیەکی دەسەڵاتی بە ئەزمووندایە. ئەمریکا وەک حاکمی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری جیهان بۆتە دەورانێکی ئەوتۆ کە هەموو بە دەوریدا دەخولێنەوە.

ئەم ڕووناکبیرە پاریسییە، وای بۆ دەچێ گشت ئەمریکا بووە بە کالیفۆرنیا وەک وێنەیەک لە ڕێگان (Reagan)، ئەمریکاییەکان هەروەک ئورووپاییەکان تاقەتی ئەوەیان نییە لە خۆیان بپرسن ئایا بڕوایان بەکارەکانی ڕابەرەکانیان هەیە یان نا؟!

ئەوەی ئەم بیریارە زۆر بە لایەوە گرینگە تایبەت بەم وڵاتە بۆ ئێمەی

**لە راستی دا (USA) تاکە کۆمەڵگەیەکە کە تا ئەمڕۆ بە پریمەتیڤی(سەرەتایی) ماوەتەوە و، تاکە کۆمەڵگەیەکیشە دەتوانی تێیدا هەست بە وەحشەتگەریی شتەکان، دەم و چاوەکان، ئاسمانەکان، دەشتەکان بکەی.**

باسبکا ئەوەیە، یۆتۆپیا لەم وڵاتەدا بەراستیکراوە، ئەوانەش لەمەدا (واتە لە بەراستیکردنی یۆتۆپیا) بەشداری ناکەن پێویستە ونبن، یان بەدرێژایی ڕۆژگار دەکەونە زۆنی بیرچوونەوەوە.
بۆدریار لە پرۆژەی ئەم کتێبەدا وڵاتی دیزنی(Disney) وەک وڵاتێکی ڕەواخواز بەرچاودەخا. ئەوی بەلایەوە ئەمریکایە و
وڵاتی ڕاستەقینەی دیزنی یە ئەوا ئەمانەن: شارێیەکان، ڕێگاهێمنەکان، خێرایی، بیابانەکان، فلیمەکانی (TV) ن، نەک موزەخانە و کلێسەو شوێنەکولتووریەکان.
بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەمریکا بناسێ و ببینێ پێویستە بەلانی کەمەوە بۆ چرکەساتێ لە جەنگەڵێکی Downtown سەنتەری شار، (شوێنی بازرگانی شار)، لە دەشتێکی ڕازاوە یاخود لە پێچی شارێیەکدا پیاسەبکات، تا ئەوەی بۆ دەرکەوێ کە ئوڕووپا ونبووە. سەبارەت بە (ڕاستی)یش لەم کۆمەڵگە تازەیەدا بووە بەراستییەکی زێدەڕۆ تێداکراو، ئەمەش لە بەرئەوەی ڕاستی یۆتۆپیایە و، یۆتۆپیاش بەراستیکراوە.
بۆدریار لەم بەرهەمەدا سەرسامە بەوەی ئەمریکاییەکان ئازادی و یەکسانیان بۆ هەمیشە وەرگرتووە، ئەمە لە کاتێکدا یەکسانی لە ئوڕووپا دا ئامانجێکی سیاسی یە و مرۆڤ ململانێی زۆری لە پێناودا کردووە.
ئەم ڕۆشنبیرە پۆست مۆدێرنە لەم سەرچاوەیەدا لە بارەی(ئەمریکا)وە، ئەوەمان بۆ بەرباس دەخا کە کاتێ هەزار میل بەناو ئەمریکا لێدەخورین ئەوکات لەبارەی ئەم وڵاتەوە شارەزایی پەیدادەکەین، نەک بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە ئەنستیتووتە کۆمەڵناسی و زانستییەکان پێمان دەڵێن. ئەوی پتر لەمە سەیرترە لەم وڵاتەدا ئەوەیە، خۆرئاوابوونەکان پەلکە زێرینەیەکی زەبەلاحن کە یەک سەعات درێژە دەکێشن و، وەرزەکانی ساڵیش هیچ مانایەکیان نییە. بەیانییان بەهارە، نیوەڕۆ هاوینە، شەوانیش لە بیاباندا ساردە، بێ ئەوەی هەرگیز زستان بێ، لەم وڵاتەدا، لە وڵاتی دیزنیدا دا ساڵ گشت ڕۆژێ نوێ دەبێتەوە.
نووسەری ئەم کتێبەکاتێ گەشت بەنێو نیویۆرک و لۆس ئانجلۆس دەکا، باس لەوە دەکا کە لێرە هەموو شتێ بەڕووکەش و بەبەرچاویکراوە تا ببینرێ. مرۆڤی ئەم وڵاتەکۆنترۆڵی هۆشمەندیی خۆی بە ئارەزووی خۆی دەکا. لە راستی دا (USA) تاکە کۆمەڵگەیەکە کە تا ئەمڕۆ بە پریمەتیڤی(سەرەتایی) ماوەتەوە و، تاکە کۆمەڵگەیەکیشە دەتوانی تێیدا هەست بە وەحشەتگەریی شتەکان، دەم و چاوەکان، ئاسمانەکان، دەشتەکان بکەی. بەکورتی بۆدریار ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەتوانی بە هۆی ئەم وڵاتەوە باس لە جیهانی(پووچی) بکەی. بەڵام پرسیاری ئەوەش بۆ ئەم دیاردانە لە ئارادایە، بۆ ئەم شوێنانە(لۆس ئانجلۆس، بیابانەکان، شەقامە قەرەباڵغەکان، شوێنەرەنگاوڕەنگەکان...) بەرلێکدانەوە کەوتوون!!
ڕەنگە ئەمە پێوەندی بەوەوە هەبێ قووڵایی لەم وڵاتەدا هەڵوەشاوەتەوە. ململانێ لە ئارادایە دژ بە مانا، ناواخن، کولتوور. ئەم وڵاتە شوێنی کۆتایی دەسەڵات و مێژووە. لە کاتی کۆتایی مێژووشدا سروشت وەک ئەوی تری کولتوور وندەبێ. لە بری ئەوە، سروشت تەکنیکی باڵا لە وێنەی ئاسمانی نوێ و نەناسراو گەشە دەکا.
بیریاری ناوبراو، هەوڵدەدا نەک تەنیا ترادیسیۆن(دابونەریت)ە سیاسییەکانی ئەمریکی شیبکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدا پێکەنینە دستکردەکانی(TV) ی ئەمریکی و سیاسەتی بە تەلەفزیۆن کراوی ئەمریکیش شیبکاتەوە کە کاریگەری زۆری بەسەر کاراکتەری مرۆی ئەمریکاییەوە بەجێ هێشتووە.
ناکرێ لێکدانەوەکانی بۆدریار بۆ کۆمەڵگەی بەرخۆریی و زانیاریی و تەکنۆلۆژی ئەمریکی و ئوڕووپایی و، ڕوونکردنەوەکانی بۆمانیفێستی تازەگەریی ڕۆژئاوا بە وێنەی کۆمەڵناس و بیریارێک دانرێ. چونکە گەلێک لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ئوڕووپا و ئەمریکا پاش سەرقاڵبوونی بۆدریار بە بابەتی پۆست مۆدێرنەوە و، پاش وتاردانی لەسەر ئەمریکا و ئایندەی مۆدێرنێتیی ئوڕووپا ئەو بۆچونانەیان لا دروست بوو. ئەمە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە، بۆدریار باس لە خەمی خۆی دەکا کە گەلێ لە چاپخانە ئەمریکاییەکان ڕاڕابوونە لە بە چاپگەیاندنی کتێبی(ئەمریکا). گەلێ لەو چاپخانانە پێیان وابووە ئەم کتێبە وێنەیەکی نێگەتیف لەسەر ئەمریکا پێشاندەدا. بەڵام بۆدریار دڵنیایە ئەو ئەمریکایە، کە شێوەیەکی ئەسڵی یە لە مۆدێرنیتێ، پتر بە ماڵی خۆی دەزانێ وەک لە ئەوروپا. ئەم ڕووناکبیرە نیهیلیستە پۆست مۆدێرنە، کە بە قەولی **مارشاڵ بێرمان** (M Berman) خۆی مەستی ڕەوانبێژی پۆست مۆدێرنیتێ کردووە و لە جیهانێکی بێ کولتوور و بێ قورسایی مێژوویی وەک ئەمڕۆ، لە جیهانێک دا کە ڕەنگدانەوە، ڕەخنە، بیرەوەری ون بووە، خەون بە ئاسانی شتەوە دەبینێ. ئەم نووسەرە فەرەنسییە کە ورووژێنەری تێمای کۆتایی مێژووە باس لەویستی ئەمڕۆ دەکا کە ویستێکی بازاڕی و نەخۆشە. جیهانی ئەمڕۆش کە بەهۆی ئەم ویستەوە پیادە دەکرێ لەشوێنێکی وەک ئەمریکا لە ترۆپکدایە.

### ٢) کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیتێ شوێنی بەرهەمهێنانی نیشانە و کۆتایی ڕاستی یە

بۆدریار، لێکۆڵینەوەی فراوانی لەمەڕ سیستەمی شمەک(کاڵا)ی هاوچەرخ (ڕێکلام، TV، زێدەڕۆیی لە بەکاربردن، گومڕاسازی، وێنە، مۆدە، بازاڕ، ...) بەرهەمهێناوە و لەزۆربەی کارەکانیشیدا وەک زمانێک تەماشای ئەم سیستەمە دەکا. بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی بۆدریار لەم بارەیەوە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فرۆید لەمەڕ نائاگایی دان. بە باوەڕی ئەم بیریارە ڕۆژئاواییە، سەردەمی پۆست مۆدێرن لەژێرسایەی چەند دیاردەیەک وەک: تەکنۆلۆژیای گەیاندن، شاشەی کۆمپیتەر، فیزیای کوانتی؛ هەندێ زاراوەی وەک: ئابڕوچوون، زیاد لەپێویست ڕیالی بوون، وروژاندن...) پیادەدەکرێ. هەر لەم بوارەشدا باس لە ستروکتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دەکا و دەڵێ:

کۆششێکی وڕێناوی یە گەڕان بەدووی بنەچە، هۆ، بەرپرسیاریەتی و سەرچاوە (ڕێفرێنس). لێکدانەوەی مێژووش بە هیوای گەڕان بەدووی سەرچاوە و گەڕانەوەی شتەکان بۆ بنەچە و سەرچاوەیان شتێکی وڕێناوی یە. لەبەر ئەوەی شتەکان لەوەکەوتوون ڕاست بن، ڕاستی لەناو مێژوو بوونی نییە. لەبەرئەوەیش کە مێژوو لەناو بوون ڕیشەکێش کراوە ئیدی زەمەن ئەو بوونەی نییە. بەهۆی زێدەڕۆیی لە نەشونما، گەشە لەسەرەمەرگدایە. خێراییەکی بێ تامیش لە خێرایی داهاتووە کە سستی و ناچالاکی بەرهەمهێناوە. بۆیە بەرانبەر بە بزووتن و زێدەڕۆیی لە خێرایی دەبێ سستی بەرهەمبێت. ئەمەش بۆ وەستاندنی جووڵە و دەنگ. پاشان دەبێ لە گەیاندن پەلەترمان دەستکەوێ. چونکە گەیاندن ئەنجامی هاوتابیە. مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە هەمووشتێک لە دەوروبەری خۆیدا کۆنترۆڵ دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەنیایە. کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵایەتییەکی ڕووکەش و ساختەیە. لەوە سەیرتر، سوبژێکت ــ خودــ لەم کۆمەڵگەیەدا هەڵوەشاوەتەوە. مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە و هی چاخی پۆست مۆدێرن ئیدی ناتوانێ باس لە ویستێکی سۆسیال و کۆلێکتیڤی بکا. لە حاڵاتی ئاوادا نەستی سیاسییش بوونی نییە، هەروەها بەرهەم مانای خۆی لە دەست دەدا، یاخود مانای نییە. چونکە بەرهەم هەر لە زیادبوون دایە و پایانی بۆ نییە. دەسەڵاتیش لەم کۆمەڵگە هاوچەرخانەدا کە دەسەڵاتە بەسەر شتەوە لەگەڵ گۆڕانی شت، دەسەڵاتیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لەکۆمەڵگەی پۆست مۆدێرندا شت و نوێنەرایەتی بێ مانان. لە کۆمەڵگەی پاش پیشەسازیدا دابڕانێکی زۆر لە نێوان شت و مانا و، لەنێوان نوێنەر و نوێندراودا هەیە. دەمێکیشە سیستەمی شت و نوێنەرایەتی لە ژوورێکی پووچدا نوستوون. بەپێی دیدی بۆدریار، ژیانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا دەکرێ بەژیانی پاش ئازادی ناوببرێ. ئەمجۆرە ژیانەش کودەتا یان گۆڕانی ڕادیکالی تێدا بەدی ناکرێ و بوونیشی شیاو نییە. لەگەڕان بە دووی ڕوانگەکانی بۆدریار لە کارەکانیدا ئەوە بەدیدەکرێ کە پتر لە هاوەڵەکانی باسی ترانس پۆلیتیک و ترانس ئیستاتیک و ترانس سێکسوێلی وروژاندووە.

شمەک لای بۆدریار، هەروەک مارکس بەهایەکی نیشانەیی هەیە و، لە شیکردنەوەکانیشیدا نیشانەیەکی ئابووری سیاسی هەیە. شمەک، کە لە کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرندا شوێنی بەرهەمهێنانی شتە، نرخی تایبەتی خۆی هەیە و، بە شت بوون یەکێکە لە ڕوخسارەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. بەگشتی بۆدریار ڕەخنەی توند لە **لۆژیکی عەقڵی تازەگەری** دەگرێ و یۆتۆپیاکانی پرۆژەی ڕۆشنگەریی ئورووپایی لە مەڕ(برایەتی، ئازادی، یەکسانی) بەدرۆ دەخاتەوە. ئەم پۆست مۆدێرنە بە بانگەوازەکانی بۆ (کۆتایی کار، کۆتایی بەرهەم، کۆتایی ئابووری نەتەوە، کۆتایی گفتوگۆی لۆژیکی، کۆتایی دەورەی کۆنی نیشانە، کۆتایی دەورەی بەرهەمهێنان...) تێوری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گۆڕیوە. سەبارەت بە دیاردەی پایانی ڕاستیش پێی وایە، وڕێنە ئیدی شیاو نییە لە بەرانبەر ڕاستی دانرێ، بەتایبەت خودی ڕاستی خۆی بۆ بۆدریار بوونی نییە و جیاوازی کردنیش لە نێوان ڕاستی و درۆ، واقعی و نا واقعی شتێکی نوێ نییە. بیری ئەو بیریارانەش کە پێش بۆدریار لە ئارادابوون، وەک بیری **ڕۆسۆ** (Rousseau)، لە بارەی ئەوەی کە شارستانیەت لە گەڵ نەشونما هاتۆتە کایەوە؛ یان بیری **ئۆسکار وایڵد** (Oscar Wailde)، کە تازەگەریی ماسکەکانی ڕاستی یە؛ یان بڕوای **کلیپینگ**(Kliping)یش، کە بوونی مرۆڤ شتێکی تازە دروستکراوە؛ گەشەی زۆریان لەسەردەستی «ئەو» بە سەرداهاتووە. بۆدریار شیکردنەوەکانی لە بارەی مۆدێرنیتێ بە بابەتی وەک: شەفافیەت، مێدیا(Media) و ژێنەتەکنیک (Geneteknik) وا بەستە دەکا. کە باسیش دێنێتە ئارا لە بارەی نیشانەوە، بەو لێکدانەوانەوە گرێدەدا کە بە بابەتی مێدیاوە تایبەتی کردوون.

بۆچوونی بۆ مێدیای هاوچەرخ ئەوەیە کە مێدیا پەیامە و Antiöde ی ئێمەش جیهانی مێدیایە. نیشانە بەرچاوییەکانی مێدیاش بەوەدیار دەکرێ کە مێدیا ڕۆڵی گرینگی لە ناچالاککردنی بەکار بر و بەرهەمهێنانی گەیاندنێکی تاک لادا هەیە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، ئەوی مێدیا بۆ تەماشاکەران دەیخوڵقێنێ لەراستی، راستی ترە و دیاردەیەکە لەڕاستی یان بە واتایەکی تر مێدیا ڕاستییەکی باڵایە، واتە ئەو ڕاستییەی کە زێدەڕۆیی تێداکراوە.

بەپێی ڕوانگەی بۆدریار جیاوازی لە نێوان نیشانە و ڕاستی دەکرێ وەک گشت جیاوازییەکانی تر هەڵوەشێتەوە. پاشان مانای نیشانە بەوە دیار ناکرێ کە بە ڕاستییەکی دەرەکی (ڕووکەش)بەراوورد بکرێ. بەڵکو بەوە دیار دەکرێ کە بە نیشانەیەکی دی بەراوردبکرێ. ڕووناکبیری ناوبراو، لە کتێبی (*سیستەمی ئوبژێکتەکان*) دا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئوبژێکت (شت) فاکتەرێکی ڕۆشن و واقعی یە. ئوبژێکت لەم سەرچاوەیەدا وەک نیشانە تەماشا کراوە و جەختیش لەوە کراوە کە سیستەمی ئوبژێکت بۆ لەمەولا بوونی نییە. هەر تایبەت بەبابەتی(مێدیا و نیشانە) پەیڤین دێنێتە ئارا لە بارەی مۆد(Mode)ەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مۆدە دیاردەیەکە سەردەمی نوێ کۆنترۆڵ دەکا. لە سەردەمی مۆد دا، واتە لەم سەردەمە چەپەڵە، هەمووشتێک دەبێ بە نیشانە. دیاردە و مۆدە هەمووشتەکانی تر قۆرخ دەکەن وەک: جلوبەرگ، جەستە، مێدیا، سیاسەت، هونەر، زانست... ئەم مۆدەیەش کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگە پاش تازەگەرییەکاندا کاردەکا، نیشانەیەکی خۆ بە خۆ نییە، بەڵکو مۆدە وەک نیشانەیەک لە پێوەندی دایە لەگەڵ نیشانەی تردا. بەواتای بەرینتر، مۆدە کە مومارەسەی فریودان (Seduction) دەکا، لەتەک چاولێکەری(Simulation) ئەمڕۆمانی داگیرکردووە. فریودانیش کە لە بنەڕەتدا هاوشانی چاولێکەری یە، خۆیان وەک سەرووی ڕاستی دەردەخەن. مۆدە دەیەوێ لە جوان جوانتر بەرهەمبهێنێ. مۆدە کە هەڵگری نهێنی یە، سیستەمێکی بێ بەهاو نارەوشتی یە. نارەوشتیش یەکێکە لە نهێنییەکانی مۆدە. بەڵام مۆدە لەوە بۆتەوە جوان لە ناشرین جودابکاتەوە. بەکورتی مۆدە دژی هەموو چێژ و هەوەسێکە. هەوەس لە هەموو بوارەکاندا(کۆمەڵایەتی، سیاسی ) شێوەی نارەوشتی وەرگرتووە.

بیرو بۆچونی ئەم لێکۆڵەرە پاش تازەگەرییە لەسەر **کۆمەڵگەی زانیاری** هەمان ئەو بۆچونانەن کە تایبەت بە **کۆمەڵگەی مێدیا** بەرهەم هاتوون. ناواخنی ئەو بۆچونانەش ئەوەن کە لە کۆمەڵگەی زانیاریدا جیاوازی نێوان ڕوو و قووڵایی، مانا و بێ مانایی، ژیان و مەرگ لە داکەوتندایە. ئەوی ئێمە وردە وردە لێی نزیک دەبینەوە بریتی یە لە کۆتایی هاتنی ژیان. بۆدریار، کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی پۆست

**❑ بەگشتی، بیری نیهیلیستی بۆدریار و چەند بیریارێکی شێوە نیتشەیی دی ئەو شەپۆلە فکرییانەیان خولّقاند کە ساڵانی هەشتاکانی ڕۆژئاوایان کرد بە ساڵانی ڕەخنەگرتن لە(سوبژێکت ـ خود، نرخە جێگیر و ڕەهاکان، ئایدیۆلۆژیا مەزنەکان، دیالیکتیک، مێژوو، ڕاستی، جوانکاری، بەها، نیشانە،...).**

مۆدێرنە، ڕۆنکردنەوەیەکی بێ سنووری لە بارەی نیشانەو کۆدەکانی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنەوە هێناوەتە ئاراوە.

هەرزوو لە کارەکانیدا پەیام و دیاگنۆس بە نیشانە(Symptom) لە قەڵەم دەدا و، ڕاستییش بە دیاردەیەکی ونبوو و بەسەرچوو دەزانێ. ئەم پاش تازەگەرییخوازە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر لەمەوبەر واتە لەسەردەمی مۆدێرنیتێدا، ڕاستی دەپەرسترا ئەوا بۆ لەمەولا لەبارەی ناڕاستی یەوە ڕاڕا دەبین. ناڕاستی لە جیهانی ئەمڕۆی پووچدا بەشێوەیەک لە شێوەکان بووە بە چارەنووس و هاوڕێگای لە مەودوامان. نووسەری ناوبراو، لە یەکێ لە کتێبەکانی بەناوی (*تاوانی پێرفێکت*) دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تاوانی تازەی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارستانیی هاوچەرخ بەهۆی مێدیاوە ئەنجام دەدرێ. هەر لە سەرچاوەی ناوبراودا جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر وورووژاندنی بابەتی ڕاستی و ئەوەش ڕۆندەکاتەوە کە چۆن ڕاستی کۆتایی دێ و چۆن وێنەی ڕاستی جێگەی ئەسڵ(Origin) ی ڕاستی دەگرێتەوە. ئەوەی ئەم پۆست مۆدێرنە فەرەنسییە بەلایەوە بایەخ دارە ئەوەیە کە کەس نەیتوانیوە دەرک بە دوایی نەهاتنی ڕاستی بکاو، هەرچی ڕاستییە گریمانەییەکان و هەواڵە پەخشکراوەکانی -TV- یشن وامان لێ دەکەن کە ڕاستەوخۆ لەتەک دیاردەی وەک: جەنگ، مەرگ، قوربانی، هێرشەکان بژین. بەجۆرێ تر، گریمان داوامان لێدەکا باوەڕ بەوە بکەین لە هەموو شوێنێک دا بین و هەمووشتێکیش لە یەک کاتدا بکەین.

ڕوخسارەکانی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی و زانیاری وایان لە بۆدریار کردووە دیالیکتیکی مانا بە شتێکی پووچ بزانێ. ئەوە بە پووچ بزانێ کە بیر لە دیالیکتیکی کۆسمۆس بکرێتەوە. چونکە کۆسمۆس لەسەر بناغەی دژەگەریی و پێچەوانەگەریی دامەزراوە. ئەمە وادەکا بەدووی گۆڕان نەگەڕێین و بەراوردیش لەنێوان جێگیر و ناجێگیر نەکەین. بەڵکو بەدووی لە جووڵاو جووڵاوتر و لە ناجێگیر ناجێگیرتر بگەڕێین: واتە ناشیاوی. بەدووی جیاوازی لەنێوان ڕاستی و موزەیەف نەگەڕێین. بەڵکو بەدووی لە زەیف زەیفتر بگەڕێین: واتە وڕێنە و ڕووکەش. بەدووی جیاوازی لە نێوان جوان و ناشیرین نەگەڕێین. بەڵکو بەدووی لە ناشیرین ناشیرینتر بگەڕێین. بەدووی جیاوازی لە نێوان دیار و شاراوە نەگەڕێین. بەڵکو بەدووی لە شاراوە شاراوەتر بگەڕێین: واتە نهێنی. بۆ لەمەولا واقعی لە بەرانبەر خەیاڵی دانانرێ. بەڵکو لە بەرانبەر لە واقعی واقعی تر دادەنرێ: واتە هیپەر (Hyper) واقعی. بەتاڵ لە بەرانبەر پڕ دانانرێ. بەڵکو لە بەرانبەر تێر و دووبارە دادەنرێ: واتە لە پڕ پڕتر. جووڵە لە بەرانبەر وەستاو دانانرێ. بەڵکو لە بەرانبەر خێرایی دادەنرێ. سێکسوالیتێت لە زەبروزەنگ و ڕەوشتدا وننابێ. بەڵکو لە سێکسوالیتێتێکی پترسێکسوالیتێتدا وندەبێ: واتە لە بەرەڵایی و بەرخۆریی سێکسیدا. دیاریکردن لە بەرانبەر نادیاریکردن ــ گومڕا ــ دانانرێ. بەڵکو لە بەرانبەر هیپەر دیاریکردن دادەنرێ: واتە هەڵاوسانی دیاریکردن لەبەردەم بۆشایی دادەنرێ. تێلیۆلۆژی (غایەگەریی) بەرانبەر بە ڕێکەوتگەریی دانانرێ . بەڵکو بەرانبەر بە هیپەر تیۆلۆژی دادەنرێ.

بۆدریار شان بەشانی ئەو باسانەی لە مەڕ ڕاستی و ڕاستی زێدەڕۆ تێداکراودا، باس لە بارەی چاولێکەری (Simulation)یش دێنێتە ئاراوە. بە پێی دیدی «ئەو» جیهانی چاولێکەری، جیهانێکی مزەوەرە ــ قووڵابی یە. ناوبراو لە ڕاستی ڕاستی ترە. چونکە چاولێکەری داوای هیچ بە هایەکی ڕاستی ناکا و، چاولێکەریش دژەمانای نوێنەراتییە. نیشانە بە سیمولێرەکراوەکان ئاماژە بۆ ڕاستی ناکەن بەڵکو ئاماژە بۆ ڕاستییەکی زێدەڕۆتێداکراو دەکەن. واتە (Simulation)بەرهەمی نیشانەیە و(Simulcer)شوێنی شکانی مانیفێستی یان تارمایی چاولێکەری یە. نموونەش لە سەر ئەوە وڵاتی دیزنی (Disney) یە، کە بۆتە شوێنی مۆدێلی ڕەهای Simula-creum، نەک تەنیا وەک وڕێنە، بەڵکو وەک خۆشییەکی سیمۆلێرەکراو بەسەر سیستەمێکی ئایدیۆلۆژییەوە. لەڕاستی دا، وڵاتی Disney لە ڕوانگەی بۆدریار ــ ئەمریکایە بەڵام بە ئەندازەی کەمتر. لەم وڵاتەدا، کە جەنگەڵێکی تەکنۆلۆژی یە، ئازادییەکان کە لە شێوەی نیشانە کاردەکەن، شێوازی جۆراوجۆریان وەرگرتووە: ئازادیی کار، ئازادیی دەنگدان، ئازادیی سێکس، ئازادیی ئافرەت، ئازادیی هۆمۆسکسۆیل،... ئەم ئازادییانە هەمووئامادەن بەڵام ئازادی هەر لە گرفتدایە.

ئەمانە ئەو دیدانە بوون کە بیریاری پۆست مۆدێرنی فەرەنسی ژان بۆدریار بە بەرهەم هێنانیانەوە سەرقاڵە.[5] بنەمای ڕووناکبیریی پۆست ستروکتوورالیستی ــ پاش بونیادخوازی ــ و سیمێۆلۆژی ئەم بیریارە وای لێکردووە کە ڕەخنەیەکی کولتووری و تیۆری سەیر لە بارەی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنی ئوڕووپا داڕێژرێ.

بەگشتی، بیری نیهیلیستی بۆدریار و چەند بیریارێکی شێوە نیتشەیی دی ئەو شەپۆلە فکرییانەیان خولّقاند کە ساڵانی هەشتاکانی ڕۆژئاوایان کرد بە ساڵانی ڕەخنەگرتن لە(سوبژێکت ــ خود ــ، نرخە جێگیر و ڕەهاکان، ئایدیۆلۆژیا مەزنەکان، دیالیکتیک، مێژوو، ڕاستی، جوانکاری، بەها، نیشانە،...). بە کورتی، ساڵانی هەشتاکان ساڵانی هەڵوەشانەوە و شیبوونەوەیە. جا ئەوی کە بۆ ڕووناکبیر و بیریاری ئەمڕۆی ڕۆژئاوا ماوەتەوە ڕەخنەی ئاڕاستە بکا دەبێ چی بێ! ئایا ئەوی ماوەتەوە ویستی سەر لە نوێ داڕشتنەوە و سازاندنە یان گەڕانەوەیە بۆ تێزی هەشتاکان، لە وانە: هەڵوەشانەوەگەریی!؟ بەشێوازێکی دی، ڕووناکبیر و لێکۆڵەرەوانی ڕۆژئاوا لە ئەم ئێستەدا دەبێ بە چ جۆرە تێمایەک: ئیکۆلۆژیا(ژینگە ناسی)، تەکنۆلۆژیا، جوانکاری، فیمێنیزم (بۆ مێ هەقخوازی)، سیستەمی نوێی جیهانی، یان ... سەرقاڵ بن! لە ڕاستی دا، هەرچی ئەوی بەرچاوی و دیارە ئەوەیە کە ژیان و بیری نەوەدەکان زیاد لە پێویست ترسناک و گومڕایە. لەم بارودۆخەدا، کولتووری ئوڕووپایی و شێوازی ژیانی بە بازرگانیکراوی ئەمریکی بۆتە فەرهەنگێکی باو و لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان لاسایی دەکرێتەوە. جیهانی ئەمڕۆ، جیهانێکی شەهوەتاویی و نەزۆک و بێ بار و(Neutral)ە و، دەستی لە بەرهەمهێنانی چەند شێوازێکی ژیانی نوێی بێ ئاسۆ و بێ

بەر هەیە. بۆ لەمەولا هەڵوەشانەوە و پووکانەوە لە ئاستی باڵا لەناو کولتووری ئەم جیهانە کاری خۆی دەکا و، بێ بەهایی و پووچی شتە باوەڕپێکراو و کۆنکرێتەکانیش ئاشکرا دەبن.

ستۆکهۆلم، زستانی ١٩٩٦

**پەراوێز:**

١) ئەم باسە بەشێکە لەو بابەتەی تایبەت بە(بیری بیریارانی پۆست مۆدێرن) نووسراوە. ئەو بیریارانەش کە بیریان وەرگیراوە ئەمانەن: ژان بۆدریار(Jean Baudrillard)، ژان فرانسوا لیۆتار (Jean - Francois Lyotard)، زیگمۆن باومان(Zygmunt Bau- man)، ریچارد رۆرتی (Richrd Rorty)، فریدریک جێمسۆن (Fredric Jameson)، مارشال بێرمان(Mrshall Berman ) و هتد.

٢) هەندێ لە کارەکانی بۆدریار: سیستەمی ئوبژێکتەکان ١٩٦٨، کۆمەڵگەی بەرخۆریی١٩٧٠، بەرەو رەخنەی ئابووری سیاسی بۆ نیشانە١٩٧٢، ئاوێنەی بەرهەم١٩٧٣، گۆڕانی سمبۆلی و مەرگ ١٩٧٦، فوکۆ لەبیرکە١٩٧٧، ستراتیژە بەدبەختەکان١٩٨٣، خواوەندیەتی چەپ ١٩٨٥، ئەمریکا ١٩٨٦، Cool - memories, 1986، ئەویتر بەهۆی خودی خۆمەوە١٩٨٧، تاوانی پێرفێکت١٩٩١.

٣) Paranoia جۆرێکە لە نەخۆشی دەروونی و شێوەیەکە لە خودگەریی.

٤) Alexis de Tocqueville(1805 - 1859)، فەیلەسوفێکی سیاسی و مێژووکردێکی فەرەنسی سەردەمی نۆزدەیە. قووڵبوونەوە لە لێکدانەوەکانیدا بەدیدەکرێ دوای ئەو سەفەرەی رووەو(ئەمریکا) کردوویەتی. ئەم سەفەرەش کۆتایی بەکارێک هاتووە بەنێوی: *لەمەڕ دیمۆکراسییەت لەئەمریکا*. ناوبراو لەم کتێبەدا مانای زۆر بۆ بیرە لیبرالییەکانی سەدەی هەژدە دادەنێ. لەم بەرهەمەدا(تۆکفیل) وشەی(دیمۆکراسییەت) دووماناداردەکا و، پێشی وایە(ئازادی بە دان هێنان بەوانی تر دەست پێدەکا).

٥) ئەم باسە تەنێ بەبیری بیریارانی ناوبراوەوە تایبەتە. بەڵام ئەوی بە ناواخن و ناوەڕۆکی دیاردەی (پۆست مۆدێرنەوە) تایبەتە ئەوا لەچەند بابەتێکدا لێکدانەوەمان لەبارەیەوە ئەنجامداوە. بۆیەشە دەڵێین چەند بابەتێک لەبەرئەوەی فەلسەفەی رۆشنگەریی و مۆدێرنیتێ و ئاراستە زانستی و ئەپستیمۆلۆژییەکانی سەدەی هەڤدە و هەژدە و دواتریش چرکەساتەکانی پراکتیزەکردنی روانگەکانی فەلسەفەی مۆدێرنیتێ چەند ئاقار و رەهەندی لێکدانەوەی جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە. هەروەها شیکردنەوە لەمەڕ پێوەندی فەلسەفەی(نیچە) و فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیتێ و بابەتی وەک : کۆتایی مێژوو، ئاوابوونی راستی، گرفتی عەقڵ، مەرگی خود، پایانی هیۆمانیزم و، دیدگاکانی پۆست ئاسیۆنالیزم و پۆست ئیدێنتیتی و داکەوتنی ئونیڤیرساڵیزم و هتد، ئاوڕێکی چاکیان لێدراوەتەوە و لە فورسەتێکی دیدا بەردەست خوێنەران دەکەوێ.

**سەرچاوەکان:**


1- **Zygmunt Bauman**, " *Döden och odödligheten i det moderna samhället*". Daidalos, 1992.
2- **Jean Baudrillard**, "*Amerika*". Korpen, Göteborg, 1990.
3- **Nietzsche**, "*Om moralens härstamning*". Raben prisma, 1994.
4- **Magnus Hörnqvist**, "*Foucaults makt analys*", Carlsson Bokförlag , Stokholm , 1996.
5- **Hannah Arendt**, "*Människans villkor*", Röda Bokförlag, 1986.
6- **Paul Ricoeur**, "*Från text till handling*", Symposiun, Lund, 1988.
7- **Marshall Berman**, "*Allt som är fastförflyktig*", Arkiv , 1987.
8- Ord & Bild, Nr 3, 1986, Maktens slut? Jean Baudrillard.
9- Respublica, Nr 14, 1989. Den hekrospetiva striden kring Martin Heidegger, Jean Baudrillard.
10- Ord&Bild, Nr 3, 1989. Punkarna -Marx och Coca - Colas barn barn, Marshall Berman.
11- Sydsvenska Dagbladet, 9.1.1986, Ett liv idubbla verkligheter, Jan nilson.
12- D. N, 16.10.1990, Ångest frihoppläshet, Ulf Eriksson.
13- Arbete, 12.8.1990, Snömos och dimma, En post - modernistisk taskspelare. Joel Ohlsson.
14- D. N, 9.3.1988, Baudrillards tomhet och Lyotards ...? Lars Ericsson.
15- Modernatider, Nov, 1990. Mannen som avskaffade verkligheten, Svante Nordin.
16- Expressen, 13.7.1990, Världs andan har landat i Sante Monica, Daniel Birnbaum.
17- Sydsvenska Dagbladet, 17.7.1990, En fransman upptäker Amerika, Öscar Hemer.
18- ResPublica, Nr 17 , 1991. "I otaket med språket".
19- Tempus, Nr 52, 1988. Är Amerika perfekt? James Markman.
20- S. V. D, 6.9.1991, Sken kriget vid persiska viken, Steve Sem - Sandberg.
21- GöteborgPosten,16.7.1990, En europe ser på Amerika varken dröm bild eller realitet.
22- Nya Argus, Nr 9, 1991. Postmodernismens tio minuter.


+++

**راگەیاندن**

لەم ژمارەیەوە، «دەستەی نووسەران» دوای تاقیکردنەوەیەکی چەند ژمارەیی، بە چەند دەلیلی جۆراوجۆر (کە لە داهاتوودا ئەگەر پێویست بوو، باسیان لێوە دەکرێ) هەڵگیرا و بەداخەوە نەکرا درێژە بە هاوکاری بدرێ. دیارە بەشداری و هاوکاری ئەو بەڕێزانە لەوماوەیەدا جێگەی سپاس و پێزانین بووە.

گزینگ

**یارمەتی ماڵیی**

دۆست و خوێنەرەوەی ڕێزدار، کاک (خ. ز) لە وڵاتی سوێد،(٢٠٠٠) کرۆنی سوێدی، پێشکێشی کۆڤاری گزینگ کردووە کە شایانی ڕێز و سپاسە.

گزینگ

# هۆشیاری، خەونی ئازادبوون

.ئاسوودەیی وا لە تەسلیم بوون دا، نەک هەوڵدان بۆ ئازادی،

ویلیم رایش

لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی

دڵسۆز حەمە

ڕەوشەنبیری و هۆشیاریی دوو چەمکی جیاواز و سەربەخۆن، هەمانکات بەردەوام یەکتر بەرهەم دێننەوە و لە قۆناغ و ئاستی جیاوازدا، ئەگەر هۆشیاری بەرەنجامی کارتێکردنی مێژوویی و میکانیزمی ڕەوشەنبیری بێت لەسەر شێوەی تێفکرین و فۆرمۆڵەکردنی چەنکە جیاوازەکان ئەوا خودی ئەو تێفکرین و چەمکانە لە قۆناغی بەرەوسەرچوون یان گۆڕانی داهاتووی ڕەوشەنبیریدا (لە ئەنجامی جوڵەی بەردەوامی پێکهاتەکانی ژیان) هەمان ئەو تێفکرین و چەمکانە کە زۆرجار وەکو (هەقیقەت) یش دەناسرێن (بۆ ماوەی کورت یان درێژ) دەخاتەوە ژێر پرسیار و تەفسیرەکان سەر لەنوێ هەڵدەوەشێنەوە، ئەوە بەرهەمهێنانەوەی ڕەوشەنبیری یە، گەشەکردنی هۆشیاری، پانتایی گومان فراوانتر دەکات، ڕەوشەنبیریش لە نوێکردنەوەی خۆیدا مەودای پرسیارکردن فراوانتر دەکات، ئاسۆی نوێتر بۆ بیرکردنەوە دەکاتەوە لە دەرگای سبەینێمان دەدات کە ڕەنگە زۆرجار لە سەر قفڵەکانی بیری باو و تەفسیری موقەددەس و ڕاستییە پیرۆزەکان داخرابێت، ئەم لە دەرگادانە لەگەڵ ئەو ڕاوەستان و بیرانەدا بەشەڕدێ کە لە بەردەم سنووردارکردنی پرسیار و داهێنان و گوماندا وجودیان هەیە.

هۆشیاری دەرککردنە بە ڕاستی مەینەتەکان، گومانی هەمیشەیی یە لەو پایانەی گرفتەکانی لە سەر دەوەستن و درێژە بە مانەوەیان دەدەن، بۆ کۆمەڵگایەکی داخراو لە سەر چەمکە ئایدیالی و ئەفسانەیی و میراتە چەسپاوەکان (وەکو کۆمەڵی ئێمە) کە خودی قەبوڵکردنی پرسیار و قسەکردن لە سەر ئەو ئایدیال و ستروکتوور و هەڵکەوتە کولتوورییانە و گومانکردن لێیان (بەتایبەت کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینییەکان) ئاسان نییە و تەنانەت مەترسیداریشە. چۆن دەکرێ لە ناوەندێکی وادا هۆشیاری بەرهەم بێت و بە جوڵەبێت بە جۆرێک کە گۆڕانی ڕیشەیی بخوڵقێنێ، بەتایبەت لە ئاستێکدا کە ئاستێکی فیزیکی نکۆڵی لێکراوی لەکارخراوی ئەو کۆمەڵگایە کە هۆشیاری ژنانە، جوڵە بکات؟ چۆن گۆڕان دەخاتە سەر بوژانەوەی توانا بیرکراو و نکۆڵی لێکراوەکان بۆ باشترکردنی ژیان و ئینسانیترکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوەندە؟!

مەزهەب و ترادیسیۆن(دابونەریت) دوو پێکهاتەی گرینگی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئێمەن لە بەرانبەر ژن دا، ئەو دوو پێکهاتەش سیفەتی تەقدیس و دەست لێنەدان و مل بۆکەچکردنیان هەیە، بەو جۆرەی کە هۆشیارییەکی (یەقین پەرستانەی) بەرتەسک و بێ پرسیاری لە سەر زێهنیەت و کاراکتەری ژنی کۆمەڵگای ئێمە پێکهێناوە کە زۆرجار لە جیاتی پرسیار لە سەر گۆڕان و بوونیاد و ماهیەتی مەینەتییەکانی خۆی دێت تەفسیریان بۆ دەکات و لە ڕێی ئەو تەفسیرە ئایدیالی و ترادیسیۆنە خەتەرناکانەوە بەهانە دێنێتەوە، کولتووری کۆمەڵایەتیمان پڕپڕە لەو بەهانە و تەفسیرانە، لە کاتێکدا سیفەتی کارکردنی (هۆشیاربوون) نەوەستانی ڕاستی یە لە ئاست تەفسیرێکدا، نەک تەنیا داهێنانی پرسیار، بەڵکو داهێنانە لە خودی پرسیارکردنیشدا.

مردنی پرسیار لە کولتووری(یەقین پەرستی) و خۆدانە دەست مەحکوومیەتی قەدەرەباوەکان، خەونی ژنی کوردی بەرانبەر داهاتوو لە بەین بردووە، ئەو خەونە بە جۆرێک سڕاوەتەوە کە نەیتوانیوە بزووتنەوەیەکی ئینسانی فێمینیستی — کۆمەڵایەتی ژنی کورد ڕێکبخات کە شان بەشانی تێکۆشانی مرۆڤی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بەرابەری دۆزی ژن ڕابەری بکات، وەکو بەشێکی دانەپچڕاو لە بزووتنەوەی دیمۆکراسی — کۆمەڵایەتی ئینسانی کورد.

دووانەی مەزهەب و ترادیسیۆن پاڵپشتی ڕاوەستان و بەردەوام بوونی یەکتر دەکەن بۆ نموونە لە هەڵوێستیاندا بەرانبەر خێزان، دەسەڵات، ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو، منداڵ و پەروەردە و ڕێکخستنی چینایەتی و چەمکەکانی وەکو ئازادی و ئەخلاق و تاکەکەس و خێڵ و کۆمەڵ و شێوەی ژیانی دەستەجەمعی و ئایین و تەنانەت فەرهەنگیش.

مارکس لە تەفسیری ڕیزبەندی چینایەتی و فرۆید لە تەفسیری هەڵاوێردی سێکسی

(نێوان ژن و پیاو) بەوە گەیەشتن کە جێگەی کۆمەڵایەتی (ئابووری — هەڵکەوتەی فیزیکی) بەشێکی زۆری هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ، بەو جۆرە هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی ژنی ئێمە لە پلەی دووی قیمەتی کۆمەڵایەتی و ئامادەیی ئەرکی کۆمەڵایەتی و باری خراپی ئابوور و فەرهەنگییدا هۆشیارییەکی لەو جۆرەی بۆ فەراهەم کردووە کە هۆشیارییەکی فەقیر و چەپاو و بێ خەون و بێ پرسیار بێت. یەکەمین کارکردنی ڕاچەنین و هۆشیاربوونەوە، دەرک کردنە بەو جێگەیە لە ڕیزبەندی کۆمەڵایەتیدا (کە لە خێزانەوە دەست پێدەکا، ئینجا کۆمەڵ و دەسەڵات) و دەرککردن بە قورسایی و ئاراستە و سەرچاوەی ئەو هێرشە فەرهەنگی و ئەخلاقی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەی کە بە هۆی (ژنایەتییەوە) دەکرێتەسەر ئەو ڕیزبەندییە و لە ئاستی سروشتی وەکو وجودی ئینسانی (مرۆڤ — ژن) دەترازێنێ بۆ ئاستێکی نزمتر (ژن — مرۆڤ) لە (مرۆڤ)ەوە بۆ (ژن) ڕوانین جیاوازە لە (ژن)ەوە ڕوانین بۆ (مرۆڤ) لە کاتێکدا (ژنایەتی) لەو فەرهەنگە سەرکوتگەر و پیاوانەیەدا بەرانبەر بێت بە (بونیادێکی نوقسان و بەشتومەک کراو و جەستەیەک کە کۆلۆنییەکی کۆمەڵایەتی دەستەجەمعی پیاو خێزان وکۆمەڵگایە بە ناوی نامووس پەرستی و... هتد) ئەو ڕیزبەندییەی کە بەتایبەت ئازادی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و یاسایی لێ زەوت دەکات تا زۆرجار دەگاتە ئازادییە زۆر زۆر بچووکە شەخسییەکان و لەوە پاشتر ئەم خوێندنەوە (دونیەتە) بە بەها و چەمکی کۆنکرێتی و یاسایی و دەستووری (وەکو یاساکانی ئەحواڵی شەخسی و یاساکانی سەفەر و هاتوچۆ و یاسای کار و... هتدسەقامگیری دەکات و دەیپارێزێ و زۆرجار کە پێویستی کردووە لە هەڕەشە و تێرۆر کوشتن کەڵک وەرگیراوە و وەردەگیرێ.

کارکردی هۆشیاری هەوڵی پچڕان و تێکشکانی ئەو ڕیزبەندییە دەدات کە دەکاتە تێکڕای شێوەی جومگەکانی پێکهاتەی خێزانی ترادیسیۆن و کۆمەڵگای سەرکوتگەر و دەسەڵاتی نادیمۆکرات... ئەو جومگانەی کە یایدیای چەقبوستووی ئەنجامی گەشەنەکردن و مێژووی درێژی داگیرکردن و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و مانەوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە دواکەوتوویی و بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا مانەوەی لە تەوری پێوەندی بەرهەنهێنانی کشتوکاڵیدا کە دواکەوتووترین شێوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، باری خراپی ئابووری و فەرهەنگی، لە ڕێی هەردووباڵی مەزهەب و ترادیسیۆن لە ناخودئاگای دەستەجەمعی تێفکرینی کۆمەڵایەتیدا سەرسەختانە دیفاعی لێدەکات و دەیپارێزێ، لە حاڵی ئێستای باشووری کوردستاندا و ئەنجامی زۆربوونی مەترسییە ئابوورییەکان و سەرهەڵدانی قەیرانی کۆمەڵایەتی و بێ توانایی دەسەڵاتی سیاسی لە فەراهەمکردنی گوزەران و دابینکردنی ئازادی و سەقامگیری سیاسی بەم دوو چەمکەی (مەزهەب و ترادیسیۆن) جارێ تر هێرش دەکرێتەوە سەر ئازادی ژن و، ترادیسیۆن کراوە بە گژ هەموو پرسیارەکانی داهاتوو و بزاوتنی ئازادی کۆمەڵایەتیدا (کە ئازادی ژن داینەمۆی ئەو ئازادییە یە) زۆر جاریش لە بەکارهێنانی توند و تیژی و تێرۆر بە ئاسانترین شێوە کەڵک وەردەگیرێ، جا کەواتە دەسەڵات لە ڕێی کۆمەڵگاوە چۆن لەم تەوری دەستڕۆیشتنەدا ڕێ لە وشیارییەک ناگرێت کە لە بەرانبەر ئەمانەدا دەوەستێت؟

**❑ کارکردی هۆشیاری هەوڵی پچڕان و تێکشکانی ئەو ڕیزبەندییە دەدات کە دەکاتە تێکڕای شێوەی جومگەکانی پێکهاتەی خێزانی ترادیسیۆن و کۆمەڵگای سەرکوتگەر و دەسەڵاتی نادیمۆکرات...**

داهێنان و تەرحکردنی ئەلترناتیڤ دیوی واقعی و ئەنجامگیری بە سەمەر گەیشتنی تێفکرینی وشیاری یە بەرانبەر حاڵەتە نەفیکراوەکانی سەر بندەستی ژن، بە مانایەکی تر هۆشیاری بێ گەیشتنە قۆناغی خوێندنەوەی مێژوویی و (هەڵوێست) وەرگرتن نابێتە بزاوتێکی واقعی کە گۆڕانی ڕیشەیی بخولقێنێ، بۆ تەرحکردنی ئەلتەرناتیڤی کۆنکرێتی و ڕیشەیی کە وەڵام بە کەموکارتی و مەینەتەکانی واقعی ژنان بداتەوە، خوێندنەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئابووری و تەنانەت کولتووری ئەوتۆ دەخوازێ کە سیفەتە تایبەتییەکانی دۆزی ژنی کورد پێناسە بکات و لەوانی تر جیای کاتەوە، نەبوون یان کەمی هۆشیاری، هەمیشە وای کردووە، بزووتنەوەی ژنی کورد (ئەگەر هەبێت) هەمیشە لە ترحکردنی ئەلترناتیڤدا سەقەت و مامەڵەچی و لاساییکەرەوەی مۆدێلی کۆمەڵایەتی (بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەکان(ی پێشوو) بووە، زۆرجاریش ئەلترناتیڤەکان پڕاوپڕ بەپاڵداڕۆیشتنی هەلومەرجی دەسەڵات بووە و زۆر ترسەنۆکانەش بووە، بۆ نموونە، زەمانەتی کۆمەڵایەتی(الضمان الاجتماعی) و بیمەی بێکاری (کە بە ڕای من ئامانجێکی دیمۆکراسی کۆمەڵایەتی یە و ژنان یەکەمین کەسانێکن کەڵکی لێوەربگرن و بنەمای دەستەبەرکردنی پایەکانی ئازادبوونی ژنانە لە وابەستەیی ئابووری و مەینەتییە کۆمەڵایەتییەکان)ی ژنی کورد کە هەژارترین و مەحرومترین توێژی کۆمەڵگای کوردن، تائێستا نە تەرح کراوە و نە پێی لەسەر داگیراوە.

باری ئابوری و سیاسی خراپی کۆمەڵگای کورد بۆ ماوەی دوورودرێژ و، نوشوستی سیاسی بەردەوام، ڕێگرتنەبەر سیاسەتی تواندنەوە و تۆقاندنی ڕژێمەکان بەرانبەر کۆمەڵی کورد زەمینەیەکی ترسناکی هەمیشەیی توندوتیژیی و، پێکدادان و ترسی خوڵقاندووە، کە بواری پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتی بۆ سەر ژیانی مرۆڤی کورد، لە هەڵای پێکدادانە سیاسییەکاندا، یان نەیهێشتووە یان تەسکی کردووەتەوە. لە باشترین حاڵەتدا تێفکرینی دیمۆکراسی بۆ ژیانی کۆمەڵاتی، لەو بزوتن و ڕێکخستن و بزووتنەوە جەماوەرییە (دابەش بە سەر حیزبەکاندا) خۆ دەنوێنێت، کە دوای ڕاپەڕین وەکو دەستە و تاقم و گروپی جیاواز کەوتنە چالاکی بە جۆرێک لە کۆتاییدا بە هۆی قوتدانی هەلومەرجی ژیان لە ئەتمۆسفێری توندوتیژی و نائارامیی و دابڕانی فەرهەنگی سیاسی و میدیای کۆمەڵی ئێمە کار و پرۆژەی هۆشیاری ئەو گروپانە بە گروپە

**❑ لە حاڵی ئێستای کوردستاندا تیرۆر و خوێنی بە هەرزان ڕشتنی دەیان ژن بێ لێپرسینەوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا کە دەسەڵاتی پیاوی کورد تێیدا بەرقەرارە،**

ژنانەکانیشەوە دەڕژێتەوە سەرچاوەی بەردەوام بوون و بەرهەمهێنانەوەی ترادیسیۆن و دەسەوەسان بوون لە بەرانبەر توندوتیژیدا (زۆرترین تیرۆری ژنان دوای ڕاپەڕینی کوردستانی گرتەوە و تا ئەم دەقیقەیەش درێژەی هەیە) هەمان کات بەرەوسەرچوونی دەسەڵاتی ترادیسیۆن و کۆنەپەرستی، ئەمە مانای عەدەمیەتی گۆڕان نییە، گۆڕان حەتمیەتێکی مێژوویی یە و، ئینسانی کوردیش (ژنی کوردیش) بەشێکە لەو مێژووەی دەگۆڕدرێ بەڵام گۆڕانێک نییە کە هۆشیارییەک بەرهەمبێنێ کە گۆڕانی ڕیشەیی بخاتەسەر بزاوتنەمێژووییەکان، بۆ نموونە ئازادکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی ژنی کورد لە بزووتنەوەی حیزبایەتی و مەزهەبگەری و تاقمەگەری و دەستەگەریی پچرپچڕ و بەستنەوەی بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی و ئاسایش و یەکسانی.

هۆشیاری، پرۆژەی ئازادبوون پیادەدەکات، ئەگەر ئازادبوون لە یەکێک لە ماناکانیدا بەرپرسیاریی دەسەڵات بێت بەرانبەر ژنان و هەمان کات فەراهەمکردنی هەلومەرجی یاسایی و کۆمەڵایەتی بێت بۆ هەڵسوڕانیان بە ئەرکەکانی خۆیان، ئەوا ئەم چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییە عادیلانەیە لە واقیعیەتێکی کۆمەڵایەتی وەستاو لەسەر زێهنیەتی پیاوسالارانەی جارێکی تر کۆلۆنیکراو بە نائومێدییە سیاسییەکان و پێکدادانی توندوتیژی جۆرێکی وای لێهاتووە، دەسەڵات لە چاودێریکردن و سەرقاڵی قەیرانەکانی خۆیدا ئەو بەرپەرسیاربوونەی نەک فەراهەم نەکردووە بەڵکو دەسەڵاتی گوێزاوەتەوە بۆ ئاست و شوێنی تری وەکو زیندوکردنەوەی خێڵایەتی و ناوچەگەری و بڕوادانەوە بە تەفسیرەکانی بیری کۆنەپەرستی کە فشاریان هێناوەتەسەر ئازادی ژن و بگرە بەدناوی دەکەن، ئەرکەکانی ژنیش لەو چوارچێوە ئابورییە، کۆمەڵایەتییە ـ داخراوە، فەرهەنگییە کۆنەپارێزەدا بێ بەهرە کراوە.

پێشگرتن بە هۆشیاری و درێژەدانی ئەتمۆسفێری توندوتیژی و بندەستیی، کاراکتەرێکی شپرزە و ڕاڕا و دوودڵ و ترسەنۆک بەرهەمدێنێ؛ ترسەنۆک لە گۆڕان و هەڵبژاردن و داهاتووی چارەسەرێک کە گۆڕانی تێدا بکرێت، بەوجۆرە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە کەڵک لەم سایکۆلۆژییە فەلەج و بێ خەونە دەبینێ بۆ درێژەدان بە دوورخستنەوەی ژن لە ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بەو جۆرە دوورخستنەوەی نیوەی ئەو کۆمەڵگایە لە مەیدانی خەباتی دیمۆکراتی و فشاری سیاسی خستنە سەر دەسەڵات، مسۆگەر دەکات و تائێستا تاڕادەیەکی باش مسۆگەری کردووە.

ئامادەیی مۆدێلی ڕۆژئاوایی بۆ ئازادی ژن لە سەر زێهنی دەستەجەمعی ئێستاکەی کۆمەڵی ڕۆژهەلات بە گشتی و خەڵکی کوردیش وەکو بەشێکی ئەو کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییە و بەگژداهاتنەوەی ئەو مۆدێلە لەگەڵ کولتووری تێفکرینی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی ئێمە، هەمیشە تێکۆشانی ژنانی بۆ ئازادبوون خستۆتە کایەیەکی تەنراو بە تابۆ و گومان و سەرکۆنە و تەنانەت حاڵی نەبوون و ناوزڕاندن و... ئەم مۆدێلە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە هۆشیاری سیاسی و ڕەوشەنبیریشدا کەمجار تەفسیرێکی زانستی و کۆمەڵایەتی ئابووری بۆ کراوە، کە ئەوە دەرهاویشتەی ئەو پەلهاویشتنە ئابوورییە بەرفراوانەیە کە سنووورە دەوڵەتی و سیاسەکان ڕادەماڵێ و، بازاڕەکانی شان بەشانی تەکنۆلۆژییایەک کە بۆ خۆی خاوەنێتی، هێندە فراوان و بەربڵاو دەکات کە ئەو دەسەڵاتە ئابوورییە ڕیزبەندییە ئینسانییەش بەرپەلاماردەخات، لە بەرێوەچوون و گەشەکردن و درێژەدان بەو سیستیمەدا نێوانی چینەکان بەڕادەیەک فراوان بوون کە چینێک لە سەرەوە دەبێتە خاوەنی ژیان و چارنووس و داهاتووی چینەکانی ژێرەوەتر، ئەم سیتیمەی ڕۆژئاوا بنکەی ڕاگرتن و بیناکردنی پایەکانیەتی، ژن و منداڵانی لە ڕۆژهەلاتدا دوچاری برسێتی و بێ خزمەتگوزاری و دواکەتوویی کردووە (بێگومان دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەلاتیشی لەگەڵدا). لە ڕۆژئاوای دەوڵەمەندیشدا سەرەڕای دەسکەوتە دیمۆکراسی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، مۆدێلێکیش لە مەینەتی ژنان کە دەشێ بارزرگانی بە ئیحساس و جەستەیەوە بکرێت و مەوجودیەتی گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان (بازرگانی سێکس، مەوادی موخەدەر، فرۆشتنی ئەندامەکانی لەش، بازرگانی منداڵ، دەستدرێژکردنە سەر ژنان و ...هتد).

هۆشیاری ژنی کورد، دەرککردنە بەو مەینەتی و نادادوەرییانەی کە مێژووی سیاسیمان لە پرۆسەکانی داگیرکردن و ئەنفال و کوشتنی بە کۆمەڵ و سڕینەوەی فەرهەنگ و کاراکتەر و برسیکردن و سەرگەردانی و ترس و تۆقان و ڕوبارِی خوێندا هەڵکشاوە.

مێژووی کۆمەڵایەتی لە مەحرومیەتی ئازادی ئابووری و مافی چارەنووس و مافی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی و زۆرجار حورمەت گرتن و مافی فەرهەنگی و داهێنان و بزاوتنی ئینسانی خۆی وەکو (مرۆڤ)ێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، مەحرومیەت لە وەرگرتنی حورمەتی جێگای خۆی لە بەرانبەر ئەرکەکانی وەکو (دایک، کارگەر،...) تەنانەت لە مافی فێربوون و گەشەکردن، لە حاڵی ئێستای کوردستاندا تیرۆر و خوێنی بە هەرزان ڕشتنی دەیان ژن بێ لێپرسینەوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا کە دەسەڵاتی پیاوی کورد تێیدا بەرقەرارە، هۆشیاری لە هەڵهاتنی ئومێدی داهاتوویدا، ڕاپێچبووی ویژدانی ئینسانە بۆ پرسیاری تێکۆشان و نەوەستان، بۆ فەراهەمکردنی ژیانێک کە ژن و پیاوی کورد کەرامەت و مافەکانیان پارێزراوبێت، دوور لە دەسەڵاتی چینێک لە سەر چینێکی تر، کۆمەڵێک بەرانبەر کۆمەڵێکی تر بە دوور لە بازنەکانی توندوتیژی و هەلاوێرد و شەڕ و برسێتی و وێرانکاری.

تشرینی یەکەم ١٩٩٨



# بەسەرهاتی خەزاڵ

حوسێن مەرجانی ــ مەهاباد

ئەو نووسراوەیە چیرۆک نییە، بەڵکو بەسەرهاتی واقیعی ژنێکی لێقەوماوە کە بە هۆی هێندێک دابونەریتی چەوت و هەڵەی کۆمەڵایەتی کە زۆر جار دەیخەنە پاڵ بیروباوەڕی ئایینییەوە، تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتووە کە مرۆڤ بە بیستنی ئەو بەسەرهاتە تەزووی بە مێشک و لەشیدا دێ. دیارە مەبەستی من لە نووسینی ئەو بەسەرهاتە، ئاگادارکردنەوەی هێندێک لە دایکوبابەکانە کە پێیانوایە ئەوەی بۆ خۆیان فێری بوون و ئەوەی دەیزانن دروستە و تەواوی ڕێوشوێنەکانی دی چەوت و هەڵەن. ئەوەش بڵێم کە کەسایەتییەکانی ئەو بەسەرهاتە دەستیان تێوەرنەدراوە، تەنیا ناوەکان گۆڕدراون.

«خەزاڵ» ژنێکە کە بە هۆی ئەو هەڵوێستانە بۆتە قوربانی بیروباوەڕی کۆمەڵگاکەی. کاتێک بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت، ژنێکی بەسالاچوو دەهاتە بەرچاو، کە توانایی هیچ کارێکی نەبوو، بێ دەسەڵات، شەرمێون، مات و پەشۆکاو، ڕۆژێ دەبوو چەند جار گریابایە. بە لاکەلاک و شەلەشەل بە ڕێگادا دەڕۆیشت، هێزی ئەژنۆی نەبوو. کاتێک ویستبای هەستێتەسەرپێ دەبوو دەست بە ئەژنۆیەوە بگرێ و زۆر بە نارەحەتی هەڵدەستایە سەرپێ. پشتی چەمابۆوە و بە توندی ژانی دەکرد. هەروەها سەری ژانی دەکرد و مانگێ سێ یان چوار جار ژانەسەری دەگرت و ژانەکەی بە هیچ دەوا و دەرمانێک ئەهوەن نەدەبۆوە. لە باری ڕەوانییەوە پەرکەم و دڵەکوتەیەکی دایمی هەبوو، نیگەرانی لە داهاتوو و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ خەڵک. لە ڕووی هەڵنەدەهات سەر بەرز بکا، حەنبەڵی بووبوو، بە چەشنێک دڵی لە هیچ شتێک پاک نەدەبۆوە، دەوروبەری لێی جاڕز ببوون. ژیانی لە خوشک و براکانی تاڵ کردبوو.

لە یەکەمین چاوپێکەوتنم دا، لە ڕووی کردەوە و ئاکار و ڕەفتار و هەڵوێستی لەگەڵ دەوروبەری، بۆم دەرکەوت ئەو خوشکە تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بووە و پێویستە چارەیەکی ڕەوانی بۆ بدۆزرێتەوە و بە شیکردنەوەی ڕەفتار و ئاگاکردنەوەی، دەبێ بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ گەڵاڵە بکرێ. ئەوەی لێرەدا نووسیومە کورتەی بەسەرهاتەکەیە. دیارە تێکۆشاوم ڕووداوەکانی گرینگ باس بکەم و لە سەر هێندێک ڕوونکردنەوەی پێویست پێدابگرم کە دایکوبابەکان کەمتەرخەمی نەکەن و لەباری پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵەکانیاندا ڕێوشوێنی باش لەبەرچاو بگرن. ئەوەش دەبێ باش بزانن کە دنیا لە ئاڵوگۆڕدایە و نابێ پێیان وابێ بۆخۆیان بە چ شێوەیەک پەروەردەکراون و چ شێوەیەک لەگەڵیان ڕەفتارکراوە هەر بەو چەشنە لەگەڵ منداڵەکانیان ڕەفتار بکەن.

هێندێک لە نەخۆشییەکانی ڕەوان لەگەڵ لەش هاوسەنگییان هەیە و چۆنیەتی کاروباری لەش تووشی ناکۆکی دەکەن و دەبنە هۆی نەخۆشیی لەشیش کە ئەو جۆرە نەخۆشییانە «سایکۆسۆماتیک»یان پێدەڵێن، ئێمە لە بەسەرهاتی دڵتەزێنی ئەو خوشکەدا بە جوانی ئەوە دەبینین. هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی نارەحەتییەکانی خەزاڵ پێویستی بە شیتەڵ کردنێکی زۆر قووڵ هەبوو. ناسین و ڕوونکردنەوەی کەسایەتی ئەو نەخۆشە سی و پێنج دانیشتن و باس ولێکدانەوەی ڕەوانی خایاند و ماوەی پێنج مانگ بەردەوام حەوتووی دوو کەڕەت و لە هەر دانشتنێکدا ماوەی سەعاتێک بە یەکەوە گفتوگۆمان کرد. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، ئەو شێوەی کە بۆ شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی خەزاڵ دەکارم هێنا شێوەی (ژیری ــ عاتفی) ناودەبرێ و ئەمن لە تەواوی هەنگاوەکاندا تێکۆشاوم دەرک و ناسینێکی باش و دروست بەو خوشکە بدەم و لە چۆنیەتی پێکداچوونەکانی هەست و بیر و بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی دەروونی ئاگاداری بکەمەوە تاکوو ئەو توانایییە وەچنگ بێنێ کە بتوانێ لەگەڵ گیروگرفت و ڕێوشوێنی خراپی ژیان بە باشی هەڵسوکەوت بکا و بەرەبەرە لەناویان بەرێ.

خەزاڵ لە دانیشتنەکانی سەرەتاییدا زۆر بە تەقییە دەجووڵاوە و بیرو باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی ژیان نەبوو. لەباری دەرمانکردنی نەخۆشییەکانیەوە باوەڕی بە کەس نەمابوو. ئەوەندە لە ژێر جەزرەبە و تەوژمی ڕەواندا نوقم ببوو وەک کەسێکی لە حاڵی خنکان دابێ و بۆ ڕزگاربوونی پەلەقاژە بکا، تێدەکۆشا. قسەکانی بە توێکڵ دەکرد، لە بەرانبەر پرسیارەکاندا بە توندی ڕادەوەستا و تەفرە دەڕۆیشت. ماوەی چەند دانیشتنێکی خایاند تاکوو بەرەبەرە بۆی دەرکەوت مەبەست لەو وتووێژە چییە و بە چ مەبەستێک لە چۆنیەتی ڕووداوەکانی ژیانی دەکوڵدرێتەوە! ئەوەندەی لەگەڵ بە سەبر بووم و تا ئەو ڕادەیە لەگەڵی هاوهەستیم کرد تا بە تەواوی متمانەی پێکردم و ئەوەش بە هۆی پێکهێنانی پێوەندی باشی عاتفییەوەبوو.

لە دانیشتنی هەشتەمدا بوو کە هێندێک ئاڵوگۆڕی لە ڕەفتاریدا پێکهات. بە چەشنێک کە هێندێک کردەوەی پێویست کە لای وابوو لە توانایدا نییە، زانی وردەوردە لە چنگی دێ و دەتوانێ بیکا. ئەو ئاڵوگۆڕە دەتوانم بڵێم وزەی پتەو و قایمی لە دەروونیدا بەدیهێنا و بۆی دەرکەوت دەتوانێ بە سەر شێوەی ڕەفتارەکانی ڕابوردویدا زاڵ بێ و هەرچەشنە ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا بەدیبێنێ. بە دڵخۆشییەوە و بەبڕوایەکی پتەو، ئەو شێوە دەرمانەی درێژە پێدا و زۆر بە سەرسووڕمانەوە ئاگادار بۆوە لە چۆنیەتی کارەساتەکان و ڕەفتاری دایک و بابی و، هەروەها تەئسیری ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەی کە ببوونە هۆی ڕەوتی ئاناسایی لە ڕەفتاردا.

دوای ئەوەی توانیم بڕوا و متمانەی خەزاڵ بۆلای خۆم ڕاکێشم، بەسەرهاتی خۆی ئاوا بۆ گێڕامەوە کەوا منیش بە ئەمانەتەوە بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە:

«کاتێک دێمەلاتان و لەگەڵتان دادەنیشمە باس و لێکۆڵینەوەی بەسەرهاتی ژیانی ڕابوردووم، هەست دەکەم قورساییەکی پێتەو و قایم لە سەر بیر و هۆشم لادراوە و پەنجەرەیەک بەرەو ئاسۆی ژیانێکی بەرین وجوان و ئارامم بۆ کراوەتەوە و لە ناو دەریایەکی مەند و ڕووندا دەخولێمەوە. دنیای ڕابوردووم تاریک و پڕ مەترسی و دژوار و پەرکەم بوو. چاوم بەسترابوو. دەستێکی نادیار گوشاری خستبوە سەر ژیانی دەروونم. ئەو دەستە لە قوولایی ئابەناگای دەروونڕا سەرچاوەی گرتبوو و دەروونی دەهەژاندم.

... تا ئەو جێگەیەی بۆیان باسکردووم، لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٣٣٣ه(١٩٥٤ز)لە یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی ئایینی (باوکم مەلای گوندەکە بوو) هاتوومە دنیاوە. برایەکی لە خۆم گەورەترم هەبوو بە ناوی «جەمیل» و سێ برای لە خۆم چووکتر بەناوی «جەلال» و «جەمال» و «جەواد» و، دوو خوشکی لە خۆم چکۆڵەتر بە ناوی «خەرامان» و «خانمۆڵ». باوکم یەکجار بەدین و موسوڵمان بوو. لە باری ئابوورییەوە دەستکورت و کەم دەرامەد بووین. دایکم زێنەب ژنێکی بەسەبر بوو. گەرچی دایکوباوکم لە ڕووی خۆشەویستی و عەلاقەوە زەماوەندیان کردبوو، بەڵام زۆر لەگەڵ یەک نەدەهاتنەوە و ناکۆکییەکی زۆریان لە بەیندا هەبوو. شەڕ و نێوان ناخۆشیی بە دایم لە نێوانیاندا هەبوو و نەدەبڕایەوە. بەڵام باوکم لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە مرۆڤ نابێ دەنگ بگۆڕێ و زیز بێ، پاش هەموو نێوان ناخۆشییەک لەگەڵ دایکم ئاشت دەبۆوە. ماڵە خاڵم بە هۆی هێندێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ژن هەڵگرتنی باوکم، گوشاریان دەخستە سەر باوکم کە ئێمەش بەرخوێن کچمان دەوێتەوە. ئەوە ببوە هۆی هێندێک ناکۆکی و ناخۆشیی نێوان ماڵی ئێمە و خاڵم. باوکم دەرسی ئایینی و قورئان خوێندنی بە هەموومان فێر دەکرد. ئەمن توانیم خوێندنەوە و نووسین و قورئان لە ژێر چاودێری باوکم بە تەواوی فێر بم. باوکم بە دایم ئامۆژگاری دەکردین و ئێمەی لە هەموو کاری خراپ و دزێو دوور دەخستەوە بە چەشنێک کە نەماندەتوانی لە زەماوەند و گۆوەند و هەڵپەڕکێ و کۆبوونەوەکانی هاواڵ و خەڵکی ناو گوندەکەمان بەشداری بکەین. ئەمن پتر لە هەموو خێزانی ماڵێ گوێ لە مستی دایک و باوکم بووم، بە جۆرێک لام وابوو



ئەگەر دەستم وەدەستی پیاوێک بکەوێ خودا قەت نامبەخشێ و هەر جورە نافەرمانییەکم بە گوناحێکی گەورە و بێ ئابڕوویی و عەیب و ئیرادی دژ بە ئیسلام و ئینسانیەت دەزانی.

بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە، ئەمن قەت دەورانی منداڵیم نەدیوە، بەڵکو هەمیشە وەک کچێکی گەورە یان وەک ژنێک بەڵام بە قەڵافەت ورد تێیان ڕوانیوم و لە تەواوی تەمەنی منداڵیمدا وەک گەوران هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووم. نە تەنیا لە ڕووبەڕووبوون لەگەڵ کوڕ و پیاوان بەرگرییان لێ دەکردم، بەڵکو لە هاتوچۆکردن لەگەڵ کچانیش پێشیان دەگرتم و لایان وابوو کاری خراپ و دزێو لەوان فێردەبم. لە کاروباری دەرەوەی ماڵێدا مافی ڕاوەستان و قسە و باس لەگەڵ هیچ کچێک یان کوڕێکم نەبوو، دەبوایە سەری خۆم داخەم و سڵاوێ بکەم و تێپەڕم. هەرکە دەمدیت کچەکانی نێو ئاوایی لەگەڵ یەک کۆبوونەوە و کایە دەکەن، بە یەکەوە ڕادەکەن، خەریکی گاڵتەوگەپن، قاقا پێدەکەنن، دڵم دادەخورپا و لە ناخی دەروونەوە کزەم لە جەرگی دەهات و زگم بە خۆم دەسووتا. بە داخ و کەسەرەوە سەرم دادەخست و ڕووم لە ماڵێ دەکردەوە. حەسوودیم بە هەموو کچە هاوتەمەنەکانی خۆم دەبرد، بەتایبەتی کاتێ جێژنان، کە دەمدیت ئەوان جلوبەرگی تازەیان پۆشیوە و لە کۆڵانان بە یەکەوە دەتریقێنەوە و کایە دەکەن. بەڵام ئەمن دەبوایە لە ژووری ماڵی خۆمان بە کاری پاکوخاوێنیی ڕابگەم. ئەگەر چووبامە لای دەرگای کۆڵانەکە دەست بە جێ دایکم هەڕای دەکردمەوە و بە تەوس و پلاران بەردەبوە من و لەلای گەورە و بچووک بەخۆیدا دەشکاندمەوە. تەنیا وشەیەکی بە سەر زارمدا دەهات ئەوەبوو: «باشە دایەگیان ئەوە هاتمەوە»، دەستبەجێ ڕامدەکردەوە ژووری و لەگەڵ خەیاڵاتی جۆراوجۆر ڕامدەبوارد، دنیایەکی سەیر و جوانم بۆ خۆم پێکدەهێنا و بە ئارەزووی خۆم لە ناو ئەو دنیا خەیاڵاوییەدا خەریکی گەشت و سەیران دەبووم. لەگەڵ خۆم کایەم دەکرد، بەڵام لەپڕ وەخۆ دەهاتمەوە و لە ترسی دایکوباوکم ئەو دنیا خەیاڵاوییەم تێکدەڕووخاند، وەک کارێکی خراپ و دزێوم لێ ڕوودابێ، شەیتانم بە لەعنەت دەکرد و چەند جار (استغفر الله)م دەگوت.

هەر لەو سەردەمەیەوە کە ئەو خەیاڵاتە تاویان بۆ هێناوم، وردە وردە لە خەڵک هەڵبڕاوم و تەنیاییم بۆ خۆم هەڵبژاردووە. لەلای من تەنیایی دنیایەکی خۆش و بێ سنوور و بێ برانەوەیە. هەتا پتر دەچوومە ناو ئەو دنیایەوە، زیاتر لە خەڵک دووردەکەوتمەوە. کاتێک لە گەڵ خوشکەکانم ڕەفتارم دەکرد، منیش هەر هەمان ئامۆژگارییەکانی دایکوباوکم دەکاردەهێنا. بەرەبەرە وای لێهات بۆ ئامۆژگاری کردن جێگای دایکوباوکم گرتەوە و ئەو شێوە ڕەفتارە ئەلانیش هەر بەردەوامە.

هەر ئێستا کە ئاوڕدەدەمەوە و ڕابوردوو و تەمەنم دێنمەوە بەرچاو، بە غەیری شەڕ و نارەحەتی دایکو باوکم، تەوس و پلاری ناوکۆمەڵ و زیندانیی ناو ماڵێ و غەم و حەسرەت و بەدبەختی شتێکی دیکەم نایەتەوە بەر بیر و هۆش. جا بۆیە لە تەواوی تەمەنی ژیانم دا لە بەر ڕابوردووم هەڵاتووم و تێکۆشاوم لە بیر خۆمی ببەمەوە، شێوە فکر و بیرێکی ئایینی تایبەت بە خۆم دامەزرێنم و لە دەلاقەی ئەو دنیایەدا بڕوانمە خەڵک و هەڵیان سەنگێنم و بەرناوردیان بکەم؛ بیر و بڕوایەکی تایبەتی لە تەواوی ئەو کەسانەی جودا لەمن بیریان لە ژیان دەکردەوە، تەواوی ئەو کەسانەی گاڵتەو گەپیان دەکرد، لە شایی و زەماوەند و گۆوەنددا هەڵپەڕکێیان دەکرد، قام و بەیت و باڵۆرە و گۆرانیان دەگوت... بە بیرو باوەڕی من شەیتان چووبوە ناو کەلیچەیان و لە ئایین لایان دابوو؛ ڕەوشتی ئەوان پیس و بێ شەرعی بوو. ئەگەر دەستم وەدەستیان کەوتبا، یان لەشم وە جلوبەرگیان خشابا، دەبوایە خۆم بشۆمەوە و هەرچی خۆم دەشوتەوە دڵم خاوێن نەدەبۆوە.

زۆر بە ڕوونی لە بیرمە لە تەمەنی ١٣ ساڵیمدا، توند و تیژی و دەست بەسەرداگرتنی دایکم زیاتر بوو. بە چەشنێک کە بۆ ئاوهێنان دەچوومە کانی، ئیزنم نەبوو لەگەڵ کچ و دەستە خوشکی هاوتەمەنم ڕاوەستم و لەگەڵیان بدوێم. زۆربەی کچەکانی ئاوایی دەیانگوت خەزاڵ ئەوەندە لە خۆڕازی و خۆ بەزلزانە کە وەڵامی سڵاویشمان ناداتەوە. ئەگەر ڕۆژێک ناچاربام و دە قسەیان گرتبام و درەنگ چووبامەوە ماڵێ، بە تەوس و تەشەران چاویان هەڵدەکولیم. دایکم زۆر جار لە دەرەوە لە ناو خەڵک لێی دەدام، ئەمن وەها بە خۆم دادەشکامەوە کە ئارەزووم دەکرد زەوی بقەڵشێ و قووتم بدا و نەمێنم. ئەو ڕەفتارەی دایکم ساڵان و ساڵان هەر بەردەوام بوو، منیش تەنیا خۆم دەخواردەوە و لە ناخی دەروونمدا بە سەر خۆمدا دەدا و

قەڵسی و توورەیی خۆم دەگەڕاندەوە سەر خۆم و هەزاران تووک و دوعام لە خۆم دەکرد. ئەگەر ئامۆژگارییە ئایینییەکانی باوکم نەبایە زۆر لەمێژبوو خۆم کوشتبوو. بابم زۆر جاران بۆی باس دەکردین کە خۆکوشتن گوناحێکی گەورەیە و بە هیچ شێوەیەک خودا لە کەسێکی خۆی دەکوژێ نابووڕێ.

شتێک کە وەک خاڵێکی گرینگ هەمیشە لە بیرەوەرییەکانی ڕابوردومدا زەق و بەرچاوە ئەوەیە کە هەوەڵین کەڕەت عادەتی مانگانەم دەستی پێکرد و خۆم ناسی. ئەمن تائەو کاتە هیچ شتێکم لەو بارەیەوە نەدەزانی. لە عەیبەتان نەمدەزانی چ بکەم. ترسێکی کوشندە تەواوی بیروهۆشی داگرتبووم، ڕەنگم بە ڕوویەوە نەمابوو. وای بۆ دەچووم کە بوومەتە ژن و تووشی هەڵە و تاوانێکی گەورە بووم. نە شەو خەوم هەبوو، نە ڕۆژێ؛ خەو و خۆراکم لێبڕابوو. نە دە کەسم ڕادەدی پرسیاری لێ بکەم، نە بۆخۆم توانایی دەربڕینی ئەو گیروگرفتەم هەبوو. بە هەر شێوەیەک بوو شاردمەوە و نەمهێشت کەس پێبزانێ. بە ئاواتەوە بووم کەسێک پرسیارم لێ بکا و بڵێ ئەوە بۆ وا گرژ و ناڕەحەتی، چیت لێقەوماوە؟! بەڵام بەداخەوە کەسێکی وا دڵسۆزم شک نەدەبرد. تا چەند ساڵێکی دیکەش هەر بەو شێوەیە تێپەڕ بوو تاکوو بۆیان دەرکەوت ئەمن خۆم ناسیوە.

هەروەک باسم کرد باوکم مەلای ئاوایی بوو، هەر باسی بەهەشت و جەهەننەم و کاری خێر و شەڕ و چاکە و خراپەی بۆ دەکردین. دەیگوت ئەگەر کەسێ لاقی خوار دانێ، ئاوری جەهەننەم چاوڕوانی دەبێ. خودا دەسەر کەسەوە ناچێ، لە تاوانی کەس نابووڕێ. بابم دەیگوت کەسێکی وە دووی بەزم وخۆشی و پێکەنین و هەڵپەڕکێ دەکەوێ، شەیتان لە ناو کەلیچەی دا هانی دەدا و لە خودا و خوداپەرستی دووری دەخاتەوە و بۆ لای کفر و گوناح و بێ شەرمی و بێ ئابڕوویی ڕایدەکێشێ.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە باوکم دایکمی هەڵگەرتبوو. پاشان چەند ڕدێن سپی و پیاو ماقووڵی ئاوایی ناوبژی دەکەن و مەسڵەت دەکرێ. بابم پووڵ و پارەیەکی نابێ کە بیانداتێ یان خوشکێک تا بیکاتە بەرخوێن. بەڵام چونکە مەلای ئاوەدانی بووە ڕێزیان بۆ داناوە و مەسڵەتیان لە گەڵ کردووە. خاڵەکانم هەر لەو کاتییەوە چاوەڕوانی وەرگرتنی کچێکی باوکم بوون و بەڵام ئەو هەر نەهیەی لێکردووە. ئەمن لەو بارەوە بوومە قوربانی، بە چەشنێک کە خاڵەکانم بەدایم بە گوێی باوکمیان هەڵدەکێشا

**❑ ئەمن کە تەمەنم گەیبوە ٢٠ ساڵی، لە باری ژن و مێردایەتی تاڕادەی منداڵێکی پێنج ساڵانەم نەدەزانی**

تا ئەمن بۆ کوڕەکەیان خوازبێنی بکەن. باوکم بە توندی بەرهەڵستی ئەو کارەی دەکرد و دەیگوت ئەوە دەبێتە ژن بە ژنە کە کارێکی نالەبار و دزێوە. لەلایەکی دیکەوە کوڕی مامم پەیتا پەیتا لێی ڕادەسپاردم. بەڵام ئەمن نەتەنیا بۆ ئەوان ڕەزامەندیم نەبوو، بەڵکوو هەرچەشنە پێوەندییەکم بە کارێکی یەکجار نالەبار و ناحەز و تەنانەت بێ ئابڕوویی دادەنا.

جەمیل براکەم لە من گەورەتر بوو، هەرەتی لاوەتی بوو. لە لای دایکمەوە دەریدەبڕی کە ژنم بۆ بێنن و لەلای من دەیدرکاند و دەیگوت دادە دەبێ بۆم بە ژن بچی. ئەمنیش هەتا بڵێی پێم ناخۆش بوو. دەمگوت ئەمن چۆن دەبێ مێردی بکەم؟ لەلایەکی دیکەوە دڵم بۆ کاکم دەسووتا و پێمخۆش بوو کارێکی بۆ بکەم، ئەگەرچی بابم دەیگوت: ژن بە ژنە کارێکی ناحەزە و ئەمن کە مەلای ئاوەدانیم ئەگەر ئەو کارە بکەم، دەبمە ڕێ نیشاندەری ڕێوشوێنێکی هەڵە.

کاکم دڵی بە کچێکەوە بوو بە ناوی «نازێ» و دەیگوت دەبێ بۆم بێنن. هەرکە ناوی نازێ هات دایک و باوکم گوتیان نازێ ی مام ڕەحمان؟! نا، ئەوە بۆ ماڵی ئێمەنابێ، وەکوو باسی دەکەن بێ شەرم و بێ حەیایە، بنەماڵەکەشیان لەگەڵ ئێمە جورنایەتەوە. بابم بە تەواوی دژایەتی دەگەڵ دەکردن بەتایبەت کە زانی ئەوانیش داخوازی منن بۆ کوڕەکەیان.

خدر کوڕی دووهەمی مام ڕەحمان، کوڕێکی کورتەبالای خوێن شیرین و بە ئەدەب و موسوڵمان، هەتا خوا حەزدەکا لەسەرەخۆ بوو. لە منداڵییەوە دەمناسی، دراوسێمان بوون.

کاکم دەستبەردار نەبوو، بەردەوام هانی دەدام بۆ ئەوەی ڕەزایەتێ بدەم. بەڵام لە ناخی دەروونمەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو. پێم وابوو مێردکردن کارێکی بێشەرمانە و بێ ئابڕوویانەیە. چۆن دەبێ عافرەت خۆی بدا بە دەس پیاوێکی نەدیو و نەناس. لەلایەکی دیکەش دەمدی هەموو کچێک شوو دەکا و داخوازی شووکردنن.

جەمیل بەردەوام بە گوێیدا هەڵدەخوێندم ئەمن «نازێ»م خۆشدەوێ و ئەگەر بۆم بە ژن نەچی، هەڵیدەگرم و ئەوکات ئەتۆیان بەرخوێن دەوێ. نازێ کچێکی زۆر جوان و لەبار و کەڵەگەت بوو. لە ناو گوندەکەماندا ناوبانگی هەبوو. هەڵبەت نازێ تەنیا لەگەڵ کاکم نێوی نەدرکابوو، بەڵکوو لەگەڵ زۆربەی کوڕەکانی ئاوایی نێوانی خۆش بوو. ئەوەش نابێ حەشاردەم کە دەنگۆی چوونە ژوانی نازێ بۆ کوڕەکانی گوندەکەمان، هەموو بەیانان دەنگی دەداوە.

پاش کێشە و هەرایەکی زۆر و دەستبەردارنەبوونی کاکم، بە پێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، باوکم بێ ئەوەی پرسم پێبکا و لەبابەت ئەو کارە لەگەڵم بدوێ، ڕەزایەتی دا. لەوبەینەدا نە خاڵەکانم، نە مامەکانم و نە خۆشم، بەو کارە ڕازی نەبووین. شتێک کە جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە نە وتە ئایینییەکان و نە بیروباوەڕی باوکم، هیچکامیان لەگەڵ ئەو کارە جورنەدەهاتنەوە. لەو بەینەدا تەنیا ئەمن فیدا بووم. کەس پێیوا نییە ئەمن، یا ئێمەی عافرەت لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا عاتیفە و مافی ئینسانیمان هەیە و وەک ئینسان لەگەڵمان هەڵسوکەوت بکەن.

ڕەزایەت درا، ئەمن لە خدر ، نازێ لە کاکم مارە کرا. پاشی دوو ڕۆژ ئەمن بەڕێ کرامە ماڵی خدر و نازێ بۆ کاکم هات. دێرەدا واباشە ئەوە بڵێم، ئەمن کە تەمەنم گەیبوە ٢٠ ساڵی، لە باری ژن و مێردایەتی تاڕادەی منداڵێکی پێنج ساڵانەم نەدەزانی. نەمدەزانی کچ بۆ مێر دەکا و ژن لە ماڵە مێرد چ ئەرکێکی لە سەر شانە.

ئێوارە بوو کە بە بووکیان بردم. لە ماڵی باوکم هیچ بەزم و زەماوەندێک نەبوو. بەڵام لە ماڵی خدر خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە و زەماوەندیان دەکرد. ئێوارەی پاییز بوو، لە بەر شەرم و حەیا تەواوی لەشم شەڵاڵی عارەقە بوو. شەرم و حەیایەکی ناسروشتی کە ئاکامی بێ ئاگابوون و نەزانینی کچێکی ٢٠ ساڵانەی چاو و گوێ بەستراو، کە بە هۆی شێوە پەروەردەکردن و بارهێنانێکی هەڵە و چەوت گەیشتۆتە ئەو ڕۆژەی کە مێردی کردووە و هاتۆتە ماڵی مێرد؛ هیچ شتێک لە بارەی مێردکردن و ژن و مێردایەتی نازانێ. تەنانەت مێردکردنیش بە ویست و خواستی وی نەبووە.


ماڵی خدر دەوڵەمەند و پڕ حەشیمەت بوو. خەزوورم حەوت منداڵ، براکەی پێنج منداڵ و براچووکەکەشی چوار منداڵی هەبوو. کاروکاسپییان باش بوو. زەوی و ماڵ و ماڵاتێکی زۆریان هەبوو. براگەورەی خدر چەند ساڵێک بوو هاتوچۆی دوکتوری دەکرد، تووشی نەخۆشییەکی سەیر ببوو، مووی دەموچاوی هەموو هەڵوەریبوو. پێستی لەشی ڕەش

هەڵگەڕابوو. برین و زیپکەی لە دەست و دەم وچاوی دەهات. خەڵکی ئاوایی دەیانگوت حەمزە گوڵ بووە، هەرکەس شتی دەستی بخوا تووشی گوڵی دەبێ. ئامۆژنی خدر، دەم و چاوی زێپکەی لێدەهات، زۆربەی کاری ماڵ وەئەستۆی وی بوو، چێشتی ماڵێ ئەو لێیدەنا. خەسووم نەخۆش بوو، دەمو چاوی هەڵدەمسا، ڕەنگی زەردهەڵگەڕابوو.

شەوی زەماوەند، لەگەڵ خەسووم نان و چێشتیان بۆ دانام، چێشتەکەیان برنج و خۆرشت بوو، یەکەم پاروو کە دەستم بۆ برد، موویەکی درێژی تێدا بوو. لە پاروویەک زیاترم لە گەروو نەچوەخوار، خەسووم زۆری حەول دا، بەڵام نەمتوانی چیدیکە بخۆم. میوانەکان نان وچێشتیان خوارد و پاشان دەستیان بە زەماوەند کرد. شەو درەنگ ببوو میوانەکان بەرە بەرە ماڵئاواییان دەخواست و دەڕیشتنەوە.

دەوروبەرم چۆڵ ببوو، دەرگای ناو ژوورەکە کرایەوە، خدر بوو، هاتە ژوورێ، سڵاوی کرد، هەستام لەبەری، وەڵامی سڵاوم دایەوە. دڵم وەلەرزین کەوتبوو، تاڵترین و ناخۆشترین کات و ساتی ژیانم ئەو دەمە بوو. هێشتا دەستی وە دەستم نەکەوتبوو کە هەزاران بار مەرگی خۆم بە ئاوات خواست! وشەکان لە ناو مێشکمدا تێکەڵ ببوون... پاشی سەعاتێک زگم وەک دەهۆڵ هەڵمسا، لەخۆم وەحشەتم دەکرد، پێم سەیر بوو بۆ وام لێهاتووە. وردە وردە دەموچاوم پڕ بوو لە زیپکەی ئاودار، بێزم لە خۆم دەکرد، چوومە لای پەنجەرە تاکوو خۆم هەڵدێرم و خۆم بکوژم. وتەکانی بابم وەبیر هاتەوە کە هەرکەس خۆی بکوژێ هەتاهەتایە لە ئاگری جەهەننەمدا دەسووتێ. خدر سەری سووڕمابوو کە ئەوە چ نەخۆشییەکە! دەیگوت بابچین بۆ شاری لای دوکتور، ئەمن ڕازی نەبووم. جارێکی دیکە بە نیازی خۆهەڵداشتن لە پەنجەرە نزیک بوومەوە. دەرفەت نەبوو، تووشی خوێنڕێژیی ببووم، خوێنم ڕانەدەوەستا. بودڕنێکی یەکجار ناخۆش لە جلوبەرگی خدر دەهات، سەرم ژانی دەکرد.

بە پێی دابونەریتی کوردەواری بەیانی خوسووم و ژن و کچەکانی ناوماڵێ بۆ بەخێرهاتن هاتنەلای من. کاتێک چاویان بە من کەوت، تووشی سەرلێشێواوییەکی سەیر بوون. دەیانگوت شەوێ چۆنمان بەجێهێشت و ئەلان چ دەبینین. بێزم لە هەموویان دەکرد. پێمخۆش نەبوو هیچکامیان بێن بۆلام و ماچم بکەن. خوێنڕێژی هەر بەردەوام بوو. نیشتیام گیرابوو، نانی بەیانیم بۆ نەخورا. بەرەبەرە ژن و کچەکانی دراوسێمان بۆ دیدەنی هاتنە ماڵێ. کاتێک چاویان پێمدەکەوت، وەک گوڵ ببینن



لێم دەسڵەمینەوە. نەخۆشیی من لە ناو گونددا دەنگی دایەوە، ژن و کچی ناو گوند کەوتنە سرتە سرت، هەرکەسەی شتێکی دەگوت و شتێکی ساز دەکرد. دەنگۆ گەیشتە ئەو ڕادەیە گوتیان خەزاڵ گوڵ بووە. بەڵام کێ بینراوە بە شەوێک گوڵ بێ. هەرچی بوو بێزم لە خۆم و لە خەڵک دەکرد، نەمدەوێرا چاو لە ئاوێنە بکەم و بڕوانمە خۆم.

پاشی چەند سەعاتێک دایکم خۆی بە ژوور ماڵەکەمان داکرد، کە چاوی بە من کەوت، لە گابۆڕی دا. «ـ ڕۆڵە گیان بۆ وات لێهاتووە، چی بووە، بۆ وا هەڵمساوی...». دایکم بە سەری خۆیدا دەدا و خۆی دەڕنییەوە. لە باوەشی دەکردم و نەیدەتوانی ماچم بکا. بێ دەسەڵات و لێقەوماو دەستی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت، هەر پەلەقاژەی دەکرد. ئەمن ناچار بووم دایکم ئەهوەن بکەمەوە. قسەیەکی پێبوو نەیدەزانی چلۆنم پێ بڵێ! هەر بەخۆی دادەدا و دەیگوت لە خۆم لێقەوماوێ، چارەڕەش خۆم. دەیهەویست قسەیەک بدرکێنێ و نەیدەتوانی... دەیزانی ئەگەر پێم بڵێ حاڵی من خراپتر دەبێ، بە لەخۆدان و سەرلێشێواوی ڕۆیشتەوە ماڵێ.

خدر هەر دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوت دەهاتە لام و دەیگوت ئەوە بۆ وات لێهات، بابچینە شاری لای دوکتور، بەڵام من ڕازی نەدەبووم. لە ڕووم هەڵنەدەهات بچمە شاری و خەڵک ببینن. خدر کە لێم نزیک دەبۆوە بۆنێکی پیسی لێدەهات و ئەمنی هێندەی دی لەو وەزعە بێزار دەکرد. ماوەی سێ حەوتووی خایاند تاکوو تۆزێک هاتمەوە سەرحاڵ و کەمێک باشتر بووم، بەڵام نەمدەتوانی خۆم لە هیچ کامیان نزیک کەمەوە، هەر بۆلام دەهاتن بۆنی ناخۆش و پیس، بۆنی دڕن مێشکی سەرمی دادەگرت و دەگێژەوە دەهاتم. ئەوەی ئەمن دە ماوەی ئەو سێ حەوتوویەدا چێشتم، تەنیا خۆم دەزانم چیم چێشتووە. خدر بە هەموو شێوەیەک دەیویست دڵی من بە دەست بێنێ، بەڵام کە لێم نزیک دەبۆوە، لە بەر بۆدڕن حاڵم تێکدەچوو و سەرم دەگێژەوە دەهات.

لەوماوەیەدا بە هۆی نەخۆشی بە تەواوی لە ماڵە باوکم بێ خەبەر بووم و ئاگاداری بەسەرهاتەکانی ماڵی باوکم نەبووم. لە ماڵی باوکم ئەوەی نەدەبوو ڕوویدابایە ڕوویدابوو و بە هۆی ئەو کارەساتە تەواو منیان لە بیر چووبۆوە. نازێ ی ژنی کاکم، ئەوەی خەڵک لە بارەیان دەگوت دەنگۆ نەبوو و هەمووی ڕاست بوو. ئەو کچە شۆخ و شەنگە، ئەو کچە جوان و لەبارە خۆی پێڕانەگیرابوو و بە ژنێتی هاتبوە ماڵی کاکم. هەر لە ڕۆژی دوای هاتنی، هەرا و ناڕەحەتی دەستی پێکرد، لە دوای باب و براکانی نازێ دا دەنێرن و بابم پێیان دەڵێ ئەمن کچم لە ئێوە خواستووە نە بێوەژن! ئێوە بێ حورمەتیتان بە من کردووە، هەرچی باب و برا و مامی نازێ دەپاڕێنەوە بابم ڕازی نابێ. شتێکی لە هەمووان خراپتر ئەوەدەبێ کە شەوی دووەم کەسێک لە خەڵکی ئاواییکەڵەشاخ لە سەربانی ماڵی باوکم دەچەقێنن، بابم بیانووی وەچنگ دەکەوێ و بە ماڵی باوکی براژنم دەڵێ ئەمن ئەو هەموو بێ حورمەتی و بێ ئابڕووییەم لێ ناوەشێتەوە، نازێ بەرنەوە و خەزاڵم بۆ بنێرنەوە. لە ماوەی ئەو سێ حەوتوویەدا کێشە و هەرا هەر بەردەوام بوو. پاشان بە نێوی **بانگەوازی،** ئەمن و تەواوی ماڵی خەزوورم بۆ نەهار بانگهێشتن دەکەن. خدر، خەسووم، مام ڕەحمان، زۆریان تەقەلا کرد کە ئەو بانگەوازییە وەدواخەن. بەردەوام پێیان دەگوتم «خەزاڵ دەچییەوە ماڵی باوکت بەڵام ناگەڕێیەوە!». ئەمن ئەو قسەیەی ئەوانم پێ سەیر بوو. بەسەرسوڕمانەوە دەمڕوانیە قسەکەیان، چونکە هەموویان لەوماوەیەدا بە تەواوی هێز و توانایانەوە ڕێز و حورمەتیان بۆ دانابووم و لەبارەی نەخۆشییەکەم لەمن پتر بەداخ و کەسەر بوون. خدر دەیگوت بە قسەم بکە مەچۆوە، چونکە دەزانم ئەگەر بچییەوە،ناگەڕێیەوە. زۆریان لەبەر هەڵخوێندم کە نەچمەوە. ئەمن لە چۆنیەتی بەسەرهاتەکە بێ ئاگابووم.

بۆ نەهار چووینەوە ماڵی باوکم. کە چوومە ناو ژووری ماڵەوە هەموو دەستیان لە ئامێزم کرد. کاتێک بەخێرهاتنیان دەکردم، بە جۆرێک چاویان لێدەکردم وادیاربوو شتێک قەوماوە. نازێ لە لای دەرگای ژوورەکەوە ڕاوەستابوو متەقی لێوە نەدەهات. زۆر پەرۆش و ژاکاوم هاتە بەرچاو. لە پێش هەموو شتێک لە نەخۆشیی منیان پرسیار کرد، خەسووم هەر دەیگوت «بە خودا لە گوڵێ کاڵترمان پێ نەگوتوە، ئێمەش سەرمان سووڕماوە بۆ وای لێهاتووە، زۆرمان حەول و تەقەلا دا بیبەینە شاری لای دوکتور، ڕازی نەدەبوو». خەسووم پەیتا پەیتا ڕووی لەلای من دەکرد و ڕاستییەکەی لە من پرسیار دەکرد، دەیگوت

وانەبوو، کەس لەگەڵت خراپ بووە؟! نەمدەزانی خەسووم لەبەرچی ئەوەندە لامەلامەم لەبەردەکا. نانی نێوەڕۆمان خوارد و بەرەبەرە قسە و باس دەستی پێکرد. لە قسەکانیان نەدەگەیشتم تاکوو بابم بە سەر خەزوورمدا گوڕاندی و گوتی: ئێوە کە دەتانزانی کچەکەتان ژنە و بێ نامووسی هێناوەتەپێش، بۆچی ئەو کارەتان دەگەڵ دەکردم. ئەمن کچم داوە بە کچ، نەک بە بێوەژن. خەڵکی ئاوایی کەڵەشاخیان لە سەربانی من چەقاندووە...». لە حاڵێکدا باوکم دەیگوڕاند هاواری جەلالی برامی کرد و گوتی دا ئەو کەڵەشاخە بۆ مام ڕەحمانی بێنە، ئەوە لایقی منە؟! پاشی هەراوهوریایەکی زۆر، ماڵی خەزوورم لە حاڵێکدا نازێ یان بەگریانەوە لەگەڵ خۆیان خست، بە ناڕەحەتی و کەسەرەوە ماڵئاوییان لە باوکم کرد و ڕۆیشتن، منیش لە ماڵی باوکم بە جێ مام.

سەرم سووڕمابوو، لەلایەک زۆرم دڵ پێیان دەسووتا کە ئەو هەمووە پاڕانەوە نەیانتوانی باوکم ڕازی بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە، زۆرم پێ خۆش بوو کە ناچمەوە. کاکە جەمیل مێردی نازێ، نەیدەزانی چ بکا، لەلایەک نازێ ی زۆر بە دڵەوە بوو، لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی دایکو باوک و "تانە و تەشەری خەڵکی ئاوایی» نەبوو.

کاری لێک جیابوونەوەی ئێمە گەیشتە دادگا. ماوەی دووساڵانی خایاند، لەو ماوەیەدا حەول و تەقەللایەکی زۆریان دا کە بەرگری لە جیابوونەوەی ئێمە بکەن. ئەوان بڕوایان وابوو کە جیابوونەوەی نازێ و جەمیل هیچ پێوەندی بە جیابوونەوەی ئێمەوە نییە. بەڵام باوکم دەیگوت، ئەمن کچم داوە بە کچ، گرینگتر لە هەموو شتێک ئەوانە ماڵێکی بێ ئابڕوون، ئێمە و ئەوانیان نەگوتووە. لە تەواوی ماوەی دووساڵ هاتوچۆی ئێمە بۆ دادگا، هەرکە تووشی خدر دەبووم، بە داخ و حەسرەت دەیڕوانییە من و دەیگوت «توخودا خەزاڵ ڕازی بە جیابوونەوە مەبە، وەرە ئێمە ژیانی خۆمان بۆ مەبەستی ئەوان هەڵنەوەشێنین، ئەمن بە تەواوی تەمەنی ژیانم ئارەزووی گەیشتن بە تۆم هەبووە، ئەلان کە بە یەک گەیشتووین بۆ دەبێ لێکمان جودا بکەنەوە، توخودا بە باوکت بڵێ با ژیانی ئێمە تێکنەدا». ئەمن دڵم بۆی دەسووتا، هەروەها زۆریشم پێ ناخۆش بوو کە کەسانی دیکە ژیانی ئێمە هەڵدەسووڕێنن و ئێمە هیچ مافێکمان بە سەر ژیانی خۆمانەوە نییە، جا لەبەر ئەوە جیابوونەوە لە خدرم پێ ناخۆش بوو.

دووساڵ ژیان و بەسەرهاتی نادیار و بێ دەسەڵاتی کە خەڵک ڕێوشوێنی ژیانت

**❑ لەوماوەیەدا هەمە چەشنە پیاوێک هاتوونەتە خوازبێنی من، بەڵام هیچکامیانم بە دڵ نەبووە. چونکە مێرکردنم بە بێ ئابڕووترین کارداناوە**

بەسەرداسەپێنن و جەغزی ژیانت بۆ بکێشن، یەکجار تاڵ و جەرگبڕە. لەو ماوەیەدا ژیانێکی پڕ لە نیگەرانی و پەرکەمم تێپەڕ کرد و بەچەشنی پووشێک کە بکەوێتە ناو گێژاو و گردەلوولێکەوە، دەسووڕامەوە. لەو دوساڵەدا لە ژێر تەوژمی دژایەتییەکانی دەرووندا پەلەقاژەم دەکرد و دەمناڵاند، بەڵام دەسەڵاتی بچووکترین خۆپیشاندانم نەبوو، توانای دەربڕینی بیروباوەڕی خۆم نەبوو. بەرزترین و گرینگترین ئاوات و ئارەزووی من ئەوە بوو یەکێک پێم بڵێ تۆ کێی و چیت دەوێ؟ داخەکەم دەمدیت ئەمنی عافرەت و بێدەسەڵات کە لە تەواوی درێژایی ژیانمدا بێقسەیی گەورەتر لە خۆم نەکردووە و گوێڕایەڵی دایکوباوکم بووم، ئەلان بە کەیف و ئارەزووی خۆیان بە چەشنی گیانلەبەرێک دەمانکڕن و دەمانفرۆشن. لە ماوەی ئەو دووساڵەدا باوکم پێی دەگوتم: «ڕۆڵە! ئەتۆ بۆ ئەو ماڵە نەدەبووی، دیتت هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تووشی چ نەخۆشییەک بووی، ئەو ماڵە نەخۆشی گولییان تێدایە، خودا ڕەحمی پێکردین دەنا ئەتۆش گول دەبووی، ئێمە و ئەوانیان نەگوتبوو، هەر لە سەرەتاوە ئەمن ژن بە ژنەم پێ کارێکی ناحەز و دزێو بوو، بەڵام چی بکەم پێیان کردم».

دووساڵ تێپەڕ بوو، نەمدەزانی چ بکەم و چیم لێدێتەوە. باوکم بە کەیفی خۆی دەکرد، هەر ئەو بە مێردی دام و هەر ئەویش تەڵاقی بۆ وەرگرتمەوە. جاری وابوو پێمخۆش بوو بچمەوە لای خدر، دڵم پێی دەسووتا، ئەویش هەروەک من لێقەوماو و بێدەسەڵات بوو. دیارە لە ماوەی ئەو سێ حەوتوویەدا کە لە ماڵی خدربووم، هەموو لەگەڵم باش بوون و کەس بێ حورمەتی پێ نەکردم، بەڵام هەر بە دوای ئەو فکرانەدا ئەوەدەهاتەوە بەر مێشکم کە چۆن لەگەڵ بۆدڕنی خدر ژیان بەرمەسەر. نەخۆشییەکەی خۆم، زیپکەی دەموچاوم، زگهەڵمسان، خوێنڕێژی ئەو چەند ڕۆژەم لەوان دەزانی و دەمگوت ئەگەر بچمەوە ماڵی خدر، دیسان تووشی هەزاران نەخۆشیی دیکە دەبم.

پاش ئەو دووساڵە نازێ تەڵاق درا و ئەمنیش تەڵاقم لە خدر وەرگرت. ئەمن بە ناوی بێوەژنێک ژیانی تازەم دەستپێکرد، ژیانێکی پڕ لە ناڕەحەتی و چارەڕەشی. لەلایەک نێوان ناخۆشیی دایکوباوکم و لەلایەک تەوس و پللاری خەڵک. سەرباقی ئەوانەش، لە ناو گوند و ئاواییدا بێوەژن بەدبەخت و لێقەوماوە، هەرکەس دەگاتێ قسەی پێ دەڵێ. ئەمن لە هەمووان پتر جەزرەبەم کێشاوە، چونکە هەرکام لەو پیاوانەی قسەی پێدەگوتم نەتەنیا نەفرەتم لێ پەیدا دەکرد، بەڵکو ئەو شێوە بیروباوەڕە تا ئەو جێگایەی گەیشت کە ئەو کەسانەی زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە دەهاتنە لای باوکم بۆ خوازبێنیم، لە بەرچاوم بێ ئابڕوو ناحەز بوون. لە ماوەی ۲۳ ساڵ کە لە جیابوونەوەم تێدەپەڕێ، هەموو چەشنە پیاوێک بۆ خوازبێنی هاتوون و لە هەرکام بە چەشنێک عەیب و ئیرادم گرتووە و پێیان ڕازی نەبووم. بەڵام لەم ماوەیەدا چەند وێنەی سەیرم لە بەرچاوە، جارێک مەلایەک کە هاواڵ و هاوڕێی منداڵیی باوکم بوو و زۆر دەهاتە ماڵی ئێمە، ڕۆژێک کە ئەمنی بەتەنیا چاو پێکەوت، بە دەرفەتی زانی و ڕاستەوخۆ خوازبێنی لێکردم، ئەمن خۆم لە گێژیی دا. سەرلەنوێ داخوازییەکەی دووپاتکردەوە، دیسان خۆم گێل کرد. ئەوجار ڕاستو ڕەوان دەری بڕی و گوتی: ئەرێ بۆ مێردم پێناکەی؟ تەنیا وەڵامێکی کە بە مێشکم داهات ئەوەبوو «مامۆستا ئەتۆ لە جێی باپیری منی، بۆ گاڵتەم پێدەکەی! دەست بەردارنەبوو، ڕزگاربوونم نەبوو، گوتم مامۆستا ئیدی نەیەوە ماڵی ئێمە، زوو وەدەرکەوە! ئەلانیش کە وەبیرم دێتەوە مچوڕکم بە لەشدادێ. جارێکی دیکە، شێخێک هاتبوە گوندی ئێمە و چەند ڕۆژ مایەوە. ڕۆژێک هاتە ماڵێ لای باوکم. چاوم بە شێخ کەوت زۆر پیر و کەنەفت بوو، پاشی بەخێر هاتن و چاک و چۆنیی، خوازبێنی منی لە باوکم کرد، باوکیشم بێ پرسکردن لە من وەڵامی ڕەتی داپۆوە.

لەوماوەیەدا هەمە چەشنە پیاوێک هاتوونەتە خوازبێنی من، بەڵام هیچکامیانم بە دڵ نەبووە.

چونکە مێرکردنم بە بێ ئابڕووترین کارداناوە و وامزانیوە کچێکی مێردی دەکا گوناح و بێ ئابڕوویەکی گەورە دەکا و لەلای خودا نابەخشرێ و، ئەمن دەبێ تاوانی ئەو گوناحەی پێیان کردووم بدەمەوە. جا هەر لەبەر ئەوەیە بەردەوام خۆم بە گوناحبار و داوێن پیس دادەنێم. هەرچەند جاری وەبیرم دێتەوە کە باوکم ئەمنی بە شووداوە، ڕق و قینێکی بێوێنە سەرتاپێی لەشم دادەگرێ و لە دەروونی خۆمدا دەڵێم تەواوی ئەو نوێژ و ڕووژووەی باوکم بە فیڕۆ چووە، یان جەمیل بۆ ئارەزووی دڵی خۆی منی هاندا بۆی بە ژن بچم؛ هەموویانم بە

دوژمنی خۆم دادەنان، دوژمنێکی کە منیان تووشی ئەو گوناحە کردووە، ئەوان بە تاوانبار دادەنێم.
براکەم جەمیل پاش پێنج ساڵ ژنێکی دیکەی هێنا، بێوەژنێک کە لە مێردەکەی جیابۆوە. ئەلان سێ منداڵی هەیە، بەڵام هێشتا رێکنەکەوتوون و بە دایم شەڕ و ناکۆکییان لەناودا هەیە و ژیانێکی زۆر ناخۆش دەبەنەسەر. خدر هەشت ساڵی تەواو هەر بە هیوای من بوو. لای وابوو رۆژێک ئەمن پەژیوان دەبمەوە و دەگەڕێمەوە لای. زۆر جار خەڵکی رادەسپارد، بەڵام من نە دەسەڵاتم هەبوو و نە پێشم خۆشبوو بگەڕێمەوە ماڵی خدر. پاش هەشت ساڵ کە هیوای بڕا، ژنی هێنا و ئەلان دوو کوڕی هەیە، وەک باسدەکەن ژیانێکی یەکجار ناخۆش و پڕ لە ژان و ناکۆکییان هەیە. زۆر جار رادەسپێرێ و دەڵێ بە خەزاڵ بڵێن تادەمرم ئەو و باوکی قەت ئازاد ناکەم کە ژیانی منیان تووشی ناکۆکی و چەرمەسەری کرد.
ماوەی دەساڵ تێپەڕ بوو، رۆژ بە رۆژ لەباری دەروونییەوە خراپتر دەبووم. لەوماوەیە تەوژمی جۆراوجۆر تەنگیان پێ هەڵچنیبووم. چێشتی دەستی کەسم نەدەخوارد. بە قاپ و لیوانی کەس نە چێشتم دەخوارد و نە ئاوم دەخواردەوە. بێزم نەدەهات بە سابوونی کەس دەستم بشۆم، لە سەر بەرماڵی کەس بێزم نەدەهات نوێژێ بکەم. جلوبەرگ و لەشی هەموو کەسم پێ پیس بوو و بۆنی دڕن و چڵکی لێ دەهات. ئەگەر ژن و کچێک هاتبانە ماڵی ئێمە و بەپێی دابونەریت دەستی لە ئەستۆم کردبا و ماچی کردبام، وەهام بێز هەڵدەستا کە خۆم پێ رانەدەگیرا و ناچار دەبووم بڕۆم جلوبەرگم بگۆڕم و دەست و دەموچاوم بە سابوونی تایبەتی خۆم بشۆمەوە.
پاش تێپەڕبوونی دەساڵ، رۆژێک بابم بۆ هێندێک ئیش و کاری پێویست رۆیشت بۆ شار. ئەوێ رۆژێ نەگەڕاوە، زۆرمان پێ سەیر بوو. قەت وانەبوو شەوێ لە شاری بمێنێتەوە، یەکجار ناڕەحەت بووین، رۆژی دوایی ئاگاداریان کردین کە باوکم لە شار کەوتۆتە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندار بووە و لە نەخۆشخانەیە. بە تێکڕایی بە گابۆڕلێدان چووینە نەخۆشخانەی شار، باوکم لە نەخۆشخانە لە سەر تەختێک درێژ کرابوو، گوللەیەک وە سینگی کەوتبوو. بەدیتی باوکم حاڵم تێکچوو و بێ هۆش کەوتم.
باوکم لە ماوەی شەش مانگاندا، سێ جار لە نەخۆشخانە لە ژێرچاودێریی دوکتوران

> **❑ بۆ هەموو کارێک بە تاوانباری دەزانم. قسەی خۆشی وی بە جنێو دەزانم. کاتێک چاوم لێدەکا، رق و قینێکی لەبننەهاتوو لە دایکم دێتە ناو مێشکم، وەبیر تەمەنی منداڵییم دەکەومەوە**

دەیانخست و پاش ماوەیەک بەرێیان دەکردەوە ماڵێ و دوای ماوەیەک دیسان برینەکەی تەشەنەی دەکردەوە و دەکەوتەوە ژێرچاودێری. جاری سێهەم، بابم ماوەی بیست و پێنج رۆژان لە نەخۆشخانە مایەوە، برینەکەی چڵکی کردبوو. رۆژی وابوو باش بوو و رۆژی واش بوو حاڵی تێکدەچوو.
رۆژێک لە ناکاو ماشێنێک لە بەر دەرگای ماڵی راگرت. هەراوهوریایەکی زۆر هات. کە چووینە بەر دەرگا، چاوم بە تەرمی باوکم کەوت لە ناو پەتوویەک پێچابوویانەوە چەند کەس دەیانهێنا خوارێ. زمانم گیرا و چاوم بە مۆلەق راوەستا و لە هۆش چووم. کاتێک بە ئاگا هاتمەوە دەوروبەرم پڕ لە حەشیمەت بوو، یەکێک قەنداوی بەزاری دادەکردم، یەکی دی دەیگوت لێیگەڕێن بۆخۆی وەهۆش دێتەوە... باوکم لەوماوەیەدا کفن ودفن کرابوو و ناشتبوویان. من لێی دیدارئاخر بووم. لەگەڵ مردن هیچ ناکرێ و هەموو ئینسانێک لە بەرانبەر مردندا بێ دەسەڵاتە و هیچ کارێکی لە چنگ نایە.
پاش مردنی باوکم ژیانی ئێمە زۆر سەخت و دژوار بوو. ئێمە چوار خوشک و چوار برا و دایکمان لە خانوویەکی بچووکدا بەیەکەوە دەژیاین. کاکم ژن و منداڵێکی هەبوو، لەسەریەک یازدە کەس بوون و بژیوی ئێمە تەنیا کاری براگەورەکەم بوو کە ئەویش کارەکەر بوو.
ساڵی دوای مردنی باوکم، بەهۆی بێبژیوی و نەداری، تێکڕا چووینە شارێکی دوور بۆ خشت برین لە کوورەخانەدا. هەرکەسێکی کاری خشتبڕی نەکردبێ نازانێ کاری کوورەخانە تا چ رادەیەک سەخت و ژیان چ تاڵ وناخۆشە. لە کوورەخانە ئەگەر کارێ کەم بکەی بژیوت نابێ و ئەگەر زۆر کارێ بکەی لە هێز و تاقەت دەکەوی. ساڵی یەکەم بژیوێکمان وەچنگ کەوت و زستانمان پێ رابوارد. بەهار هاتەوە، هێشتا مانگێک بەهار تێنەپەڕیبوو کە دیسان رووماں کردە شارێکی دوور بۆ خشتبڕین. تازە دەستمان بە کار کردبوو کە لە ناکاو ژانێکی کوشندە لە ئەژنۆمدا دەستی پێکرد، لاقم لە دوام نەدەهات. بردیانمە لای دوکتور، تاقیکردنەوەی زۆریان لە سەر کردم، دەوا و دەرمانێکی زۆریشیان دامێ، هەموویانم دەکار کردن، بەڵام هیچیان شوێنێکی ئەوتۆیان لە سەر ژانی ئەژنۆم دانەنا... ئێستا کە دەبینێ دەشەلم، ئاسەواری کارکردن و خشتبڕین لە کورەخانەیە.
ئەلان ماوەی دوازدە ساڵ لە مەرگی باوکم تێپەڕ بووە، لەو ماوەیەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە ماڵی ئێمەدا هاتووەتەکایەوە. برا گەورەکەم لە ئێمە جیابۆتەوە و چۆتە شار. برای دووهەممان ژنی هێناوە و لەگەڵماندایە. برای سێهەم بە تازەگی کچێکی خۆشدەویست، هەڵیگرت کە ئەو کارە کێشە و هەرایەکی زۆری بە دواوە بوو تاکوو هێندێک ڕدێن سپی و پیاوماقووڵەکانی ئاوایی کەوتنە ناوبژی و مەسلەتیان کرد.
ژیانی من لەو ماوەیەدا رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر و نالەبارتر بووە، تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆربووم. پشت ئێشە، لاق ئێشە و بە تایبەت ژانەسەر برستی لێ بڕیوم. مانگێ سێ یا چوار جار ژانە سەرێک دەمگرێ کە ناتوانم سەرم لە سەر زەوی هەڵگرم، خۆڵی زەوی بە نینۆکان هەڵدەقەنم، زۆر جار لە هۆش دەچم و مەرگی خۆم بە ئاوات دەخوازم. ئەوەی زۆر سەیروعەجایبە ئەوەیە کە لە کاتی عادەتی مانگانەدا ژانەسەرەکە دەست پێدەکا و تاچەند رۆژان بەردەوام دەبێ. بەڵام هەموو جارێ تا خوێن لە کەپۆ(لووت)م نەیا، ژانەسەرەکەم ئەهوەن نابێتەوە. هەمیشە مات و پەشۆکاوم. دڵم بە هیچ شتێک خۆش نییە. جار و بار کە بیر لە باوکم دەکەمەوە سەرم دەگێژەوە دێ. رقم لێی هەڵدەستێ، دوعای خراپی لێدەکەم. بەڵام زۆر زوو پەشیمان دەبمەوە. لە ناچاری دەست دەکەم بە فاتیحەخوێندن بۆ بابم.
لەگەڵ دایکم حاوانەوەم نییە. لە خۆڕا بەگژی دادەچم، ئەلان دەبینم لە بەر چنگمدا بە تەواوی بێدەسەڵاتە. بۆ هەموو کارێک بە تاوانباری دەزانم. قسەی خۆشی وی بە جنێو دەزانم. کاتێک چاوم لێدەکا، رق و قینێکی لەبننەهاتوو لە دایکم دێتە ناو مێشکم، وەبیر تەمەنی منداڵییم دەکەومەوە. کردەوەکانی ئەو سەردەمیم دێتەوەبەرچاو، کە چۆن سەرکوتی دەکردم و نەیدەهێشت سەر هەڵێنم. بە تەوس و پڵلار جاڕزی کردبووم. هەموو پیاوێکی لەبەر چاوم کردبوە دێوەزمە و گورگ. کەچی ئێستا دوای ئەو هەمووە ساڵە، دایکم لەبەرم هەڵدەخوێنێ و دەڵێ بۆ شوو ناکەیەوە. بۆچی شوو بکەمەوە، ژیانی منیش وەک دایکو بابم بێ؟ شووبکەم تووشی بێ ئابڕوویی بم؟ نا قەت کاری واناکەم. جارێک تووشی هەڵەیان کردم، ئەو هەڵەیەی دووپات ناکەمەوە، نیتر بەسە دووپاتی ناکەمەوە...».

وتووێژێکی بڵاونەکراوە
دەگەڵ:

# ماموستا هێمن

پێشەکی: ئەحمەدی شەریفی
ئامادەکردن: سەید سمایلی حوسێنی



ماموستا هێمن (١٩٢١-١٩٨٦)

**پێشەکی:** لە ساڵی ١٣٦٢ەوە، زەمزەمەی پێکهێنانی ئاوەند و پەخشخانەیەکی چاپەمەنی و دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی، وەک کەڵەمێشکی ماموستا هێمنی تەنیبوو. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرینگە، سەرەرای وتووێژی دووروودرێژ لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، چەند کۆڕ وکۆبوونەوەی دەگەڵ کسەیلی فەرهەنگی، بنووس و شاعیر، قەڵەم بەدەست و ئەدیبی کورد وەک یەزدانیەخش عەلی حەسەنیانی (هاوار)، موهەندیس فارووقی کەیخوسرەوی، سەید حەمەدەمینی بەرزنجی (خاڵە مین)ی خوالێخۆشبو، هەژاری رەحمەتی، خوالێخۆشبوو ماموستاسەید تاهیری هاشمی، خالیدی حیسامی (هێدی) و... پێکتانی و لەم بارەوە یەکدوو جار نامەی بۆ من نووسی و چەندین را تەلەفۆنی کرد و، دەیگوت: کوڕینە قەت دەرفەتی وا لەبار هەڵناکەوێ، با کات بە فیرۆ نەدەین و بکۆشین گۆڤارێک دەرکەین. دەیانفەرموو ئەگەر ئەو کارەی بکەین و مەیسەر بێ، بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کوردستانی ئێراندا، ئێمە دەبین بە ئاڵاهەڵگری گۆڤارێکی کوردی، کە میری [دەوڵەت] بەرەسمی ئیزنی وەشانی پێدەدا، دەبینە خێوی وەشانخانە و گۆڤاری کوردی و دەکارین خزمەتێکی فرە بە فەرهەنگ و ئەدەبی گەلە بێبەشەکەمان بکەین.

دەبێژن خوا کاران وەراست ئەگێڕێ و هەرکەسێ لە سەر سەبران بێ، خێری وەرێ دێ. ئەوەش لە مام هێمن روویدا و پاش خۆ ماندووکردنێکی فرە، سەرەنجام زۆربەی کەسەیلی کە لەم بارەوە پێوەندی لەتەکا گرتبوون و ڕوی تێکردبوون، بە گیان و دڵ بە هانایەوە هاتن و بڕیاری هاوکاریان پێدا، کە یەک لەوانژێ منی ڕەبەن بووم.

قۆڵ هەڵماڵدران، قەڵەم وەگەڕ کەوتن، وتارگەل نووسران، شێعری جۆر بەجۆر ناردران بۆ گۆڤارێکی بێ ناو کە بڕیار بوو هێمن سەرپەرستی بکا. پاش چەند دانیشتن و قسەوباسکردن، ئەگبیر و ڕا هاتە سەروەی کە گۆڤاری بێناو وەرزانە بێ و جارێ ساڵی چوار هەژماری لێبوەشێ هەتا بزانین خوا لە داهاتوودا چ دەروویەکی تر وەدەکا. بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەش، ماموستا هێمن تاقمێکی لە کوڕگەلی خاس و ژیر و زێهاتیی ورمێ و مەهاباد لە دەوری خۆی گردوکۆکردن. یەک وتاری دەخوێندەوە، یەکی تر تایپی دەکرد، یەکی تر بەرگ و ڕووبەرگی بۆ گۆڤاری بێناو چێدەکرد، ئەویدیژی خۆشخەتیی وەئەستۆ دەگرت... مام هێمن خۆشی بە سەری پیری، خورتانە دەکۆشا و شەوورۆژی لێ گۆڕابوون، نان و چای ببوە سیغار و، گوتار و نووسراوەی هەڵدەسەنگاندن، بە سەریاندا دەچۆوە، شێعری باشی شاعیرانی هەڵدەبژارد و بۆ هەوەڵین ژمارەی گۆڤارێک کە بڕیاربوو بێتەوەشان، ئامادەی دەکردن. هەرکات تەلەفۆنت لێدەکرد دەیفەرموو: سەرێ قاڵە و کار و بارێ زۆرێ...

پاییزی ئەوێ ساڵێ، لە کرماشانەوە بۆ چەندەمین ڕا هاتمەوە مەهاباد و چوومە ورمێ و سەردانی مام هێمن، هەتا بزانم کاروباری گۆڤاری گۆڕین بە کوێ کەیوە؟

گشت دامودەزگای گۆڤاری بێناو و دەرنەچوو، دووسێ هۆدە بوو. مێز و سەندەڵی و موبڵ و شتی وا لە ئارادا نەبوون. لە هەر هۆدەیەک تەختە سرکێتێک ڕاخرابوو و کوڕگەل لە سەر زگ لێی ڕاکشابوون و ملیان لێ قوت کردبۆوە و خەریکی خوێندنەوە و هەڵبژاردنی وتارەیل و شێعرگەل بوون. ماموستا باڵنجێکی وە بن شانی دابوو و لەسەر تەنیشت پاڵی دابۆوە و خەریکی سیغارکێشان و بە وتارداچوونەوە بوو. سەرەڕای ئەوەی ژێر سیغارێکی گەورەی لە پێش بوو بەڵام دەورووبەری پڕ لە سووتووی سیغار بوو. هەر سلاوم کرد و منی دی هەستا سەر پێ و یەکدین دەباوەش گرت و سەروچاوی یەکن ڕاموسی و پاشان فەرمووی کاکە کوانێ؟ عەرزم کرد، چی قوربان؟

بە ڕرو تەڵخییەوە فەرمووی ئەکا نەتنووسیێ؟ مەگەر نەمگوت دەبێ لە سەر گۆرانی ناوچەی کرماشان شتێ بنووسی؟

دەستم دەگیرفانی پان و بەرینی دەرقۆیان ڕاکرد و وتارەکەم لە پێش دانا. بە پەلە چاوێکی پێدا خشاند و فەرمووی دەیدەم بە کەریم (کەریمی ئەیوومی)یش بە سەریدا بچێتەوە.

گوتم مامە ناوتان نا؟
پێکەنی و فەرمووی کورە منداڵ هەتا حەوتووی ئەچی نێوی نانێن. باجارێ ئێمەش هەموو کاروبارێکی ئامادە کەین و پاشان خۆ نێو قات نییە، خودا بۆ نێوێک کەریمە.
عەرزم کرد ماموستا دۆستانی کرماشان سەرەڕای سڵاوی بێ پایان، زۆر ئارەزوومەندی دیدارتن، دەیانەوێ بەرەو پاشووریش بێی.
فەرمووی: کاکە ئەحمەد بەسەری تۆ، منیش دە تاسەی دیتنی سەید تاهیر و ماموستا مەلا محەممەد (خوالێخۆشبوو مەلا محەممەدی رەبیعی) و کاک مووسا (خوالێخۆشبوو مووسای گەرمیانی) و شێخ لەتیف (سەید عەبدولباقی هاشمی) و دۆستانی تردام. خودا کارساز بێ زستانێ، یان سەرە بەهارێ دێمە زیارەتی ئەو زاتانە.
زستان هات و هێمن نەهات. بەهاری ساڵی ١٣٦٣ داهات، لە سەرەتای مانگی گوڵان، ڕۆژێک لە ڕۆژان ماموستا تەلەفۆنی کرد و فەرمووی دێمە سنە و لەوێرا دێمە کرماشان. بڕیارمان وا دانا ڕۆژانی (١١ و ١٢) لە سنە بێ و ڕۆژی (١٣) بێتە کرماشان. فەرموویان ئێوارەی ڕۆژی (١٢)ی مانگی گوڵان لە سنە (شەوە شێعر)ێک پێکدێ، ئەگەر توانیت ئەتۆش وەرە و سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر لەگەڵ من بگەڕێوە کرماشان. بەڵێن وادانرا پاش نیوەڕۆی ئەوێ ڕۆژێ لە سنە یەکتر ببینینەوە.
شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی بەعسی و بۆردومانی پەیتاپەیتای شاری کرماشان، ئەوێ ڕۆژێی لێ کردینە شین و گریان. هەرکەس بە لایەکدا پەرەوازەی گوندەیلی ناوچەی گۆران و هەورامان بوو. منیش ڕۆژی ڕوونم لێ بوە شەوی تار و بەرەو پشت چیای بێستوون و ناوچەی نەڕیاوەران بۆی دەرچووم و نزیکەی حەوتوویەک نەمتوانی بگەڕێمەوەشار و لە دیداری ماموستا لە سنە و کرماشان بێبەری بووم. بەڵام ماموستا پاش تەواوبوونی شەوەشێعری سنە، سەرەڕای ئەمە کە دۆستانی وێ زۆری پێدەڵێن مەچۆ کرماشان، دێتە ئەوێ و ڕەحمەتی سەید تاهیری هاشمی دەبینێ.
با ئەوەش بڵێم، ساڵی داهاتوو، یانی سەر لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ ماموستا جارێکی تر هاتەوە کرماشان و ژمارە ١ی گۆڤاری «سروە»ی وەک دیارییەکی گرانبەها بۆهێناین. لەم سەفەرەدا دەرفەت هەموارتر بوو و توانیمان پێکەوە، دیدار و سەردانی زۆر زانای گەورەی کرماشان بکەین و سەر لە شوێنەوارە مێژووییەکانی تاقی بوستان و بێستوون بدەین. ماموستا بڕیاری دا لە دەرفەتێکی تردا، جارێکیتر بێتەوە کرماشان و بچینە ناوچەی هەورامان و گۆران و قەڵخانی و سەرپێڵی زەهاو، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا و ئەم سەفەرەی تر هەرگیز ئەنجام نەدرا. ماموستا بە دیتنی شاری گەورەی کرماشان پڕ بە دڵ شاگەشکە ببوو، دەیگوت: کورە قەت باوەڕم نەدەکرد شارێکی وا گەورە هەبێ کە خەڵکەکەی هەموو کورد بن و هەموو شێوە زاراوەیەکی تێدا بناخێفرێ و هەموو جۆرە جلوبەرگێکی کوردی تێدا بەدیکرێ. ئارەزوومەندی ئەوە بوو دەفتەرێکی گۆڤاری سروە لە شاری کرماشان دابندرێ لە گەڵ زۆر ئاواتی تر، کە بەدی نەهاتن.
پاش کۆتایی هاتنی شەوە شێعرەکەی سنە، برای شاعیر و نووسەرم کاک سەید «سمایلی حوسێنی»، ئەم وتووێژەی لە تەک ئەنجامدەدات و پاشان ئەوارەکەی دەدا بەمن و، منیش ئێستا سەرەڕای سپاس لە کاک سمایل، دەقی ئەم وتووێژە پێشکەش بە ڕەوانی پاکی ماموستا هێمنی خۆشی ئەدیوودەکەم.

ئەحمەدی شەریفی

## ❑ وتووێژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ مۆستا هێمن

- لە بارەی شێعر و شاعیرییدا
- سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی
- چۆنیەتی دامەزرانی گۆڤاری «سروە»

**سەید سمایل:** ئێستاش پێمان خۆشە لەم فرسەتە کە دەستی دا و ئەم هەلە کە کەوتەدەستمان (بەختەوەرانە لە خزمەت تاقمێک لە ئەدەبدۆستاندا کۆبووینەوە و بەتایبەت ماموستا هێمن ئەستێرەی پڕشەنگداری ئاسمانی ئەدەب و شێعری کوردی) کەڵک وەرگرین. لام وایە ئەمانەی کە سەروکاریان لەگەڵ ئەدەب و ئەدەبیاتدا ببێ، کەم تا فرە، گومانم نییە هیچ کەس هەبێ ناوی ماموستا هێمنی نەبیستبێ، شێعرێکی لە ماموستا لەبەر نەبێ و بە تێکڕایی ئەم شاعیرە پایەبەرزەمان نەناسێ...
ئەمانەی لە خزمەتیان داین: بریتین لە ئاغای کەریمی قەیوومی و ئاغای جیهانی کە بە زاراوەی کوردی شیمال بەحسمان لەگەڵ ئەکا و، هەروەها ئاغای ئەسەدی کەرەمی لە مەنتەقە و ناوچەی کرماشان.
ماموستا هێمن لەگەڵ بەخێرهاتنتان، ئەگەر ئیجازە بفەرمووی یەکەمین پرسیارمان وا مەترەح بکەین کە جەنابتان لە چەند ساڵییەوە دەستتان داوەتە شێعر؟
**ماموستا هێمن:** لە تەمەنی ١٠-١٢ ساڵیدا دەستم کرد بە شێعر گوتن. بەڵام شێعرم نەدەناسی کە شێعرم دەگوت، پێموابوو شێعر ئەوەیە کە وەزن و قافیەیەکی لەباری هەبێ و ئەوی دیکە هیچ نییە. خۆشبەختانە ئەو شێعرانەی لەو تەمەنەدا گوتبوومن بە دەستی باوکم دە ئاگر خران و ئەگەر مابان ئێستا خۆم دە ئاگرم دەخستن. بەڵام دە بیست و یەک ساڵیدا هەستم کرد کە شاعیر دەبێ چۆن بێ؟ لە بیست و یەک ساڵیدا، یەکەم شێعرم دە گۆڤاری «**نیشتمان**»دا بڵاوبۆوە، کە پێم وایە شێعرە. ڕەنگ بێ لەباری شێوەوە نەگەیبێتە باری شێعرەکانی ئێستام، بەڵام لەباری ناوەڕۆکەوە کولوکۆی دەروونی خۆم بووە و دەرم بڕیوە. چونکە من پێم وایە، شاعیری واقیعی کەسێکە کە ئیحساس و کولوکۆی دەروونی خۆی دەرببڕێ و بیهێنێتە سەر کاغەز. دەنا قافیە ڕێکخستن و وەزن دروست کردنم پێ شاعیریی نییە. دەیارە وەکوو کەلامێکی زیبا بەلامەوە خۆشەویستە، بەڵام دە ئیستلاحی خۆمدا پێی دەڵێم نەزم، نەزمی جوان، شێعر بە شتێکی دیکە دەزانم. ئەوە نەزەری منە، لە بارەی شێعرەوە. وەک عەرزیشم کردی لە دە دوازدە ساڵیرا دەستم پێکردووە، بەڵام شێعری کرچ و کاڵم دەگوت.
**سەید سمایل:** ماموستا! کەوابوو بە مرووی زەمان، ئینسان هەرچی دە زەمینەی شێعردا کار بکات ئەو کرچ و کاڵی و بەئیستلاح ئەو خامییە، پوختە ئەبێ و ئەگەیەتە مەرحەلەی تەکامول و ڕەخسان. نەزەرتان لەم بارەوە چییە؟
**ماموستا هێمن:** وەڵڵا نەزەرم لەم بارەشەوە فەرقی هەیە، شاعیریش وەکوو هەموو ئینسانێک فەرقی هەیە، هێندێک شاعیر، بە جەوەڵانێک لە ژیانیاندا دەگەنە تەکامول. وەنەبێ هەر تەجرەبە بێ. دەورانێک لە ژیانیاندا دەگەنە تەکامول و تەواوبوون، وەکوو ماموستا گۆرانی گەورە، کە لە دەورانێکی عومری خۆیدا پێموایە شاعیری وا بەرز هەر نەبووە و نابێتەوە. ئەگەر بڕوا بفەرموون، زۆر جەسارەتە ئەوەی عەرزدەکەم،

شێعرەکانی دەورانی ژیانی ناگەنە شێعرەکانی ناوەڕاستی ژیانی...

**سەید سمایل:** مامۆستا شێعر هەیە کە بۆ مەقتەعی خاس لە زەمان وتراوە، یانی بە دەرد مەقتەعی خاس لە زەمان ئەخوات، نەزەرتان لەم بارەوە چییە؟ باش وا نییە شاعیر شێعرەکەی بۆ هەموو زەمانێک باش بێ، یانی واقیعیەتێکی مەلمووس بێ کە هەموو زەمانێک قابیلی دەرک بێ؟

**مامۆستا هێمن:** عەرزت دەکەم، ئەمن ئەو شێعرەی کە بۆ زەمانێکی تایبەتی دەگوترێ بە شێعری نازانم، بە شوعاری دەزانم. ئەمن پێموایە کە شێعر ئەوەیە کە پاش مردنی شاعیریش زیندوو بێ. هەروەکوو دەزانین سێسەد ساڵ لە وەفاتی ئەحمەدی خانی مە ڕابردووە، ئێستاش شێعرەکانی هەر بە تام و خوێن. هەروەک بۆ ئەوڕۆی گوتبن وایە، قەتیش کۆن نابن. شێعرێک کە ئیحساسات و عەواتفی ئینسان بەیان بکا ئینسانی واقیعی، ئەوە شێعرە. ئینسان ئەو شێعرەی دەوێ. هەتا شێعر مابێ و ئینسان مابێ، ئینسان ئەو شێعرەی دەوێ. زۆر شاعیری وا هەن، پێش ئەوەی بۆخۆیان بمرن، شێعرەکانیان مردوون. بەڵام شاعیری واشمان پێ شک دێ ــ با هەر باسی کورد نەکەین ــ وەک حافزی شیرازی کە تازە ئێمە دەزانین کە شێعرەکانی چەندە لەگەڵ ژیانی ئەوڕۆی ئێمەن. ئەگەر ئیجازە بدەی دو شێعری حافز بخوێنمەوە تا قسەکەم وەڕاست بگەڕێ:

بیا تا گل بر افشانیم و می در ساغر اندازیم
فلک را سقف بشکافیم و طرح نو در اندازیم
اگر غم لشکر انگیزد که خون عاشقان ریزد
من و ساقی بهم سازیم و بنیادش براندازیم

ئایا ئەو شێعرە کۆن دەبێ؟ بە عەقیدەی من کۆن نەبووە.

**سەید سمایل:** بەڵێ، مامۆستا ئەوەڵین شاعیری کورد کە بە کوردی شێعری وتبێ کێ بووە؟

**مامۆستا هێمن:** تەعبیری ئەوە بڕێک گرانە. بەڵام تا ئەو جێیێ ئەمن متالەعەم لە سەر ئەدەبی کوردی کردبێ، پێموایە ئەوەڵ دەنگێکی شێعری کوردی لە هەورامانەوە بەرزبۆتەوە، ناشزانم شاعیرەکەی کێ بووە. بەڵام سەیرە لە هەورامانەوە لەو پەڕی جنوبەوە، پەڕیوەتە شیمال... شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران، ئەو شاعیرە ناسراوانە پێش ئەحمەدی خانی بە زاراوەی شیمال شێعریان گوتووە. بەڵام ئەحمەدی خانی ئیتر دنیایەکی بۆمە کردۆتەوە، کە بەڕاستی دەبێ خەڵکی کورد بۆ ئەبەد ئیفتیخار بەو شاعیرە بکات.

**سەید سمایل:** مامۆستا گیان، هەروەک خۆت ئەزانی لە مەنتەقەی کوردستانا لەهجەی فرە هەیە، کە ئەم لەهجانە، هەروەک خۆتان ئەزانن، بەعزێکی جەرەیاناتی تاریخی و بەهەرحاڵ مەوقەعیەتی جوغرافیایی بۆتە باعیسی مانی و بەعزێ لەو لەهجانە بە مرووری زەمان قابیلی ئەوەن نەمێنن، بەعزێکیشیان بە هەوڵ و تەقەلای خەڵکی لائەچن... جا بۆ شێعر لەناو لەهجە کوردییەکانا کامت پێ باشە؟

**مامۆستا هێمن:** ئەگەر بۆخۆم موکریانی نەبام، پێمواوبوو، لەهجەی موکریان باشترین لەهجەیە بۆ زمانی کوردی. بۆ زمانی یەککگرتووی کوردی، بەڵام دەترسێم ئەوەی بە تەعسسوب دابنێن، کە ئەمن و تەعەسسوبیان نەگوتووە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەفەرموێ، موکریان بە مانای «موغ ڕێیان»ە، یانی ڕێگای ئەو موغانە بووە کە لە هەورامانەوە هاتوون، یا لە جێگای دیکەڕا، بە (دریاس /دریاز) کە کۆنە شاری موکریانە، بەوێدا ڕابوردوون و هەر یەک لەوانە هێندێک وشەی کوردیان بەجێهێشتووە، هێندێک تەعبیری شێعریان بە جێهێشتووە، ئەوانە ئێستاش لە موکریانا حیفز کراون(پاراستراون). ئەم لەهجە دەڕوا تا دەگاتە نزیک سولەیمانی. دیارە لەهجەی سولەیمانی تاحەددێکی لەگەڵ لەهجەی موکریانی، یانی لەهجەی شاری سولەیمانی ــ نەک لەهجەی دێهاتەکانی ــ فەرقی هەیە، یانی لەهجەیەکی لەهجەی موکریانی ناوەڕاستە لە کوردستاندا. بە عەقیدەی من چاکترین لەهجەیە کە ئێمە بیکەینە بناغە بۆ ئەوەی زمانی یەککگرتووی کوردی لێ دروست بکەین.

**سەید سمایل:** بەڵێ، کەوابوو هەم بۆ پەخشان و هەم بۆ شێعر؟

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ...

**سەید سمایل:** مامۆستا گیان لە ناو شاعیرە کوردەکانماندا، قەدیمەکان، یانی کلاسیکەکان، کامیانت بەلاوە باشتر و پاراوترە؟

**مامۆستا هێمن:** عەرزت دەکەم من زاراوەی کلاسیکم لە بارەی شێعری شەرقیدا بە کەیفێ نییە. بەڵام شێعری عەرووزی و هیجایی بڵێین باشترە...

**سەید سمایل:** یان شێعری تەقلیدی!

**مامۆستا هێمن:** ... بەڵێ شێعری تەقلیدی! عەرزت بکەم، بە عەقیدەی من، ئێمە شاعیرێکمان نەبووە لە نالی بەکارتر. ئەو شاعیرە بەبڕوای من هەر لەو وەختەدا دە بیری دروستکردنی زمانی یەککگرتووی کوردیدا بووە. ئەتۆ دیوانی ئەو شاعیرە بە دیققەت بخوێنەوە، تەماشا دەکەی وشەی هەریەک لە لەهجەکانی کوردی تێدایە، جا ناسک خەیاڵیشی چ عەرزکەم، چ بڵێم؟! بەتایبەتی یاریی بەوشەکردنی مامۆستا نالی قابیلی موقایەسە نییە لەگەڵ هیچ شاعیرێکی تر. ئەگەر ئیجازە بدەن، دوو شێعرم ڕەنگە لە بەر بێ بۆتان بخوێنمەوە:

دەورانی یە وەک هێڵەگی سەودا سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم
هەر پەرچەم و پێشانی یە فکری شەو و ڕۆژم
هەر گەردن و زولفە ئەمەلی دوور و درێژم...

ئەو شێعرانەی بڕێک قووڵن، کە مانا لێکدانەوەیان وەختی دەوێ... بەڵام نالی بەڕاستی شێعری (سەهل و مومتەنیع)یشی هەبووە.

ئەوەم زۆر گێڕاوەتەوە، جارێک کۆڕێکی ئەدەبی بوو، برای عەرەبی لێ بوو، پێم گوتن برا عەرەبەکان، ئەی ئەو کەسانەی بە خورما فرچکتان گرتووە، ئەی ئەو کەسانەی دە بن سێبەری دارخورمادا پەرەوازە بوون، ئایا بۆ خۆتان شێعرێکی وا جوانتان لە بارەی خورمادا هەیە کە نالی دەفەرموێ:

دەخیلت بم ئەخیلی یا ڕوتابی
وەها شیرین و، سینە نەرم و دڵرەق

بڕوا بکە، هەموویان گوتیان نیمانە...

**سەید سمایل:** ئەگەر ئیجازە بفەرمووی شێعرێکی هەیەکە مەتلەعەکەی: «چییە گوارە گوناهی وا بە ئەستەق/ بە گوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەلەق؟!»...

**مامۆستا هێمن:** لە بارەی گوارەدا، شتێکی دیکەی جوانتری هەیە زۆر کوردانەیە: «سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە/ دەڵێی عاسیی بوە لەو جێگە بەرزە!

(بە پێکەنینەوە) ئەوە کوردانەترە.

**سەید سمایل:** بە تێکڕایی نالی لە سەنعەتی بەدیعی ئیمتیازێکی زیاتری لە شاعیرانی تر هەیە. شێعرەکانی فرە بەدیعی هاتییا، مامۆستا گیان...

ئیما، قسەیەکی هەیە، ئێژێ ئەشێ ئینسان موسەلەت بێ بە سەر قافیەدا، نەک قافیە موسەلەت بێ بە سەر ئینسان. من وا دەرک ئەکەم لەم قسانە، کە حەتمەن وەزن و قافیە ئەبێ هەر هەبێ، مونتەها نەک حاڵەتی تەقلیدی و عەرووزی هەبێ، بۆچونی جەنابتان لەم بارەوە چییە؟

**مامۆستا هێمن:** منیش قسەیەکم هەیە، دەڵێم شاعیر دەبێ شێعر ئازاد بکات کە خۆی بۆ خۆی قالب بدۆزێتەوە، لە «ئەزموونی شاعیریدا» کە پێموایە چاپکراوە لەوێدا دەڵێم ئەگەر ئەمن ناڵەی جودایییم لە وەزنی مەسنەویدا نەگوتبایە، نەمدەتوانی کوڵوکۆی خۆم دامرکێنم، بەڵام ئەگەر «پەری شێعر»م دە وەزنی هیجایی دا نەگوتبایە هیچ تامی نەدەبوو، ئەوەیە بڕوای من. من شاعیرێکم دە پێشدا چوارچێوە دروست ناکەم بۆ ئەوەی شێعرێک دە چوارچێوە و وەزن و قافیەیەکدا بڵێم، لێدەگەڕێم شێعر بۆخۆی دەیبینێتەوە. ئەگەر شێعر بێ دەتوانێ بیبینێتەوە، وەزنیش ببینێتەوە، قافیەش ببینێتەوە. مامۆستا گۆران شێعری کوردی نوێ کردەوە، گۆران پەنای بردەوە بەر فۆلکلۆری کوردی. کام شێعری گۆران تۆ هەڵدەبژێری، کە ئەو دەناو فۆلکلۆری کوردیدا وەزنی نەبێ؟ بۆ نموونە، شێعرێکی کە زۆر بە دڵمە، نازانم لە بیرمە یان لە بیرم نییە. «کوردستان گەڕام، دۆڵاودۆڵ پێوام، نە لە شار و نە لەدێ، ئەم دی کەس جوان بێ وەک تۆ تۆی تو بەس، کچە کوردێک کوردستانی پێ ئاوابێ...». بەڵام تۆ تەماشا دەکەی لە بەیتەکانی کوردیدا ئەم وەزنە هەیە.

**کەریم قەیوومی:** بەیتی خەزێمێ...

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ؛ بەیتێک هەیە بە نێوی خەزێم، ئەوانەی هەموو تێدایە. نازانم لە بیرمە یان نا؟ کەریم ئەتۆ لەبیرتە؟ بەڵام ئەگەر هەمووشم لەبیر نەبێ، شتێکم لەبیرە کە دەڵێ:

سەد وەستام بۆ بێ لە لای شیرازێ
دوسەد وەستا بێ لەلای دریازێ
کراسێ بدرون بۆ بووکە نازێ
دە بلا تەنک بێ، نەرم و شلک بێ
بۆ بووکە نازێ...

ئایا ئەوە هەر ئەو وەزنە نییە؟ ئەمما دە فۆلکلۆری کوردیدا ئیتیفاقەن قافیەش مەترەح بووە. ئەگەرچی ئەمن بۆ خۆم پێموایە مەترەح نییە قافیە بۆ شێعر. وەزنم پێ مەرجە، قافیەم پێ مەرج نییە. ئەگەر ئەتۆ فۆلکلۆری کوردی چاتر متالەعە بفەرمووی دەزانی کە ئەوان قافیەیان ڕەعایەت کردووە. تیکراری قافیەیان، وەکوو لە شێعری عەرووزی یا تەقلیدیدا کە ئێوە دەفەرموون، کردووە. ئەوەیان پێ عەیب نەبووە، بۆ دەربڕینی مەتڵەبی خۆیان، زۆرجاریان تیکراری قافیە کردووە.

ئومێدەوارم ڕۆژێک (تۆحفەی موزەفەرییە) کە پێشکەش کراوە بە کەرترین شای ئێران یانی موزەفەرەدین شا (گشتیان پێدەکەنن) و هەر بۆیەش ناوی توحفەی موزەفەرییەیە، بە دەستتان بگا و بزانن کە بەڕاستی فۆلکلۆری مە چەند دەوڵەمەندە.

ئەم ڕۆژانە ئەدەبدۆستێکی کورد بۆی گێڕامەوە گوتی: «دەگەڵ جەلالی نالی ئەحمەد دا چووبووینە دەماوەند. من ئەو شێعری گۆرانییە کوردییەم گوت: من و دەماوەند هەردوو هاودەردین»...

**کەریم قەیوومی:** ... شەرتێکمان بەست،

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ، شەرتێکمان بەستەن... نا، (من و دەماوەند، شەرتێکمان کەردەن/ ئەو تەم و من غەم تا وەڕووی مردەن)

جەلالی نالی ئەحمەد گوتی: ئەی خاک بەسەرمان، ئێمە لە داوێنی دەماوەند دەژین و وەک بەچکە کوردێک ناتوانین باسی دەماوەند بکەین.

**سەید سمایل:** باسی وەزن و کێش و قافیەمان دە فۆلکلۆری کوردیدا کرد. مەسەلەیەکی تر کە بە ئەزەرم لێرەدا ماوە، مەسەلەی هۆرەیە کە ئەویش هەروەکوو بەیت ئەخوێندرێ (دەگوترێ). ئاهەنگێکی تایبەتی هەیە. مونتەها سەر بە ئەوێستایە، بەشێک لە گاتاکانە. گاتاکانی ئەوێستا لە کۆنا بە ئاهەنگی تایبەت خوێندراوە بە ناوی «هۆرنامەنان»، کە دوایە تەسحیفی بەسەردا هاتووە و وشەی هۆرنامەنان بووە بە هۆرە. کەلیمەی هەورامانیش هەر لە هۆرنامەنانی ئەوێستایی یەوە بووە. جا حەز دەکەین کە بیروڕای جەنابیشت سەبارەت بە هۆرە و مەنشەئی هۆرە بزانین کە ئەمڕۆش بەهەرحاڵ بە سورەتی ئاهەنگێکی قەدیمی هەر ماوە.

**مامۆستا هێمن:** من لە زمانەوانیدا شارەزاییم نییە. بەڵام لە بارەی ئەم کەلیمە تایبەتییەدا، بڕوام هەروەک بڕوای مامۆستای گەورەمان «زەبیحی»یە، کە پێموایە ڕاست دەکا کە دەڵێ هۆرە هەریەکێک بووە لە گاتاکان و، زۆر بە ئاشکرایی دیارە کە کەلیمەی هۆرە وەکوو ئەهۆرومزا، ئەهۆرامزدا دێتە بەرچاوی. پێموایە ئەو کەلیمە هەر ماوەتەوە.

**سەید سمایل:** بەڵێ، ئەلعانیش دە فارسی دا کەلیمەی «هوڕا» بۆ دەنگێکی مومتەد (کشاو) هەر بەکار ئەبرێ. ئەڵبەتە هۆرەش هەر دەنگێکی مومتەدە. ئەمن لەم باوەڕەدام کە «هوڕای» ئێستای زمانی فارسیش هەر پاشماوەی هەمان «هۆرنامەنان» یان «هۆرا»بێ کە لە ئاوێستادا بووە.

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ، خراپی بۆنەچووی، بۆچی؟ دەکوردی خۆشماندا «هەرا» ماوە. «هەرا» یانی بانگکردن بۆ لای خوا. کەوابوو هەرچی ئەم «هێ»یانەی لەپێشەوەبێ و ئەو حەرفانەی تێدا بێ، پێموایە مەربووتن بە گاتاکان. ئیتر ماون و تەحریف (سوان و جێگۆڕکێ) یان بەسەردا هاتووە و وایان لێهاتووە.

**سەید سمایل:** مونتەها، ئەو هۆرە یان هۆرنامەنانی ئەو وەختە لە گاتاکاندا، بە عینوانی موناجات، بە عینوانی گاث و ستایش هاتووە.

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ بە مانای دوعاکردن هاتووە، مومکینە هەر بە مانای دوعاکردن بێ.

**سەید سمایل:** ئەمڕۆ هۆرەش هەر ئەو حاڵەتی قەدیمییەی هەیە، یەعنی لە حاڵەتی شێوازی ئەمڕۆی دا نییە و هەر حاڵەتی کۆنی قەدیمی یە.

**کەریم قەیوومی:** شێوازی گوتنی هۆرە و خوێندنی هۆرە بۆ خۆی موشەخەسە کە جەرەیانی ئەو چۆنە، یەک ئەوع عیبادەتە، یەک ئەوع لاواندنەوەیە، یەک ئەوع پاڕانەوەیە، ئەسڵەن لەحنی سیستیمی گوتنەکەی موشەخەسە.

**سەید سمایل:** مامۆستا گیان! ئێستا ئەگەر ئیجازە بفەرمووی لە زەمینەی کاری ئەدەبی خۆتان پرسیار بکەین. ئێستا بە چییەوە مەشغوڵن، خەریکی کام کتێبن؟

**مامۆستا هێمن:** عەرزت بکەم وەڵڵا ئەمن ئەلعان کاری تایبەتیم نووسینی کتێب نییە. ئەمن ئێستا خەریکم لە موجەلەیەکدا کاردەکەم کە بە زمانی کوردی خەریکین لە ورمێ بڵاوی کەینەوە. بەداخەوە کادرمان کەمن. زۆرمان هاوارکرد بۆ براکانی هەموو جێگایەک کە یارمەتیمان بدەن و، بەڕاستی یارمەتیشیان داین. بەڵام بۆ خۆتان دەزانن کە وەزعێکی ناخۆش لەو وەختە ڕوویدا. بەداخەوە ئەو کەسانەی کە نامەیان بۆ ناردووین لە سەردەشتەوە، لە پیرانشارەوە، لە سەقزەوە، ئێمە کە جوابمان بۆ دەنووسینەوە، بەرگەشت دەبوونەوە. چونکە نازانین بۆ کوێ ئاوارە بوون. ئەمما ئەوەی کە ئێمە ئارەزوومانە ئەوەیە کە موجەلەیەکی فەسڵی لانیکەم

بلاوکەینەوە. دیارە ڕەنگە دوایە ڕەخنەگرانی کورد ئەو مەسئوولیەتەش باوێنە سەر ئەستۆی من. بەڵام دەمەوێ من ئەو موجەلەیە بە زمانی ئەدەبیی کوردی بلاوکەینەوە. ئەمما ئەوە دەلیل نییە کە ئێمە لە موجەلەدا، لەهجەکانی دیکەی کوردیمان لەبیر بچێتەوە. ئێمە تکا لە هەموو قەڵەم بەدەستان دەکەین کە شێعر و پەندی پێشینیان، ئادابو رسومی کوردی بە لەهجەی خۆیانمان بۆ بنێرن کە ئێمە لە گۆڤارەکەماندا بلاوی بکەینەوە. بەتایبەتی زۆرمان پێ خۆشە کە وێنەی دیمەنەکانی کوردستان بلاوکەینەوە. ڕەنگ بێ خوا یارمەتیمان بدا یەکەم موجەلە یا گۆڤاری کوردی بێ کە مسەوەر(ڕەنگی) دەبێ، جا ئێوە و هیمەتی ئێوە.

**سەید سمایل:** بەڵێ، مامۆستا گیان موجەلەکە ناوێکی تایبەتی هەس؟

**مامۆستا هێمن:** نەخێر، خەریک نین ناوێکی تایبەتی بۆ دروست کەین، ئەگەرچی هێندێک لە برایان ناویان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام چونکە موجەلەیەکی فەسلی یە جارێ ناومان بۆ دانەناوە، ئومێدەوارم بگاتە جێگایەکی گەورەتر لە ناو.

**سەید سمایل:** مامۆستا گیان، مەجمەعە عیلمییەکەتان، یا ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی جگە لەو موجەلەیە کاری تری فەرهەنگی ئەکا؟

**مامۆستا هێمن:** بەڵێ، تا ئێستا پێنج کتێبمان ناردۆتە ژێر چاپ و ئەلعان لە ژێر چاپدان، کە یەکێک لەوان دیوانی نالی ئەو شاعیرە گەورەیەیە بە شەرحەوە کە مامۆستا مەلا کەریمی مودەریس و کوڕەکانی لە سەریان کردووە. ئەوی دیکە دیوانی وەفایی یە کە شاعیرێکی مەهابادی یە. دوو کتێبی ئەسری هەن، یەکیش فارسی یە (کرد در تاریخ بیگانگان) کە بە عەقیدەی من هەر دەبوو بە فارسی بێ هەتا برا فارسەکانمان بزانن ئێمە چ زەجرێکمان کێشاوە لە تووڵی تاریخدا. لەبەر وەی ئەو کتێبەمان بە فارسی یە. دەنا باقی دیکەمان ئەوەی دە ژێر چاپدان کوردین. پێموایە زۆر زوو دەکەونە دەستی خوێنەران ئینشاڵلا.

**سەید سمایل:** نیازتان هەیە کە ئیدامەی بدەن و کۆڕەکە هەر کاری ئەدەبی بکا؟

**مامۆستا هێمن:** عەرزم کردی، لەم ڕۆژانەدا لێیان پرسیم تۆ بۆ لە ورمێی، چدەکەی؟ گوتم ئەمن ئەگەر کارمەندێکی ڕەسمیش بووبام ئەلعان بازنشستە بووم. بەڵام عیشق بە زمانی کوردی، عیشق بە ئادابو رسومی کوردی، عیشق بە خەڵکی کورد، منی وادارکردووە بەو پیرییە و بەو نەخۆشییەوە بچم و دەو موجەلەیدا کارێ بکەم، لەوکۆڕەدا کارێ بکەم. ئومێدەواریشم زۆر پتر سەرکەوتوو بێ. بەڵام شتێکی کە لێرەدا دەمەویست بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە کەشف و کەرامەتمان نییە بزانین «ئاغای حوسێنی»یەک لە سەنەندەج هەیە و شاعیرە. دەبێ ئەو خۆی بەمە بناسێنێ جا ئێمە بزانین شاعیرە یان شاعیر نییە.

ئێمە دەفکری وەی داین کۆڕێکی زۆر گەورەتر تەشکیل بدەین. جا لە هەر جێگایەکی بوو. دەبێ بزانین کێ دەعوەت دەکەین بۆ ئەو کۆڕەی، بزانین کێ دەبێ لەو کۆڕە دا خاوەن نەزەر بێ. لەبەر وەی تکا لە هەموو ئەو قەڵەم بە دەستانە دەکەم کە کوردییان خۆشدەوێ، کە ئەو میللەتە بێ بەشەیان خۆشدەوێ، کە ئەو میللەتە لێقەوماوەیان خۆشدەوێ لە ناردنی ئاساری خۆیان درێغی نەکەن.

**سەید سمایل:** ئینشاڵلا، هیوادارین کە هەموو لایەک بێن بە دەنگتانەوە. ئەوانە کە مایەیان هەیە و دەتوانن خزمەتێ بکەن بە کورد و فەرهەنگی کوردی بە دەنگتانەوە بێن و یارمەتیتان بدەن. ئەگەر ئیسە کەموکورییەکتان بێ، بەهەرحاڵ چون سەرەتای کارە، هیوادارین بەمرووری زەمان ئەم کەموکورییانە لاچن و جەنابت لەو مەجمەعە عیلمییەدا هەر بمێنی ئینشاڵلا بۆ داهاتوو.

**مامۆستا هێمن:** مان و نەمانی من موهیم نییە، ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ. من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێ و نە زمانەکەی.

**سەید سمایل:** مامۆستا گیان، من وەک بزانم ناڵەی جودایی کە ئاخرین دیوانی ئێوە بووە کە گەیوەتە دەستمان، خەڵکیش حەتمەن چاوەڕوانن کە لە ئایندەدا کارێکی ترتان بلاوبێتەوە ئینشاڵلا، ئایا خۆشتان بە تەمای ئەوە نین کە لە ئایندەدا دیوانە شێعرێکی ترتان بلاوبێتەوە؟

**مامۆستا هێمن:** (بە پێکەنینەوە) وەڵلاهی ئێمە تا ئێستا هەر قسەی جیدیمان کردووە، بەڵام با شۆخییەکیش بکەین. مریشک ئەگەر پیر بوو لە هێلکە دەچێتەوە، پێم وایە شاعیریش ئەگەر پیر بوو لە هێلکە دەچێتەوە. پێم وا نییە دیوانە شێعرێکی تری منتان بە دەست بگا، بەڵام هەتا دەمرم دەنووسم، ئەسر دەنووسم.

**سەید سمایل:** مامۆستا، ئەو شێعرانەی کە بە بەهانە داتان ناوە بۆ بۆمبارانی بانە، بۆ بۆمبارانی پیرانشار، هەر ئەوانە بە شێوەی کتێبێک بلاوبێتەوە باشتر نییە؟

**مامۆستا هێمن:** زۆرم کتێبی بچووک خۆش ناوێ، ون دەبێ لە نێو قامکاندا. ڕەنگە شتێکی وەک تاریک و ڕوون یشم تازە بۆ دروست نەبێتەوە.

**سەید سمایل:** مامۆستا شێعری فارسیت هەیە یان نا؟

**مامۆستا هێمن:** نەخێر.

**سەید سمایل:** تا ئێستا شێعری فارسیت نەبووە؟

**مامۆستا هێمن:** بە منداڵی شێعری فارسیم دەگوت، زۆر خراپیشم دەگوت. چونکە بە عەقیدەی خۆم تەسەلوتم بە سەر زمانی فارسیدا نەبووە، بڕواشم وایە قسەی حاجی قادری کۆیی زۆر بە جێیە، لە بارەی ئەو شاعیرانەی کە بە زمانێکی تر شێعر دەڵێن کە دەفەرموێ:

وەک مریشکێ کە عەقڵی نەهێنێ
بێت و جوجکەی مراوی هەڵێنێ
ناگا کە هاتوو گەیشتە جۆگەلەیەک
ناچێتە شوێنی کە بمرێ جوجەڵەیەک
جێی ئەوی نیشکە، جێی ئەویش ناوە
تێدەگا هەر قون دڕانی پێ ماوە

**کەریم قەیوومی:** ببوورە مامۆستا، زۆر بە جێیە کە ئاغای «حوسێنی»یش شێعرێکمان لە شێعرەکانی خۆی بۆ بخوێنێتەوە.

**سەید سمایل:** شێعرەکانی من ئەلبەتە بۆ ئەوە ناشێن کە لە خزمەت مامۆستا هێمن و جەنابتانا بخوێندرێنەوە، بەڵام بە سەر چاو منیش لە شێعرەکانی خۆم قەتعەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر ئیجازە بدەن سوئالێکی تر لە مامۆستا بکەم کە تا ئەندازەیەکیش خاریج لە بەحسەکەمان نییە.

**مامۆستا هێمن:** فەرموون.

**سەید سمایل:** بەڵێ، مامۆستا هەژارت لە ئەسرا پێ بە قەوەت ترە یان لە شێعرا؟ یان لە هەردووکیانا؟

**مامۆستا هێمن:** بە عەقیدەی من سوئالێکی بڕێک گرانە. هەژار لە نەزم و ئەسردا، لە هەردووکیاندا زۆر قەوی یە. بەڵام ئەوەی ئەمن پێی دەڵێم شێعر زۆرکەم لە شێعری هەژاردا هەیە، ئیلا لە (بەرەو موکریان)یدا ئەبێ کە سۆزی ئاشقانە و شاعیرانەی تێدایە و تێیدا دەبینی.

**سەید سمایل:** عیدەیەک لایان وایە کە مامۆستا هەژار لە نەسرا باشترە لە شێعر. لە نەسرا بە قەوەت ترە. لەبەر ئەمە بوو ئەم سوئالەم عەرز کردن.

**مامۆستا هێمن:** بێگومان، عەرزت دەکەم کە هیچکەسمان نییە لە مامۆستا هەژار کوردیزانتر بێ، قەڵەمێکی زۆر جوانی هەیە، هەم لە نەسردا و هەم لە نەزم دا، بەتایبەتی دە تەرجەمەدا. یانی من تەرجەمەی خەیامی مامۆستا هەژارم پێ لە ئەسڵەکەی کەمتر نییە. جا ئەگەر حەملی نەکەن بە سەر تەعەسسوبەوە، پێموایە لە ئەسڵەکەی خراپ تر نییە، چونکە هەم مەفهومی شێعرەکانی خەیامی هێناوەتەوە و هەم خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە کەوابوو دوو خزمەتی کردووە ئەو لەوێدا.

**سەید سمایل:** خەڵکیش تا ئەندازەیەک لەو باوەڕەدان کە خوێندنەوەی هینەکانی هەژاریان لا خۆشترە لە فارسییەکە. باوەکوو عەلاقەشیان پێیەوە هەیە، بەڵام لە بەر پاراوی شێعرەکانی مامۆستا هەژار، حەز ئەکەن ئەو بخوێننەوە.

جا ئەگەر ئیجازە بفەرموون لە شێعرەکانی خۆشم هەرچەند قابیلی نییە، قەتعەیەک ئەخوێنمەوە:

کوڵی گریان و ئەسرینم وەکوو چۆم دایە ناق ئیمشەو
لە خەڵوەتخانەیی غەمدا من و چاوێکی زاق ئیمشەو
لە کونجی نائومێدیدا لە پێمە کۆت و بەندی غەم
چلۆن ڕێگەی ئومێد ببڕم کە ماوم پێ لە فاق ئیمشەو
کە ڕۆیی، دین و دڵمی برد بەجارێ ئەو بەبێ ڕەحمی
لە دڵدا لێئەدا تاسەی دیار و ئیشتیاق ئیمشەو
لە مەیدانی ژیانم دا بەرەو ئاوات و ئامانجم
چییە ئەسپی مرادی من کەوا نادا وزاق ئیمشەو
لە هیجری ئەو مەلەک شێوە بەشم هەر دەرد و ناڵینە
خودا کەی بێ، ئەجاتم بێ لە دەس دەرد و فەراق ئیمشەو
غەریب و مەنزڵی هیوام نشێو و پڕ لە هەورازە
چلۆن ئەم ڕێگەیە ببڕم، بە بێ تۆشە و تفاق ئیمشەو

**مامۆستا هێمن:** پێموایە ئاغای حوسێنی تەوازوعەکەت بێ جێ بوو، ئەو شێعرە لە ڕیزی غەزەلە هەرە جوانەکانی کوردی حیساب دەکرێ.

سەید سمایل: تائێستا شێعرم قوربان بۆ کەس نەخوێندۆتەوە، یانی لای هیچ کەس ئەموتووە کە شێعرم هەیە. مەنزووریش لە خوێندنەوەی ئەوە، ئەمە بوو کە جەنابتان ئیزهاری نەزەر بکەن کە پەسندی جەنابتان بێ.

**مامۆستا هێمن:** بەڕاستی جوان بوو کاکە.

**سەید سمایل:** ئەگەر ئیجازە بفەرموون، ئەمجار نۆرەی جەنابتانە کە بە دەنگی خۆشی خۆتان شێعرێکمان بۆ بخوێنیەوە.

**مامۆستا هێمن:** شێعرێک کە بۆ خۆم خۆشمدەوێ، شێعرێکە بە نێوی (ئێوارەی پاییز). هەرچەند بەداخەوە لەگەڵ ئەم فەسڵە یەک ناگرێتەوە، دەبێ ببورن لێم کە شێعری ئێوارەی پاییز لە بەیانی بەهاردا دەخوێنمەوە، بەڵام خۆم پێم خۆشە:

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست
ئاوابوو زەردەی پایزی
دەتگوت بووکێکی بێ نازە
پەردە جێ دێڵێ بە زیزی
پەڵە هەورێکی چڵکنە
گرتی سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێک وەری
زریان بردی بەرەو نەمان
(هتد)

**سەید سمایل:** خۆش بی مامۆستاگیان، بەڕاستی فرە بەتێن و تەئسیر بوو، هیوادارین سەرکەوتووبی. مامۆستا هەروەک خۆت ئەزانی بۆ ڕێزلێنان بە بۆنەی حەفتەی موعەلیمەوە، بەشداریتان کردبوو لە ئاهەنگی شەوی شێعرێکا کە لە هونەرستانی سەنعەتیا ڕێکخرابوو، حەز ئەکەین بفەرموون نەزەرتان لەو بارەوە چ بوو؟ ئەو شەوە شێعرەتان بە دڵ بوو یان نا؟

**مامۆستا هێمن:**: بەڵێ بەڕاستی زۆرم بە دڵ بوو. بۆ هەموومان خۆش بوو، ئەوە پێشڕەفتێکی زۆر گەورەیە، ئێمە دەبێ قەدری بزانین.

بەڵام لە بارەی شێعری شاعیرەکاندا، بەڕاستی شێعری وایان هەبوو لە ئەوجی شێعریدا بوو. هەروا شاعیری چاکیشمان دی کە شێعری خۆیان لەوێدا نەخوێندەوە، بۆمەیان خوێندەوە کە بەڕاستی شێعری زۆر چاکیان هەبوو.

بەڵام هەر ئەو شەوە، کە دەو بەرنامەیەدا دوو شێعری زۆر درێژی من خوێندرانەوە، وەسیەتێک دەکەم بۆ شاعیرە لاوەکان، تا پێیان دەکرێ شێعری کورت بڵێن با خوێنەر و گوێگر ماندوو نەکەن. چونکە ئەو برا کاشانی یەی کە شێعری هەوەڵێی بەڕاستی سەرنجی منی ڕاکێشا، کە داوای شێعری دیکەیان لێکرد ئیدی ئەو تام و خوێیەی نەما...

هەر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ئێمە عادەت بکەین شێعری کورت بڵێین. چ لەوەی چاکترە کە گوێ نەدەینە قەواعیدی عەرووزی و نازانم قەواعیدی شێعر و لە هەر جێگایەکی ئیحساسی خۆمان بڕاوە، قەڵەمەکە دانێین و چیدیکە نەڵێین.

دیسان نالی ئەمر موبتەکیری ئەو شتەیە کە غەزەلە جوانەکانی ئەغڵەبیان چوار یا پێنج شێعرن. ئەوە وەسیەتێکمە بۆ شاعیرە لاوەکان کە حەشو دە شێعریاندا نەبێ، دیارە شێعر بە پیاوی نییە، ئیحساس بە شاعیر نییە، وا دەبێ ئابڕێتەوە و درێژ دەبێ. ئەمما ئەگەر پێیان کرا کورتی بکەنەوە. ئەوە وەسیەتی منە بۆ شاعیرە لاوەکان.

**سەید سمایل:** زۆر تەشەکور دەکەین لە ڕاهنومایییتان هەروا لە وتووێژەکەتان مامۆستا گیان.

**تێبینی:**

١) لەکاتی ئەو وتووێژەدا، هێشتا گۆڤاری «سروە» ناوی لێنەندرابوو.

٢) کەریمی قەیوومی کە لەم وتوووێژەدا ناوی هاتووە، نووسەرێکی کارامەی خەڵکی مەهابادە و ماوەیەکی زۆر پیاوانە شان بە شانی مامۆستا هێمن بە ئانەزگی سروەی هەڵسووڕاند. کاتێ مامۆستا هێمن کۆچی دوایی کرد، تەلەفۆنم لە کەریم کرد و پرسیم سروە چی لێدێ؟ گوتی خوا یاریکار بێ هەتا چەند ڕۆژی دیکە وتارەکانی ژمارە ٥ی ئامادە دەکەم و دەیانهێنمە کرماشان و نیشانی مامۆستا سەید تاهیر و مەلا محەمەد و تۆیان دەدەم، ئەرخەیان بن ناهێڵم نەمانی هێمن ببێتە هۆی نەمانی سروە. لە زەمانی مامۆستا هێمن دا، گۆڤاری «سروە» چوار ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

٣) سەید سمایلی حوسێنی، شاعیر و نووسەری مەریوانی یە و ئێستا لە سنە دەژی.

به یادی هەڵەبجە

# تۆ ... هەڵەبشیما

شێعر: لاڕزۆ

لەو ساتە... وەستانی چرکەی زەمانی هەتایی
هەڵۆیەکی زامداری و پێدەشتی شارەزووریت،
سنووری گومانی سنوور دەشکێنی و
لە خوڵەمێشی ئاوێنەیەکدا سەیری خۆت دەکەیت
تۆ... بە کەژاوەی زامێکی یانزە ساڵیدا وێڵی و
پێڵووی چاوت مێژووی تەمەنی هەزاران فریشتەیە
تۆ... پەشۆکاوێکی، نەفەسی درێژت
سێبەری پێنج هەزار برینی لە بنەهاتووی
گوڵان و... سازان و... عەنەبە،
تۆ... ڕاستییەکی گوماناویت و
لێوی هەڵکرووزاوت بە پەمۆی ڕەنگ تەڕکراوە
ڕاسپاردەیەکی یازدە ساڵانەیت و
جەستەی فریشتەئاسا بە دوای خۆتدا ڕادەکێشی،
کەچی ڕەنگ ڕێ نادا،
سنووری نێوان ئەمڕۆ و ئاییندە بیڕی
بەڵێ... بەڵێ
لە ڕۆژئاوای بەمۆ...
باشووری شنروێ و شاهۆ
پێنج هەزار نۆتە سامفۆنیای کۆچ
لە گزنگی (٣/١٦)دا
جەستە دانەبڕاوەکانیان
درانە دەم سیروانەوە
ئا لەو ڕۆژە و ... لەو ساتەوە
بە گۆی ناخی سنووری
جیهانێکی تەنیاییان سپاردن
تۆ... سنووری گومانی... سنوور دەشکێنی و
لە خوڵەمێشی ئاوێنەیەکدا
سەیری خۆت دەکەیت،
تۆ... تابووتی کیشوەری خوایەکیت و
ئەمیش پەڕەوازەی کیشوەرێکی نێژراوە
تۆ جەستەیەکی شەکەتیت و بەستەڵەک
لە ژێر هۆیەی شوێنەواری
تەمەنی مێژوویەکا ڕاکشاویت
ئەمیش ئێوارەیەکی خەوتووی
ژێر عەرشی ئاسمانێکی خواجەییە و
ڕۆشنایی کزە مۆمێ نابەخشێ.
هۆ شارەکەی ئەحمەد موختاری جاف
هۆ برینە سارێژنەبووەکەی نالی
سروشتە مەزنەکەی گۆران
هۆ... هەڵەبشیما
تۆ چەپکێ فرمێسکی یانزەیەم وەرزی
پێنج هەزار زامی شکۆداریت
ڕازێکی ڕووناکیت و
ڕژایتە نێو کێڵگەی تەمەنی کوڵە گەنمەکان،
کرووزێکی و دانە دانە
ژانی تەمەنێکی نێو پەراسووەکانی
هەناسەی سەردەمێکمی،
نازناوێکی شارەوە و وتارێکی هەڵبڕاویت،
چەمێکی ون و دەنگێکی ڕاونراویت
ئێستا... سواری خەمێکی شێتی و
تەرمی شەپۆل
تارای بۆکێنیت پینەدەکا
زامێکیت لە شۆڕاوگەی سەدان زامی
هاژە و پشکۆ و ئاسۆ هەڵێندراویت،
تۆ... نۆیەرەی پەرتووکێکی تۆزاویت و
قووڵترین بیرەوەری نێوان دەروون و جەستەیت
تۆ... داستانێکی ژاکاویت و
هەرێمی گۆیکەلانەی دەمیان
شاعیر و هونەرمەند و قارەمانیت.
ئێستا مێرگی پڕ حەزی ڕاکشاوت
کەلای وەریوی هەنارەکان
هێوەر هێوەر «گوڵان»ی بۆ داپۆشیویت،
ئێستا کۆڵانێکی ئەفسووناویت
«کانی ئاشقان» ڕووەو ساتە یادەکانت
دست لە چۆکە...
ئێستا «عەنەب»ت چاوەکانی
لە ترێی جێماوی
پایزێکی درەنگ وەخت دەچێت...
تۆ...
سنووری گومانی سنوور دەشکێنی و
لە خوڵەمێشی ئاوێنەیەکدا
سەیری خۆت دەکەیت
هۆ دایکی جوانەمەرگم
هۆ هەڵەبشیما
هۆ هەڵەبشیما

***

دوو پارچە شێعر:

**دەریا،١**

تەواوی شەو دەریا
تەواوی ڕۆژ دەریا
چاو ناترووکێنێ
ورد دەبێتەوە:
ـ فانۆسەکان دوور و، دووردەبنەوە
دەکوژێنەوە
یەک بە یەک
لە دوای یەک.

... وە مانگ
ئەوەندە نیزیکە
کە دەتوانی بۆنی بکەی،

دەریای بێ شەپۆل
ددانە سپییەکانی
بە سەر یەکدا دەنێ
لێوی بە زەردەخەنێک ناکرێتەوە
دەلەرزێ لەشی،
... وە باران
دەخزێ لە سەر ڕانە نەرمەکانی.

داخوا، بۆ کوێمان دەبات
تەختە شکاوی دوور کەوتوو
بە سەر باڵە شەکەتەکەی دەریا؟
٩٨/٦/٣

**،دەریا،٢**

هەرگیز
ئەوەندە پەشێو
نەمدیتبوو
ـ دەریا
کە تێیەڕبوونی
سۆزی ئەوین و،
ڕاوەستانی
تاڵی مەرگ بێت،
ـ سینگی
ڕازەی نەکراوەی
هەزاران شەو و،
چاوی
تەنیا، تەنیا
بە وشەیەک
شاڵاوی
ئاه و ئەشک بێت
هەرگیز
ئەوەندە نیزیک بە خۆیەوە و،
ئەوەندە دوور
بە نیشانەوە
نەمدیتبوو
دەریا.

٩٨/٦/٧

**ئەلف زاگرۆس**

## ،پیرێکی سەرمەست پێی وتی:،

**شێعری: ع، راد**

خەونەکانت یەک یەک ون بوون
لە تەنیاییش زیاتر لە مردن دەترسی
پێکی یەکەم دەگەڵ ژیاندا دەنۆشی
بۆ دواییشیان چاوەڕوانی
قەزاوقەدەر دەکەی

لە زەمەنێکی ونبوودا
پیرێکی سەرخۆش پێی وتی
زەمان کزەبایەکی بێحاڵە
ئەگەر ئازای
بەرەو شەپۆلەکان باژوێ
گەر گومانت لە دڵدایە
وەنەوشەکان هێدی، هێدی دەژاکێنی
ئاوپرژێنی ڕوحت بکە
بۆچ لە مردن دەترسی
لە تەنیاییدا ڕەق دەبی و
خوێن دەمەیێ لە دەمارەکانتدا؟!
پیرێکی سەرمەست
بە خومارییەکی ڕازوێنە پێی وتی
لاولاوەکان سەرەتایان دەگەڕێتەوە
بۆ قۆناغی بەردەکۆنە
کۆتاییشیان بۆ یەخسیربوونی مرۆڤ
بەدەستی خۆی
پەڕەسێلکەکان لە دەریاوە هاتن
لە دەسپێکدا
ئێستاش، کۆچ
لە وەرزی فەرامۆشکراودا دەکەن
ئەگەر لاو لاوت خۆشدەوێ و
حەز لە پەڕەسێلکە دەکەی
بەرز بفڕە و دوور بڕوانە
پێکی ئاخر دەگەڵ تەنیاییدا هەڵدە و
لە ژیاندا مردن ببینە.
خەونەکانت یەک یەک ون بوون
تەنیا لە خەونی سەوز دەگەڕای
زەردەکانت نەدەبینی
پێکەکانت یەک یەک هەڵدان
لە دواپێکدا
چاوەڕوانی سوور و کەسکی بێپایان بووی،
زەردەکانت هەرگیز نەدی.

پیرێکی سەرخۆش پێی وتی
چیتر لە خەیاڵدا مەژی
کاتەکانت لێ دەتۆرێن
چیتر لە بەر تەنیایی ڕامەکە
فێری خۆشەویستی بە و
بە دووی ونبووی خۆتدا بگەڕێ
چاوەڕاوکە هەڵمەبەستە
بۆ ئەم پاشا و ئەو سەرداره
مەبە بە بوت بۆ باڵادەستانی هیچنەدیو
تەنیا خۆتی ئەو جیهانی لێی دەگەڕێی
خوایەکانیش هەر بە دەستی تۆ ئافران
لە هەناوتدا مەزن بوون
لە ترسی خۆت قەڵاکانت یەک یەک سازکرد
سنوورەکان باڵاکێش و
ڕەگی ئەم و ئەوت بڕی
دڵداریت زیندە بەچاڵ کرد
خەونەکانت نانە نێو سندووقی ئەمانەوە
سەری وشەکانت بڕی
ڕەنگەکانت تەمتوومان کرد، لە ترسی خۆت
خوایەکان لە هەناوتدا مەزن بوون
ئاگر و ئاو و هەوات شەرمەسارکرد
خاکت کردە ئادەم و
لە پەراسووی هەرگیز نەبوودا
خوێنی بەناحەقی حەوات نۆشی
پیرێکی سەرمەست پێی وتی
هەگبەیەک لە مردن و یەکێک لە ژیان
لەبەر تەنیایی ڕامەکە و
فێری خۆشویستنی خۆشەویستی بە
پیرێکی سەرخۆش پێی وتی...

سێ پۆستەرە شیعر:

## حەمە شوان شەریف

### ١) کچە گەڵا

کاتێک کە «با» سەما دەکات
کچە شۆخێکی گەڵا
لە لقی درەختێ دەکاتەوە،
لە پاش سەما... لە ناو هەوا
دەیکات بە ژن
کە بێزار بوو لە باوەشی دەکاتەوە.

### ٢) لێواری پیاڵە

دەم ولێوێکی بێ گۆ
مێژوویەکی بریناوی و کەمێ ڕەنگاڵ
خەمێکی زگماک
دارستانێکی پڕ لە شووشەی بەردشکاو
هەزارەها درەختی بێ گەڵا
ئێوارەیەکی مات و مردوو
کاتژمێری دەستی «با»ی نامۆیی
بە لێواری پیاڵەی ئەم گەردوونە
لە بەرچاوم دەخولێتەوە!
کەچی تا بێ ئارامترم
وەکو «هابیل»«قابیل»یشم بۆ ناکوژرێ!
چیبکەم لە لێواری ئەم پیاڵەیە؟
بچمە ناوی؟
یان بیشکێنم؟

### ٣) تابلۆیەکی ناوەڤوو

لە چوارچێوەیەکی خەمدا بەتەنیا ماومەتەوە،
لە ناو تابلۆیەکی ڕەشدا
کورەیەکی زەوی پڕ لە گڕ
لە سەر پشتی من دەسووڕێتەوە!
ڕۆحم لە گەڵ «با»دا پێکهاتووە و
چارەنووسێکی نادیار دەیانبات بەرێوە،
میوانەکانم لە سەر کاغەزە شیعرەکان
دادەنیشاند و
خۆم و منداڵەکەشم بە پێوە دەستاوین!
خێزانەکەشم شیعری ژێر میوانەکانی
بە چاو دەخوێنێتەوە.
دوای ڕۆژە ڕابردووەکان دەکەوین و
بە دیار ئایندەوە خەو دەمانباتەوە.
خەو و تابلۆ
دوو بیرکردنەوەی لەیەک نزیکن
لە ماڵەکەی «من»دا..
ژووری منداڵەکەشم
نیشتمانێکی ترە
بۆ دایکی،
لەو تابلۆیەدا..

پۆشپەڕی ٩٦-١٩٩٨

دوو پارچە شیعر:

## پشکۆ نەجمەدین

### ئەشق... سووتان... نیشتمان

دڵم لێوانلێوە لە تۆ
تۆ لە ئەشق
ئەشق لە سووتانی تەمەن
پێیەکانم لە سێبەری ماندوویێتیدا وەنەوزدەدەن
لە دوا ماڵی گەڕاندا پڕن لە هیچ دەستەکانم!
کورتن پەنجەکانی بینین تا تنۆکێ ڕووناکایی
لە ڕووخسارت بخۆنەوە
درێژ هەوداکانی خۆزیا
بۆ ڕاموسانی خونچە نەپشکوتووەکانی خەون..
لێوانلێون:
تۆ لە دڵم
ئەشق لە تۆ
تەمەن دووکەڵی خەراپات
لە گەزارەی زمانی ماندوویێتی لاقەکانم
لە هیچ دەستم
سەرم لە هەناسەبڕکێی هیواکان و
بوون لە ونبوون!
لە ژێر بارانی غوربەتدا
مۆمستانێکی خامۆشە جەستەم
دڵم نەبێ، گوڵدانی هیچە سەراپام
دڵم نەبێ... سەرشارە لە تیشکی ئەوین
ئەوینی تۆ ڕۆژێک دڵ دەکاتە قەقنەس
شەیدایم بۆ نهێنی خوا ڕۆژێک دەیکاتە کێوی توور
ئەشقی وەتەن هەموو ڕۆژێک دڵم دەکاتە باخچەی نوور!

فیبریوەری ١٩٩٩

### هەرەس

بەگومان بووم: لە نێڵەی ئاگردانی ئەشق
کە پشکۆکانی، ئێستا خۆڵەمێشن!
لە خەملینی شکۆفەی بەیانیانی لێوەکانمان
کە ئێستا تۆژاڵێک بەفریان گرتووە...
لە بەرامەی گڵووکی پیاسەی ئێوارانی پەنجەکانمان
بە نێو پرچنا، بە نێو قژما
کە ئێستا بۆنی فریودان و کوژرانی جەستەی کاتیان گرتووە!
لە ڕیتمی هاوئاهەنگی پەیڤین و هەڵفڕینی چاوەکانمان
بەگومان بووم،
کە ئێستاکە: نە وەرگێڕێک بۆ لێکگەیشتن،
نە ترۆپکی سنەوبەرێک بۆ لێکئاڵان دەبینمەوە!
سیخناخن لۆچاولۆچی هەگبەی ڕوحمان
لە نەخشەی داپڕان و سەفەر و دۆزینەوەی مەنفا
کەشفنەکراوەکان
کەمجورئەتین کە ناهێڵین مەنفا بە مەنفا و
داپڕان بە داپڕانمان بسپێرن!
هەنیسکی پەنجە سەراسیمەکانی ئەشق دەژنەوم
کە سورەتی ماڵئاوایی دەخوێنن و تەرمی پیرۆزی ڕۆژە
زێڕینەکان بە هەناسەی مەنفا کفن دەکەن:
لە ژێر پەردووی کڵێسایەکدا دەیشێرنەوە،
کڵێسایەک: کە بە ماچ و ئەستێرە و گوڵ ڕۆمانتیابوو!
لە دووڕێیانی شکستدا دوو ئاشقی هەڵدێراوین
چ ئەوێرین کە ئاوێرین لە هەرمێی ڕنووی ئەوین
بۆ قووڵایی دۆڵی مەنفا، ڕابمێنین!

مای ١٩٩٨

حەمید کەشکۆڵی

# وەزیفەی شاعیران: شیرن و جوانترنواندنی ژیان

وەزیفەی شاعیران: شیرن و جوانتر نواندنی ژیان

شیعر، بەهۆی خەستی و پوختەیی و هۆگەلی دیکە، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەخوێنرێتەوە و دەستێنرێتەوە. خوێنەرەوە و سێنەرەوە، بۆ خۆی بەو ڕەنگەی تێدەگا کە لەگەڵ بار و دەروونی هاوئاهەنگ بێ. خوێندنەوەکان مەرج نییە و گەرەک نییە چونیەک و تەنانەت لێکیش نیزیک بن، چونکە هەر وێنەیەک ڕێی تێدەچێ لە زۆر گۆشەنیگای جیاجیاوە سەیر بکرێت؛ وەزیفەی وێنەیەکە زۆرتر ئافراندنی دۆخێکی هەستی و شعورییانەیە تا شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە.

پێوەر و نموونەکانی جاران و بگرە هەنووکەش بۆ هەڵاواردنی باش وخراپ، لە تەوەرەی ئاسانی و خێرایی و ڕووکەشانەدا دەسووڕایەوە دەسووڕێتەوە، هەروەهاش هەرا و هوریای سیاسەت و لێکترازانی باری سیاسی بووتە هۆی بزربوونی گەلێک ڕاستی، ئەنجامیش هەر کێشەیەک ئەگەر پێوەری حازر و بەردەست بۆی بەکەڵک نەهاتبا، پەنا دەبرایە بەر ئاسانترین و ساکارترین شێوەی مامەڵەکردن.

لەو باوەڕەدام لێکۆڵینەوە لە بابەتی شیعر نە بەس چەتوونە بەڵکو کەنگەشە و کێشە لە سەری دواییان نایەت، هۆیەکەشی ئاشکرایە کە تێگەیشتن لە شیعر و چێژوەرگرتن لێی، لە ئیسانەوە و بۆ یەکێکی دیکە جیایە و، بەهۆی تەبیعەتی شیعر کە ناتوانرێ پێناسە و چەمکێکی سەقامگیری بۆ دیاری بکرێت، هەروەها تێگەیشتنی هەڵەی کەڵەکەبووی ئێمە بەتایبەتی کوردی گەرمێن، کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردووە. ئەمن لێرە بەپێی دید و تێگەیشتنی خۆم بۆ شیعر و چۆنیەتی چێژوەرگرتنم لێی هەندێ مەسەلەی نەشیاو وەک زۆری ژمارەی شاعیر لە ناو خەڵکی کورد و، لە هەمووی گرینگتر توانای شیعر لە گۆڕینی دنیای ئێمە بەرەباشتر، هەوڵ دەدەم بەشداری لە شیکردنەوەی ئەو کێشانە بکەم و دەرگایەکی جیاواز بۆ ئەم مەبەستە وەکەم. نەتەوەگەلی دواماوەوە، مندالانە ڕەفتاردەکەن بۆ دروستکردنی ڕابوردووی خۆیان. لە خسڵەتە بەرچاو و زەقەکانیان، زۆری شاعیرانە. هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە پەخشان ئەو پەڕی وردبینی پێ دەوێ و دەبێ نەتەوەی تایین قۆناخەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، پلە پلە لە کەلەپورەوە بڕیبێ و هەموو زانست و ئەزموونەکانی لە کن خۆی کەڵەکە کردبێ. پەخشان کارێکی ئاڵۆز و بە مەبەستە، کەچی شێعر لە دانیشتووانی ئەشکەوتان دەوەشێتەوە و لە پەراوێزی شارستانییەتدا دەبوژێتەوە؛ نەک لە مەڵبەندەکەیدا، پەخشان پێویستی بە بلیمەتیی ڕامانانە هەیە و زمانێکی بە بیچم و شێوەی تایبەتی دەوێ، شیعر بلیمەتییەکی وەحشیانە و زمانێکی شڕ و بەرەڵای بۆ بەسە.

شیعر تەبیعەتی بای هەیە، میوانێکی رەها و عەجوولە، نە زەمان بە خۆیەوەی دەگرێ و نە مەکان و لەبەر ئەوەی شاعیر تەبیعەتەن نیگەرانە. بۆیە میکانیزمی خۆجۆشانەی حەدەس دەمێ هەڵدەچێ لە دەمی ژان دەچێت. شاعیر کە غایەلەی شیعر تینی بۆ دێنێ زۆر جاران دەبێتە ئینسانێکی هەرە سەرەتایی، ڕەنگە لەو لەحزەیەدا مژوولی دروستکردنی ئیکونەیەک بێت یان خەریکی داتاشینی سمبۆلێک لە دار، یان رەقسی شێتانە لەگەڵ جندۆکان... وشەکان بە پشکۆ هەڵدەگەڕێن و خسڵەتی گوڵیان هەیە و یان بە گوڵ و خسڵەتی پشکۆ: مەعناکان لە چاوی شاعیرەکەدا وەکو مار سەما دەکەن، لە هەندێکیان خۆ دەپارێزێ، هەندێکیان دەخنکێنێ، هەندێکی تریشیان دەیگەزن، وەکو عەلی حەریری دەڵێ:

> وەرە! ئەی شەهدی شیرن ژ عەشقا تە دل ێنخسیرن
> بە جان مەنزلگەهی میرن تەلەبکاری کە سولتان تێت
> تەلەبکارن دل ئارایم مە دیم یاران بووبی شاییم
> لە بەژنا عەرعەرین دایم **سیەهمار** لێ ب جولان تێت
> **سیەهماران** کرە سەیران لە جوتێ شوبهەتێ جیران
> کو خاس و عام ببون حەیران لە جەیران عەنبەر ئەفشان تێت

(بڕوانە سەرچاوەی ١)

هەروەها وێنەگەلی شیعری، سەری شاعیر بەرەو پۆپە هەرە بڵیندەکان دەفڕێنێ و دوایی بەری دەدەنەوە و بەر نووکی ڕمێک دەکەوێ و پێی هەڵداوەسرێ. دەمی نووسینی قەسیدە لە دەمی ڕوئیا دەچێ، لە شەوەی خەوی جۆراوجۆر. پێوەندی لە نێوان بیروخەیاڵی ئینسانی سەرەتایی لەمەڕ وجود لە ڕێگەی سمبۆل و ئەفسانەوە لە لایەک و، ژیانی شاعیر دەمێ خۆی بە چەقەی گیتی دەنوێنێ، هەیە؛ لەو دەمەدا شاعیر لە پەیڤەکاندا دەتاوێتەوە و پەیڤیش لە شاعیر لە دیالێکتیکێکی سۆفیانەدا، لە ئەنجامدا وێنەیەکی تەلیسماویی سمبۆلیانەی جادووییانە دێتەگۆڕێ.

مرۆڤ زوو دەست بە شیعراندن دەکا، تا ئەو دەمەی منداڵە، شاعیرە؛ پاشان خوو و عادەتی خۆی بەرەبەرە لە زۆر حاڵەتدا تەرک دەکاتەوە. بۆیە هونەری شاعیری ئەوەیە نەهێڵێ چ گوزەران، چ خەڵکی، چ پارەوپووڵ ئەو خوو و وعادەتی پێ تەرک بکەن. ئەوەیە بە ڕای من حەقیقەتی ڕوئیای پاکی شاعیرانەی شاعیر، ئەو ڕوئیایەیە شاعیر دەخاتە نێو ژانێکی سۆفیانەی گیتییانەوە.

بارودۆخی جەنگ و پاشاگەردانی سیاسی، ڕێی تێدەچێ یارمەتی سەرهەڵدانی هەندێ نووسەر بدات، بەڵام نایانخولقێنێ. ئەوەش

کەشفکردن لە خولْقاندن جیادەکاتەوە. ئەگەر شیعر لە هەر بۆنەیەکدا بوترێتەوە و بوترێتەوە، کەڵەکە و بێ قیمەت و مویتەزەل دەبێ، دەبێتە ژەمێکی مەسرەفی موەقەت و خۆشییەکی گوزەرا و شیعرییەتی کاڵ دەبێتەوە. بە قسەیەکی تر شیعرێکی دەگمەن لە کوێن دانەوێڵە و (شیعرێکی) زۆر لە کوێن زیوان دێتەبەرهەم، هەرواش هەڵاواردنی باش لە خراپ زۆر زەحمەت دەبێ. خۆ کارەسات وماڵوێرانی دواییان نایەت. بۆ هەر نسکۆیەکیش، شاعیران بێن و فستیڤاڵ و میهرەجانی شینگێڕیی بۆ بگرن دەبێتە کاوێژێکی وەڕەسکەرەوە.

وەزیفەی شاعیر ئەوەیە دنیا و ژیانمان باش و جوان بکات. ئەگینا پێچەوانەکەشی دەقەومێ، هەروەکو چۆن لە حاڵیحازردا لە نێوام ئێمە کورداندا زەق عەیانە، لە لای ئێمەی کورد هەمیشە هەڵوێستی سیاسیانەی شاعیر دەبێتە مایەی ڕەزامەندی خوێنەرەوە. زۆر وتنەوە یان کەڵەکەکردنی چەندایەتی لە سەر حیسابی کەڵەکەی چلۆنایەتی زیانێکی گەورە بە خوێنەرەوەی کورد بەتایبەتی تازەپێگەیوەکان دەگەیەنێ. خولْقاندنی خوێنەرەوەی ڕووکەشانە گەورەترین زیانە کە لە نەوەی حازر و داهاتوو دەکەوێ. زۆری یان کەمی جەماوەری شیعر پێوەری باش و خراپ نییە، بەڵکو مەسەلەکە لە نەوعییەتی ئۆگرانی شیعرە کە هەمیشە کەمایەتی بوونە. ئەگەر لە کێشەکە قووڵ بڕوانین دەکارین لەنێوان بەرزەوەبوونی کاتیی و خێرای ئەستێرەی هەندێ شاعیرانی پۆپۆلیست و لەنێوان بەرزەوەبوونی شێلگیرانەی وردەوردە و بەرەبەرەی شاعیرە داهێنەرەکان کە توانای هەمیشەیی دڕبردن بە زەمان و مەکانیان هەیە، فەرق دابنێین. ئەم شێوە لێکجیابکردنەوەش تەواوی هونەرمەند و هونەرکاران دەگرێتەوە، چونکە گەلێک دیاردەی جەماوەری دەشێ سەرنجی خەڵکی ڕاکێشن و دڵگیریان بکەن تاماوەیەک و زوو دامرکێنەوە وەکو یاری ئاگر. زۆرجار ئەم دیاردەیانە وەڵامدەرەوەی غەریزییانەی دەمودەستی ڕۆمانسییانەی هەستێکی کۆمەڵە تا ئەو کاتە جێگە بەتەواوی چۆل دەکەن بۆ هێمنایەتی و ئاوەز. بۆیە دەبێ شاعیرانی سواربووی شەپۆلی شۆڕش و غەریزەکە لە قۆناخێکی دیاریکراودا سەردەکەون و زوو دادەکەونەوە، لە شاعیرانی ڕاستینی ئینسانساز و جاویدانی جیابکەینەوە. شیعر وەکو مۆسیقا، شادیی سێحرئامێزی ژین دەخاتە دڵان، لەوکاتەی باوەڕمان بە سیحر و ئەوین و قودرەتی بێ پایانی زمان هەیە. زمانیش کە بۆ خۆی سیحرێکی گەورەیە، لە شیعردا پاکتر خۆی دەنوێنێ تا لە قسەی ڕەقی لەخشتەبەری ڕۆژانەدا.

جاویدانی ئەدەبییاتە ئەوەی نیگەرانمان دەکا، ئەو قووڵیی فکری و هونەرییەی دەوێ کە نیچەی گەیشتێ وەختێ شیعری فەلسەفاند و فەلسەفەی شیعراند، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان بکاتە قوربانی ئەویتر. بەهرەی فرە و لێزانی(تەکنیک)ی زۆر ئەگەر ڕوحییەتی خەللاقییەتی لە ئازادانەبێ بەس نین. بەڵام هەرسێ پێکڕا لە کاربن، بەرهەمەکەی شاکارێک دەبێ، هەموومان دەهەژێنێ. بەهرە دیارییەکی زگماکی یە، تەکنیک خۆ فێرکردنە، بەڵام ڕوحییەتی خەللاقییەت لە لەحزەیەکدا هەیە، لەوانەیە لە چاوتروکانێکی دیکە ون بێ، لە دەست دەچێ؛ ڕەنگە بە زەنگێکی تەلەفۆن یان بیرێکی لاوەکی لەپڕ.

دەبینی کە تەکنۆلۆجیا چۆن مەواداکان و هەروەهاش زەمانە دەستەمۆ دەکا، ئەوە ئینسانی لە ناو ناخۆشترین زەلکاوی واقیعدا تووش کردووە، ئەوەش دیارە کە ئینسان لە ناخی خۆیدا هەست دەکا کە لە سەرووی مەودا و زەمانەیە. با ئەوەش بڵێم کە خەیاڵی مرۆڤ ئەو کەشتییە ئاسمانییەیە کە تەکنۆلۆجیا بە هیچ کلوچێک تۆزی ناشکێنێ... خەیاڵ نەبوایە، مانگ چ مەعنایەکی دەبوو؟ تەنیا کەوکەبێکی ژەنگن وهیچی دی؛ ئەوە خەیاڵە کە لە مڕیخ ئەو مەتەڵۆکە دروست دەکا کە تەنیا هاوولاتییەک لێی دەژی؛ ناوی: حەپەسانە. خەیاڵ نەبوایە فایق بێکەس چۆن دەیتوانی ئەو مشتە لم و تەپوتۆزە وا جوان بڕازێنێ و ڕوحی لە بەربنێ و بیکاتە هۆگر و هاودەردی خۆی:

ئەی مانگ! من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین

خەیاڵ پلاو و خەیاڵی خاویشمان هەیە کە هەمووی بەڵگەی ناکامی ئەو شاعیرانەیە پەنای بۆ دەبەن. بۆیە شیعرەکانیان هەر لە زاریان دێتەدەر وەک بلْقی سەرئاو مەحف دەبێ. بەڵێ خەیاڵیان خاوە لە ناو کورددا نابنە چەقی گیتی، بە هەراوهوریا و دیماگۆگیان، نە شەڕی براکوژی دەبڕێتەوە و نەش چەوساوەکانی میللەتانی بێدەسەلاتی ناوچەکەمان فریویان دەخۆن و دەکەونە ویزەی یەکدی و سەری یەکتر دەبڕن. ئاخر شیعر و کینە چۆن پێکەوە هەڵدەکەن. شاعیر ئەوپەڕی ئینسانییەت دەنوێنێ و ئازادیی بۆ هەموو ئینسانەکان دەوێ.

لە سەرەوە عەرزم کردن، دیاردەگەلێک کە پێوەندییان بە ئەدەبەوە هەیە زۆر بە هەڵە تێیگەیشتووین وچەمکی ستالینی و ژدانۆفانەمان بە سەردا زاڵە و لە ئاگایی و نائاگاییماندا چەسپاون. بۆ نموونە، دەگێڕنەوە، هەندێ کەس لە لای شەهیدی ئەمر یوسف سەلمان یەسف(فەهد) سکالایان کردووە گوایە ڕەحمەتی «ئەلجەواهیری» ماوەیەکە شیعری (عظیم)ی لێ نەهاتووەتە بەرهەم؛ ئەویش وەلامی داوەتەوە کە ڕووداوی (عظیم)ی بۆ بقەومێنن تا شیعری (عظیم)تان بۆ بڵێ.

لێرە فەهدی شەهید هەموو خەمی خزمەتی ئامانجی سیاسی حیزبەکەی بووە و زۆر شت بە شیعریشەوە دەکاتە قوربانی ئەو ئامانجە. دەنا شیعر ئەگەر شیعر بێ، حەوجێی بە ڕووداو نییە. چونکە هەموو بوارەکانی ژیان مەیدان و مەبەستیەتی. بۆ ئاگاداریش ڕۆشنبیرانی سەر بە (حشع) هەر لەمێژە ئەو قسەیان پشتگوێ خستووە و، دەڵێن لە قۆناخی خۆیدا بۆ تێکۆشان دژی ڕژێمی ڕەجعیی پاشایەتی بە کەڵک بووە. زۆرجاران بیستوومەتەوە لە هەندێ کەسان، ئیرادیان لە «گۆران»ی نەمرگرتووە کە نابێ میسالی(ئیدیالیست)بێ کە خۆی شیوعی بووە، چونکە لە شێعرێکیدا ناوی (خوا)ی هێناوە. ئیتر ئەو برادەرانە سەرنج نادەن کە شیعر لە نێو ئیدیالیزمدا هەڵدەقولێ. هەموو هونەرەکان بە شیعریشەوە ڕەگی مەزهەبییان هەیە؛ هەموویان خۆراکی ڕوحن. شیعر، خودا، پێغەمبەر، پەری، شەیتان، موسیقا، ڕوح، سەما، هونەر، لەززەت، ئینسان، ئینسانییەت و هتد... لە خانەیەکدان و هەموویان پێوەنی ڕوحیان لەگەڵ یەکتر هەیە و، لە بەرانبەردا کۆنترایەکەی کە پێکهاتووە لە عیلم، تەکنیک، پاشا، بیرکردنەوە، قازانج، پارەوپووڵ، مرۆڤ یان حەیوانی عاقڵی داروینی و هتد... لە خانەیەکی تردا توخمەکانی هەردوو خانەکەکە هەموو لە پێوەندی دژایەتیی دیالێکتیکیانە دان. لێرە قسەیەکی «ئێنشتاین»م دێتەوەیاد کە دەڵێ: دەمێک لە ئازمایشگا دام خودایەک دیار نییە. ئەمنیش دەتوانم بڵێم

کاتێ ئێوه شیعارات و بانگەشەی مەبەستە فاشلەکانتان دەکەن و بە ڕێپۆرتاژەکانتانەوە نەفرین لە براکوژی دەکەن، شیعرێک لە ئارادا بەدی ناکرێ.

با هەموومان ئاگادار بین شیعر تەنیا بژار و وێنەگەریی نییە و، هەر ڕووداوێک نابێتە هەوێنی بە کەڵکی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری، پێویستە ڕووداو لە نێو ڕووداودا بقەومێنین.. بە هەمان قۆناخگەل کە تێیدا کرمی هاوریشم بە پەپوولە هەڵدەگەڕێ. تۆمارکردنی زەمینانەی ڕاستەوخۆی شتگەل پێمان ناڵێ تا چەندی هونەری حەقیقی یە. ئەزموونگەل هەن دەژین یان وەریاندەگرین لە خۆمان یان لە دەرەوەی خۆمان، وادەزانین دەبنە کەرەستەی هەرە باشی کارێکی ئەدەبی. بەڵام ئەوە ڕەنگە ببێ، ڕەنگە نەبێ.

جارویار خەمی لە دەستدانی ئەزموونگەلێک دەخۆین دەمی قەومانیان وا جوانمان بۆ دەرنەکەوتووە کە دوایی پێدەزانین. هەروەهاش فرسەتی پێگەیاندن و قووڵکردنیان لە دەست دەدەین. کەواتە قەدری ئەزموونەکانی ژیان لە کاتی خۆی نازانین. ماهییەتی ئەزموونەکە، لە کاتی پرۆسەی هەڵگەڕاندنی هونەریدا بۆمان دەردەکەوێ هەر بە هەمان ئەندازەی بوونی جارانی و بگرە زۆرتر ئەوەش بە هۆی فاکتۆری خەللاقییەتی هەڵقوڵاوی نائاگایی. ڕەنگیشە ئەزموونێکی خاو و شێواو بمێنێتەوە؛ هیچ پەرەپێدانێکی هونەری هەڵنەگرێ. کەواتە خەیاڵی خەللاق پەنا و پەسیومانەئەوەی مەعنای قوڵیی شتگەلمان بۆ کەشف دەکا. بایەخی ژیانی سەحکەرەکان تەنیا بایەخی داهێنانی مەیە بۆی. واقیعی ڕاستەقینە تەنیا دەمێ بۆی دادەهێنین بوونی هەیە. خەیاڵی هەندێ شاعیر و نووسەر پێشبینی ڕووداو و بەهاکانیان کردبوو و دەکەن زۆر قووڵتر لەوانەی لە دەمی قەومانیان کردبوویان. داهێنەری ڕوئیایی غەزا و فتووحات دەکا؛ کەچی واقیعی (ڕیالیست) تۆمارچی چاوەڕوانی سەرکەوتن و ژێرکەوتنە تاکو هەڵبەرێ یان باوکەڕۆ بکات و شین بگیرێ. شێنگێڕیی پووچ وبێ ناوەرۆک دوایی پەناگەی ناکامەکانە. واقیعییە وەرزییەکان شیعر دەکەنە سروودی میللی و پەخشانیش بە ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری و پروپاگەندە...

لە سەرەتادا پێش تاریخدا کاتێک زمان پێکنەهاتبوو، وشە یا هۆنراوە نەبوو، نە بەستە، نەش گۆرانی؛ بەڵکو ویزەویزی با؛ کێژەنی ئاو و زیکە زیک و خوێندنی تەیر و توو. لە شەفەقی ئەدەبیاتدا شیعر، شانۆ یان ڕۆمان نەبوو، داستان هەبوو، بۆیە ئەگەر بمانەوێ شتێکمان لە ڕوئیای ئەسڵی ئینسانییەت بەرکەوێ، بزانین ئینسان چییە و بە کوێ دەگا و دەبێتە چی؛ دەبێ بڕۆین بۆ داستان. لەوێ هەوڵ هەوڵەکان دەدۆزینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی زەحمەت و ترس و غایەلەی ئینسانەکان.

دیارە ئەدەبی فەرهەنگەکانی دنیا بە شیعر دەستی پێکردووە، کە ڕیتم و نەوعییەتە حەساسەکەی پێداویستییەکی ئینسانی دابین دەکات. شیعر فۆرمێکی زارەکی هونەرە توانای هێڵێنجاندنی کاردانەوەیەکی سۆزوروژێن لە خوێنەرەوەی هەیە، خزمی نیزیکی فۆرمەکانی تری زمانە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوانە لە بیچم و دەنگەکانی وشەکانە و هەروەهاش لە مەعنا کەڵک وەردەگرێ. مەعناش بۆخۆی بە کێش و جوانکاریی دیکە وەکو جیناسی ئیستهلالی و سەجع شیرن و ناسکتر دەبێ. ئەو جیناس و سەجعە بە گوێ هەستی پێدەکرێ.

دەنگی شەفافی شیعر، کۆنترۆڵی موحکەمی هەستی سەمعی، هەندێک جار دەتوانێ بە شیعرەکە نرخێکی جەماڵی ببەخشن، سەربەخۆ لە مەعناکەی، مەبەستێک یان کارێک بۆ خوێنەرەوە پێشکێش دەکرێت لە ڕێگەی وشەگەل کە دەنگەکانیان وا خۆدەنوێنن کە زایەڵەی مەعناکانیان بن. بڕواننە شیعاراتی خەڵکی کورد لە وەختی خۆپیشاندانەکانیان دژی ڕژێم یان هی حیزبەکان دژی یەکتر هەمووی بە کێش و سەجعە و، کەڵکیان لێ وەردەگرن لە دژی یەکتر (تەنانەت بۆ سەعاتێکیش بێت). ئەگەر سەرنج بدەینە قسە و ڕەفتاری خەڵکی ئاسایی چ لە کاتی خۆشی و چ لە کاتی ترشی، چ جیدی بن و چ گاڵتەو گەپ بکەن، پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە بۆچ هێندە قسەی بە کێش و سەروا و سەجعیان پێ خۆشە! مرۆڤ هەمیشە حەزدەکا هەموو شتێک لە گوێیدا خۆش و شیرن بزرینگێتەوە. ئەوەش بە دادائیزم ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک لە مەبەستەکانی ئەوەبوو وشە لە مەعنا ڕزگار بکات؛ ئەوەش ئیمکانی نییە بەڵام دەتوانم بڵێم کە شیعر فۆرمێکی ئەدەبی هونەرە، دەمودەست بە هەست پابەندە؛ قەت ناتوانێ بە یەکجاری و تەواوی ڕوون بێ، لە ناو هونەرەکانی تردا تاکانەیە لەوەی کە وەسیلەی پێوەندییەکانی medium واتا وشەکانی خۆی لە گەڵ فۆرمەکانی دیکەی پێکگەیشتن بەش دەکات. مۆسیقاگەر سەروکاری بە دەنگە، پەیکەرتاش بە بەرد، شاعیریش بە وشە.

وشەگەلی شیعر، لە سایەی پێوەندییان بە وشەکانی ترەوە و، لە سایەی کار وکاردانەوەیانەوە وەکو بەرهەمی دەنگی پەیڤین، مەعنایەکی زۆر جیا و دانسقە و غەریب دێننەکایەوە، ئەو مەعنایەش بەزۆری کارێکی بەسەر مەعنا قامووسییەکانەوە نییە و تایبەتە بەو کارەی کە بۆی بەکارهێنراون.

وێنە فەردییە بەلاغییەکانی شیعرێک وەکرێ وەکو نەوعییەتەکانی زمان لێکبدرێتەوە وەک ڕیتم. ئاشکرایە شیعر تەنیا کۆی بەشەکانی خۆی نییە و هەروەهاش تەبیعەتی شیعر هەمان شت وەکو فۆرمە کۆنکرێتەکەی نییە؛ واتە خانەیەکی مێشک بە تەنیایی هەمان خسڵەتی کۆی خانەکان نییە.

هەوڵی کلاسیکییانە بۆ لێکدانەوەی تەبیعەتی شیعر بە زاراوەگەلی ڕوحییانە دراوە. هۆمیرۆس و هێسیود بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە نووسراوەکانیان بەرهەمی ئیلهامی نۆ ئیلاهە خوشکەکانە Muses ئەوانەی پارێزەری گۆرانی، شیعر، هونەر و زانست بوون لە میتۆلۆژیای گریکیدا. ئەفلاتوون، هەوەڵ ڕەخنەوانی ئەدەبی ڕێزداری تاریخی بەشەرییەت، گەلێک گەنگەشەی لە سەر شیعر نووسی. تێیاندا بە هەڵقوڵاو لە قودرەتێکی سەرووی تەبیعەت (supernatural)ەوە دەیناسی، ئەو قودرەتەی کە شاعیرەکە لەگەڵ کۆڕی گوێگران و خوێنەرەوان گرێ دەدات لە ڕێگەی جەزبەی ناعاقڵانەوە.

شکسپیریش لە شانۆگەریی (خەونی نیوە شەوی هاوین)دا، شاعیرانی لەگەڵ مەجنوونان و ئاشقان حەشر کرد: مەجنوون، ئاشق و شاعیر لە مەعدەنێکن، چاوی شاعیر لە گەردونی شێتی خنجیلانەدا(Dote) لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دەبریسکێتەوە، لە زەویدا بۆ ئاسمان، قوەتی خەیاڵ شتگەلی غەریب دەبینێ، قەڵەمی

شاعیر بۆ شێوەگەلێکدەیانگۆڕێ؛ ناوونیشانیان بۆ دادەنێ. شاعیرانی کلاسیکی عەرەبیش هەر یەک جندۆکەی شیعری خۆی هەبوو کە ئیلهامی لێوەردەگرت. ئیدیعای ئەوەیان دەکرد گوایە هەمیشە ئاموشۆی جندۆکەکان دەکەن لە دۆڵێکدا بە ناوی عەبقەر (ڕەنگە ناوی عەبقەری لەوەوە هاتبێ).

قوەتی وێنەی شیعری بۆ شاعیر چەتوونە. لە ڕێنێسانسی ئوڕووپاوە تاکو بزافی ڕۆمانتیکی سەدەی ١٩، گەنگەشە لە سەر تەبیعەتی شیعر و ئەخلاقی شیعر و فایدە جەماڵییەکەی، هەر لە دەوری پێناسەکەی ئەفلاتووندا دەسووڕایەوە.

سیر فیلیپ سیدنی Sir Philip Sidney یش لە (داوای لێبوردن لە شیعر، ١٥٩٥)دا، وێنەی شیعری وەکو ئیلهام دەبینێ، ئەو ئیلهامەی ڕوخسەتی چوونەژوورەوەی ڕاستیی داوە لەگەڵ مەودای سەبەب و، هەروەهاش نرخی وشە. دوو سەدە دواتر نووسی کە شیعر مەملەکەتی زانینە بە تەواوی جیا لە لێکۆڵینەوەی عەقڵانی، بەڵام ڕاست و دروستە.

ئەرەستوو هێندە خەمی سایکۆلۆژی دانانی شیعری نەخوارد، بە زۆری لە خەمی چۆنیەتی کاری شێعر لە خەڵکی بوو. ڕوونی کردەوە کە شیعر پێداویستی تەبیعیی ئینسانە بۆ لاساییکردنەوەی ژیان.

ئەفلاتوون باوەڕی وابوو کە شیعر تا ئەو دەمەی لاسایی باوەڕی ئیدیالی دەکا؛ قیمەتی هەیە، ئەرەستوو تەئکیدی کرد کە لاسایی بە گشتی ڕاستییەکی بە نرخی تەبیعەتی ئینسانە، بەگشتی شیعر لە جۆرەکانی تری نووسین وەک بۆ نموونە تاریخ کە پێبەندی تەواوی فاکتەکانە بە نرختره. ئەرەستوو هەوەڵین کەس بوو ڕای خۆی لەمەڕ شیعر دەربڕی و موناقەشەی دەکرد و دەیگوت شیعر واقیعێکی جیا دەنوێنێ — نەک میکرۆکۆزمێکی دنیای واقیعی بەڵکو مەملەکەتێکی سەربەخۆیە؛ خاوەن ڕێورەسم و یاسای خۆیە.

حیکایەت مەتنێکە بە کردەوە، شتێک کە لە نێوان بیدایەت و نیهایەتەکەیدا دەقەومێ. ئەگەر حیکایەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە حەقیقەتە (بە مەعنای سانایی وشەکە)، دۆکیومێنتە، ڕاستییەکان شیدەکاتەوە، ئەو کاتە ئێمە سەروکارمان بە ڕێپۆرتاژ یان پیشانگەی تاریخییەوە دەبێ. ڕۆمان ونۆڤێل حیکایەتی شیعرانەیە لە حەقیقەت ئازادە واتە حەقیقەت بەندی ناکا، ئەوەی ناوی ڕۆمان و نۆڤێلی لێ بنرێ مۆرکی خەیاڵ fiction ی پێوەبێت. فۆرمەکانی حیکایەت (ڕۆمان، نۆڤێل، ڕێپۆرتاژی بەرزەفڕ) هەموویان مەبەستیان وەسفی مرۆڤ و ژینگە، بەربەرەکانی (contrast) و توخمەپێکهێنەر(component)ەکانی ترە. هەموویان دەستەخوشکن، لە هەمان سێلول و کرۆمۆزۆم و مۆخ و خوێن و ئێسکوپروسک خولقێنراون، بەڵام هەرکامیان ژیان و بیروباوەڕی جیاوازی خۆی هەیە.

تەئسیر و خۆشی و نرخی شیعر لەوەدایە کە حەقیقەتێکی بەرزتر هەڵدەسەنگێنێ، بەرزتر لە دۆکیومێنت و ئەجناسی باو، ئەوانەی بە پێوەرە باوەکان کێش دەکرێن. هەڵسەنگاندنی دەروون، حەساسییەت و ئینسانییەت یەکێکە لە قوەتە سیحرییەکەی شیعر. لەو هەڵسەنگاندنەیدا لە عیلم و تەکنیک ڕاستگۆترە. شیعردۆستان شیعریان دەوێ، نەک شینگێڕی بۆ براکوژەکان. خوێنەرەوەی کورد دەیەوێ ڕوحی جزیری، خانی، حەریری، نالی، مەولەوی، مەحوی، گۆران، هێمن و هتد... هەمیشە لەگەڵ ڕوحیان هاوئاواز بێ و سوکنایی بە ڕوحیان ببەخشێ و مەشخەڵی ئازادی بێ بۆیان لە ڕێگەی ژیاندا. دەنا میسیۆنێری ڕاسیزم و دووبەرەکیان بۆ چییە؟!

مێژووی ئەدەبی زیندوو بە گشتی مێژووی ئەو کەمایەتییەیە کە بە سەر چەمکە باوە داخراوەکان شۆڕشیان بەرپاکرد و لە نێو زمانە میللییەکانیاندا شۆڕشی ڕاستەقینەیان سازدا کە بووە هۆی گۆڕینی هەستەکان و تێگەیشتن و زەوق. هەڵبەتە ئەو مێژووە، نووسەرانی گۆڕینە مەزنەکان و پێشقەراوڵانی کەشفکردنی زەوییە نەناسراوەکان دروستیان کردووە، نەک نووسەرانی قەسیدەی بۆنە ڕاگوزەرەکان و شیعاراتی پووچەڵی بریقەدار.

شیعر جۆرە خەونێکە لە هەست و نەستمدا، شانۆیەکی ڕەنگین و زیندووم بۆ دەخولقێنێ. لە سەرەتای کتێبەکە یان چیرۆکەکەدا چەند وشەیەک دەخوێنمەوە و لە پڕدا سەرنج دەدەم ئەوە وشەگەل نین لە سەر لاپەڕەکەدا، بەڵکو «ناسیارێکی قەدیمی خۆمە بە تەسجیلەکەی لە سەر ئەلومن لەگەڵ دەنگی (ئوم کلسووم) تواوەتەوە و مەستە». یان جیهادی هەللاجە قەفەسی بولبولەکەی لە دارەتوویەک هەڵواسیوە و تێیڕادەمێنێ و گوێی لە خوێندنەکەی ڕاداشتووە و نەشەی گرتووە... هەروا گەلێک دیمەنی تر ئەگەر بنووسرێنەوە گەلێک کتێب پڕ دەکەنەوە. بەکورتی ئینسان تەنیا لە واقیعدا ناژی بەڵکو لە خەیاڵیشدا، بۆیە ئەی هاوار خەیاڵمان لێ تاڵ و شلوێ مەکەن!

مالمۆ، زستانی ــ ١٩٩٩

**سەرچاوەکان:**


1- *Abdulraqib Yusif, Şairên Klasikên Kurd*, Uppsala-Sweden, Jîna Nû, 1988.

2- **William Shakespear**, *En Midsommar Nattsdrom*, Tema Gleerups Lund, 1968.

3- **Homeros**, *Sången om Odysseus (Odysséen)*,

4- Översättning: Tord Backström, Bokuslçningen, 1975. **Trygge Kronholm**, *Den arabiska litteraturens historia, spegelbildar*, Natur&Kultur, Stockholm, 1995.

5- *itteraturens historia i Världen* av **Brent Olsoon** och **Ingemar Algulin**, Norsteds, 1995.

6- *Att skriva prosa* av **Lars Åke Augustsson**, Ordfront, 1989.

7- *Att skriva romaner och noveller* av **Lars Åke Augustsson**, Ordfront, 1993.

8- *Att skriva en roman* av **Diane Doubtfire**, Spektra AB, Halmstad.

9- *National ENSCLOPEDY*: surrialism, NE Braböker 1990.


10- *Bonniers familjlexikon*: dadaism, Bonnier Fakta och Tammy-Lidman, Stockholm, 1983.

11- **Hedlund Tom**, *Att förtå lyrik*, ordfront, 1979.

12- **Bertrand Russel**, *Västerlandets Visdom*, Över: Anders Byttner, Forum AB, Stockholm, 1995.

١٣- **محمد شكرى**، *غوايات الشحرور الابيض*. تێبینی: ئەم کتێبەی محمد شوکری نووسەری لێهاتووی مەراکشی پێش لە چاپداندا لە یازدە بەشدا لە لە ڕۆژنامەی **شرق الاوسط** دا بڵاوکرایەوە.

١٤- **فیلیب حتی**، *العرب*، طبعه بیروت، ١٩٨٠.




لە کوردستانیش ناوبەناو (شیعر)ی دەنووسی، جا کێ لە کوردستان شیعر نانووسێ! بەشبەحاڵی خۆم کەس ناناسم شیعری نەنووسیبێ. شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا کۆکردبوونەوە و لای ناسیاوێکی گوندنشینی بەجێهێشتبوون. منیش سەیرم، هەندێ جار تا ئەوپەڕی ساویلکەیی گەشبینم و لە تاریکەشەودا چاو بۆ تاڵە تیشکی زێڕینی خۆر دەگێڕم. ڕەنگە لایەنی گەشی ئەنفال ئەوەبێ، گەلی کوردی لەو دەفتەرە و لە گەلێ دەفتەرە شیعری لاوازی دیکە ڕزگارکرد.

کەس ناناسم لە بواری زۆربلێییدا شان لە شانی ڕەحمان کێوەڕەشی بدات، ئەگەر گوێگری هەبێ یەک بینە قسە دەکات، نە وێرگول دادەنێ نە خاڵ، بواری بەڵێ و سەرلەقاندنیش بۆ بەرانبەرەکەی ناهێڵێتەوە، دەڵێی قارەمانی ڕۆمانی جیمس جۆیسە.

من پێشتر سووکە پێوەندییەکم لەگەڵ هەندێ شاعیری ڕاستەقینەدا هەبوو، خەسڵەتی هاوبەشیان: کەمدوێیی بوو. لەبیرمە کە کلود سیمون نۆبێلی وەرگرت، لە وەڵامی پرسیاری: (بۆ دەنووسیت) دا گوتی: چونکە توانای قسەکردنم نییە. بە منداڵی بەسەرهاتێکم دەربارەی سەرتاشێکی چەنەباز خوێندبووەوە، ڕەحمان ئەو سەرتاشەی بیردەهێنامەوە و هەرگیز بڕوام نەدەکرد کەسانی هەڵەوەڕ ببنە شاعیر و نووسەر.

ڕەحمان لە کاردەرکرا، شیعریش زادەی بێکاری یە، ئیدی دەستی دایەوە شیعرنووسین،

شیعری بۆ هەموو گۆڤارە کوردییەکانی ئەورووپا دەنارد، بەڵام هەمیشە ناوی خۆی لە پۆستەی خوێنەراندا دەبینییەوە. ناچار بڕێک لە شیعرەکانی خۆی لە نامیلکەیەکدا کە بە قەوارە هێندەی دەفتەرێکی خزمەتی سەربازیی دەبوو، کۆکردەوە. ڕەنگە بەو کارەی بێبایەخترین کۆمەڵە شیعری بە کتێبخانەی کوردی بەخشی بێت. ئاخر لە هەندێ جێی ئەو دیوانە سووکەڵەیەیدا باسی شتی ئەوەندە پیسی کردبوو، خوێنەر دەکەوتە هێڵنجدان.

ڕەحمان هەر بەو نامیلکەیە ئارامی نەگرت، کاسێتە شیعریشی بە دەنگی خۆی کەوتە گیرفانییەوە و هەر ناسیاوێکی دەبینی، دانەیەکی پێشکەش دەکرد.

لە سوێد شاعیری کورد نییە گۆڤار دەرنەکا، ڕەحمان سوودی لەو دیاردەیە بینی و بە زۆر بێ یان خوایشت خۆی لە شاعیرێکی سەرنووسەر نزیک خستەوە، شاعیر بۆ کوێ بچوایە، ئەم لە خزمەتیدا بوو، دەیگەیاندە هەموو کۆڕ و پرسەیەک، ئیدی گونجی بەختی بەربوو. شاعیری سەرنووسەر ناوبەناو شیعرێکی بۆ بڵاودەکردەوە، وای لێهات کە پێکەوە بۆ کۆڕێ دەچوون، هەندێ دەیانگوت: ئەوە دەنگێک و نووزەیەک هاتن، دەنگەکە: شاعیرەکە، نووزەکەیش: ڕەحمان بوو. جاری وا هەبوو کەسانی داخلەدڵ تەواو پێیان لێ هەڵدەبڕی و بە (دوو مەیموونە چێشتلێنەرەکە)یان دەچواندن.

نەخێر کار لە شیعردا نەما، ڕەجمان کەوتە (ڕەخنە) نووسینیش. دەڵێن (ترسنۆک بە خاڵی خۆی دەوێرێ،) ئەمیش هەرکە هاتە دەست، لوولەی ژەنگیی چەکی بێ فیشەکی ئاراستەی دوو نووسەری گومناوی هاوشارۆچکەیی خۆی کرد.

جارێکیان نووسەرانی کورد لە سوێد بۆ داکۆکیکردن لە هاوڕێیەکی کوردستانییان کە جەللادێکی کوردی قەڵەموەشێن بەگیری هێنابوو، ئیمزا کۆدەکەنەوە و هەواڵی شاعیری سەرنووسەر لە ڕەحمان دەپرسن، ئەویش هەردوو پێیان لێ دەکاتە یەک تاک کەوشی میللی و لە ژێر ڕێژنەی پاڕانەوەدا ناچاریان دەکا ناوی بنووسن. ڕەحمان کە ناوی خۆی لە نێوان ناوی نووسەراندا دەبینێ، لاقی لە زەوی دەبڕێ و خۆی لێ دەبێ بە نووسەرێکی پێنج ئەستێرە.

ڕۆژێک شاعیری سەرنووسەر بە ڕەحمانی گوتبوو: واز لە شیعر بهێنە! تازە زەحمەتە ببیتە شاعیر، ئاخر شاعیرە مەزنەکان هەر لە ئوسکار وایڵد و ڕامبۆ و بۆدلێر و پوشکین و لۆرکاوە تا ئەلشاببی و فروغ و دڵدار و سوارە هەموو بە گەنجێتی ژیانیان لە دەستداوە، تۆ کە سەرت بۆیاخ دەکەیەوە درەنگە بۆ شیعرگوتن، ڕەخنە بنووسە، بەڵام پێویست ناکا هەموو جارێ ماستاو بۆ من سارد بکەیەوە، دەنا خوێنەر لە ڕاستگۆییت دەکەوێتە گومانەوە.

ڕەحمان حەبی ئەم توانجانەی پێ قووت نەدرابوو، بەگژ وەستایدا چووبووەوە و گوتبووی: تۆ خۆت هەمیشە دژی کولتووری خێڵ دەنووسی، کەچی لە سەرخێڵ خێڵەکی تری، لە ئەورووپا ژنت هەیە و دەچی لە ئاسیایش ژن دەهێنی، نە ئەمی ئەوروویات دەزانێ لە ئاسیا ژنت هێناوە، نە ئەوی ئاسیات دەزانێ ژنت لە ئەورووپا هەیە! بۆچی هاوزەمان دوو ژن بۆ تۆ ڕەوایە و من بۆم نییە لە هەردوو بواری شیعر و ڕەخنەدا کاربکەم! مامەحەمەیەتییەکەش هەر لە خۆتەوە فێربووم. جیاوازییەکەمان تەنیا ئەوەیە، تۆ بۆ کاربەدەستانی دەکەیت و من بۆ گۆڤاربەدەستان.

کورد کاتێ وتووێژ لەگەڵ دوژمنانیاندا دەکەن دڵیان فراوانە، بەڵام لە نێوان خۆیاندا تەنگەچیکڵدانەن. لەو وتووێژە ژێی پێوەندی نێوان دەنگ و نووزە پسا، دەنگ دەروازەی گۆڤاری بە ڕووخساری نووزەدا داخست، نووزەیش کەوتە کلکەلەقێ بۆ شاعیرێکی دیکە کە سەر نووسەری گۆڤارێکی دیکە بوو.

کاترینەهۆڵم ــ سوێد ١٩٩٩/٢/٢٢

کورتەچیرۆک

# مرەبای شەکەر

**ڕەسووڵ محەممەدی**

شار و زۆربەی دانیشتووانی هێشتا نوستبوون. ئەوانەی کە زوو هەستابوون یان بۆ حەمام دەچوون یان لە بەر نانەواخانەکاندا بۆ نان وەستابوون. سەرەڕای ئەوە کە مانگی گوڵان بوو، هەوای دەمەوبەیان ساردبوو. شەقام و کۆڵانەکان هێشتا چۆڵ بوون. بێدەنگی بە سەرشاردا بە چەشنێ زاڵ بوو کە دەنگی مەرحەبایی و قۆزە و بەڵغەم فرێدان لە دوورەوە دەهاتەگوێ. تەنیا شوێنێ کە قەرەباڵغ بوو ئەو شوێنە بوو کە کرێکارەکان لێی کۆدەبوونەوە.

بەرەو خوارتر لە نێو ڕیزە دوکانی تەنەکەسازەکاندا، دەستەیەک منداڵی دە دوازدە ساڵان هەریەکە و کەشەفێک و چنگاڵێک بەدەستەوە لە بەر دوکانی «مامەحەبیب» ڕێچکەیان بەستبوو. سازیان نەدەهات. یەک بە ئانیشک دەیکوتایە بن هەنگڵی ئەوی دی، یەک جنێوی دەدا، ئەوی تر هاواری دەکرد: «بۆ نۆبەبڕی ئەکەی».

مامەحەبیب پەیتا پەیتا دەینەڕاند بە سەریاندا: «کوڕە ئەوە چ قاڵمەیەکە عەمەدرێژ ئەون، بەخوا بەنە قینم مرەبا نابینن».

مامە حەبیب پیرەپیاوێکی کەڵەگەت بوو. لووتێکی قەڵەمی و چاوبرۆیەکی بە ئاستەم توورەی پێوەبوو. ڕدێنە سپییەکەی نەیتوانیبوو شوێن پێی ساڵانی تەمەن بە چرۆچاویەوە داپۆشێ. سەرەڕای پیری، چالاک و بەدەست و برد بوو. دیاربوو چل ساڵ پێشتر لاوێکی قۆز و میرخاس بووە. دەمێ ساڵ بوو لەو دوکانەدا بامیە و نان شەکەری و مرەبای دروست دەکرد. مشتەرییەکانی منداڵی فەقیر و هەژار بوون. بامیە و مرەبایان لێدەکڕی و لە نێو شاردا دەیانگێڕا و دەیان فرۆشت. تەختەیەکی پانی لە بەر دوکانەکە دانابوو کە گوومێش و شیلە ڕەنگیان گۆڕیبوو. منداڵ بە نۆرە کەشەفیان لە سەر دادەنا. مامە حەبیب مرەبای لە سەر دەچنی و دەیان برد.

«غەریب» هێشتا دوونەفەری لە پێشەوە بوو. لە سەرمانا کسکەی کردبوو. سەروقژی ئاڵۆزابوو. پێدەچوو مانگێ دەبوو لەشی ئاوی نەدیبوو. جلوبەرگێکی شڕی لەبەردا و جووتێ پێڵاوی لاستیقی لە پێدا بوو. ئالقەیەکی شینەوەبوو چاوی چەپی نەخشاندبوو. لێویشی قرنجابوو. بەپەلە بوو زووتر نۆرەی بێت و وەرێکەوێ. ئەو شوغڵەی غەریب گرتبووی، مەدرەسەچوونیشی لە شوێن بوو. بەڵام نەک بۆ خوێندن. لەبەر دەرکی مەدرەسەکاندا مرەباکە زووتر دەفرۆشرا.

کە مرەباکەی وەرگرت ڕێگای مەدرەسەی «وەحدەت»ی گرتەپێش. بەڵام زوو پەشیمان بووەوە. دەستێکی برد بۆ چاوە شینەوەبووەکەی: «بێژی حەسەنە گەڕۆڵ دیسان بەرۆکم پێ نەگرێ ولێمنەدا؟... نەء ناچم، ئەویش بۆ ئەو. ئەچم م م م... ئەها، ئەچم بۆ ئەو گەڕەکە دەوڵەمەنانە.» بە دەم ڕێگاوە، بە دەستێک نانی لە گیرفانی دەردێنا و دەیخوارد و بە دەستێکیش کەشەفەکەی گرتبوو. «ئەگەر ئیمڕۆ گشتی بفرۆشم، حەوتمەن خێر ئەکا، هەژدە تمەنیشم لە ماڵێ هەیە، ئەکاتە... زۆر.... وەڵێ بەکاری چی دێ؟ دایکم نایەڵێ دووچەرخە بسێنم. هەر ئێژێ: ناکا ڕۆڵە، دووچەرخە ناکا. جارێ با کرێ ماڵەکە بەین جا دوایی خۆم دووچەرخەت بۆ ئەسێنم.»

شار وردە وردە بەخەبەر هاتبوو. تاک و تەرا دوکان کرابوونەوە. لە شەقام و کۆڵان هاتوچۆی ماشێن و خەڵک زۆر ببوو، غەریب داکشا بۆ نێو کۆڵانان.

«مەرەبای شەکەرە... مرەبا....»

پێدەچوو خۆی گوێی لە دەنگی خۆی نەبوو. ئۆتوماتیکی هەی مرەبای دەکرد و لە هەمان کاتدا لە ناخەوە لەگەڵ خۆی دەدوا: «بە خوا درۆ ئەکا بۆم ناسێنێ. ئەو جاریش وتی: قەرارە «ژیلاخانم» دووچەرخە کۆنەکەی سامانم پێ با، خاسی کەمێ بۆ تۆ. ئەی بۆ نەیدا؟ وەڵڵاهی من بوایەتم ئیتر جلم بۆ نەئەشۆردن...». «مەرەبای شەکەرە... مرەبا....»

لێرەولەوێ ژنان و کچان خەریکی گسکدانی دەرگا و بانی خۆیان بوون. هەر تەماشای ئەویشیان نەدەکرد.

«ئەخێر مناڵ بە دەرۆ نین، ئەترسم کۆن کەوێ. جا بێ بڕۆڕۆ لای مامە حەبیب و لێی پاڕەڕەو ئەختێ شیلەی تری پیاکا».

ـ مرەبا... مرەبا! داترووسکا. دوو منداڵی پۆشتە و پەرداخ، کیفیان کردبووە شان و پووڵ بە دەستەوە، بانگیان دەکرد. هەنگاوی تیژتر کرد و لێیان نزیک بووەوە. چوارتمەن مرەبایان کڕی و حیلکوهۆڕ ڕۆیشتن. لە دواوە سەرنجی دەدان. هەناسەیەکی هەڵکێشا. «ئەگەر باوکم نەکەوتایەتەخوارێ، ئیسە منیش لیباسی جوانم ئەبوو. ئەچووم بۆ مەدرسە. مرەبام ئەسەند، وەڵێ لەو حەسەنە گەڕۆڵەم نەئەسەند. دووچەرخەیشم ئەسەند تێر ئەخولامێ. دایکیشم ئیتر نەئەچوو بۆ ماڵی ژیلا خانم. ئای چەنێ ڕقمە لەو سامانە جیقنە. خۆ بنیام ناوێرێ دەس بەرێ بۆ دووچەرخەکەی. خێرا قاو ئەکا لە مەمانی...». «مرەبایە و کارەبایە... بێنێ بۆ ئەو مرەبا!!». «خۆزگە هەزار تمەنم بوایە، لە ڕێوە ماڵێکمان ئەسەند. بە خوا ئەو ژێرخانە ناخۆشە. هەر زرمەی پایان تێ. هەر خۆڵ ئەوارێ. خۆ ناوێرین هیچیش بێژین. حاجی توورە ئەوێ. ئا دیتە ئەوجارە دایکم وتی نیمانە، ناتوانین کرێ زیاوکەین، ئەیوت چی، شڕەکانتان ئەخەمە دەرۆ ها. تاقەتی سڕوسواڵکەرم نییە. دایکیشم وتی، جا سواڵیش کەین لە تۆی ناکەین. حاجیش وتی، ئەوە نییە زۆرتان پێ ئەدەم. ئەوجارەی تریش خاشەوکەتی ژنی تێر جوێنی پێداین لە سەر ئەوە دایکم نەخۆش بوو و نەیتوانی حەوشەکە گسک بات. وتی: گوو بە گۆڕی ئەوە لە دیوار کەوتەخوارێ تۆپی، من و دایکیشم تێر گریاین».

«مرەبایە و کارەبایە و کارخانەکەی ئەمریکایە...». «بوێسە با گەورەبم، ئەشێ ئەو حاجیە سەگبابە بکوژم»

لە بەر دەرگای ماڵێکدا گوێی لە دەنگی منداڵێک بوو. لە حەوشەکەدا هاواری ئەکرد: من نایەم بۆ حەمام، من نایەم.

غەریب شارەزای کەسپەکە بوو، خێرا دەنگی هەڵبڕی: «ئا ئەوەیە مرەبا...» و بە دوایدا هەنگاوی شلکردەوە. بە هەڵە نەچووبوو،

هێندەی نەخایاند، منداڵەکە دایکی کێش کردە بەر دەرگا و مەجبوری کرد مرەبای بۆ بکڕێ. غەریب پووڵەکەی وەرگرت و دیسان چووەوە نێو خۆی. «لە هەزارتمەنەکە دوکانێکی میوەفرۆشییش...»، لەپڕ وەبیری هاتەوە وەک ڕۆژانی پێشوو نێو تەنەکە زبڵی ماڵان بگەڕێ و گێلاسە ڕزیو و لەتەخەیار و شتی وا بدۆزێتەوە و بیباتەوە. بە پەلە نایلۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و ئەم دەرگا و ئەو دەرگا بەر بووە هەڵشێلاندنی تەنەکە زبڵەکان. لەو کۆڵانە شتێکی ئەوتۆی چنگ نەکەوت. چووە کۆڵانێکی دی. لە بەردەرکی ماڵێکدا سەگێک سەری کردبوو بە پووتێکدا. غەریب ڕوانییە ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانەکە، کەس بە دەرەوە نەبوو. «چەغە، چەغە... گلاو!» سەگ هەڵات و غەریب لە پووتەکە نزیک بووەوە. کەشەفەکەی دانا و بە وردی زبڵی نێو تەنەکەکەی پشکنی. دووسێ خەیاری دۆزییەوە کە ئاوگەز ببوون و تووڕهەڵدرابوون. ئەو پووتەی جێهێشت و چووە سەر یەکێکی دی. هیچی ئەوتۆی تێدا نەبوو. «ئەها!! ئەودانەی تر حەقمەن تیایەتی.» خۆی پێ گەیاند. هەڵیشێواند، بڕێ سەوزی، ڕیخۆڵە و پەلی مریشک، هەندێ توێکڵەشووتی و قولاخی ماشێنێکی منداڵانەی تێدا بوو. ماشێنەکەی بە پاتۆڵەکەی سڕییەوە. هێندەی نەمابوو شاگەشکە بێ: «گیان، مەیکە، تەگەریشی بۆ پەیا ئەکەم، پەتێکی جوانیشی لێ ئەخەم. نازانم ئەو دانەی تر وا لە سامانم دزی چێ لێهات، پێم وابێ منالەکانی حاجی لێمیان دزی. ئەی دایکەکەتانم ...»

ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای مرەباکە. کە سەری هەڵبڕی بۆ ماوەیەکی کورت لە جێدا وشک بوو. سەگەکە خەریکی مرەبا خواردن بوو. پاش حەپەسانێکی کورت بە خۆیدا هاتەوە. پەلاماری دا، سەگ ڕای کرد و کەشەفەکە سەرونخوون بوو. بە دەم گریانەوە ئەو چەند دەنکە کەمابوو لە نێو خۆڵەکەی هەڵگرتەوە و بە پاتۆڵەکەی بەربووە سڕینەوەیان....

**تێبینی:**

لە شاری سەقز جۆرە شیرینییەکی هەرزانبایی دروست دەکرێ کە پێی دەڵێن مرەبا یاخود مرەبای شەکەر.

سازیان نەدەهات: بە یەکەوە هەڵیان نەدەکرد، بەردەوام شەڕیان بوو.

## «کەسێکی خۆشت بوێ لێی ناترسێی...»

ج. کەریمی

لەگەڵ حورمەت و سلاوم بۆ.... و دۆستانی بەئەمەگ و دڵسۆزی ڕێگەی ئامانجی کوردەواری، هیوادارم لەشساغ و لە سەرپێ بی، لە نەخۆشی و بەڵای ناجوور بە دوور بی و هەروا بە تاقەت و سەبوور و کۆڵنەدەر و ماندوویی نەناس. ئاواتی ژیانم مان و دیتنی خۆرەتاوی پڕتین و تاوی گزینگە لە کوردستانی خۆشەویست. کەسی کاکی ژمارە ۲۲ م بە دەست گەیشت:

نامە بان چاوم وێنەی چاویلکە
دونیام لێ ڕوون کا گزینگی دیکە

باش دەزانم بۆ دەرچوونی گۆڤارەکەت چ دەکێشی و چۆن شەو و شەونخوونی لە سەر تێپەڕ دەکەی و هێندێک خەڵکیش خەریکی گوزەران و کاروباری خۆیانن و ئاگایان لە مەحموودی بەزەواد نییە. بۆ نموونە ئی وا هەیە تەرازوویەکی داناوە و ڕۆژێ دەیانجار خۆی وەزن دەکا تا گرەمێک زیاد و کەم نەکا! کەچی لە وڵاتە خاپوورکراوەکەی خۆمان خەڵک لە هەژاری و ماڵوێرانی دا نوقم بوون. بەڕاستی لێرە ئەدا و ئەتواری وا دەبینم و دەبیسم، ئەشتەری بێدەرەتانی و دورەوڵاتیم لەبیردەچێتەوە.

نامەکەم لە ناو قەتاردا لە ڕێگەی چوون بۆ هێلسینکیدا بۆ نووسیوی. گزینگی تازەم لە دەستدابوو، کابرایەکی فینلاندیم لەلادانیشتبوو، هەرچاوی لە گۆڤارەکە دەکرد، خەتەکەی پێ سەیر بوو، کاتێک بۆم شەرح دا، ئەوە بە زمانی کوردی نووسراوە و کورد سی میلیۆنە بەڵام بێ وڵات و دەوڵەتە... زۆری پێ سەیر بوو و بۆی هەزم نەدەبوو، هەڵبەت گەلێک دژوار بوو حاڵیکردنی.

بە قەولی کوردەواری: **«کەسێکی خۆشت بوێ لێی ناترسێی، لێی بترسێی خۆشت ناوێ»**، تۆڵێی لە کاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گزینگەوە، تائێستە بۆ جارێکیش بووبێت چاوت بە گزینگی ژمارە ۱دا خشاندبێتەوە. لاپەڕەی هەولێ (سەروتار) بانگەوازی بۆ دڵسۆزانی نەتەوەکەمانە و زۆر بە جێگە و ڕێکوپێکە. دیارە وەرگرتنی بەڵێنی و بەرەوژوان بوونەوە هەروا ئاسان نییە، تێکۆشان و شەونخوونی، پرتە و بۆڵەی ئەم و ئەو، ڕاتڵەکان و داچڵەکان لە خەوی نیوەشەو و هەزاران چەرمەسەری دیکەی دەوێ.

مەبەستم لەو فرە وێژییە، ئەوەیە کە زۆر زانا و گەورە پیاوی کوردەواری هەن، دەبوو ناسرابان و نەناسراون. جا ئەگەر بۆتان گونجابا، لە توولی ساڵێکدا، لە سەر شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان و ئەوانەی لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە گیانیان بەخت کردووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هێندێک زانیاری بڵاوکرابایەوە، زۆر باش دەبوو. چونکە زانیاری لە سەر چۆنیەتی و گیروگرفتی ژیانیان، ڕادەی خوێندەوارییان، جۆری تێبینی بەرهەمەکانیان، ، ساڵی وەفاتیان یان ئەگەر دەژین لە چ وڵاتێکن... بۆ لاوەکانی تازەپێگەیشتوو لە هەندەران بە زمانێکی ڕەوان و سادە کە وەک دەرسێکی مێژوویی وابێ، زۆر بە کەڵک و پێویستە. بریا توانیبام نووسەران و شاعیرانی کوردی دەرەوەی وڵاتم کۆکردباوە و (ناڵەی جودایی) مامۆستا «هێمن»یان بۆ منالانی کوردی دوورەزێد، شیکردباوە. بەداخەوە لە تەواوی ژمارەکانی گزینگدا، دووجار نەبێ ئەویش زۆر بە کورتی باسی «هێمن» نەکراوە کە دەبوو زیاتر لەوە باسی کرابایە:

تۆ بەڵێنیت دابە یاران، بۆچ بەرەو ژوان نایەوە
پێم بڵێ بۆ بێ وەفاییت وا سەری هەڵدایەوە
هێمن و تۆ وانەبوون یادی نەکەی هیچ جاروبار
چۆن دەبوو ئەو شاعیرە بەرزەت لەبیرچووبایەوە
یادی هێمن من بەدی ناکەم لە ناو تیشکی«گزینگ»
گەرچی ئەو بوو دانەری «سروە» کە دەنگی دایەوە
بۆ شکا باڵی مەلی هەستت لە حاند هاواری کورد؟
هێرشی جاران بە، کاکە، بۆچی بێدەنگ مایەوە!

ماشەڵڵا ئاجودانی

# مەشروتەی ئێرانی و بەستێنەکانی نەزەرییەی ویلایەتی فەقیه

## دە مەعنای مێژوویی «میللەت» و دەوڵەت»دا

وەرگێرانەوە: ئەرژەنگ

تاپێش بزووتنەوەی مەشروتییەت، هیچ بەستێنێک بۆ پەیدابوون و پێکهاتنی ڕێکخراوەکانی سیاسی لە دەورانی سەرەڕۆیی قاجاردا بەرچاونەدەکەوت. هێزێکی یەکگرتووی سیاسیی غەیرەڕوحانی کە بتوانێ نەخشی بەرهەڵستکاری دەوڵەت بە مەعنا گشتییەکەی کە حکوومەت بەڕێوەبەرێ، لە نێواندا نەبوو. بەکردەوە نەخشێکی وا بە عۆدەی ڕوحانییەکان بوو. دابەشبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دوو لایەنی هەبوو، یا لە ژێر دەسەڵاتی دین دا بوو، یان لە ژێر دەسەڵاتی سەڵتەنەت کە بە مەعنا گشتییەکەی بە «دەوڵەت» تەعبیر دەکراوە... بەو پێیە لە پادشا و سەدری ئەعزەم و وەزیرەکانی سەرۆکایەتی دەوڵەت و، لە مەرجەع و موجتەهیدەکانیش سەرۆکایەتی «میللەت»مەعنا دەکراوە؛ «میللەت» لە مەعنای شەریعەتدا، دین و ئایین و جارجاریش بە مەعنای پێڕەوانی دین و ئایین و، «دەوڵەت»یش بە مانای سەڵتەنەت، حکوومەت و کارگێڕەکانی. دامەودەزگای دادخوازی(قەزایی)، سەبتی مڵک و ڕێکەوتننامەکان و یەریەیەرکردنی کێشەکانی حقوقی و دەرکردنی بڕیارگەلی پێوەندیدار بەوانە، لە ئیختیاری سەرۆکایەتی میللەت یانی ڕوحانیگەل دابوون و، حکوومەتی سیاسیش ئی دەوڵەت. مەحکمە عورفییەکان بەکردەوە دەسەڵاتی پێویستییان نەبوو. نیزامی مالیاتییش دوو جۆر بوو. ڕوحانیگەل مالیاتی شەرعییان دەستاند و دەوڵەتیگەلیش مالیاتی عورفی. دەستێوەردانی هەرکام لە جەغزی دەسەڵاتی یەکتر، دەبوە مایەی هەلا و پێکهەڵپڕژان و نیگەرانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر کر(ستروکتوور)ێکی ئەوها لە دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گرینگتر لەوە، ئەگەر چەمکێکی وا لە «دەوڵەت» و «میللەت» بە دروستی نەناسرێ، لە فامکردنی گۆڕانکارییەکانی مێژووی ئەو دەورەیە و زانینی یەکێک لە گرینگترین لایەنەکانی هۆی جیاوازیی نێوان «میللەت» (دین) و «دەوڵەت» (سەڵتەنەت) و سەردەمدارەکانیان، تووشی چەتوونی دەبین.

شێخ ئیبراهیمی زەنجانی لە ڕاپۆرتێکی بە ئەرخیدا سەبارەت بە بەرایی شۆڕشی مەشروتە و لە باسێکی ڕەخنەگرانەی کە لە دەوڵەت و میللەت لە دەورەی قاجاردا دەدداتەدەست، بە حەد و سنوور و بەکارهێنانی گشتیی چەمکی مێژووی ئەو دوو واژەیەی: «دەوڵەت» و «میللەت» ئاوا نیشاڕەدەکا: «بۆبەدبەختی بە هۆی کارەساتی سەرەڕۆیی دەوڵەتی ئێران پێکدەهات لە دوو کەس: پادشا و سەدری ئەعزەم و، نفوزی ژنان و خەڵوەتییەکان و چەند کەس لە دەربارییەکان و میللەتیش بریتی بوو لە ڕوئەسا (ڕەئیسەکان) و ئاغایانی عولەما (ڕوحانییەکان) کە بە هەر وەسیلەیەک بووبێ نێو و شورەتێکیان پێکهێناوە و بوونەتە (مەلجەء)سەرچاوە». لە ڕوونکردنەوەی ئەو قسەیەیدا دەنووسێ "عەوام و تێکڕای خەڵک" لە «حقوق»ی خۆیان ئاگادار نەبوون. چارەنووسیان لە دەست خەڵکی دیکەدا بوو. بە نێوی "باوەڕی دینی» هەرچی عولەما دەیانگوت و ئەمریان دەکرد، "بێ چۆن و بۆچی، قەبوڵ"یان دەکرد. دەڵێ: «خۆزیا بەرپەرەکانیی میللەت و دەوڵەت، یانی دەرباریی و ئاخوندەکان، لە سەر چۆنیەتی ئیدارەی مەملەکەت و بەرژەوەندی میللەت و مانی سەربەخۆیی» بووایە. بەرپەرەکانی لە سەر ئەوەیە کە کۆمەڵێک رعێتی بەدبەخت... دەوڵەتییەکان زیاتر بیانخۆن یان مەلاکان».

ئەو چەمکە لە «میللەت» و تێکەڵاوی لەگەڵ مانای شەریعەت، دین و بە بەربلاوی پێڕەوانی دین و، ئەو چەمکە لە «دەوڵەت»، لە بەکارهێنانی زاراوەییەکەی، بەمانای سەڵتەنەت و دەسەڵاتی حکوومەت، ئەسڵی ترین و سەرەکیترین چەمکێکە کە لە مێژووی دەورانی ئیسلامیدا، لەو دوو واژەیە تەعبیرکراوەتەوە... تەنانەت لە ڕەوتی سەرهەڵدانی مەشروتییەت و کەمێک دوای ڕاگەیاندنی مەشروتەش، لە زۆربەی نووسینەکاندا چەمکی زاڵی ئەو دوو واژەیە هەر ئەو چەمکەیە کە پێشتریش لە مێژووی ئێراندا لێی تەعبیر دەکرا... سەرنجدان بە بەردەوامیی ئەو چەمکە... دەبوە هۆی خراپ فامیی و جۆرێک بەدخوێندنەوەی گەلێک نووسراوە و بەڵگەی ئەو دەورەیە و گرینگتر لە هەموان بووەتە هۆی خراپ فامیی جیاوازیی نێوان میللەت و دەوڵەتیش.

هۆی ئەو بەدفامییە، بەڕواڵەت ئاگادارنەبوون لە چەمکگەلی ئەسڵی و زاراوەیی ئەو دوو کەلیمە و وێچوونیان لە جۆری بەکارهێنایانە. ئەو وێچوونە تاڕادەیەکە کە خوێنەرەوەی ئاسایی لە تێگەیشتنی مانا ئەسڵییەکانیان تێدەمێنێ و پێیوایە کە میللەت و دەوڵەت لە مانای ئەوروپییاندا بە چەمکی nation و state بەکارهێنراون. هەروەها خوێنەرەوەی لێزانیش ئەگەر لە دەرکی ئەو مانایانە لەگەڵ دەقگەلی کلاسیک گرێیەکی نەبێ، لە زۆر شوێناندا، لەگەڵ دەقگەلی ئەم دواییانە واتە دەقگەلی دەورەی قاجار و لێکهەڵاواردنی ئەوەیکە میللەت و دەوڵەت لەو نووسراوانەدا بە چ مانایەک بەکارهاتوون، تووشی چەتوونی دێ.

بەکارهێنانی میللەت لە مانای شەریعەت، ئایین، دین و جارجاریش پێڕەوانی دین و، بەکارهێنانی دەوڵەت لە مانای سەڵتەنەت، حکوومەت و ئایبی سەڵتەنەت وحکوومەت، لە دەقگەلی مێژوو و ئەدەبی فارسی و سەرچاوەکانی دینی، پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە....

لە ئەندێشەی سیاسی ئەهلی سوننەت بۆ حکوومەت، مەرجێک بۆ پاکبوونی سوڵتان، خەلیفە یا ئیمام لەگۆڕێدا نییە. تەنانەت بەشێک لە عالمگەلی ئەهلی سوننەت وەکوو غەززالی و ئیبنی تەیمییە، لە نووسراوەکانی خۆیاندا، حکوومەتی سوڵتانی زۆرداریان بە گوێرەی پێویست، یان قەبوڵی هەلومەرج سەلماندووە. یەکێک لە عولەمای گەورەی ئەهلی سوننەت فەزلوڵڵای بنی ڕۆزبەهانی خونجیی ئیسفەهانی، کە بە ئارەزووی پێکهاتنی حکوومەتی ئیسلامی کتێبی ***سلوک الملک*** (سلوکولملوک)ی نووسی، پێی لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشا و بەڕاشکاوی

نووسی: «سولتان له عورفی شەرعدا کەسێکە کە بە سەر موسولمانانندا زاڵ بێ، بە حوکمی شەوکەت و قوەتی لەشکر. وە عولەما گوتوویانە: ئیتاعەتی ئیمام و سولتان لە هەرچی ئەمر و نەهی بکا، واجبە مادام دژی شەرع نەبێ، چ عادڵ بێ، چ زۆردار». جیا لەو ناکۆکییانەی کە لە بیروبۆچوونی سیاسیی حکوومەتی عولەمای ئەهلی سوننەت، دەکرێ بخرێتەڕوو، لەڕاستیدا، دین و دەوڵەت لەیەکجیانەکراوە دادەندرا. سولتان وەلیی ئەمر بەحیساب دەهات. لەحاڵێکدا لە عائیشاندنی شیعەدا، حکوومەت لە ئەسڵدا ئی ئیمامێکی پاک بوو و لە غەیبەتی ئیمام، سەڵتەنەت کارێکی وەچنگ خستێ بوو و سولتان وەچنگخەر و ئەرکانی سەڵتەنەتیش کارگێرانی زوڵم. بەو پێیە لە ئەزەرییەی شیعەدا، هەمیشە جیاوازییەکی ئەساسی لە نێوان میللەت (دین و شەریعەت) و دەوڵەت وجودی هەبوو...

لە هەردوو جۆری عائیشاندن لە حکوومەت، چ ئی سوننی و چ ئی شیعە، دین ئەخشێکی گەورەی لە کاروباری حکوومەتدا هەبوو... دین و سەڵتەنەت دوو پایەی ئەساسی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مێژووی دەورانی ئیسلامیدا بووە و لە مێژووی قاجار، جیاوازیی ئەو دووانە لەسەر دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، داستانێکی دوورودرێژی هەیە... کری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دوو هێزە گرینگە لە مێژووی ئێران و تێکەڵاوی و پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بە شێوەی جۆراوجۆر لە دەقگەلی ئەدەبیی فارسی ڕەنگدراوەتەوە. ناوەرۆکی ئەو زاروواژەیە: الدین و الملک توامان، هەوێنی هۆنراوەی گەلێک لە شاعیرانی پێکهێناوە. نفوزی ئەو بیرورایە تا جێگەیەک بووە کە لە دەورەی موسەدیق دا، ئەحمەدی قەوامولسەڵتەنە لە مادەگەلی بەرنامەی دەوڵەتیدا کە دەیویست بیانخاتەکار، گەڵاڵەی سیاسەتی ناوەوەی خۆی بەو واژەرۆکە دەستپێکرد: «سەڵتەنەت و دیانەت دوو سەرچاوەی گەورەی یەکێتی میللیی ئێران بوون و هەن.»

بەڵام مەشروتییەت، بە پێکهاتنی دەوڵەتی قانوونی و بە نووسینی قانوونی ئەساسی و وەزعی قانووگەلی تازە، لێبڕابوو تا ستروکتووری کلاسیکیی ئەو دوو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تێکبدا و بە بەرتەسککردنی هێزی سەڵتەنەت و قودرەتی دین و ڕوحانیگەل، دەسەڵاتێکی نوێ وەدەست بخا. قودرەتێک کە دەبووایە لە حکوومەتی قانوون (عورف)دا ڕەنگ بدرێتەوە و هەموو خەڵک لە بەرانبەر ئەودا خاوەنی مافی وەکیەک بن. بەڵام گرێی گەورەی بزووتنەوەی مەشروتە لەباری کۆمەڵایەتییەوە ئەوەبوو کە دەیویست لە سەر ئەساسی هەرئەو ستروکتوورە ئاواڵدووانەیەی قودەرت و جیاوازیی نێوان میللەت (دین) و، دەوڵەت (سەڵتەنەت)، بە دەسەڵاتێکی ئاوا: حکوومەتی قانوونی و عورفیی بگا. ئەگەر بەشداربوونی ڕۆشنبیرانی نامەزهەبی و مەزهەبی لە شۆڕشی مەشروتەدا بەمجۆرە پێکهاتبوو کە قودرەتی سەڵتەنەت و دیانەت، هەردووان بەرتەسک بکەن، بەشداری ڕوحانیگەل لە ڕێبەرایەتی شۆڕشدا، لە ئەسڵدا بۆ تەنگەبەرکردنی قودرەتی سەڵتەنەت و "پاراستنی ماکەی ئیسلامی" بوو و ئەگەر بە تەبگەبەرکردنی هێزی ڕوحانیگەلیش بیریانکردباوە، مەبەست بەرتەسککردنی هێزی "عولەمای خراپ"بوو (صص ۱۵۳-۱٦۲).

* لە مەجەللەی «ایران نامە»، سال پانزدهم، شمارە٤، پائیز ۱۳۷٦ وەرگیراوە و وەرگێڕدراوەتەوە.

# لە دەربیجەی «زرێبار»ەوە بۆ نێو چەند مەسەلەیەکی دیکە

س. گ. ماکوان

«زرێبار» ناوی گۆڤارێکی وەرزانەیە کە لە لایەن ژمارەیەک ئەدیب و ڕووناکبیری کوردەوە لە شاری مەریوان دەردەچێ. گۆیا ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە بە زمانی فارسی دەرچووە، بەڵام پاش هەوڵێکی زۆری نووسەر و بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە لە ژمارەی دووهەمەوە کراوەتە دو زمانە واتە کوردی و فارسی. ئەوەی گەیشتووەتە سوێد «زرێبار»ی ژمارە ۲یە، کە گۆڤارێکی خنجیلانەی ڕەنگاوڕەنگی هەمە بابەتەیە. «زرێبار» لە چاو کەم تەمەنی و بێ ئەزموونی و هەروەها گەلێک گرفتی دیکە و، یەک لەوان دەست ئاواڵەنەبوون، بە هەق گۆڤارێکی سەرکەوتوویە و جێی خۆیەتی بە دڵفراوانییەوە بۆ نێو دنیای چاپەمەنی کوردی بەخێرهاتن بکرێ. ئەمن لێرەدا وێڕای دەستخۆشانە گوتن بە نووسەر و کارگێڕانی «زرێبار»، پێمخۆشە لەم هەلە کەڵک وەرگرم و بەکورتی هەم «زرێبار» بەسەربکەمەوە و هەمیش لە چەند دەربیجەیەکی جیاوازەوە ئاوڕێک لە سەر ڕەوتی گشتی چاپەمەنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بدەمەوە.

دەکرێ «زرێبار» لە باری قەوارە، نێوەرۆک و جۆری بابەتەکاندا وەک دەستەخوشکی «سروە» دابنرێ، تەنیا بەو جیاوازیەی کە وێدەچێ «زرێبار» لە نووسینی سەروتارەکانیدا لە «سروە» دەست ئاواڵەتر بێ. بەگشتی بێجگە لە هێندێک هەڵەی کەم بایەخ نەبێ وەک دانانی پێرستی بێ ژمارەی لاپەڕە و شتی چکۆڵەی لەوبابەتە، کەمایەسییەکی ئەوتۆ لە شێوەی تێکنیکی گۆڤارەکەدا نابینرێ. نێوەرۆکی بابەتەکانیش هەروەک لە گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری چاوەڕوان دەکرێ لە ئاستێکی مامنێونجیی زانستی دان. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وزمانەوانی، بڵاوکردنەوەی دەقی فۆلکلۆری و شێعر، ڕاپۆرت و وتووێژ و... وەخۆگرتووە. ڕێنووسی «زرێبار» بەشێوەیەکی گشتی پێڕەوی کردنە لە هەمان ڕێنووسێک کە بە گشتی زۆربەی کتێب و ڕۆژنامەکانی کوردی پێ دەنووسرێ واتە ئەو شێوە نووسینەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا دەکار دەبرێ و باوە. بەڵام ئەگەر بڕێک بە وردی لەو وتارانەی کە بە واژووی نووسەرانی ناوچەوە بڵاوکراونەتەوە، بڕوانین، بەداخەوە دەبینرێ تاڕادەیەک شوێنی بن زاراوەی ناوچەی مەریوان بە وتارەکانەوە دیارە. ئەم دیاردەیە ئەگەر کەمتەرخەمی نەبێ ئەوە بێ گومان هەڵەیەکی زەقە و پێویستە چارەسەر بکرێ. لە سەر کارکردی خراپی بەکاربردنی بن زاراوە لە زمانی نووسینی کوردیدا پێویست بە وەڵامدانەوەی من ناکا، چونکە لە هەمان ژمارەی «زرێبار»دا لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (سەرنجێک لە ووتاری «زاراوەکەمان تێدا نەچێ) وەڵامێکی پڕ بە پێست بەوکەسانە دراوەتەوە کە لە ڕووی ناشارەزایی یان دەمارگرژی ناوچەیی یەوە بە بەکارهێنانی بن زاراوەکان لە زمانی نووسینی کوردیدا گاشەبەردی زیاتر لە سەر ڕێگەی گەشەئەستاندن و بەرەویەککگرتووچوونی زمانی کوردی کەڵەکە دەکەن. ئەمنیش لێرارا هاودەنگ لە گەڵ بەڕێز کاک «ئەنوەری ڕەوشەن» نووسەری

> ❑ **بزووتنەوەیەکی ئەدەبی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستی پێکردووە لە ڕاستیدا دژ کردەوەیەکی بە جێ و ڕێ بەو هەموو غەدرەیە کە لە زمانی بێ دەرەتانی کوردی کراوە و دەکرێ.**

وتارەکە دەڵێم: «نابێ کارێ بکەین سیما وڕواڵەتی ئەو زمانە بشێوێنین کە لە پاش چەرمەسەرییەکی دووروودرێژ و ژیانێکی پڕ لە سەخڵەت و کوێرەوەری، خەریکە ئەبێتە زمانی ئەدەبی بەشێکی زۆر گەورەی گەلی کورد» (زرێبار، ل١٧).

ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چەند گۆڤارێک بە زمانی کوردی یان نیوە کوردی وەک «سروە» لە ورمێ، «ئاوێنە» لە تاران، «ئاوییەر» لە سنە، «اندیشە» لە مەریوان و بەم دوایانەش «زرێبار» هەر لە مەریوان دەردەچن. پێش هەموو شتێک ئەگەر بارستایی ئەو هێرشە فەرهەنگییە قورسەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە لە سیاسەتێکی درێژخایەنی پرۆسەی تواندنەوەی زمان بۆ سەر زمانی کوردیدا بەڕێوەبراوە و دەبرێ کە گرینگترین لایەنی بەرچاوی ئەو شەڕە فەرهەنگییە قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندایە، وەبەرچاوبگرین؛ ئەو دەم بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو گۆڤار و بڵاکراوانە چەندە ئەرکێکی قورس و گرانیان لەم سەردەمەدا گرتۆتە ئەستۆ. بێگومان ڕۆڵی گرینگی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییانە لە نێو خۆی کوردستاندا لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا نە تەنیا کەمتر لە خەباتی سیاسی نییە بەڵکو بگرە قورسایی پتری ئەم خەباتەش دەکەوێتە سەر شانی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی کە ئازایانە بە دەرکردنی ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانە لە نێو خۆی وڵاتدا بەرگری لە زمان و کولتوور و کەسایەتی نەتەوایەتیی گەلی کورد دەکەن. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە مەسەلەیەکیش بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئیزنی دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە کوردییانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەر چاوی ڕەشی کوردان لە لای وان نەبووە، بەڵکو لەڕاستیدا جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد پاشەکشەی بە ڕێژیم کردووە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە هەر لە «سروە»ی کۆنەکارەوە بگرە هەتا «زرێبار»ی کۆرپەساوا، وەک دەستکەوتە فەرهەنگییە گەورەکانی گەلی کورد دێنە ژماردن و ڕاستەوخۆ بەرهەمی خەباتی یەکەیەکەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە خەباتی نەتەوایەتیدان. کەوایە بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە و هەروەها خەبات بۆ وەدەسهێنانی دەسکەوتی گەورەتر دەبێ لە باتی دەمارگرژیی سیاسی و ڕێکخراوەیی نەتەنیا هاریکاری نووسەرانی نێو خۆی کوردستان بکەین، بەڵکو زیاتر ئاوڕ وەلای ئەو جۆرە خەباتە بدەینەوە کە ئێستا لەلایەن چینی خوێندکار و ڕووناکبیری کوردەوە گەیشتووەتە قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا. لەڕاستیدا لە بەرانبەر هێرشێکی ئاوا بەربڵاوی فەرهەنگیدا کە بە هۆی هەموو چەشنە کەرەستەیەکەوە هەر لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی چەند کاناڵەوە بگرە، هەتا دەگاتە دەیان و سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسی کە لەلایەن نەتەوەی فەرمانڕەواوە دەکرێتە سەر زمانی کوردی، چەند گۆڤارێکی کوردی کە ئەویش گۆیا یەکدوویەکیان بە قەرز و قۆڵە چاپ دەکرێن، ناتوانن وەڵامدەرەوەی پێویست بن. کەوایە دەبێ هەوڵ بدرێ نموونەی وەک «زرێبار» زۆر بن. «زرێبار» جێگەی بەتاڵی گۆڤارێکی پڕکردووەتەوە، بەلام با هەوڵ بدرێ گۆڤاری دیکەی کوردییش لە شارە گەورەکان بەتایبەتی لە کرماشان کە قورسایی سیاسەتی بەفارسکردن لەوێ بەهێزترە، بڵاوبکرێتەوە. سروشتی یە وەدیهاتنی ئەم ئاواتانە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر هەیە، هەربۆیە دامەزراندنی پێوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوان نووسەر و ڕووناکبیری نێوەوە و دەرەوەی کوردستان یەکێک لە پێویستییە گرینگەکانە. بەتایبەتی ئاڵوگۆڕکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە نێو یەکتریدا ڕۆڵێکی گرینگ لەم بارەوە دەگێڕێ.

مەسەلەیەکی دیکەی ئاڵۆز و پێوەندیدار بەم باسەوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە هەمووی زیاتر «زمانی ئاخاوتن»ە کە کەوتۆتە بەر تەوژمی هێرشی فەرهەنگی نەتەوەی فەرمانڕەوا. بن زاراوەیەکی وەک موکریانی کە بە هۆی باری تایبەتی جوغرافی و هی دیکەوە هەتا دوێنێ لەچاو بن زاراوەکانی بەشی خوارووی کوردستاندا بە ڕەسەنتری مابۆوە، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەویش کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی زمانی فارسییەوە. قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ سەردان دێتە دەرەوەی وڵات، ڕاستی ئەو قسانەمان بۆ دەسەلمێنن. لەم نێوەدا نابێ ڕۆڵی دامودەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکانی حکوومەت وەک ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە ناوچەییەکان لە کرماشان، مەهاباد و سنە لە بیربچێ کە بێجگە لە پرۆگرامە ئەدەبی و هونەرییەکانیان نەبێ، ئەوی دیکەی زمان تێکدەرانە بووە و کوردییەکی فارسی تێکەڵکراو لەم دەزگایانەوە بڵاوکراوەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هەروەک چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێ شوێنی باش و پۆزەتیڤ لە سەر زمان دابنێ هەر بەو ڕادەیەش دەتوانێ شوێنی خراپ و تێکدەرانەی لە سەر زمان هەبێ، جا بۆیە هەتا گەلی کوردیش دەبێتە خاوەنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی خۆی دەبێ ئەو کوردانەی کە لەو دامودەزگایانە کار دەکەن، ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان لە بیر نەکەن و زمانی ڕەسەن و پاراوی کوردی بگەیێننە گوێی گوێگرانی کورد، نەک زمانێک کە لە هەموو بارێکەوە کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی زمانی نەتەوەی حاکم. ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، دەبێ بکرێنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پاراستن و تەنانەت گەشەدارکردنی زمانی کوردی، زمانێک کە ئەمڕۆ کۆڵەکەی هەرە پتەوی ناسنامەی نەتەوایەتیمانە.

بزووتنەوەیەکی ئەدەبی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستی پێکردووە لە ڕاستیدا دژ کردەوەیەکی بە جێ و ڕێ بەو هەموو غەدرەیە کە لە زمانی بێ دەرەتانی کوردی کراوە و دەکرێ. ئەمڕۆ نووسەر و ڕووناکبیری کورد ڕێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشێکی ئاوا گەورەی فەرهەنگیدا لە ڕێگەیەکی مەنتیقی دژە هێرش بە فەرهەنگدا دیتووەتەوە. دەرکردنی هەر جۆرە گۆڤارێکی کوردی، بڵاوکردنەوەی هەر کتێبێکی کوردی ئەمڕۆ لە نێو خۆی کوردستاندا ئەرکێکی نەتەوایەتی گەورەیە. ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی کە ئەمڕۆ لە عەستەمترین هەلومەرجدا نەیانهێشتووە مۆمی وشەی ڕەسەنی کوردی بکوژێتەوە، بێگومان ناویان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورددا بە نەمری دەمێنێتەوە. نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێگەی دروستی خۆی واتە شەڕی فەرهەنگ بە فەرهەنگی دیوەتەوە و ڕەوتی پەرەگرتنی ئەم خەباتە فەرهەنگییەش پلەی وەپێشچوونی خەباتی نەتەوایەتی کوردستان لە نێو خۆی کوردستاندایە و پێشڕەوان و ڕێ نیشاندەرانی ئەم خەباتەش نووسەران و ڕووناکبیرانن.

# کورتە مێژوویەک دەربارەی ئەدەبی منداڵان

## پێوەندی نێوان ئەو ئەدەبە و بنەما فکرییەکان و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا لە ساڵانی ۱۶۰۰-۱۹۷۰

نووسینی: شەهلا. د

**ئەدەبی منداڵان کەی سەریهەڵدا؟**

ساڵی ۱۹۹۱، یوبیلومی چوارسەد ساڵەی کتێبی منداڵان لە وڵاتی سوێد جێژن گیرا. بە پێی بۆچوونی «گوێتە کلینگبەری»(Göte Klingberg)، کتێبی: En Sköön och Häriligh Jungfrw Speghel کە لە ساڵی ۱۵۱۹ لە سوێد چاپ کرا، هەوەڵین کتێبی منداڵان بە حیساب دێ. کلینگبەری، سێ موتیڤ و دەلیل بۆ ئەم بۆچوونەی خۆی دێنێتەوە:

۱) ئەم کتێبە بە سوێدی نووسراوە، ۲) بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە قوتابخانەکان نەنووسراوە و، ۳) تەنیا ڕووی لە خوێنەرەوەی منداڵە.

سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ۱۷، سەدەی ڕووناکبوونەوە و بوژانەوەی ژیانی ئوڕووپا واتە ڕێنێسانس. لەو سەردەمەدایە کە کۆمەڵگاکانی ئوڕووپا، بۆچوونەکانیان لە سەر زۆربەی بنەما فکرییەکان دەگۆڕن و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان پێکدێ و بیروبۆچوونەکانی «مرۆڤ» لە سەر خۆی سەروژێر دەبێ و، هەر لەو سەردەمەشدایە کە بۆچوونەکانی کۆمەڵ بەگشتی لە سەر منداڵ دەگۆڕدرێ.

تا سەردەمی ڕێنێسانس، سنوورەکانی منداڵیی و گەورەیی نادیارن. منداڵانی چینی هەژار وێڕای گەورەکان کاریان دەکرد. تا سەدەی ۱۹ش لە منداڵان بۆ دۆزینەوەی ئاسن لە ناو دڵی زەویدا ، وەک هێزی هەرزان و لەباری کار لە فابریکەکان کەڵک وەردەگیرا. تەنانەت ئێستاش لە وڵاتانی غەیری سەنعەتی ئەم دیاردەیە هەر بەرچاوە.

منداڵانی ئاریستۆکراتیش دەبوایەبەپێی ئەو دابونەریت و یاسایانەی کە بۆ گەورەکان هەبوون، پەروەردەبن و ببنە ئاریستۆکراتەکانی خاوەن موراڵی جیلی داهاتوو. ئەو منداڵانە زۆر زوو قۆناخی منداڵییان تێپەڕ دەکرد. منداڵانی ئاریسۆکرات و شازادەکان وەک گەورەکان لیباسیان دەبەردەکرا و، تەنانەت لەو وێنە و پەیکەرانەی کە لێیان دەکێشرا و سازدەکرا گەورەیەکی چکۆڵە بوون.

لێدان لە منداڵ بۆ ئازادکردنی روح، میتۆدێکی سەرەکی لە پەروەردەکردندا بوو. تەنانەت منداڵانی دەربار و شازادەکانیش لێین دەدرا و لە ژێر ئەشکەنجەی روحی و فیزیکیدا بوون و زۆرجار ڕایان دەکرد.

لە ساڵی ۱۶۰۰بەولاوە، بیروبۆچوونی تازە لەمەڕ پەروەردەکردنی منداڵ دێتە ئاراوە. قوتابخانە وەک ئامرازێکی پێویست بۆ کومەڵ و وەک ڕێکخراوەیەک دەبوو ڕۆڵی خۆی کایە بکا. زانایەکی وەک «جان لاک» (John Locke، ۱۶۳۲-۱۷۰٤) لە سەر کایە و وازی منداڵ پێدادەگرێ و ئەوە بە سەرچاوەیەکی داهێنەر بۆ منداڵ لە بەرانبەر زەبر و زۆر دادەنێ. جان لاک، منداڵ وەک بەرگی نەنووسراو دەبینێ و وای بۆدەچێ کە لە پرۆسەی کایەدا هۆش و توانایی منفداڵ شکڵ دەگرێ. ئەو، وێنە و ئەفسانە لە زمان ئاژەڵەکانەوە (Fabel) بە سەرچاوەیەکی باش بۆ دانی زانیاری بە منداڵ دادەنێ. لایەنگرانی Fabel لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە چیرۆک لە زمانی ئاژەڵەکانەوە بۆ دەربڕینی تەجرەبەکانی دەروونی دەتوانێ بەشێک لە ئەدەبی منداڵان لە ژێر چەتری خۆی بگرێ. Fabel بە هۆی(ژان دێ لا فانتەین»(Jean De La Fantaine) وەک شێوازێکی ئەدەبی جێی خۆی دەکاتەوە. فانتەین هەوەڵین کۆمەڵە Fabel ی خۆی لە ساڵی ۱٦٦۸ بۆ شازادەی حەوت ساڵە «لودویگ» کوڕی لودویگی پازدە(Ludvig XIV) دەداتەدەر. زۆرکەس لەوانە «ژان ژاک ڕۆسۆ»(۱۷۱۲-۱۷۷۸)، ئەم جۆرە کتێبانە ناموناسب دەبینێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چیرۆک بە زمانێکی ناڕاستەوخۆ دەتوانێ بۆ گەورەکان بەکەڵک بێ ، نەک بۆ منداڵان. بە بڕوای ڕۆسۆ، حەقیقەت دەبێ بەڕاشکاوی بە منداڵ بگوترێ و پێچ و پەنا نەدرێت.

**ژان ژاک ڕۆسۆ** (۱۷۱۲-۱۷۷۸) بە نووسینی Emile ou Traité de Léducation بۆچوونێکی تازە لە مەڕ پەروەردەکردنی منداڵ و ئەرکی دایکان دێنێتە بەرباس. سەرەڕای ئەم کەموکورتیانەی کە لە بۆچوونەکانیدا هەیە (بۆ وێنە گرینگی دان تەنیا بە کوڕان) خاڵی گرینگ لە بۆچوونەکانی ڕۆسۆدا ئەوەیە کە منداڵ دەبێ هەلی کایە و وازی بۆ برەخسێ. بە بۆچوونی ڕۆسۆ کچان دەبێ خۆیان بۆ ژیان لە گەڵ هاوسەری داهاتوویان ئامادەبکەن و مایەی خۆشی جنسی و شادی مێردەکانیان فەراهەم بکەن. کچان دەبێ گۆرانی بڵێن و ساز

لێ بدەن و زانستە تیۆرییەکان فێر بن. بەڵام زانستە سروشتی و سەنعەتییەکان بۆ کوڕان دەهێڵێتەوە.

بە بیری رۆسۆ، هەستی کونجکاوی و وریایی، منداڵ بەرەو زانست دەکێشێ و، منداڵ دەبێ قۆناخی منداڵی تێپەڕ بکا. پەروەردەکەران دەبێ منداڵیان خۆش بوێت و ڕێزیان لێبگرن. رۆسۆ منداڵ لە سروشت نزیکتر دەبینێ و پێی وایە کە مرۆڤ چاک یان خراپ لە دایک نابێ، بەڵکو ئەوە کۆمەڵ و کولتوورە کە منداڵ تەربیەت دەکا.

ئەو تێڕوانینە تازەیە کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر بارهێنەر و پێداگۆکەکان و کۆمەڵی ئوڕووپا دانا و، منداڵ بەتایبەتی لە ناوەندی سەرنج دادەندرێت. تا ئەو سەردەمە منداڵ وەک چینی لاواز و بێ دەسەڵات لە هەلومەرجێکی دژواردا دەژیان. گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی، فەقیری و نەخۆشی و دەستدرێژیی فیزیکی و روحی و کارکردن لە کێڵگە و فابریکەکان هەمیشە یەکەم قوربانییەکانیان منداڵ بوون. شایانی باسە کە منداڵانی حەرامزادە لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی بێبەش بون.

لە ژێر کارتێکەریی ڕێنێسانس گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە سەر ژیانی منداڵاندا دێت. لەمەوبەدوا، جلوبەرگی گەرم و ڕاحەت جێگەی لیباسی قورس و قەبە و نالەبار دەگرێتەوە، منداڵانی سەر بە چینی سەرەوە و شارستانیی دەورانی درێژی منداڵی بە خۆوە دەبینن، مێتۆدەکانی پەروەردە و بارهێنان و سەروژێر دەبن، کتێب و قوبابخانە، بۆ منداڵ بایەخی پێدەدرێ و زۆر نووسەر، قارەمانی چیرۆکەکانیان لە ناو منداڵان هەڵدەبژێرن. تا ئەو دەورانە ئەدەبی منداڵان لە ڕاستیدا هەمان ئەدەبی گەورەساڵان بوو کە بە زمانێکی هاسانتر دەنووسرانەوە. بۆ وێنەڕۆبینسۆن کرۆزۆیە Robinson Grusoe لە نووسینی Defoe (١٧١٩) و کولیوێرس ڕێسۆر -Cul livers Resor لە نووسینی Swift (١٧٢٦) بە کورتکراوی و زمانێکی هاسانتر کەوتبوونە بەردەستی مێرمنداڵان.

هاوکات لەگەڵ شێوازی ڕۆمانتیک کە خەیاڵ و فانتێزی دەبنە ماکەی سەرەکی لە نووسیندا، ڕێگاش بۆ پەیدابوونی لکێک لە ئەدەب وەک ئەدەبی منداڵ خۆش دەبێت. هێنانە سەر کاغەزی فۆلکلۆر و چیرۆکی زارەکیش یارمەتی ئەو پرۆسەیە دەدا. بۆ وێنە جووتەی برایان یاکوب لودویگ کارل Jakob ludwig Karl(١٧٨٥-١٨٦٣) و ویلهێلم کارل Wilhelm Akarl (١٧٨٦-١٨٥٩) لە ئاڵماندا دەستێکی باڵایان لە کۆکردنەوەی چیرۆکەکاندا هەبوو. لەم دەورانەدا بابەتەکانی نووسین و ڕێزمان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیان بەسەردا دێت. نووسەر لە بەکارهێنانی وشەی قورس و رستەی دوورودرێژ خۆ دەپارێزێ و زمانی خۆی لەگەڵ تەمەنی خوێنەری خۆی سازگار دەکا.

ڕۆمانتیکەکان تاڕادەیەک لەوە خۆ دەپارێزن کە کتێبی منداڵان تەنیا بۆ فێرکردن بێت، نووسەران هەست و خەیاڵ لە ناوەندی کارەکانیان دادەنێن. بەبڕوای ڕۆمانتیەکان، منداڵ لە سەرچاوەکانی سروشتی ژیان نزیکترن. بۆ وێنە هێنریک ڤۆلگاست Henrich Wolgast (١٨٩٠) پداگۆکی ئاڵمانی لە بەرانبەر ئەوەدا ڕادەوەستێ کە کتێبی

**☐ تا سەردەمی ڕێنێسانس، سنوورەکانی منداڵیی و گەورەیی نادیارن. منداڵانی چینی هەژار وێڕای گەورەکان کاریان دەکرد. تا سەدەی ١٩ش لە منداڵان بۆ دۆزینەوەی ئاسن لە ناو دڵی زەویدا ، وەک هێزی هەرزان و لەباری کار لە فابریکەکان کەڵک وەردەگیرا.**

منداڵان دەبێ تەنیا کەرەستەیەکی پەروەردەیی بێت. ئەو، وای بۆدەچێ کە منداڵ دەبێ ئاشنایی لەگەڵ هونەر پەیدا بکا و هونەر تەجرەبە بکا و هەستی پێ بکا.

لە ساڵەکانی ١٨٠٠ بەولاوە، کتێبی کچان وەک ژانر(genre)ێکی تازە دێتە ناو دنیای ئەدەب کە ئەمە ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ درێژبوونی قۆناخی منداڵییەوە هەیە. کچانی ئاریسۆکرات دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و هەروەها چۆنێتی پەیداکردنی مێردێکی باش بابەت دەنووسن. کتێبی کچان وەک بەشێک لە ئەدەب بەتایبەت لە بریتانیا بە بوونی خوشکانی «برۆنتە»وە نەشونەما دەکا. کتێبی کچان، باسی گیروگرفتەکانی ژیان، ئەوین، خێزان و دەسەڵاتی پیاوانیان دەکرد. نووسەرانی ئەم بابەتانە بە چەشنێک لە بەرانبەر دابونەریتەکانی سەردەمی خۆیاندا ڕادەوەستن و کێشەکانیان دێننە بەرباس و لێکۆڵینەوە. سەربەخۆیی ژن، مافی خاوەندێتی، کار بۆ ژنان، قشەبوونی ژنان و... خاڵی بەهێزی بابەتەکانی زۆربەی کتێبەکانی ئەو سەردەمەن. دیارە کە نۆرمەکانی کۆمەڵگەی باوکساڵاری لەو نووسیانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام کتێبی کچان ڕەوتی پێشکەوتنی کچانی گەنج بەرەو تەمەنی سەرتر نیشان دەدەن. ئەم کتێبانە شۆڕشێک بوون کە جێ پێی ژنانی گەنجیان لە ئەدەبدا کردەوە.

هەروەها، ڕۆڵی ناتورالیستەکان لە ئەدەب و وێنەگەریدا ناکرێ لەبیر بکەین. وێنەکێشانی سروشتیی لە منداڵان لە کاتی جۆراوجۆردا بۆ وێنە کاتی کایەکردن و باسی ئەو هەلومەرجەی کە منداڵ تێیدا دەژیان، ڕێگە بۆ شۆڕشێکی تر لە دوای ساڵانی ١٩٠٠ خۆش دەکەن. نووسەران هەلومەرجی نالەباری ژیانی منداڵانی چینەکانی خوارووی کۆمەڵ دێننە بەرباس و هەڵسەنگاندن. ئەگەرچی زۆرجار قارەمانەکانی چیرۆکەکان لە نیهایەتدا بەختەوەردەبن، بەڵام ئەوە هیچ لەمە کەمناکاتەوە کە بناخەکانی کۆمەڵ لە سەر زوڵم و نابەرانبەریی دامەزراون و نووسەر دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ وێنە ئۆلیور تویست Oliver Twist لە نووسینی چارلز دیکێنز Charles Dickens (١٨٣٨، ساڵی نووسینی کتێبەکەیە).

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە نووسەرانی سوێدی هەوڵ دەدەن خوێنەر لەگەڵ هەلومەرجی خراپی ژیانی خەڵکی باکوور، کولتووری سەروو و خواروو ئاشنا بکەن و بە یەکتریان بناسێنن و کتێب بە هەرزانی بکەوێتە بەردەستی منداڵانی چین و توێژەکانی خوارەوە. ساڵی ١٩٠٧

**❏ پەروەردەکەران دەبێ منداڵیان خۆش بوێت و ڕێزیان لێبگرن. ڕۆسۆ منداڵ لە سروشت نزیکتر دەبینێ و پێی وایە کە مرۆڤ چاک یان خراپ لە دایک نابێ، بەڵکو ئەوە کۆمەڵ و کولتوورە کە منداڵ تەربیەت دەکا.**

کتێبی Barnen ifrån Frostmofiället لە نووسینی لائورا فیتینگهۆف Laura Fitinghoff، دێتە بازاڕەوە کە هەر بۆ ئەو چەند مەبەستەی پێشتر باس کرا، نووسرابوو. هەڵبەت نووسەر ئاشنایی لەگەڵ چۆنێتی ژیان و کولتوور و زمانی باکوور هەیە و لە چیرۆکەکەیدا دەریان دەخا.

هەر لەو دەورانە دایە کە هێندێک فاکتۆر دەبنە هۆی باشتر بوونی ژیانی منداڵان. وردە وردە باخچەی منداڵان دەکرێنەوە، لێدان لە منداڵ بە کارێکی ناپەسند دادەندرێت، کایە و فانتێزی منداڵ وەک مافێکی سروشتی دەناسرێن. ڕادەی خوێندەواریی منداڵانی ئورووپا دەچێتەسەر و بەشی منداڵان لە کتێبخانەکاندا دەکرێنەوە.

تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی نوختەوەرسووڕانێکی تر بوو لە ئەدەبی منداڵان. تا پێشتر، دەبوایە نۆڕمەکانی کلیسا و ئەشراف لە نووسیندا لەبەرچاو بگیرێن. بەڵام بەرهەمەکانی دوای ئەم ساڵانە تێڕوانینێکی تر لە دنیای منداڵان و ئارەزووەکانیان پێکدێنن. هۆیەکی سەرەکی گەشەکردن و گوڵکردنی ئەدەبی منداڵان لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم ئەوەبوو کە بێباوەڕی و نیگەرانی کە مرۆڤی داگیر کردبوو، نیاز بە ئەدەبێکی نوێ و وەڵام بۆ پرسیارەکانی مرۆڤ هەست پێدەکرا.

ساڵی ١٩٤٥، لە وڵاتی سوێد، بە ساڵی زێڕین لە ئەدەبی منداڵان ناسراوە. لەم ساڵەدا بە چاپی چەندان کتێبی بەنرخ ئەدەبی منداڵان سیمایەکی تری بە خۆوە گرت: Pippi Långstrump لە نووسینی A. Lindgreen، Småtrollen och Den stora översvämningen لە نووسینی Tove Johsson و Katten blåser i silverhorn لە نووسینی Lennart Hellsing ئەو بەرهەمە نۆبەرانە بوون کە لە ئەدەبی منداڵان لە سوێد بەدیکران.

خەیاڵ و نەترسیی منداڵ، کایە و گەمە، هاونشینی و نزیکی لە خەڵک، یارمەتی بە لاوازتر لە خۆ، دژایەتی لەگەڵ نۆڕمەکان... وەک ماکەیەکی نوێ، کارامەیی و نەترسیی نووسەران لە نووسینەکانیاندا وەدەردەخەن. تێکەڵکردنی چەندین شێوازی نووسین، کایە بە وشە و تێکەڵاوکردنی گاڵتە و شۆخی، دەبنە هۆی ئەوە کە زۆر جار منداڵان نووسراوەکان لەبەر بکەن. لەم بۆچوونە تازانەدا و، لە دنیای فراوانی ئەدەبی منداڵاندا جێگە بۆ گشت منداڵێک هەیە. ناوی قارەمانەکانی چیرۆکەکان زووئاشنان و، ڕووداوەکان لە کوێندەرێ ڕوو دەدەن گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە بۆ مرۆڤێک لەم جیهانە خاکیەدا ڕوودەدەن.

زۆرجار قارەمانی چیرۆکەکان کچانن، کچانێکی شلوق، بزۆز و مێهرەبان. ئەم کچانە دەیانهەوێ ببیندرێن، مایەی شادی بن و بە سەر داران هەڵچن و خۆشییەکی منداڵانە بخوڵقێنن.

ئەگەر تا ساڵانی ٦٠، زۆربەی سوژەکان لە سەر منداڵانی ئورووپایی بوون لەمەودوا منداڵانی جیهانی سێهەم دەبنە قارەمانی چیرۆکەکان و نابەرانبەری نێوان ئورووپا ـ ئەمریکا و وڵاتانی جیهانی سێهەم دەخرێنەڕوو.

ساڵانی ٦٠ – ١٩٧٠، گرفتەکانی ناوخێزان و منداڵ، وەزعی منداڵانی پەنابەر دەبنە سوژەی نووسەران. مەرگ، لێدان، نیگەرانی و... لە ڕووی پەسیکۆلۆژییەوە دەنووسرێن و جێگای سەرنجن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەدەبی منداڵان خۆ لە ئەدەبی گەورەساڵان نزیک کاتەوە. پرۆسەی پوختبوونی دەروونی قارەمانی چیرۆک و بە دوای کەسایەتی خۆدا گەڕان دەبنە هۆی نزیکی خوێنەرەوە و قارەمان و باوەڕکردن بە باسەکان. بەم جۆرە لاپەڕەکانی تازەی ژیان دێنەبەرچاو. ئەدەبی پێشکەوتووی منداڵان لەم سەردەمەدا بۆ ئەوە هەوڵ دەدا کە پێداویستی و کەسایەتی منداڵ لە ناوەندی باس و سوژەکاندا دابنێت و ڕێگا بۆ نزیکبوونەوەی گەورەکان و منداڵان بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ خۆش بکا.

دیارە باسکردن لە ئەدەبی منداڵان، دەتوانێ لەوە زۆر بەرینتربێ و لەوبارەوە سەدان وتار بگوترێ و بنووسرێ. ئەدەبی منداڵان تەنیا کتێب ناگرێتەوە، بەڵکو گوتارەکان، کاسێت، گۆرانی و مەتەڵ و ... بەشێکن لە ئەدەب و کولتووری منداڵان. بەڵام لەم وتارەدا تەنیا هەوڵ دراوە کە شوێن دانانی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ و ئەندێشە لە ئەدەبی جوان (skönlitteratur)دا نیشان بدرێت. ئەوەش بڵێم کە بە هۆی ئاشنایی من لەگەڵ ئەدەبی سوێدی، زیاتر لە سەرچاوەکانی سوێدی کەڵک وەرگیراون.

**سەرچاوەکان:**


1- **Ingrid Nettervik**, *I barnbokens värld*, 1994, Gleerups Förlag, Malmö.

2- **Anne Banér**, *Bilden av Barnet, från antiken till 1900*, 1994, Berghs Förlag AB, Stockholm.

3- **Lars Furuland**, **Mary Ørvig**, *Utblik överbarn och Ungdomslitteraturen* II, 1986. Rabén & Sjögren Bokförlag.

4- *Romantikens Kvinnor*, redaktion **B. A. Nilsson**, **Eva Borgström** och **Ingrid Holmqvist**, Hammarström och Åberg bokförlag.

5- Göte Klingberg, Barn- och ungdomslitteratur, 1970, Natur & Kultur förlag.

6- Asrtrid Lindgreen, Vivi Edström, 1992, Rabén & Sjögren Bokförlag.

# کوردایەتی و حیزبایەتی، دوو شتی لێک جیا؟!

**هەیاس کاردۆ ـ ئوسترالیا**

دووپاتکردنەوەی ڕستەیەک بەم نێوەرۆکە: دووری لە حیزبایەتی دەکەم و خەریکی کوردایەتیم، لە نێو بەشێک لە کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵاتدا خەریکە دەبێتە باو، بەرزکردنەوەی دروشمی «کوردایەتی» لە بەرانبەر حیزبایەتیدا هەوڵێکی خوازیار، یان نەخوازراوە کە بێگومان زەبرێکی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دەدا. لە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی ئەو دوو وشەیە ئاگایانە و نائاگایانە، هەوڵێکە بۆ سەر لێشێواندنی ئەو کەس و لایەنانەی کە خەریکی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی کوردن. ئەم نووسراوەیە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە لە پێوەندی دەگەڵ بزووتنەوەی کورددا، حیزبایەتی و کوردایەتی نەک هەردوو شتی لێک جیاواز و ناتەبا نین، بگرە لە مانا و نێوەرۆکیشدا هەریەک شتن و لە ڕاستیدا حیزبایەتی هەمان کوردایەتی یە. بەڵام بەر لەوەی بچمە ناخی مەسەلەکە، بە پێویستی دەزانم چەند تێبینییەک بخەمە بەر سەرنج:

یەکەم: خەیانەت و نەتەوەفرۆشیی هێز و لایەنێک بە هیچ جۆر نابێ بکرێتە پێوانەی تاوانبارکردنی حیزبایەتی و بێگومان هەوڵێکی ئەوتۆ دوور لە دادپەروەری یە. دەستەوتاقمی تاوانبار لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا پێویستە بە ناوونیشان هەڵدرێن و لە قاوبدرێن، نەک تەڕوویشک بە یەکەوە بسووتێندرێن.

دووهەم: مەبەستی ئەم نووسینە دیفاع لە حیزبایەتی بە مەبەستی هێرش بردن بۆ سەر لایەنگرانی «کوردایەتی» نییە. بەپێچەوانە هەروەک گوترا، هەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە کە ئەم دوو وشەیە لە بەرانبەر یەکتردا ڕادەگیرێ.

سێهەم: مەیدانی ئەم باسە دەتوانێ بەربڵاوبێ و واباشە قەزاوەتی نیهایی کاتێک بکرێ کە باسێکی پوخت و پاراوی لە سەر کرابێ. هەربۆیە چاوەڕوان دەکرێ لایەنی جۆراوجۆری بخرێتە ژێر سەرنج و شی بکرێتەوە.

ئێستا بابزانین حیزبی سیاسی لە کوردستان چییە و چ ڕۆڵێکی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەیە و داخوا بەڕاستی حەق وایە بێبەزەییانە بکەوێتە بەر لۆمە و تەشەرەوە؟

زیاتر لە نیوسەدەیە کارگێڕی ئەسڵی لە بەڕێوەبردنی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن. ئەو ڕەوتە بە دامەزراندنی حیزبی هیوا و کۆمەڵەی (ژ.ک) کە پاشان جێی خۆی دا بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرا و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. هەر لەسەرەتاوە دیاربوو، پاشانیش دەرکەوت تەنیا حیزبی سیاسی یە کە دەتوانێ لە سەر بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا تەئسیری هەبێ، نەک ڕاپەڕینی ژێر ڕێبەرایەتی ئاغا و شێخ و سەرۆک عەشیرە، یان هەوڵی بەربڵاوی ڕێکنەخراوی ڕووناکبیرانی کورد. حیزبی سیاسی هێندێک تایبەتمەندی هەیە کە نەخش و جێگای تایبەتی دەدا بە بزووتنەوە و هەربۆیەش جووڵانەوەی ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی سیاسی بە بەرنامەتر، هەمەلایەنەتر، بەهێزتر و کاریگەرترە. دەتوانین لە چەند خاڵی گشتیدا گرینگترینی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە حیزبی سیاسی توانی بە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا پێکی بێنێ، بەمجۆرە باسبکەین:

حیزبی سیاسی هەوڵی بەرفراوانترکردنی مەیدانی بزووتنەوەی دا و کارێکی کرد دەنگی داوای مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە ناوچەیەک و دوو ناوچە تێپەڕێ و هەموو کوردستان بتەنێتەوە. لەوەش گرینگتر، حیزبی سیاسی توانی زۆربەی ڕۆڵەکانی کوردی سەر بە چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکێشێتە مەیدانی خەبات و لە وزە و توانایی هەمووان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە نیشتمانییەکان کەڵک وەرگرێ. کارێکی ئەوتۆ نە لە توانای تاکەکەس دایە و، نە ڕاپەڕینی کاتی و ناوچەیی دەتوانێ ئەنجامی بدا.

حیزبی سیاسی توانی خەڵک فێری ڕێکخستن بکا. ڕێکخستن بەو مانایە کە لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش کۆبنەوە و تواناکانیان بخەنە سەریەک و لە بەرانبەر هێرشی پەیتا پەیتای دوژمندا خۆ ڕابگرن. ئەگەر زەبریان وێکەوت زوو هەستنەوە و درێژە بە ڕێگا بدەن. خۆ لە هیچ کەس شاراوە نییە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە ژێر هەڕەشە و زەبروزەنگی دوژمنانی کورددا دژوارترین ساڵەکانی خۆی تێپەڕکردووە و لەڕاستیدا ئەگەر ڕێکخستن نەبوایە هەستانەوە زۆر چەتوون بوو.

دیپلۆماسیی حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد هەرچەند بەو جۆرە کە دەبێ و پێویستە، کاریگەر نەبووە؛ بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە بێ تەئسیریش نەبووە. ئەو دیپلۆماسییە شان بە شانی خەباتی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل توانیویەتی مەسەلەی کورد چەند هەنگاو بەرێتەپێشتر و لە حاڵەتی گەمارۆدراویی موتڵەق ڕزگاری بکا. دیارە ئەو ڕەوتە تادێ زیاتر پەرەدەگرێ و ڕۆژبەڕۆژ مەیدانی مانۆڕی دوژمنان بەرتەسکتر دەکاتەوە. لە تێکۆشانی دیپلۆماتیکی حیزبە سیاسییەکاندا نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە دوژمنان زۆر جار توانیویانە لە دڵسافیی کوردان قازانجی گەورە وەربگرن و تەنانەت تەڵەی مەرگیشیان بۆ دانێنەوە.

واقیعیەتی دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا حاشا هەڵنەگرە. ئەوەش هەر ڕاستە ـ هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ ـ گونجاوترین و عاقڵانەترین دروشم بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان، ئازادیی هەرکام لە بەشە جیاکراوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر دایە. بەوحاڵەش، هاوکاری، هاوفکری و بە دەنگەوەهاتنی ڕۆڵەکانی کورد بە گشتی، نەک هەر کارێکی باش و بگرە ئەمرێکی زەرووری یە. ئەوە حیزبی سیاسی بوو کە ڕێگای مەنتیقی بۆ ئەو مەسەلەیە دۆزییەوە و ئیمکانی لێک نزیکترکردنەوەی بیرەکانی پێکهێنا. هەر بە هەوڵی حیزبە سیاسییەکانیشە کە ئێستا مەسەلەی کورد، سنوورەکانی تێپەڕاندووە و خەریکە لە سیاسەتی جیهانیدا حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە. دیسان دووپاتی دەکەمەوە خۆفرۆشیی لایەنێکی سیاسی بە هیچ جۆر ناتوانێ تۆزقاڵێک لەو ڕاستییە کەم بکاتەوە.

**□ دیپلۆماسیی کورد پێویسته خاڵە دژ و ناکۆکەکانی دوژمنان بدۆزێتەوە و بە قازانجی چارەسەری مەسەلەکەی کەڵکیان لێوەربگرێ.**

جیا لەو مەسەلانە، لە مەیدانەکانی دیکەی ژیانی خەڵکی کوردستانیش وەک فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و... شوێن و جێگای حیزبە سیاسییەکان دیار و بەرچاوە و، ئەگەر دەبینین خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی هەتا ئەو ڕادەیە لە سەرکەوتن چوونەتە پێش، شوێن پەنجەی حیزبە سیاسییەکان نابێ فەرامۆش بکرێ. من بە هیچ جۆر لە سەر ئەو باوەڕە نیم کە حیزبە سیاسییەکان بێ عەیب و کەموکوڕین، بەپێچەوانە گەورەترین هەڵە لەلایەن ئەوانەوە ڕوویداوە و هەر لە ناکامی ئەو هەڵانەشدا خەڵکی کوردستان زەبری جوبڕان نەکراویشیان وێکەوتووە. لێرەدا مەجالی ئەوە نییە لە سەر لایەنە مەنفییەکانی کردەوەی حیزبە سیاسییەکان بدوێم و، لەڕاستیدا ئەم نووسراوەش ئەو ئەرکەی لە سەرشان نییە؛ بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەخشی ئەو حیزبانە لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەدا نیشان بدرێ کە لە ڕاستیدا هەمان کوردایەتی یە. جێی داخە کە ژمارەیەک ئەو حەقیقەتە نینکار دەکەن و تەنانەت هەوڵ و تێکۆشانی لێبڕاوانەی ئەو هێزانە لە ڕیزی کاروکردەوەی دوژمنانی کورد دادەنێن!!
بە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حیزبی سیاسی ڕۆڵی ئەسڵی لە خەباتی نەتەوایەتیدا دەگێڕێ، ئێستا پرسیار ئەوەیە «کوردایەتی» چ دەکا کە حیزبایەتی ناتوانێ ئەنجامی بدا؟ حیزبایەتی بۆ لە کوردایەتی جیادەکرێتەوە و جیاوازییەکانیان چییە؟! هەرچەند من هەتا ئێستا نووسراوەیەکی وام نەدیوە کە بۆ ڕەتکردنەوەی حیزبایەتی بەڵگەی خەڵک پەسندی هەبێ، بەڵام ئەوەی دەکرێ وەک بەڵگەی قوتکردنەوەی «کوردایەتی» لە بەرانبەر حیزبایەتیدا ئاماژەی بۆ بکرێ زیاتر دوو شتن:
یەکەم، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە داوای مافی چارەنووسی میللی لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا دەکەن، توانا و ئیمکاناتی خەڵک بە فیڕۆ دەدەن و لەو ڕێگایەوە خزمەت بە دوژمنان دەکەن. ئەوان ڕێگای دروست (کە دیارە هەوڵدان بۆ کوردستانی سەربەخۆیە) نیشانی خەڵک نادەن و لەڕاستیدا چاویان دەبەستن. حیزبە سیاسییەکانی کورد فێری سات و سەودا دەگەڵ دوژمنانن و بۆ ڕازیکردنی ئەوان لانی کەمی داواکانی کورد مەتڕەح دەکەن.
دووهەم، شەڕی براکوژیی حیزبە سیاسییەکان و خۆبەستنەوەیان بە دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی کورد، خەڵکی هیوابڕاو کردووە و دیوارێکی ئەستووری لە نێوان خەڵک و ئەواندا پێکهێناوە. هەر بۆیە پێویستە بەدیلێکی دیکە لە جێگای ئەوان بدۆزرێتەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی وان بهێندرێ.
لایەنگرانی «کوردایەتی» لە دەرەوەی وڵات دیارە شتێکی دیکەش دەکەنە بیانووی کوتانی حیزبایەتی. ئەویش بریتی یە لەوە کە کۆبوونەوە لە دەوری حیزبە سیاسییەکان دەبێتە هۆی لەتلەتبوونی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد و ڕێگای یەکیەتی نەتەوایەتی دەگرێ. هەڵبەت مەبەست ئەوەیە ئەو حیزبانە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی مەسڵەحەتی گشتی دادەنێن و لەو ڕێگایەوە دەبنە هۆی تەفرەقە و دووبەرەکی. دیارە نێوەرۆکی ئەم بەشە ناکرێ زۆر لە خاڵی یەکەم جیابکرێتەوە و هەربۆیە وێکڕا بخرێنە بەرباس باشترە.
لە پێوەندی دەگەڵ خاڵی دووهەمدا، هیچ کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر ناتوانێ لە بەرانبەر شەڕی براکوژی و خۆبەستنەوە بە دوژمناندا بێلایەن بێ و تەئییدی بکا. ئەوە ڕاستییەکی تاڵ و تفتە کە دێوەزمەی شەڕی براکوژی هەر لە کۆنەوە بەرینگی بە شۆڕشەکانی کورد گرتووە و زۆرجار بە دەهۆی دوژمن کورد هەڵی کوتاوەتە سەر برای خۆی و زۆرجاریش ئەو شەڕە لە ئاکامی پاوانخوازی و بێ پرەنسیپی لایەنێک یان چەندین لایەندا هەڵگیرساوە. شەڕی براکوژی چ بە فێڵ و دەهۆی دوژمنان هەڵگیرسابێ و چ هۆ و سەبەبی دیکەی هەبێ، ئاکامەکەی بۆ گەل زیانبار و داخهێنەر و بۆ دوژمنانیش شادیهێنەر و پڕ سوودە. شەڕی براکوژی نێو بزووتنەوەی کوردستان تەنیا تایبەتی حیزبە سیاسییەکان نییە و تەنانەت زۆر پێشتر لە سەرهەڵدانی حیزبی سیاسی، ئەو دیاردە ناپەسندە جێی گرتووە و هەتا ئێستا زەبری زۆر قووڵی لە خەڵکی کوردستان داوە. هیچ حیزبێکی سیاسی کوردستان تەنانەت ئەوانەش کە ماوەیەکی دوورودرێژ هەڵایسێنەری ئاگری ئەو شەڕە بوون ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە دیاردەی شەڕەی براکوژی زیانبارە و نابێ خۆی لێ بدرێ. هەربۆیە هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر ئەو دیاردە دزێوە ئەرکی هەموو ڕۆڵەکانی کورد بە ورد و درشتەوەیە و، ئەوەش ئەک لە ڕێگای دژایەتی دەگەڵ حیزبایەتی کە لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی خەباتی بە کردەوەیە، بەڵکو لەقاودانی ئەو لایەنەیە کە سەر بۆ ویستی گەل لەو پێوەندییەدا ئەوی ناکەن. لەمەڕ خۆبەستنەوە بە دوژمنانیش دیارە شتەکە زۆر ڕوونە و هەڵوێست لە بەرانبەر خەیانەتکار و خۆفرۆش دا ئەرکێکی نیشتمانی یە. کەوابوو لەو پێوەندییەدا هیچ جیاوازییەکی سەلیقە و بیروبۆچوون نییە و ئەوانەی حیزبایەتی دەکەن شتێکی جیا باس ناکەن هەتا بکەونە بەرلۆمە.
بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ خاڵی یەکەمدا، شتەکە جیاوازە و وردبوونەوەی زیاتری پێویستە. بڕیاری بە پەلە لەسەر ئەوە کە داوای مافی چارەنووس تەنیا لە شکڵی سەر بەخۆییدا دروست و گونجاوە و تەبلیغی ناڕەوا دژی داواکارانی شێوەکانی دیکەی مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئەک خزمەتێک بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد ناکا، بەڵکو خۆی پێکهێنەری پارچەپارچەبوونی ڕیزەکانی گەلە. لە قەڵەمدانی ئەوە کە حیزبایەتی ناتەبایی دەگەڵ کوردایەتی هەیە ـ ئەویش بەبێ بەڵگەی جێگای پەسند ـ جگە لە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ڕیزەکانی خەباتکاران و دڵساردکردنەوەیان لە درێژەدان بەو ڕێگا پیرۆزە کە گرتوویانەتەبەر، چ مانایەکی دیکە دەگەیەنێ؟
کوردایەتی بریتی یە لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد. مافی چارەنووس دەکرێ شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری هەبێ. داوای هەرکام لەو شێوانە پێوەندی بە بارودۆخ و وەزعی لایەنەکانی نێو کێشەکە و هەروەها هەڵکەوتی جوغرافیایی و مەوقەعیەتی سیاسییەوە هەیە. کورد و نیشتمانەکەی پارچەپارچە کراون. ئاکامی ئەو وەزعە تاڵە جیا لە ژێردەستی و بێمافی، پێکهاتنی هێندێک جیاوازیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێو کوردی پارچە جیاوازەکانە. ئەو جیاوازییانە لەلایەک و هەلومەرجی خەبات و تێکۆشان و تێڕوانینی خەڵکی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە چۆنیەتی ماف و ئازادییەکانیان، ڕیزە گیروگرفتێکیان سازکردووە کە وەک بەربەست لە بەرانبەر هاوفکربوونی هەموو کوردەکاندا دەژمێردرێن. بەو پێیە یەکەم گیروگرفت لە سەر ڕێگای هەوڵی گشتیی بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی هاوبەش بەربینگ بە مەسەلەی کورد دەگرێ و کورد ناچار دەکا ڕێگای دیکە بۆ گەیشتن بە ئاوات بدۆزێتەوە.
وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش هەرچەند لە سەر دژایەتی دەگەڵ ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هاودەنگ و هاوبەشن، بەڵام فەرق و جیاوازی و تەنانەت ناتەبایی بنەڕەتییان دەگەڵ یەک هەیە. ئەو جیاوازییانە شوێن لە سەر چۆنیەتی هەڵوێست و بیرکردنەوەی کوردەکان دادەنێن و لە ئاکامدا هۆی گرتنەپێشی ڕێگای جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە مەبەست پێکدێن. کورد ناچارە خۆی دەگەڵ وەزعێک ڕێکبخا کە لە بەردەمی دایە و، ئەوەش

هاسانترین ڕێگایە کە بۆ پێداڕۆیشتن دەبێ. دیپلۆماسیی کورد پێویستە خالە دژ و ناکۆکەکانی دوژمنان بدۆزێتەوە و بە قازانجی چارەسەری مەسەلەکەی کەلکیان لێوەربگرێ. بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ شەڕایەتێک کە بە هیچجۆر قابیلی ئالوگۆڕ نییە کەللەشەقی دەگەیەنێ و جگە لە خەسارەتی جوبران نەکراو ناکامێکی دیکەی نابێ. گرتنەپێش ڕێگای جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە مەبەست تاقیکارییەکە لەبەردەم مەسەلەی کورددا و هەرچەند بەداخەوە ئەو ڕێگایە هەروا درێژدەبێتەوە، بەڵام باشترین ڕێگای مومکینە.

دنیای خەون وخەیالات جیاوازی زۆری دەگەڵ واقیعیەت هەیە، ئینسان بیر لە زۆر شت دەکاتەوە، خۆزگە بۆ گەلێک مەبەست دەخوازێ و ئاواتی گەیشتن بە زۆر ئامانجی هەیە. ڕەنگە هەمووی ئەو ئاوات و خۆزگانە ڕەوا و سروشتی بن. کەچی وەدەستهێنانیان لە توانا بەدەرە. مەسەلە و گیروگرفتی کوردەکانیش شتێکە کە دەکرێ لەو چوارچێوەیەدا بگونجێندرێ. بیری سەربەستی و پێکهاتنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی، ئاواتێکە لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا پنگی خواردووەتەوە. هەموو لایەنە سیاسییە بەرپرسەکانی نێو بزووتنەوەی کوردەواریش باوەڕی تەواویان پێی هەیە و پێموایە هەرکات مەجالێک دەستکەوێ کەس خۆی لێ نابوێرێ. پێشتر ئیشارەم بە دوو گیروگرفتی سەر ڕێی هەوڵی گشتیی بۆ گەیەشتن بە سەربەخۆیی کرد. بەربەستێکی دیکەی سەر ڕێگای سەربەخۆیی تێڕوانینی بیروڕای گشتیی و هەڵوێستی وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی جیهانە کە بمانەوێ و نەمانەوێ ڕۆڵی زۆر گرینگیان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە. هیچ لایەنێک لە ڕادەی جیهانیدا مەیلی بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی کوردی نیشان نەداوە و تەنانەت دژی داوایەکی ئەوتۆش دەوەستن. ئەگەر خۆمان لە دنیای خەیالات ڕزگار بکەین و تاوێک وا بیربکەینەوە کە هەین، ئەوکات دەتوانین بیسەلمێنین کە لە نێو کەش و هەوایەکی ئەوتۆدا هەر هەوڵێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەگەڵ شکان بەرەوڕوودەبێ.

نموونەی هەرە زیندووی ئەم ئیدیعایە فەلەستینی داگیرکراوە. وڵاتێکی عەرەبی بە ناوی فەلەستین بە بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی ماددی و مەعنەویی دەیان وڵاتی عەرەب و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە لایەنی کێشەی فەلەستین تەنیا وڵاتێک بە ناوی ئیسرائیلە، دەیان ساڵ داوای سەربەخۆیی کرد، خەباتێکی سەخت و خوێناوی بەڕێوەبرد و دەستمایەیەکی گەلێک گرانی بۆ تەرخان کرد، کەچی سەرەنجام بەوە ڕازی بوو کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئیسرائیلدا بە ئازادی بگا. ئێستا کێ هەیە ـ جگە لە ئاخوندەکانی ئێران ـ بڵێ ڕێبەری جووڵانەوەی فەلەستین خەیانەتی بە خەڵک کرد و خوێنی ئەو هەموو شەهیدەی بە فیڕۆدا؟! هەموو دنیا ئافەرین بۆ «عەرەفات» دەنێرێ کە هەلی وەدەستهاتووی قۆستەوە و ئاشتی بۆ خەڵک بەدیاری هێنا و تەنانەت بۆ ئەو ئازایەتییە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ دەدرێ.

کەوابوو ئێمەی کوردیش ئەگەر بمانەوێ تای تەرازوو بە لای مەسەلەی خۆماندا قورس بکەین، هیچ ڕێگایەکمان نییە جگە لەوە کە خۆمان دەگەڵ هەلومەرجی نێونەتەوەیی ڕێکبخەین و لە دەسەڵاتی ئەوان بە قازانجی کێشەکەمان کەڵک وەربگرین. دژایەتی دەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و پێچەقاندن لە سەر شتێک کە لە گێژاوی بێ لایەنگری دایە، نیشانەی ئازایەتی نییە.

شتێکی دیکە کە پێوەندی بە خودی کوردەکانەوە هەیە وەک چوارەمین بەربەستی ڕێگای خەباتی گشتی بۆ وڵاتێکی یەکپارچە دەکرێ حیسابی بۆ بکرێ، ئەویش ناتەبایی و نەحاوانەوەی کوردەکان دەگەڵ یەکترە. سەربەخۆییخوازان زیاتر دەرەوە نشینن. ئورووپا و ئەمریکا و تاڕادەیەک

**☐ هیچ ڕێگایەکمان نییە جگە لەوە کە خۆمان دەگەڵ هەلومەرجی نێونەتەوەیی ڕێکبخەین**

ئوسترالیا مەکۆی ژیان و تێکۆشانی لایەنگرانی ئەو مەسەلەیە. ئینسان ئەگەر لە شوێنی ئەمن، پڕ لە ئیمکانات، ئازاد و پێشکەوتوودا نەتوانێ خۆی ڕێک بخا و کارێکی هەمولایەنە دەست پێبکا، لە نێو دڵی دوژمندا بە بوونی سەدان گیروگرفتی جۆراوجۆر، کوا ئیمکانی ئەوەی بۆ دەرەخسێ؟ دەیان ساڵە کورد لە هەندەران دەژی و لەم ساڵانەی دواییدا ئیتر بە لێشاو ڕووی تێکردووە، جێی پرسیارە بۆچی هەتا ئێستا هەوڵێکی جیددی و بە کردەوە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان نەدراوە؟ چ دەبێ ئەگەر ئەو کوردانە هێزی خۆیان بخەنە سەریەک و تێکڕا بە گژ چوارولاتی داگیرکەردا بچنەوە؟ بۆچی تەنانەت کۆڕێکی گەورەش لە کوردەکان نەبەستراوە هەتا ڕێگایەک بدۆزرێتەوە؟ بەڕاستی سەربەخۆییخوازان چیان بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە کردووە کەوا بێبەزەییانە لایەنە سیاسییەکان دەکوتن؟ بێگومان دەیان پرسیار لەو پێوەندییەدا دەکرێ مەترەح بکرێن کە وەڵامی هیچیان موسبەت نییە. کەوابوو ئەگەر لە چوارچێوەی قسە و نووسراوە بێینە دەرێ و دنیای کردەوە دەرگامان بۆ بکاتەوە، بێگومان بەشێکی زۆرمان خۆمان وەپاش دەدەین و دوعا دەکەین دەرگاکە زووتر دابخرێتەوە.


گومانی تێدا نییە بەشی زۆری کوردەکانی دەرەوە لە نێو خۆدا نەک هەر سەربەخۆییخواز نەبوون، بگرە تێکۆشەری ڕێگای ئازادی لە شکڵی دیکەدا بوون و هەتا نەگەیشتبوونە دەرەوە قەت دەریان نەبڕیوە کە باوەڕیان گۆڕاوە. ڕەنگە ئیدیعا بکرێ کە داوای سەربەخۆیی لە تەنیشت هێزە ئۆتۆنۆمی یان خودموختاریخوازەکان بە کفر دادەنرێ و سزا بۆ داواکارانی ئەو ئامانجە لەبەرچاو دەگیرێ. ئەگەر ئیدیعایەکی ئەوتۆ بکرێ جێگای پێکەنینە. خۆ ئەگەر ئیدیعاکە ڕاستیش بێ دیسان جێی خۆدەربازکردن نییە. کاتێک هەزاران ڕۆڵەی گەل قارەمانانە بۆ ئامانجی ئازادی لە شکڵ و شێوەی غەیری سەربەخۆییدا گیان فیدا دەکەن و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە تاوێک ناحەسێنەوە، چ دەبێ داواکارانی سەربەخۆییش خۆیان دە مەترسی باوێن و ڕزگاریی لە زاری هەژدیها دەربێنن؟ گومانم نییە ئەگەر شتێکی وا ڕوویدا قەڵەم بۆ نووسینی ئەم جۆرە دێڕانە ناگەڕێ.

جگە لە هەمووی ئەمانە، ئەو کەسانەی بە بیانووی سەربەخۆییخوازی و کوردایەتی، حیزبایەتی ڕەتدەکەنەوە هیچ بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازییش پێویستی بە ڕێبەریی حیزبێک، یان لایەنێکی سیاسی هەیە. خۆ بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ چوار وڵاتی داگیرکەر، هەروا هاسان نییە بەبێ ڕێکخستن و سیاسەتێکی زیرەکانە بچێتەپێش. ڕاستیی ئەم ئەسڵە کاتێک بۆ سەربەخۆییخوازان دەردەکەوێ کە پێ بنێینە مەیدانی کردەوە؛ ئەوکات دەردەکەوێ کە ئەخشی حیزب لە بزووتنەوەدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. خۆ ئەوەش هەر ڕاستە کە بە بوونی ئەفرادی جۆراوجۆر بیری جۆراوجۆر پێکدێ و بیری جیاوازیش دەستە و تاقمی جۆربەجۆر دروست دەکا. هیچ کەس ناتوانێ زەمانەتی ئەوە بکا بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی تەنیا لە ژێر ڕێبەرایەتی تاکە حیزبێک کوردیدا بەڕێوەدەچێ و ئەوکات هەموو کوردەکان هاودەنگ دەبن. کاتێکیش حیزب و هێزی جۆراوجۆر بە بۆچوون و ئیدەئۆلۆژیی جۆراوجۆر لە مەیدانی کێبەرکێدا خۆیان نواند دیسان مێژوو دووپات دەبێتەوە و حیزبایەتی ـ بەو حیسابەی کە ئێستا باسی لێوەدەکرێ ـ لە سەرووی هەموو شتێک دادەندرێ.

# ئارامبوونەوەی ژیانێکی نائارام

❑ **بۆ یادکردنەوە لە سەید عەزیزی شەمزینی (١٩١٨-١٩٩٩)**

قەرەنی قادری



خوالێخۆشبوو سەید عەزیزی شەمزینی

**«سەید عەزیزی شەمزینی»** لە بنەماڵەیەکی ئایینی ـ نەتەوەیی لە دایک بوو کە کوردایەتی و خەبات ڕیشەیەکی قووڵیی تێدا داکوتا بوو، بە واتایەکی تر ژیان و خەبات لە بنەماڵەی شێخی نەهری دا وەهایان خۆ گەیاندبوە یەک کە هەڵبژاردەکانی ئەو ماڵباتە نەیان دەتوانی لە تەقینەوە نەتەوایەتییەکاندا بەشدار و جڵەودار نەبن، ژیانیان لە جوڵانەوەدا دەستی پێدەکرد و لە وێشدا کۆتایی پێدەهات. سەید عەزیزی گیلانی زادە «شەمزینی » لەساڵی ١٩١٨ لە شاری موسڵ لە بارودۆخێکی نائارامی ناوچەیی و کوردستانییدا لە دایک دەبێ. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە گەڵ باوکی لە موسڵ بەرەو ناوچەی شەمزینان و لە وێشڕا بەرەو ڕەواندز دە هەڵات هەڵات و بەربەرەکانی دا دەبن. سیاسەتی حکومەتەکانی ئەو سەردەمی تورکیە و عێراق وا لە نەتەوەکەی دەکا کە لەتەمەنی منداڵییدا کۆڕەوەی بە چاو دەبینێ و بە مێشکی ئێسقان هەستیی پێدەکا و ناخی ئەو مێردمنداڵە بریندار دەکات. لە بیستەکان و سییەکاندا تێکەڵاوی قوتابخانە و سیاسەت دەبێ، لە کۆتایی سییەکاندا زانکۆی ئەفسەری لە بەغدا تەواو دەکا و هەر لەو سەردەمەشدا لە گەڵ ڕەفیق حیلمی ئاشنا دەبێ و بەهۆی ئەوەوە دەبێتە ئەندامی حیزبی هیوا، لە دوواییشدا دەبێتە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو حیزبە.

لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڵ مەلامستەفای بارزانی و ئەفسەرانی حیزبی هیوا کە سەید عەزیزیش یەکێک بوو لە وان، دێنە کورستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و لە بەهێزتر کردنی جوڵانەوە و دامەزرانی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) لەو بە شەی وڵاتدا بەشدار دەبێت. پاش ماوەیەک ١٥٠ کەس لە لاوانی کورستان بۆ خوێندن لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بەرێدەکرێنە شاری باکۆ، سەید عەزیزیش یەکێک دەبێ لەو قوتابییانە و تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ لە سۆڤیەت دەمێنیتەوە. لە کاتی مانەوەی لە سۆڤیەتدا بەشێک لە ژیانی بە زەحمەتی و بەشێکیشی بە کارکردن لە کارخانەکانی ئوزبەکستاندا بەرێوەدەبا، لە دوواییدا ژنێ دێنێ و لە پاڵ ئەوەشدا بۆ خوێندن دەچێتە شاری سەنگت پێترزبورگ « لێنینگراد»، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨ دا تێزی دوکتورای لە سەر بزووتنەوەی کورد لە ژێر ناوی **«جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ دا»** دەنووسێ. دەستنووسە ڕووسییەکەی ئەو کتێبە (٣٣٠) لاپەڕەی «A4» یە کە تاکوو ئێستا بەداخەوە سەرجەمی، دەقەوارەی کتێبدا بە زمانی کوردی بڵاو نەکراوەتەوە.

لە ١٩٦٠ بەولاوە دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی ـ عێراق دەست دەداتەوە خەبات، لەو ماوەیەدا بەهۆی ناکۆکی لە نێوان مەلامستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسییدا، سەید عەزیز تووشی هەڵپەساردن و فشار دەبێت، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە دێتەوە لای باوکی سەید عەبدوڵڵا سەید عەبدولقادر و تا ساڵی ١٩٨٠لە شاری ورمێ و گوندی شێخانی سەر بە ناوچەی شنۆ، نیشتەجێ دەبێت. لەو ماوەیەدا سەید عەزیز وەکو کەسایەتییەکی جێکەوتووی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ و تەنانەت گۆندی شێخان دەبێتە مەکۆی نهێنی وتووێژ و ڕاپێکردن بۆ گروپی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد.

دوای شۆڕشی ئێران جارێکی تر بە ماڵ و منداڵەوە ڕوو لە هەندەران دەکات و بۆ ماوەیەک لە لەندەن دەگیرسێتەوە، پاش ماوەیەک ئەوێش بەجێ دێڵێ و بەرەو بەغدا دەکەوێتە ڕێ، واوێدەچێ ڕیشەی داکوتراوی لە ناخی وڵاتەکەیدا ڕێگای پێنادا دووره وڵات بێ و ژیانی بەمەودا لە نیشتمانەکەی هەڵبژێرێت، بۆیە سەردانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی ... دەبێتە بەشێک لە ژیانی و لە شاخ و داخ و کەش و هەوای وێدا ژیانی ونبووی دەدۆزێتەوە.

هەر لە گەڵ کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ بەغدا بەجێ دێڵێ بەرەو بەشەکەی تری وڵات دەکەوێتە ڕێ و شاری ورمێ دەبێتە دووایین شوێنی بە ناو حەسانەوەی! لە ١٩٩٩/٣/١٤ دا لە مەڵبەندێکی پڕ لە ئێش و ئازار و ژیان داچەقیوی وێدا، لەشی بێ هێز و مێشکی نەحەساوەی لە کار دەکەوێت و ژیانی نائارامی ئارام دەبێتەوە و وڵاتێک بەجێ دێڵێ کە تەواوی ژیانی بۆی عەوداڵ بوو.

١٩٩٩/٤/٢٦

◗ گۆڤاری «گزینگ» بە بۆنەی فەوتی «سەید عەزیزی شەمزینی» وێرای دەربڕینی خەم و پەژارە، لە بنەماڵەی شەمزینی و خانەدانی ساداتی نەهری سەرەخۆشی دەکا و خۆی بە شەریکی خەم دەزانێ.

## مەرگی هونەرمەندی ناوداری کورد

### مامۆستا قادر دیلان

هێرش



بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار کراین کە ڕۆژی ١٨ی مانگی مارس (١٩٩٩)، سێ ڕۆژ پێش نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهار، دڵی هونەرمەندی ناوداری کورد قادر دیلان لە لێدان کەوت و، بەمجۆرە ئەستێرەیەکی پرشنگداری دیکەی ئاسمانی هونەر و مۆسیقای کوردی داکەوت و ماڵئاوایی لێکردین.

قادر دیلان نە تەنیا لە بواری هونەری مۆسیقاوە کەسایەتییەکی ناودار و شارەزابوو، بەڵکوو لە باری کۆمەڵایەتیشەوە ئینسانێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر بوو. هەر بۆیە لەلایەن خەڵکەوە بەتایبەت ئاشنا و ئاسیاوانەوە خۆشەویست و شایانی ڕێز بوو. ڕاستە کە مەرگ و نەمان ئاخرسەر ڕوو لە هەمووان دەکا و هیچ گیانلەبەرێک نابوێری. بەڵام ئەوەی تاڵ و تاسێنەرە، خەبەری مەرگی ئەو کەسەیە کە پێت وانەبووە و نییە مەرگ بتوانێ بەو زووانە بەربینگی پێبگرێ. ئەو کەسەش مامۆستا دیلان بوو. بەو نەخۆشییە سەختەش کە لەو دواییانەدا ئارا و قەراری لێهەڵگرتبوو، هەروا گەش و سەرزیندوو بوو. وەسەر خۆی نەدەهێنا نەخۆشە، ئەگەرچی نەخۆشییەکەشی زۆر سەخت و بێ ئامان بوو. خۆم لە نیزیک ڕا دیبووم کە لە بەرانبەر دێوەزمەی مەرگدا چەندە ئازا و خۆڕاگربوو.

کاتێک بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٣لە ماڵی کاک هەڵبەست* (کوڕی مامۆستا محەممەد ساڵح دیلان) بە خزمەتی گەیشتم لە بەرانبەر خۆمدا سەروسیمای لاوێکی جوانچاکم لە ڕواڵەتێکی پیرانەدا بەدیکرد و هیچ عەقڵیشم بڕی نەکرد کە خاوەنی ئەو سەرو سیمایە، ئینسانێکی تەمەن باڵایە و، پێ دەنێتە شەست و هەشتەمین ساڵی ژیانیەوە. بۆیە زیارەتی ئەو جۆرە ئینسانانە بەتایبەت بۆ کەسانێک کە لە ژیان بێزار بن، چەند غەنیمەتێکی گەرەیە. بەڵێ، مامۆستا قادر دیلان ئینسانێکی ئاوا بوو کە من بە زیارەتی خەنی بووم: ئای! چەندە خۆشمەشرەب و خوێنگەرم و دڵگر بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە هونەرمەندێکی لێهاتوو و شارەزابوو، هەرئەوەندەش موتەوازع و خۆبەکەمگر بوو.

قادر دیلان، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی چاوی بە دنیا کراوەتەوە. خوێندنی سەرەتایی و پاشان خوێندنی ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە و دوواتر لە کۆلیجی (الادراە و الاقتصاد)ی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام تەنیا دوو ساڵی لەوێ خوێندووە و لە بەر بێ دەرامەتیی ئەو کاتە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنەکەی بدا.

لە ساڵی ١٩٦٢ کوردستانی بەرەو وڵاتی چێک بە جێهێشتووە و لە پراگ، لە زانکۆی کۆنسرڤاتواری (کار لۆڤۆ) وەرگیراوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ لە هەمان زانستگا، مامۆستاکان قادر دیلانیان وەک ئەندامی لێژنەیەک وەرگرتووە کە دەبوایە لە قەبوڵکردنی خوێندکارانی بیانی بۆ بەشی مۆسیقا سەرپەشک بێ.

مامۆستا قادر دیلان، هەر لە ساڵانی ١٩٤٦ بە دواوە خولیای ئاواز و مۆسیقای کوردی بووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەکەی کە هونەرمەند و هونەردۆست بوون. هەم باوکی و هەم محەممەد ساڵحی برای دەنگخۆش و مەقام ناس بوون. ئەوان بۆ وی وەک مەدرەسەیەکی سەرەتایی بوون بۆ فێربوونی مەقام و بەستە و تەسنیف. لە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ لەگەڵ چەند گەنجی هونەرمەند، نیمچە تیپێکی مۆسیقای پێکهێناوە و هەر ئەوەش بووە بە بناغەی کاری مۆسیقا و هونەری وی.

لە ساڵانی ١٩٧٠ وە تیپی مۆسیقای قادر دیلان و و دوواتریش تیپی مۆسیقای مەولەوی دروست کردووە و بە دانانی دەیان ئاواز و گۆرانی تازە، ویستوویە گۆرانی کوردی لە ژێر نفوزی شێوازی عەرەبی ڕزگار بکا.

لە ساڵی ١٩٩٦ بە پێی کونفرانسێک کە لە وڵاتی ئالمان، بە بەشداری نیزیکەی ٢٠٠ هونەرمەندی کورد دەبەسترێ و ئاکادێمیای مۆسیقای کوردی دادەمەزرێ، قادر دیلان بە سەرۆکی «یەکیەتی هونەرمەندانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات» هەڵدەبژێردرێ.

قادر دیلان لە بواری نووسینیشدا چالاک بووە و کۆمەڵێک پەندی پێشینیانی کۆکردووەتەوە کە هێشتا چاپ نەکراوە . لە ساڵانی ١٩٥٠، لە ڕۆژنامەی ژین دا، ستوونێکی تایبەتی هەبووە دەربارەی مۆسیقای کوردی و، هەروەها لە گۆڤاری کوردستان (KSSE)دا زۆر شتی لە سەر مۆسیقای کوردی نووسیوە. بێجگە لە کارە هونەرییەکانی ناوەوەی وڵات، هەر ئەو کاتەی کە لە چێک ژیاوە، قەوانێکی مۆسیقای بە هاوکاری تیپی ڕۆکی چێکی و سەمفۆنیایەکی لەگەڵ تیپی سەمفۆنی ئۆپێرای سێتانا تۆمار کردووە و، بە دەیان پارچە مۆسیقاشی بۆ ئورکسترا کە دەبێ ٤٠ تا ٥٠ سترومێنت تێیدا بەشدار بن نووسیوە . بەڵام ئەو کارانە لەبەر نەبوونی ئیمکانات هەروا بە نووسراوەیی ماونەتەوە.**


مامۆستا قادر دیلان لە ڕۆژی ١٩٩٩/٣/١٨ بە هۆی نەخۆشیی و لە ئەنجامی سەرنەکەوتووانەی نەشتەرگەری(عەمەلیات)ی گەدە، چرای ژیانی دەکوژێتەوە و لە ڕۆژی ٢٤ لە شاری پراگ بە خاک دەسپێردرێت. یادی ئاوێتەی دڵ بێ و گڵکۆیەکەی پڕ لە گوڵ ....

* بەشێک لەو زانیارییانە لە کاک هەڵبەست دیلان وەرگیراون.

** بڕوانە: گزینگ، ژمارە٢٢، وتووێژ لەگەڵ مامۆستا دیلان.

# کۆچی دوایی مامۆستا نافع مەزهەر(شپرزە)
## (١٩٩٩-١٩١٣)

هێرش



لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی (٩٩/٢/٦) بە بۆنەی ساڵتێوەرسووڕانەوەی دامەزرانی«کۆمەڵە» لە ستۆکهۆڵم، لە دیدارێک لەگەڵ خوشکە(سەروەتی مەزهەر) ئاگادار کراین کە بە داخەوە شاعیری ڕێزداری سەقزیی مامۆستا نافع مەزهەر «شپرزە»، باوکی بەڕێزیان لە سەرەتای مانگی بەفرانباری١٣٧٧، کۆچی دوایی کردووە و لە شاری سەقز بە خاک سپێردراوە. ئەوەی ڕاستی بی، لە کاتی بیستنی هەواڵەکە، گزینگی ژمارە ٢٢ لە چاپ دەرچووبوو و بڵاوکرابووەوە، بۆیە لەم ژمارەیەدا بە پێوستم زانی، هەم سەرەخۆشیی خۆم بە بنەماڵەی (مەزهەر) ڕابگەیێنم و هەمیش بە کورتە بیۆگرافییەک، یادی ئەو شاعیرە ڕاستبێژ و نیشتمانپەروەرەی کۆمەڵی کوردەواری ڕێزبگیرێ.

مامۆستا شپرزە لە پێشەکی دیوانی شێعرەکەیدا خۆی بەمجۆرە دەناسێنێ: «سەرتان نەئێشێنم: من ناوم نافعە، شۆرەتم مەزهەرە، ئازناوم لە شێعری کوردیا، شپرزەیە. کوڕی حاجی شێخ مەحمودی کوڕی حاجی شێخ ئیبراهیم لە بنەماڵەی شێخەکانی «کەسنەزان»ی سەرشیوی سەقزم...

لە ساڵی ١٣٣٦ی ک. م بەرانبەر ساڵی ١٢٩٢ی هـ [١٩١٣ز]. هەوەڵ شەڕی جیهانیدا لە سەقز لە دایک بووم. من پاشەبەرەم، یانی ئیتر مناڵ بە شوێن منا نەهاتووە. تەمەنم یەک ساڵ و نیوێک بووە کە باوکم مردووە لە ژێر تالیم و تەربیەتی دایکم و برا گەورەم شێخ فەخرەددین بە خێو کراوم. کاتی فەوتی باوکم یەکەمین شەڕی جیهانی ئەبێت. ئێمە هەموومان بە خێلاتی و دەربەدەری لە گەڵ ماڵی خاڵۆما حاجی شێخ عارف لە ترسی رووس شار بە جێ ئێڵین و ڕووئەکەینە هەورامان و مەریوان. ... هتد»

مامۆستا مەزهەر وەک زۆربەی خوێندەوارانی ئەو سەردەمە، خوێندنی خۆی وەک سوختە، لە حوجرەکانی مزگەوت دەست پێکردووە و وەک لەوکاتەدا باو بووە، قورعان و گولستان و بووستان و تەسریفی زنجانی خوێندووە و، لەلایەن دایک و کاکی لێی داواکراوە کە ڕێوشوێنی باب و باپیرانی بەرنەدا. بەڵام هەر وەک خۆی باس دەکا بەم کارە ڕازی نەبووە و نەیویستووە ڕێگەی مەلایەتی و شێخایەتی بگرێتەبەر و دەڵێ: «ساڵی ١٣١٣ لە تاڵەجەڕ لای مەلا شێخ موحەممەدی مەردووخ قزڵبڵاخی دەرسی سەرف و نەحوم خوێند لەگەڵ فێق و قەسایدی عەرەبی و... هەتا هاتمە لای مامۆسا شێخ موحەممەد خوێندنێکی باشم نەبوو، وەختی وا بوو ساڵێ یا دوو یا سێ ساڵ پەکی خوێندنم ئەکەوت، مناڵ و هەوەڵی جوانیم بوو سەرلێشێواو و بێباوک بووم. خۆم حەزم ئەکرد بچمە مەدرەسەی تازە ئەمما کاکەم و دایکم بە ئەمە ڕازی نەبوون...».

مامۆستا شپرزە، لە کاتی لاوەتیدا، هەوای گەرمێن دەکەوێتە سەری و بۆ درێژە پێدانی خوێندن ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی، بەڵام لەوێ دوای هاتوچۆکردن لەم مزگەوت بۆ ئەو مزگەوت، کە دەزانێ لەو ڕێگەیە بە هیچکوێ ناگا و نانی فەقێیەتی پێ جۆرێک سواڵکەری دەبێ، ڕێگەیەکی دیکە دەگرێتەبەر: «... من هەر لە مزگەوتی مەحەللەی بەگلەر بووم بەڵام بەو نەوعە کە لازم بێت و کەڵکی لێوەرگرم مامۆسا دەرسی پێنەئەوتم. چیشتان لێ بشارمەوە نانی فەقیەتیم لەلا جۆرە سواڵکەرێێک بوو، ناچار لە ساڵی ١٩٣٦ز دا کە ساڵی ڕەسمی حکومەتی عێراقە لە شاری کەرکووک بووم بە سەربازی بەشی پزشکی ئەرتەشی عێراق ـ(الجندی القسم الطبی فی الجیش العراق)...».

نافع مەزهەر، دوای ساڵ و نیوێک کە دەینێرنە نەخۆشخانەی سلێمانی، لەوێ و دواتریش لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانی گەرمێن لەگەڵ زۆربەی شاعیران و پیاوماقووڵانی ئەوکاتە وەک: قانع، زیوەر، فایق زیوەر، حاجی تۆفیق پیرەمێرد، گیوی موکریانی، مەلاعەبدوڵلا موفتی پێنجوین و شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و ... دەبێتە ئاشنا. لە سلێمانی، بەشی زۆری ئەوانە، شەوانە لە چایخانەی قادرئاغای کۆیی عەتتار، کە قەرائەت خانەشی هەبووە، کۆدەبوونەوە و، زۆر شەوانیش هەر لەو شوێنەدا لەلایەن ڕۆشنبیران و مامۆستایان موحازەرە بەڕێوەدەچوو و ئەویش کە قوتابی زانستی بوو زۆر جار شێعر و مەقالەی خۆی یا هی کەسانیتری دەخوێندەوە. ئەو موحازەرانە لەو سەروبەندیدا گەلێک گرینگ و بە کەڵک بوون. «جارێکیان حاجی تۆفیق پیرەمێرد وتی: کوڕگەل! ئێمە کوردی عێراقی ئەبێ شوکری خواکەین کە بە ئازادی بە زبانی خۆمان قسە ئەکەین و بە زمانی خۆمان ئەنووسین. لە تورکیا هیچ کەس ناوێری بێژێ کوردم یا بە کوردی قسە بکات. لە ئێرانیش نووسین بە کوردی قەدەغەیە. لە دایرە و مەدرەسەکانا کەس ناوێرێ بە کوردی قسە بکا یا شێعری کوردی بخوێنێتەوە. من دوو چاوم هەیە، یەکێکی ڕۆژنامەکە و دووهەمی زانستییە. زۆر توندڕەوی مەکەن، نەکوو خوانەخواستە چاوەکانم لێ بستێننەوە. پارەکە زۆری نەمابوو ڕۆژنامەکەم تەواو دابخەن، تەنیا چوار مانگ داخرا. دوای قسە و ئامۆژگارییەکانی پیرەمێرد، کوڕێکی مناڵی سەفی چوارمی سەرەتایی شێعرێکی توندی قانێعی زۆر جوان و ڕەوان بە ئێحساسەوە خوێندەوە. پیرەمێرد ئێحساسات گرتی خۆی پێنەگیرا دڵی پڕبوو وتی: ڕۆڵە! یاخوا من و قانێعیش و باوکیشت بین بە قوربانت. بوو بە چەپڵەڕێزان و هەڵەلایێ هەر نەبیتۆ...».

لەو سەردەمەدا، مامۆستا نافع یەکەم شێعری لە ڕۆژنامەی **ژیان** کە ڕۆژنامەیەکی بەلەدییە (شارەداری) بوو و پیرەمێرد بەشە ئەدەبییەکەی چاودێری دەکرد، بڵاودەکاتەوە و، پاشان کە پیرەمێرد چاپخانەیەکی دامەزراند و ڕۆژنامەی **ژیان** و دواتریش **ژین** ی چاپ دەکرد، هاوکاری خۆی تا هاتنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، درێژە پێدەدا. هەڵبژاردنی ناسناوی «شپرزە»ش یادگاری ئەو دەورانەیەتی.

لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا، کاتێک بەشێک لە ڕادیۆ بۆ زمان و ئەدەبی کوردی تەرخان دەکرێ، مامۆستا نافع پارچە شێعرێک بۆ ڕۆژنامەی **ژین** دەنێرێ و تێیدا سپاسی کوردە دڵسۆزەکان و بەتایبەت

پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ وەزیری ئیقتیساد و مواسەلات دەکا و لە پارچە شێعرێکیدادەڵێ:

موژدە بێ ئەی دڵ ئەوا ڕۆژی هونەرمەندی هەڵات
سەد شوکر دێوی شەوی تاریکی ڕای کرد و هەڵات
پیرەمێردێکی مودیر و خاوەنی ژین و ژیان
خوا دەوامی خۆشەویست و خۆی و ئەولادی بدات
ئەی ئەمینی بازەکا وەڵلا سزاواری ئەوەیت
چاکترینی ئێمە برژانگی بماڵێ خاکی پات

مامۆستا شێرزە، دوای ئەوەیکە ماوەی شەش ساڵ لە ئەرتەشی عێراقدا دەمێنێتەوە و شەش مانگێکیش بێ سووچ و تاوان لە زیندان ڕادەگیرێ، هەوای گەڕانەوە بۆ زێد لە سەری دەدا و، لە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) بە ڕێگای بانەدا دەگەڕێتەوە ئێران و ساڵێک دواتر بۆ بژێوی ژیان، لە ئیدارەی فەرهەنگی سەقز دادەمەزرێ کە خۆی لەو بارەیەوە ئاوا دەنووسێ: «ساڵی ١٣٢٠ه کە دەوڵەت دامەزرا لە فەرهەنگی سەقز بووم بە ئاموزگار ... دەوڵەت هیچ دەربەسی موعەلیم نەبوو. هەر هاواریان ئەکرد و کەس جواوی نەئەدانەوە. هەرکەسێک زۆر لە سەری بڕۆشتایێ بەرچەسپی تودەگەری (کۆمونیستی)یان پێوە ئەچەسپان و دەریان ئەکرد و دەسی لە هەوانەوە دەرئەچوو! یەکێ وەک من کە هیچ هومێد و هیوا و ڕۆشناییێکم نەبوو مەجبوور بووم نقە نەکەم، ئەگەرچی لە زۆرکەس زیاتر نقەم ئەکرد وەلێ فایدەی نەبوو...

لە ساڵی ١٣٢٢ه دا ژنم هێنا و خەرجی خۆم گران کرد و ڕێوی هەژگێکی بەست بە کلکیەوە! لە ساڵی ١٣٤١ه دا لە بەر ئەمە کە لە شناسنامەدا عومرم زیاد نووسرابوو بازنشستەیان کردم و... ناچار لە ساڵی ١٣٤٣ه دا لە داروخانەی شێروخورشیدی سەقز، لەبەر ئەوە سەرم لە دەوا و دەرمان دەرەچوو، بە حقوقێکی زۆر کەم دامەزرام و... چوونکا خزمەتی خەڵکی فەقیر و هەژاری وڵاتەکەمە پێی ڕازیم و سەرودڵ خۆشم و ئەزانم خەڵکیش لە خزمەتەکەی من زۆر ڕازین و دوعای بە خێرم بۆ ئەکەن...».

مامۆستا نافع لەگەڵ ئەوەدا کە ئینسانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، بەڵام هیچکات نەیویستووە بە ئاکاری توندڕەوانە خۆی تووشی دەردیسەری بکا کە زۆر ڕاستگۆیانە هەڵوێست و شێوەی سازانی خۆی لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی بەمجۆرە باس دەکا و دەڵێ: «... لەگەڵ ساواک هاوکاریم نەکردووە لێشیان نەدەترسام ئەوەی بزانیایێ خەلافی قانوونە نەمەکرد شێعرە سیاسییەکانیشم بۆ هەمووکەس نەئەخوێندەوە. بەینێ لەگەڵ رادیۆ قاهیرە بەشی کوردی هاوکاریم ئەکرد. بەڵام وەختێک میسر لەگەڵ ئێران بەینیان تەواو تێکچوو، سەفیری یەکیان بانگ کردەوە منیش قەتعی رابیتەم کرد چون ئەمزانی کاغەزەکانم سانسۆڕ ئەکەن و تووشی دەردیسەری ئەبم. حەز ناکەم درۆ بکەم بڕێ کاری شام پێ باش بوو وەکوو ئیسلاحاتی ئەرزی، ئەگەرچی خۆیشم کۆنە مالیک و چەکمە ڕەق بووم. وەکوو ئازادی ژنان، گەرچی من لە خانەوادەی ڕۆحانی بووم ئەمە لای ئەوان گوناحێکی گەورە بوو... هەروا سپای زانین و چەن کاری تریش...

زۆر کاریشم پێ خراپ بوو کە منیش وەکوو خەڵکی تر نەمئەوێرا دەنگ بکەم لە شێعرەکانما ئەم نووسی و ئەمشاردەوە...».

هەروەک دەزانین و لە مێژووش شاراوە نییە، هەم ڕەزاشای پەهلەوی و هەم کەماڵ ئاتاتورک یەکەم کەسانێک بوون کە تۆوی دژایەتی و کورد کوژییان لە زەوی بەیاری کوردەواریدا داچاند. هەربۆیە کاتێک کەماڵ ئاتاتورک لە ساڵی ١٩٣٩دا دەمرێ، هەر ئەو ئارەزوویەش لە شێعرێکدا بە نێوی «گۆڵەپیر» بۆ دیکتاتۆری ئێران دەخوازێ و دەڵێ:

گۆڵە پیر ئەبڕا لە گوێم ئاخ ئەم حەپە و ئەم لوورەتە
ڕەببی تۆ لای بەی لە ئاوا ئەم سەگە و ئەم سووڕەتە
ئاوی خزرت خواردوە ئەی گۆڵەپیر وا نامری؟
یا لە گشتیان کافر و پڕ کینە و سەگباب تری
داتدڕی پەرتۆکێ جل گەر بوویە کۆڵی کوردەوە
گۆی گەوادیت تۆ لە سەگبابانی عالەم بردەوە

مامۆستا شێرزە، هەر وەک خۆی بە ئاشکرایی پێی لێناوە و لە زۆربەی بەرهەمە شێعرییەکانی ڕا دەردەکەوێ، هیچوەخت دانووی لەگەڵ ئاغا زاڵمەکان و شێخە مفتەخۆرەکان و تاقمە هەلپەرستەکان نەکوڵاوە و تا بۆی کرابێ لۆمە و سەرزەنشتی کردوون:

بۆچی ببمە نۆکەرت گەردەن کوڵوفتی موفتەخۆر
دەستە دەستە کەر ئەکەی خەڵکی بە ئەیرەنگ و بەزۆر

بەڵام لە بەرانبەردا خەڵکی نەدار و بێدەرەتان و، هەروەها تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرانی کوردی خوشویستووە و پێی هەڵگوتوون. کاتێک کۆماری کوردستان تێکدەچێ و ڕێبەرانی کورد ئێعدام دەکرێن، خەم و پەژارەی خۆی لە شینی پێشەوا و پیاوە جوامێرەکان و، بێزاریی خۆی لە هاتنەوەی دەورانی پیاوە هەلپەرست و بوودەڵەکان بەمجۆرە دەردەبڕێ:

داخەکەم قازی موحەممەد پێشەوای سەربەرزی کورد
سەدری قازی، سەیفی قازی، حامیانی مەرزی کورد
با دڵی خۆی خۆش نەکا بێژن عومەرخانی شکاک
دێتە دروێنەی ئەویش دەستی زەمان پاش وەرزی کورد
دەوڵەتی ئێران نەفامە و ئەحمەقە و وا تێئەگا
گەر ئەمانی کوشت بڕی ئیتر بەجارێ لەرزی کورد
تا بمێنێ شوانێکی لادێ و دوکاندارێکی شار
پاش هەزار ساڵ هەر ئەسێنێ ئینتیقام و قەرزی کورد

مامۆستا نافع سەبارەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەزەری وابوو کە «ئەم دەوڵەتە هێشتا کارێکی وایان نەکردووە کە جێگەی ئومێد و دڵخۆشی بێت. وەکوو خودموختاری کوردستان کە قەراربوو موافقەتی لە سەر بکرێ. زۆر کاری خراپیشی کردووە، وەکوو کوشتاری گونبەد، سنە و نەغەدە... وەکوو کار بە نەزان سپاردن، وەکوو سانسۆڕی رادیۆ و تێلویزیۆن و ڕۆژنامەکان، وەکوو ڕقەبەری و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە موخالیفی عەقیدەی خۆیان بێت...».

مامۆستا شێرزە وەک ئینسانێکی پاک و دڵساف و نیشتمانپەوەر بە هەمان ئەندازە کە بە بیر و قەڵەم بەربەرەکانی نەیارانی کوردی کردووە، هەر بەو ئەندازەیەش لە ڕووی دڵسۆزییەوە چاوی لە تەفرەقە و دووبەرەکی و لاساریی کوردەکان نەپۆشیوە و لەوبارەیەوە لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا لۆمە و سەرکۆنەیان دەکا:

کوردە بیر و ڕات لە سەر خۆ نییە
کارەکانمان هیچ گرد و کۆ نییە
سەری هەریەکمان سازێ لێ ئەدا
هیچیان بە کەیفی من و تۆ نییە
سازی بەدبەختی سازی جیایی
دەنگی ئاشتی تێدا بۆ نییە؟...

لە کۆتاییدا وێڕای ڕێزگرتنی دووبارە لە یادی مامۆستا نافعدا، هیوادارم کە دەنگی ئاشتی و ئامۆژگارییەکانی، ئاوێزەی گوێی هەموو لایەک بێ و هەواڵی یەکگرتوویی و سەرکەوتوویی گەلی کورد، وەک چەپکە گوڵێکی بۆنخۆشی بەهاریی ڕازێنەری سەرکێلی گڵکۆیەکەی بێ.

**سەرچاوە:** «گرد و کۆ» دیوانی شیعر، نافع مەزهەر (شێرزە)، سوید ١٩٩٥. هی نێو کەوانەکان «......»، ڕاستەوخۆ لەو کتێبە وەرگیراون.

# ئەدەبی گاڵتە

ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە
ئەدەبی گاڵتە

نووسین و ئامادەکردن: کاوە

**◗ دەکرێ گەلێک شت بە نەرمی و لەڕێگای گاڵتەوە دەرخواردی خەڵک بدرێت، کە لە حاڵەتی ئاسایی دا هەرگیز کەس ئامادەی وەرگرتنی نەبێت.**

**(چارلی چاپلین)**

❐ کوڕێکی قۆشمە بەنیازی گاڵتە و قەشمەری، سەردانی مەلایەک دەکا و دەڵێ: «ئەرێ مامۆستا موعجیزە چییە؟» مەلاکەش کە مەلایەکی زۆرزان دەبێ، زللەیەکی هەر ئەوەندە توند لە لاڕوومەتی کوڕە دەدا، ئاور لەبنەگوێی هەڵدەکا و وەک کۆتر لە زەوی دەیرنێ و دەیخاتە سەر هەرد. کوڕە لەجێ ڕادەپەڕێ و دەڵی:

ـ جا ئەوە زللە بوو لە بنەگوێی منت دا مەلا؟ مەلا دەڵی:

ـ ئێشا کوڕی من؟ کوڕە دەڵی:

ـ ئەی دیارە زللەی ئاوا توند و لە ناکاو ژانی هەیە. مەلا دەڵی:

ـ ئەگەر ئەو زللەیە ژانی نەبوایە، ئەوە دەبوو بە موعجیزە... تێگەیشتی کوڕم!

❐ چەند کەس لەڕێگای چۆڵ و بەندەنێکدا تووشی کابرایەک دەبن کە سێ سەگی مل ئەستوور، چوار تانجی نێوقەد باریک، دوو تولەی خڕنۆکی پێ دەبێ. سەرەڕای ئەمانە، دارێکی درێژ بە دەستەوە و باوەشێک چڕ و چیلکەی وشک بە کۆڵەوە و بوتڵێکیشی نەوت بە کەمەرەوەدەبێ. ڕێبوارەکان لێی نزیک دەبنەوە و پاش سڵاو و بەخێرهێنان، یەکیان لێی دەپرسی و دەڵێ:

ـ خاڵە ئۆغر بێ! ئەو گشتە جروجانەوەرە بۆ کوێ دەبەی؟ کابرا دەڵێ:

ـ ئەگەر خودا یاربێ، خەیاڵی ڕاوی ڕێویم لەسەر دایە. ڕێبوارەکان دەڵێن: «جا ڕاوە ڕێوی و ئەم مەفرەزە سەگە! تانجیت پێیە کیفایەتە، ئیدی سەگ و تولەت بۆ هێناون و ئەو دار و گۆپاڵ و چڕ و چیلکە و نەوت و دەرمانەت بۆ چییە؟ کابرای ڕاوچی دەڵێ:

ـ باوکم ڕێوی فێڵەبازە و پێی دەوێ. سەگم هێناوە کە پێشەکی تێی بەردەدەم. کە بەسەگان ماندووم کرد، ئینجا تانجی تێ بەردەدەم. ڕێوی فێڵەبازە و لەوانەیە خۆ لە کونان خزێنێ. ئەودەم منیش تولەی لەپاڵ دەکەم. ئەگەر کونە ڕێوی بۆ تولەکان باریک و تەنگ بێ و بۆیان نەگونجێ، ئەم دارە درێژەی بۆ دەبەم و کەوڵ و تووکی بادەدەم و ڕایدەکێشم. جا ئەوجار ئەگەر دارەکەشم نەی گاتێ، ئەم چیلکە و چاڵەی لە بەر کونێ دادەنێم و بە دوکەڵ قانگی دەدەم و خاکی بەتوورەکان دەکێشم.

ڕێبوارەکان گوتیان:

ـ هەر سێک تەلاقی بەشەرعیمان کەوێ، خوداش ئەجەلی مام ڕێوی نەهێنابێ، لە بەر ئەو هەموو تانک و تۆپ و دەبابەیەت گیان بەسەلامەت دەرباز ناکا و بە زیندی سەر دەیگری.

❐ نەخۆشێک پاش ئەوەی کە دوکتور زەختی دەگرێ و موعاینەی دەکا، بە بێ ئەوەی پارە بدات، دەڕواتەدەر. بەڵام لە کن دەرگا دەگەڕێتەوە و لە دوکتوری دەپرسێ:

ـ قوربان خۆ جەنابت هیچ پارێزێکتان بۆ دانەنام، چ شتێک بخۆم و چ خواردنێک نەخۆم. دوکتور دەڵێ:

ـ باوکەکەم، تۆ دەتوانی هەموو شتێک بخۆی، ئیللا پارەی ویزیتەکەی من نەبێ.

❐ دزێکی کورد دیواری ماڵی مەلایەکی عەجەمی بڕی و هەرچی هەیبوو، لە بەرماڵێکی پێچایەوە و بۆ هەڵگرتن و بەکۆڵ دادان بانگی کرد: « یا غەوثی ثانی!» مەلا بەدەنگی دزەکە بە ئاگا هاتەوە و هەستا و بەرۆکی دزەی گرت و هەڵی سووڕاند و گوتی:

ـ من ئەو ماڵەم بە هەزار یا عەلی و یا وەلی کۆ کردۆتەوە و تۆ دەتەوێ بە یا غەوثێک هەمووم لێ گەسک بدەی؟

❐ کوڕێک لەشارێکی وڵاتی خۆماندا دەگەڵ کچێکی زۆر جوان و ناسک ئاشنا ببوو. کوڕە بەکچەی گوت:«دەمەوێ بنێرمە سەرت و بتخوازم» کچە گوتی: « کار و پیشەت چییە؟ کوڕە گوتی: نووسەر!

ڕۆژی خوازبێنی، باب و مامی کوڕە چوونە ماڵی کچەکە و کوڕەکەش دەگەڵیان کەوت. باوکی کچە لە پلە و میزانی خوێندەوارییەتی و کار و پیشەی کوڕەی پرسی. کوڕە نەیهێشت کەس وەڵام بداتەوە و گوتی:

ـ خوێندنم تەواو کردووە و خەریکی نووسینم. باوکی کچە گوتی:

ـ کتێب دەنووسی؟ کوڕە گوتی: نەخێر. باوکە گوتی: ڕۆژنامە و گۆڤار دەنووسی؟» کوڕە گوتی: نەخێر. ئەمجار باوکی کوڕە وەدەنگ هات و گوتی:

ـ ئەم کوڕەم چەند برادەرێکی هەیە لە دەرەوەی وڵاتن، نامەیان بۆ دەنووسێ و ئەوانیش جار جار پارەی بۆ دەنێرن.

❐ ئەحمەد و مەحمود برادەرن. دانیشتوون و پێکەوە قسان دەکەن. ئەحمەد ڕۆژنامە خوێنێکی قەهارە و بە بێ ڕۆژنامە ڕۆژ ناباتە سەر. لەپڕ سەری هەڵبڕی و گوتی: کوڕە دەرکت خەراپ نەبێ، هەر ڕۆژنامەیەک کە دە خوێنمەوە، هەر باسی زەرەر و زیانی سیغارە و هەر جوێن بەسیغارکێش دەدا. مەحمود گوتی: پێم وابێ لەسبەی بەیانی ڕا، ئیدی وەلای دەنێی! ئەحمەد گوتی: وەڵلاهی ئەگەر لەسبەی بەیانی ڕا وەلای نەنێم، هەر پیاو نیم. دەجا تاقیم کەوە بزانە وام یان نا.

پاش دوو ڕۆژی تر لە حاڵێکدا پێک گەیشتنەوە کە ئەحمەد لە دوکەڵی جگەرەدا گوم ببوو. مەحمود گوتی: ئەی شەرت و سوێندەکەت چی لێهات ئەحمەد؟ ئەحمەد گوتی: بەسەرت لەسەر قەولی خۆم ڕاوەستاوم و ئەگەر هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم دونیایەم بە پووشێک بدەنێ، نامەوێن.

❐ کابرایەک دەیگوت: قەرزداری چاوی پیاوی کوێر چاک دەکاتەوە و پیاوی بێ لاق ساق دەکاتەوە. گوتیان چۆن؟ گوتی: جاران کە بەکەس قەرزار نەبووم، چوار هەنگاوی خۆم بەباشی بۆ نەدەدیترا و هەنگاونانەکەشم بە یائەللا و یاغەفوور بوو. بەڵام لەوەتی قەرزدارم، هەرکە کابرای خاوەن قەرز لە دە کیلۆمەترییەوە دەردەکەوێت، دەی بینم و وەهای تێ دەقووچێنم تاکسیش نام گرێتەوە.

❐ دایکەکان دانیشتبوون و لەبارەی مێردی

داهاتووی کچەکەیان قسەیان دەکرد. هەر دایکەی چێژ و سەلیقەی خۆی دەگوت و مێردی داهاتووی کچەکەی بەدەنگ ڕەسم دەکرد. دایکێک گوتی: کچەکەم مێرد بەپیاوێک دەکا، کە هەرچی کچەکەم بیخوازێ بۆی مەیسەر بێ، هەتا کچەکەم ویستی مێردەکەی بێدەنگ بێ، نابێ مرقەی لێوە بێ. هەرکات کچەکەم بیهەوێ شووەکەی سەمای بۆ بکا یان گۆرانی بۆ بلێ، دەسبەجێ دەبێ بیکا. کچەکەم شەوانە فێرە چیرۆک و حیکایەت و داستانە هەتا دەخەوێ، دەبێ بۆی بلێ. سەرڕای هەمووی ئەمانە، مێردەکەی دەبێ سەر بەرێ و بەسەبر و هێدی بێ، جگەرە خۆر نەبێ، لێو لەمەی نەدا، بەدایم لەماڵدا بێ و لەژێر فەرمانی کچەکەم دا بێ...

دایکێک کە هەر بەس چوار کوڕی هەبوو، گوتی: دایکم، جا بۆ نالێی کچەکەم تەلەڤیزیۆنی گەرەکە، نە مێرد.

□ کابرایەک لە وەسێتنامەکەی خۆیدا نووسیبووی: من لە ماڵی دنیا هیچ هیچم نەبووە کە هیچ ، بگرە گەلێکیش قەرزدارم، گەردنتان ئازاد ناکەم ئەگەر نیوەی بەسەر هەژار و فەقیران دا دابەش نەکەن و نیوەشی نەدەن بە منداڵە هەتیوەکانم.

□ ڕۆژنامە نووسێک لە کابرایەکی ڕەش پێستی ئەفریقایی پرسی: ئایا لەوڵاتەکەی ئێوەدا هێشتا ئینسانخۆر هەر ماون؟ کابرای ڕەش گوتی: بەڵێ، هەتا مانگێک لەمەو بەر دە دوازدەیەکمان لە موزەدا بەیادگار ڕاگرتبوون، بەڵام سپی پێستەکان هاتن و خواردیانن و تەواو بوون.

□ شیرنیات فرۆشێک ئەم ئاگاداری یەی بە بەر پەنجەرەکەیەوە هەڵواسیبوو: «بۆ ئەم دوکانە، شاگرددوکانێکمان گەرەکە، بەڵام ئەو کەسەی کە نەخۆشی شەکری هەبێ، بۆ وەرگرتن و ڕاگرتن لەپێشترە و یەکەمە».

□ ماڵێک ئاگری گرت و گڕ سەری کرد و ماڵەکە بوو بە جەهەنەم. مەئموورە ئاگر کوژێنەرەکان تێی بەربوون و خەریکی دامرکاندنەوەی ئاگر بوون. پێنج سەعاتان ئاویان پێداکرد و پاش سووتانی هەموو ماڵەکە، ئاگرەکەیان کوژاندەوە. بەڵام پاش سارد کردنەوەی ئاگرەکەش، بۆنێکی سەیر بەماڵەکەدا دەهات. بۆنەکە دەتگوت بۆنی قەندی سووتاوە دێ. مەئموورەکان ڕوویان کردە خاوەنی ماڵەکە و لێیان پرسی :«ئەرێ کاکە! ئەو بۆنە توندە، بۆنی قەندی سووتاوە دێ، ئەرێ ئەتۆ لەژێرخانی ماڵەکەتدا کارخانەی قەندی قاچاخت دانەناوە؟!» کابرای خاوەن ماڵ کەمێکی بیر لێکردەوە و گوتی :« ئەها هاتەوە بیرم برادەرینە، نەخێر من کارخانەی قەندی قاچاخم دانەناوە، بەڵام پێم وابێ ئەوە بۆنی خەسوومە سوتاوە، چونکە ئەو مەزلوومە لەمێژ بوو نەخۆشینی شەکری هەبوو».

□ جەلیل و خەلیل لە شەقامەکەی نزیک بە(ئۆلێنز)ی شاری ڤێستەڕۆس خەریکی قسەکردن بوون خەلیل دەیگوت :«مەردی حیسابی جا ئەوە ئەقڵە ئەتۆ هەتە؟ لەم دەور و زەمانەدا کە کار بە تو تووی تفەنگیش دەست ناکەوێ، تۆ پشت لەکار دەکەی و دەست لەکار بەردەدەی. ئەوە بۆچی و لەسەرچی دەستت لەکارەکەت هەڵگرت؟!» جەلیل گوتی: «وەڵاهی برادەرگیان وەستاکارەکەم قسەیەکی وای پێ گوتم کە لە جەرگم کاری کرد و دەڵمی لەکار سارد کردەوە ، بۆیە پشتم تێکرد و دەستم لێ هەڵگرت». خەلیل لێی پرسی: «ئەوە چ قسەیەک بووە کە واگران هاتە دڵت؟! جەلیل وەڵامی دایەوە: «وەڵا گوتی لەسبەی بەیانی ڕا کارمان بۆت نییە، ئیدی مەیەوە کار!»

□ عەلی لە ئیدارەی قەند و شەکری شاری بۆکان دەهاتە دەر، تووشی وەلی بوو . وەلی لێی پرسی: «ئەوە بۆ وا مات و پەشێوی عەلی گیان؟» عەلی وەڵامی دایەوە :« وەڵڵاهی وەلی گیان هەر ئێستا مەعاشم وەرگرتووە و خەریکم بچمەوە ماڵ». وەلی گوتی: «جا ئەوە قسەیە؟ پیاو هەر ئێستێ مەعاشی وەرگرتبێ و بچێتەوە لای ماڵ و منداڵی، دەبێ ئاوا پەشێو بێ؟» عەلی گوتی: «کاکە من خەمی ئەمڕۆم نییە، خەمی ئەوەمە کە بیست و نۆ ڕۆژەکەی دیکەی مانگ چۆن دەربەرین».

□ ژن و پیاوێک دەیانویست لێک جیاببنەوە؛ چوونە لای قازی. ژنەکە هاواری لێ هەستا و گوتی: «دەستم بەدامێنت مام قازی، بیکە بۆخاتری ڕیشی چەرمووی باوە پیرەت، لەکۆڵ ئەم پیاوەم بکەوە». قازی گوتی: «کچی من سەبرت بێ، بۆ لێی جیا دەبیتەوە؟» ژنە گوتی: «بەداخەوە مام قازی من ئەم کابرایەم درەنگ ناسی و نەمزانی ئەم گەوجە پیاوەیە». کابرا گوتی: «وەی سەرتابەپێ دەقوڕە ڕەشێت گرم... وەڵڵاهی مام قازی ئەمەی درۆ بوو، هەر لەیەکەم ڕۆژی یەکتر بینینمان بەمەی زانی».

□ جەردەیەکی دەریاییان بردە لای شائەسکەندەر. ئەسکەندەر بەسەریدا گوڕاند: «شەرم بتگرێ نامەردی حیز، بۆچی لەدەریادا بەم کەشتییە چەپرەکەت خەریکی ڕاو و ڕووتی؟» دزە گوتی: «من کەشتییەکی چەپرەکم هەیە و دزم پێدەڵێن، بەڵام ئەگەر وەک پاتشایان سەت کەشتیم هەبوایە، پاڵەوانی سەرکەوتوویان پێدەگوتم».

□ کابرایەک لەژووری هۆتێلێکدا چەترەکەی لێ جێمابوو. بەڵام پاش ڕۆیشتنی کابرای خاوەن چەتر، کوڕ و کچێکی دەسگیران کە بۆ ڕابواردنی مانگی هەنگوین لە سەفەردا بوون، ژوورەکەیان بەکرێ گرتبوو. کابرای خاوەن چەتر لەبەر دەرگای ژوورەکە ڕاوەستابوو، گوێی دابوویە سرت و خورتیان و پێی شەرم بوو لەدەرگاکە بدا، کوڕە بە کچەی دەگوت: «ئەو چاوە مەستانەت هی کێن گیانە؟ ـ هی تۆن خۆشەویستەکەم. ئەدی ئەو ئەبرۆ پەیوەستانەت هی کێن دڵەکەم؟ ـ هی تۆن عەزیزەکەم . ئەدی ئەو سنگە نەرمەت هی کێن گوڵەکەم؟ ـ هی تۆن خۆشەویستەکەم». کابرا خۆی پێ ڕانەگیرا و لەدەرگای دا و گوتی: «بەقوربانی هەرتکتان بم هەتا نەگویشتوونە ئەو چەترە، ئەوە هی منە و هی کەس نییە. بمدەنەوە با بڕۆم».

□ لە پیشانگەیەکی هونەری وێنەکێشیدا خەڵکێکی زۆر لەسەیری تابلۆیەکا ڕاوەستابوون، بەڵام هیچ کەس لە تابلۆکە نەدەگەیشت و نەیاندەزانی چییە. هونەرمەندەکەیان بانگ کرد و لێیان پرسی: «ئێمە لەمە هیچ تێ ناگەین، ئەوە چییە و باسی چی دەکا؟» هونەرمەندەکە گوتی: «جا چۆن لەم تابلۆ سادە و ساکارە ناگەن، ئەی ئێوە لەچی دەگەن؟ ئەوە مەزرایەکە و گایەکی تێدا دەلەوەڕێ. ئەو سەوزاییە کاڵ و کەمڕەنگە چیمەن و مێرگە، گایەکە لەم مێرگەدا دەخوا.» گوتیان: «ئێمە هیچ مێرگ و چیمەنێک نابینین» کابرا گوتی: «مێرگ نەماوە هەتا بی بینن. گایەکە مێرگەکەی خواردووە و تەواو بووگە». گوتیان: «ئەدی گایەکە کوا؟» هونەرمەندەکە گوتی: «وەختێک کە مێرگ نەمێنێ، بۆدەنا گا، کەرە کە لە هەردی ڕەق و ڕووقدا بمێنێتەوە؛ ئەویش ڕۆیشتووە».

□ منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: بابە گیان تەفاوەتی نێوان تفەنگ و مسەلسەل چییە؟ باوکی وەڵام دەداتەوە: ڕۆڵەگیان کاتێک کە من و دایکت پێکەوە قسان دەکەین سەرنجێک بگرە و گوێمان بدەیە؛ ئەو کات فەرقی تفەنگ و مسەلسەلت بۆ دەردەکەوێت.

KURMANCÎ
Magazine Linguistique
Kurde
ژمارە٢٣، پایزی ٩٨
ژمارە٢٤، پایزی ٩٨

ئەدرێس:
Institut Kurde de paris
106, rue La Fayette,
75010 Paris, France

**کوردستان**
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
ژمارە:
٢٦٥، خەزەڵوەری ١٣٧٧
٢٦٦، بەفرانباری ١٣٧٧
٢٦٧، ڕێبەندانی ١٣٧٧
ئەدرێس:
AFK
B.P.102-75623 Paris
CEDEX 13- FRANCE
Fax: 0033145852093

**پەیام**
بنکەی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەی ڕەسەن
ژمارە:
١٣ فێبرواری ١٩٩٩
١٤ مارسی ١٩٩٩

ئەدرێس:
Peyam
Po Box 16283
London W2 5ZR
U. K

**چراخان**
پەیوەستگای دیمۆکراتییە کوردەکان لە سوید- لوند
ژمارە:
١٦و١٧ی یانواری و فێبرواری ١٩٩٩
١٨ی مارسی ١٩٩٩

ئەدرێس:
Fax: 046-136813

**بارزان**
ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمەریکا دەردەچێ
ژمارە:
٣٠-٣١ فێبرواری ١٩٩٩
ئەدرێس:
Barzan
P.O. Box 797
Fairfax, VA 22030
U. S. A

**ئاویەر/آبیدر**
حەفتەنامەی فارسی- کوردی
ژمارە:
چل و دوو، چل و سێ، چل وچوار، چل و
پێنج سالی ١٣٧٧
ئەدرێس:
ایران - سنندج، خیابان کشاورز
ص_پ ٧٧٦-٦٦١٣٥
Tel/Fax: 0871-39181



ژمارە٥، ڕەشەمەی ١٩٩٩
HAWAR
Postfach 143403
45264 Essen
Deutschland




**نووسین بە بێ وشە:**
حەمە سەعید حەسەن
APEC
Box 3318
163 03 Spånga- Sweden




دووشانۆنامە: (بەردوخۆر) و (گۆمی مەنگ):
ئەنوەر ڕەشید
Rabun Förlag
Box 25161, Uppsala, Sweden

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**

Box: 327

824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax/Tel:** +46-0650-94029

**Mobil:** +46-070-6223663

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 23 Spring 1999 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 23, April 1999**


**له لایه ن (کتێبی هه رزانه وه )چاپ ده کرێ:**

- **ڕۆژباش** (کتێبی ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئه لف بێ ی نوێ)

**فهمی کاکه یی ١٤٠ل**

- **ئه لف و بێ ی نوێ ابراهیم ئه مین بالدار ٩٠ل**

- **باوه گوڕ گوڕ** (کتێبی خوێندنه وه بۆ ته مه نی ١٠تا ١٢سال)

**کومه له ئه لف و بێ ی کوردی ١٣٠ل**


**KITAB-I ARZAN**

Barnarps g 31, 553 16 Jönköping, Sweden

TeleFax: +46 (36) 710999

Mobil: +46 (0) 70 492 6924

E-postadress: kitab.i.arzan@jonkoping.telia.com